زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# تایبەتمەندییەکانی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر

نامەیەکە
پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی زمان کراوە لە زانکۆسەڵاحەددین- هەولێر
وەکو بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر  لە ئەدەبی
کوردیدا


لە لایەن
**مەسعود عەبدوڵڵا مستەفا**
بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی- زانکۆی سەڵاحەددین- 2009

بە سەرپەرشتی
**پ. د. مەولود ئیبراهیم حەسەن**


هەولێر ، کوردستان
تشرینی دووەم  2022

بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم, کە ئەم ماستەر نامەیە, کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (تایبەتمەندییەکانی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر ), هەمووی کاری ڕەسەنی تاکە کەسی خۆمە. جگە لەو جێگایانەی, کە بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردووە, هەموو نووسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمە و پێشتر لە هیچ شوێنێک بڵاوم نەکردۆتەوە و پێشکەشی هیچ شوێنێکم نەکردووە بۆ ئەوەی بڕوانامەیەکی پێ وەربگرم. بەڵێن دەدەم لە هەر جێگایەک شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بە سەرچاوەکەی کردووە.

واژوو :

ناوی قوتابی : مەسعود عەبدوڵڵا مستەفا

ڕێکەوت: / / 2022

پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە لە ژێر سەرپەرشتیاری من ئامادەکراوە و نووسراوە و نێردراوە بۆ وەرگرتنی ماستەر لە پسپۆری ئەدەبی کوردیدا, من پشتگیری دەکەم و ڕازیم, کە بەم شێوەیەی ئێستا پێشکەشی لێژنەی تاقیکردنەوە بکرێت.

ناو: پ.د. مەولود ئیبراهیم حەسەن
واژوو:
ڕێکەوت: / / 2022

پشتگیری دەکەم, کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە و هەروەها ئاماژە بە پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار, من ئەم نامەیە دەنێرم بۆ گفتوگۆ.

واژوو:
ناو: پ.ی.د. مزگین عەبدولڕحمان ئەحمەد
سەرۆکی بەشی زمانی کوردی
ڕێکەوت: / / 2022

پشتگیری دەکەم, کە هەموو پێداویستییەکان جێبەجێ کراوە, بۆیە ڕازیم, کە ئەو نامەیە بنێردرێت بۆ گفتوگۆ.

واژوو:
ناو: پ.ی.د. جیهاد شوکری ڕەشید
بەرپرسی خوێندنی باڵا لە کۆلێژ
ڕێکەوت: / / 2022

بڕیاری لێژنەی تاقیکردنەوە

ئێمە وەکو لێژنەی تاقیکردنەوە, ئەم ماستەر نامەیەمان, کە ناونیشانی بریتی بوو لە: ( )دا خوێندەوە و قوتابییەکەمان, کە ناوی (مەسعود عەبدوڵڵا مستەفا) بوو, لە ناوەڕۆکەکەی تاقیکردەوە. ئێمە بڕیار دەدەین, کە پێداویستییەکانی بڕوانامەی ماستەری لە پسپۆری ئەدەبی کوردی تێدایە.

واژوو:
ناو: پ.ی.د.
ئەندام
ڕێکەوت: / / 2022

واژوو:
ناو: پ.ی.د.
ئەندام
ڕێکەوت: / / 2022

واژوو:
ناو: پ.ی.د.
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: / / 2022

واژوو:
ناو: پ.د.
سەرۆکی لێژنە
ڕێکەوت: / / 2022

واژوو:
ناو: پ.ی.د. عاطف عەبدوڵڵا فەرهادی
ڕاگری کۆلێژی زمان
ڕێکەوت: / / 2022

پێشکەشکردن

* پێشکەشە بەڕۆحی پاکی ( باوکی خۆشەویستم و دایکی ئازیزم) کە هەمیشە لە دڵی مندا زیندوون، خۆزگەم دەخواست لەم ڕۆژەدا لەگەڵم بان.

*پێشکەشە بە هاوسەری ژیانم .

*پێشکەشە بە منداڵە چاوگەشەکانم، (نڤین ، نڤار، نیگا ).

*پێشکەشە بە خوشك و براکانم ئێوە سەرچاوەی دڵخۆشی منن،

*پێشکەشە بەگشت هاوڕێ ئازیزەکانم، بەتایبەت ئەوانەی هاوکارم بوون لە سەرەتای خوێندنم و نوسینی نامەکەم.

سوپاس و پێزانین

به‌ پێویستی ده‌زانم سوپاسی ئه‌م به‌ڕێزانه‌ بكه‌م, كه‌ هاوكارم بوون بۆ ته‌واوكردنی نامه‌ی ماسته‌ره‌كه‌م.

* سوپاسی بێ پایانم بۆ مامۆستای سه‌رپه‌رشتیاری نامه‌كه‌م (پ.د. مه‌ولود ئیبراهیم حه‌سه‌ن) كه‌ ئه‌ركی سه‌رپه‌رشتیكردنی نامه‌كه‌ی گرته‌ ئه‌ستۆ به‌ ڕاوسه‌رنج و تێبینیه‌كانی نامه‌كه‌ی ده‌وڵه‌مه‌ندكرد، ده‌ست خستنی چه‌ندین سه‌رچاوه‌ی گرینگ هاوكاری كردم.

*سوپاس بۆ برا و مامۆستام (پ.د. ئیدریس عه‌بدوڵلا مسته‌فا) به‌ تێبینی و سه‌رنجه‌كانی هاوكارم بوو.

*سوپاسی كارمه‌ندانی كتێبخانه‌ی ناوه‌ندی زانكۆی سه‌لاحه‌ددین و كارمه‌ندانی كتێخانه‌ی كۆلێژی زمان و كتێبخانه‌ی به‌شی كوردی له‌ كۆلێژی زمان ده‌كه‌م, كه‌ سوودێكی باشم لێیان وه‌رگرت له‌ دابینكردنی سه‌رچاوه‌كان.

* سوپاسی هه‌موو مامۆستا و هاوڕێكانم و ئه‌ندامانی خێزانه‌كه‌م ده‌كه‌م, كه‌ یارمه‌تییان داوم بۆ ته‌واو كردنی ئه‌م نامه‌یه‌.

*سوپاس بۆ هاوسه‌رو هاوده‌می ژیانم (ئه‌ڤین عه‌بدوڵلا) زۆر یارمه‌تی داوم له‌ كاتی خوێندن و نووسینی نامه‌كه‌م.

*سوپاس بۆ گشت ئه‌و به‌ڕێزانه‌ی هاوكارم بوون له‌كاتی چاوپێكه‌وتنه‌كان به‌ تایبه‌ت مامۆستایان( ئه‌سعد عه‌دۆ..عه‌باس نادر قادر).

*سوپاس بۆ مامۆستا جه‌مال گرده‌سۆری كتێبخانه‌ی ماڵه‌كه‌ی بۆ كردمه‌وه‌، چه‌ندین سه‌رچاوه‌ی به‌ نرخی پێشكه‌ش كردم.

پوختەی توێژینەوەکە

فۆلکلۆر ئەو ئەدەبە زیندووەیە لە نێو هەموو گەلانی دوونیادا هەیە، هەر گەلێك فۆلکلۆری نەبێت جۆرێك لە ناتەواوی لە ئەدەبیاتەکەی بەدی دەکرێ، چونکە فۆلکلۆر بەرهەمی کارکردن و پێداویستی ژیانە. لەسەرەتای دروستبوونی ژیانی مرۆڤ، سەرەتا بەکۆمەڵ لە ئەشکەوتەکان ژیاوە، دواتر پیشەی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ کردن لە گوندەکان ژیاوە. بەهۆی زمانی قسەکردن تێکستی دەقی فۆلکلۆری پەیدابووە، پێش پەیدابوونی نوسین و تا ئێستاش ئەو دەقە فۆلکلۆریانە سینە بە سینە لە باپیران و داپیران بۆمان ماوەتەوە.

ئەم توێژینەوەیە لە بارەی تایبەتمەندییەکانی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر ئەنجامدراوە.

دەشتی هەولێر دەشتێکی پان و بەرینە، فراوانە لە کۆمەڵێك دەشتی بچوك پێکهاتوە، پیشەی سەرەکی مەڕداری و جۆتیارییە (کشتوکاڵکردن وەك چاندنی گەنم و جۆ) دەوڵەمەندە بەدەقی فۆلکلۆری و سەرزاری. گشت جۆرە ئەدەبییەکان لە خۆدەگرێ. زۆربەی گوندەکانی لەلایەن ئاغاکانی دزەیی سەرپەرشتی کراوە ، خاوەن دیوەخانی گەورە بوون، ئەم دیوەخانانە وەك کەناڵێکی سەرەکی بوون بۆ گەشەکردنی فۆلکلۆری کوردی و بەتایبەت فۆلکلۆری دەشتی هەولێر، هەقایەتخوان و حەیرانبێژ و سەربوردەی جۆراو جۆر پێشکەش دەکرا، لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی لەوێ چارەسەر دەکرا. بڕیاری جۆراوجۆر لەوێ دەدرا.

فۆلکلۆری ئەم ناوچەیە چەندین تایبەتمەندی هەیە لە ڕووی زمان و بنیاتی بیر.ڕێزگرتن و سەخاوەتی و میوان دۆستی ، ئەمانە تایبەتن بە دەشتی هەولێر.

ناوەڕۆک


بەڵێننامە.........................................................................II
پشتگیری و ڕەزامەندی سەرپەرشتیار..............................................III
بڕیاری لێژنەی تاقیکردنەوە.....................................................IV
پێشکەشکردن.......................................................................V
سوپاس و پێزانین.................................................................VI
پوختەی توێژینەوەکە............................................................VII
ناوەڕۆک..........................................................................VIII
پێشەکی :.........................................................................3-1
لەبارەی ناونیشانەوە:...............................................................1
سنوری توێژینەوە:..................................................................1
ڕێبازی توێژینەوە :.................................................................1
گرینگی و ئامانجی توێژینەوە:......................................................1
گرفتی توێژینەوە :..................................................................1
پرۆگرامی توێژینەوە :..............................................................2
بەشی یەکەم:.....................................................................65-4
تەوەری یەکەم لە بارەی فۆلکلۆرەوە:.............................................4
سەرەتایەك لەبارەی فۆلکلۆر:......................................................4
وشەی فۆلکلۆر:.....................................................................4
مێژووی سەرهەڵدانی فۆلکلۆر:....................................................4
پەیدابوونی فۆلکلۆری کوردی و گەشەسەندنی:.................................6
مێژووی فۆلکلۆری کوردی:.........................................................6
کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی:....................................................7
ڕای بیانییەکان لەبارەی فۆلکلۆری کوردەوە:....................................7
ئەو کوردانەی خزمەتی فۆلکلۆریان کردووە:....................................8
سنووری جوگرافیای دەشتی هەولێر:............................................10
فۆلکلۆری دەشتی هەولێر:-......................................................12
کێشەکانی بەردەم فۆلکلۆری دەشتی هەولێر:..................................13

شێوازی ئەدەبی فۆلكلۆر لە دەشتی هەولێر: ........................................ 14
تەوەرەی سێیەم لەبارەی بۆنەكان: ........................................ 16
بۆنە چییە؟ ........................................ 16
بۆنەكانی دەشتی هەولێر: ........................................ 16
١_ بۆنەكانی ساڵ: ........................................ 16
بۆنەكانی ساڵ: ........................................ 17
بۆنەكانی چوار وەرزی ساڵ: ........................................ 22
_ بۆنە كۆمەڵایەتییەكان: ........................................ 30
_ جۆرەكانی شایی لە دەشتی هەولێر: ........................................ 36
_ بۆنەكانی كاركردن: ........................................ 40
تەوەرەی چوارەم يارييە كوردييەكان: ........................................ 51
بەشی دووەم ........................................ 157-66
بەشەكانی ئەدەبی فۆلكلۆری دەشتی هەولێر ........................................ 66
1- ئەفسانە چییە؟ ........................................ 67
- ئەفسانەی كوردی: ........................................ 69
- ئەفسانە لە فۆلكلۆری دەشتی هەولێر: ........................................ 69
2_داستان ........................................ 70
چەمك و پێناسە و سەرهەڵدانی ........................................ 70
- داستان لە ئەدەبیاتی كوردی: ........................................ 71
- داستان لە دەشتی هەولێر: ........................................ 72
٣- چەمك و پێناسەی هەقایەت: ........................................ 73
- جۆرەكانی هەقایەت: ........................................ 74
- هەقایەت لە دەشتی هەولێر: ........................................ 75
_ پەیامی هەقایەتەكە: ........................................ 76
٤_پەندی پێشینان: ........................................ 76
- ناساندن و پێناسەكردنی پەندی پێشینان: ........................................ 77
- مێژووی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لەلای كورد: ........................................ 78
- ڕوخسار و ناوەڕۆكی پەندی پێشینان: ........................................ 79

- ناوەڕۆکی پەندی پێشینان:........................................................................ 79
- پەندی پێشینان لە دەشتی هەولێر:........................................................... 80
- گیانداران لە پەندی پێشینان:.................................................................. 80
- جیاوازی نێوان پەندی پێشینان و قسەی نەستەق:............................................ 82
٥_ئیدیۆم:.................................................................................... 83
هەندێك لە ئیدیۆمەكانی دەشتی هەولێر:........................................................ 84
هەندێك لەو ئیدیۆمانەی تایبەتن بە پیاوان و ژنان:............................................. 85
هەندێك لەو ئیدیۆمانەی تایبەتن بە ئاژەڵان:.................................................... 87
هەندێك لەو ئیدیۆمانەی تایبەتن بە ڕووەك و میوەكان:........................................ 87
هەندێك لەو ئیدیۆمانەی تایبەتن لەسەر گوندەكانی دەشتی هەولێر:............................ 88
هەندێك لەو ئیدیۆمانەی تایبەتن بە عەورەتی پیاوان و ژنان:................................... 88
هەندێك لەو ئیدیۆمانەی تایبەتن بە ئاو:.......................................................... 88
6_سەربوردە (سەرگوزەشتە, سوالفە)........................................................... 89
جیاوازی نێوان هەقایەت و سەربوردە:........................................................... 90
٧- گۆرانی فۆلكلۆری لە دەشتی هەولێر:........................................................ 91
- جۆرەكانی گۆرانی فۆلكلۆری دەشتی هەولێر:................................................. 91
١- گۆرانی دڵداری:-............................................................................ 92
٢- گۆرانی ئایینی:-............................................................................. 93
٣- گۆرانی بەستە و شایی:-................................................................... 94
٤- گۆرانی غەریبی و دووركەوتنەوە:-........................................................ 95
٥- گۆرانی یاریكردنی منداڵان و مێرمنداڵان:-.................................................. 96
- ناوەڕۆكی گۆرانی فۆلكلۆری كوردی لە دەشتی هەولێر:-..................................... 97
١_ وەسف:..................................................................................... 98
٢_ جەستەی ئافرەت:.......................................................................... 98
٣_ ڕامووسان:.................................................................................. 98
٤_ بەدووكەتن:................................................................................. 99
- مۆسیقای شیعری فۆلكلۆری لە دەشتی هەولێر:............................................. 100
١_ مۆسیقای ناوەوەی شیعری فۆلكلۆر:....................................................... 100

١_ دووبارەکردنەوەی سێ دەنگ (سێ پیت):........................................................ 101
٢_ دووبارەکردنەوەی ووشە: ............................................................................ 101
٣_ دووبارەکردنەوەی دوو دەنگ، یان دوو پیت:........................................................... 101
- مۆسیقای دەرەوەی شیعری فۆلکلۆری لە دەشتی هەولێر:................................................. 101
١- کێش:-......................................................................................................... 101
٢- سەروا:....................................................................................................... 104
- جۆرەکانی سەروا:.............................................................................................. 104
بەیت لە ئەدەبیاتی کوردی.......................................................................................... 105
- بەیت لە ئەدەبیاتی ئەوروپی:..................................................................................... 106
جوگرافیای بەیت:.................................................................................................... 107
ناوەڕۆکی بەیت:...................................................................................................... 108
بەیت لە دەشتی هەولێر:............................................................................................. 108
حەیران................................................................................................................... 110
شوێنی سەرهەڵدانی حەیران:-....................................................................................... 112
فۆرمەکانی حەیران:..................................................................................................... 112
جۆرەکانی حەیران:..................................................................................................... 113
زمانی حەیران:-........................................................................................................ 114
ئەو هۆکارانەی وایان کرد حەیران لە فەوتان ڕزگاری بێت، بەنێو گەلانی ناوچەکە بڵاوبێتەوە. لای لاوان و گەنجانمان خۆشەویست بێت:-............................................................................ 115
- ئافرەت و حەیران: ..................................................................................................... 116
2- وەسفی جەستەی ئافرەت و جوانکاری لەناو حەیران:-.............................................. 117
3- ئەو حەیرانانەی ئافرەت بەسەر پیاودا دەیڵێ:-...................................................... 117
4_ گلەیی کردنی ئافرەت لە کوڕەکە یان پیاوەکە:-.................................................. 118
5- دورکەوتنەوە و غوربەتی ئافرەت لەناو حەیران:-.................................................. 119
6- وەفاداری کچ لە حەیران:-........................................................................................ 119
7- ڕاموسان و حەیران:-.................................................................................................. 119
8- سێکس و حەیران: ..................................................................................................... 120
- گەشەکردنی حەیران:-................................................................................................ 121

2- حەیرانی شۆرشگێری:-........................................................................ 121
3- حەیرانی نەتەوەیی:-.......................................................................... 122
4- حەیرانی چینایەتی:-........................................................................ 122
5- حەیران و تەکنەلۆژیا:........................................................................ 123
- دەوری (پلکە پێناو) لەناو حەیران:........................................................ 124
- پیری و حەیران:-............................................................................... 124
- کات لە حەیراندا:.............................................................................. 125
- حەیران و چوار وەرزەکەی ساڵ:.......................................................... 126
- لاوك لە دەشتی هەولێر:..................................................................... 127
- لاوك بێژانی دەشتی هەولێر:-............................................................. 128
8_مەتەڵ چییە ... ؟............................................................................. 131
مێژووی مەتەڵ:.................................................................................... 133
سوودەکانی مەتەڵ:............................................................................... 133
پۆلێنکردنی مەتەڵ:................................................................................ 134
١_ مەزراندنی ئایین لەسەر مەتەڵی کوردیدا:............................................ 134
٢_ مەزراندنی گیانەوەران لە مەتەڵدا:..................................................... 135
٣_ مەزراندنی کەلوپەلی کارکردن لە مەتەڵدا:.......................................... 135
٤- مەزراندنی مەتەڵ لەسەر مرۆڤ:.......................................................... 136
٥- مەزراندنی مەتەڵ لەسەر میوەکان:....................................................... 137
٦_ ژمارە و ژماردن لە مەتەڵی کوردی:..................................................... 137
- جۆرەکانی مەتەڵ:............................................................................... 139
ئەنجام:.................................................................................................. 140
لیستی سەرچاوەکان:.............................................................. R168-R141
پوختەی نامەکە بەزمانی ئینگلیزی.............................................................A

پێشەکی :

فۆلکلۆر هەموو ئەو دابونەریت و پیشەی کۆن، خواردن و کەلە و پەل و کەلەپوور و کەرستەی بیناسازی و شێوەی ژیان دەگرێتەوە، دەقی فۆلکلۆری وەك شیعری فۆلکلۆری و ئەفسانە و هەقایەت و پەندی پێشینان ...زۆریتر لەخۆدەگرێ.

ئەوەی ئێمە لێرە مەبەستمانە ئەدەبی سەرزارەکییە، هەموو ئەو دەقە فۆلکلۆریانەی لە ڕێگای زمانەوە ، بەشێوەی زار و بنزاری دەشتی هەولێر لە کورەی ژیان بەرهەم هاتوون و دەربڕاون. دەشتی هەولێر دەوڵەمەندە بە فۆلکلۆری هەمەجۆر. زۆربەی جۆرەکانی ئەدەبی لە خۆدەگرێ.

لەبارەی ناونیشانەوە:

ناونیشانی توێژینەوەکەمان (تایبەتمەندیەکانی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر) ە بەهۆی دەوڵەمەندی ئەم دەڤەرە بەفۆلکلۆری زارەکی، ماندوبوونی خەڵکەکەی بۆ دەستخستنی بژێوی ژیان، کۆششکردنی زۆر، جوان پیشاندانی ژیان، پاراوی و شیرینی شێوە زاری دەشتی هەولێر ، هەموو ئەمانە بۆ من جێگەی شانازی بوون، بۆ ئەوەی بتوانین توێژینەوەکەمان لەسەر فۆلکلۆری دەشتی هەولێر ئەنجام بدەین، بەتاییەت بۆ من کە خەڵکی ئەو دەڤەرەم.

سنوری توێژینەوە:

توێژینەوەکەمان لە سنوری جوگرافی دەشتی هەولێرە ، ئەم دەشتە لە شەش دەشتی بچوك پێکهاتووە ، بەم شێوەیە(دەشتی مولکییە، قوشتەپە، دەشتی پشت ڕێ ، دەشتی کەندێناوە، دەشتی شەمامك، دەشتی قەراچ، دەشتی بەڕانەتی )دەگرێتەوە.

هەموو تێکستەکان و دەقە فۆلکلۆرییەکان، بەنموونەی شعرییەکانیش تایبەتە بە سنووری شێوە زاری دەشتی هەولێر.

ڕێبازی توێژینەوە :

لە توێژینەوەکەماندا هەموو ئەو تێکستەکان و دەقی شیعری فۆلکلۆرییانە مان بەکارهێناوە و شیمان کردوونەتەوە، بۆیە ڕێبازی وەسفی شیکاری بەڵگەیمان پەیڕەو کردووە.

گرینگی و ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوە گرینگی لەوەدایە گشت تێکستەکانمان تایبەتە بە دەشتی هەولێر، پیشاندانی ئێش و ئازارەکانی ئەم خەڵکە ماندونەناسە، دڵخۆشیان بە هیوای ژیانێکی باشتر و خۆشتر. ئامانجی ئێمە ناساندن و پیشاندانی فۆلکلۆری ئەم دەڤەرەیە بەشێوەیەکی زانستی. بەشێك لە تێکستەکان لە فەوتان و لەناوچوون رزگاربکەین بەهۆی گفتوگۆکردنمان لەگەڵ کەسانی پیرو بە تەمەنە. دواجار گەیشتین بە ئەنجامی تایبەت بە فۆلکلۆری دەشتی هەولێر لە ڕووی تایبەتمەندی جوگرافی و کۆمەڵایەتی و بنزارەکەیەوە.

گرفتی توێژینەوە :

ئێمە لەهەڵبژاردنی ناونیشانی توێژینەوەکەمان، ئەوەمان لە بەرچاو بوو کە پێویستە گرفتەکانی توێژینەوەکەمان دەست نیشان بکەین و ڕوونیان بکەینەوە، لەوانە پێویست بوو سنوری جوگرافی توێژینەوە کەمان بە ڕوونی بناسین و زاری فۆلکلۆری بە بەڵگە بسەلمێنین. هەروەها پێویست بوو

مێژوێك بۆ سەرهەڵدانی فۆلكلۆری ناوچەكە بدۆزینەوە، دیسان هەموو جۆرە ژانرەكانی فۆلكلۆری ئەم دەشتی هەولێرە كۆبكەینەوە و تایبەتمەندی فۆلكلۆی ناوچەكە بناسێنین، بەڵام لە ڕاستیدا ناتوانین بڵێین لە هەموو ئەم گرفتانە سەركەوتووبووین، لەوەی بە تەواوی بگەینە ئەو ئەنجامەی كەمەبەستمان بوو. ئەویش بەهۆی ئەوەی تەواوی فۆلكلۆری دەشتی هەولێر كۆنەكراوەتەوە، هێشتان زۆر بەشی ژانری فۆلكلۆرەكە بەناتەواوی ماوەتەوە، ئەمەش هۆیەكە كە ئێمە نەتوانین كارەكە تەواوبكەین. بۆیە پێویست دەكات لە داهاتوو توێژینەوەی تر لە بارەوە بكرێ.

پرۆگرامی توێژینەوە :

توێژینەوەكە پێكهاتووە لە پوختە و پێشەكی و دووبەش، بە ئەنجامی چەند خاڵێك و لیستی سەرچاوەكان بە پێی ئەلف وبێی ناوی نوسەرەكان، لەگەڵ پوختەیەك بەزمانی ئینگلیزی كۆتایی بەتوێژینەوەكەهاتووە، بەم شێوەی خوارەوە.

بەشی یەكەم: ئەم تەوەرانەی لە خۆگرتوە، سەرەتایەك لە مێژووی فولكلۆر، وشەی فۆلكلۆر، كۆكردنەوەی فۆلكلۆر، سەرهەڵدانی فۆلكلۆری كوردی و گەشەسەندنی . مێژووی فۆلكلۆری كوردی، كۆكردنەوەی، ڕای بیانییەكان لەسەر فۆلكلۆری كوردی، ئەو كوردانەی خزمەتی فۆلكلۆریان كردوە،،، سنوری جوگرافیای دەشتی هەولێر . فۆلكلۆری دەشتی هەولێر، كێشەكانی بەردەم فۆلكلۆری دەشتی هەولێر ، شێوازی زارو بنزاری دەشتی هەولێر، بۆنەكانی دەشتی هەولێر، بەم شێوەیە پۆلینكراون.

بۆنەكانی ساڵ(جەژنەكان، شەوی بەرات، مەولوودی نەبەوی، نەورۆز). بۆنەكانی وەرزی چوار وەرزەكەی ساڵ(بەهار، هاوین، پایز، زستان) . بۆنەكۆمەڵایەتیەكان (لەدایك بوون، سونەت كردنی منداڵ، ژن گواستنەوە،خەنەبەندان، مردن). بۆنەكانی كاركردن(درروێنە، شەنەبا، دەوركردنەوەی گەنم و جۆ، ساواركوتان، دەستاڕ، مەشكەژەنیین، تەشی رێسی ) .

یارییە كوردەوارییەكان ،وەك (قاقایانێ، هەلور بەلور، هەڕێوی ڕێوی، پشتە ڕەقانێ، كەرەمستانێ، كێلەبەردانێ) .

هەرچی بەشی دووەمە: تیشك خراوەتە سەر بەشەكانی فۆلكلۆرلە دەشتی هەولێربە درێژی باس كراوە، بە نموونەی شعری فۆلكلۆری، پەند وقسەی نەستەق، هەقایەت...، وەك (ئیدیۆم، مەتەڵ. پەندی پێشیان و قسەی نەستەق ، گۆرانی فۆلكلۆری ، بەیت ، حەیران، لاوك، ئەفسانە. داستانی دڵداری و قارەمانیەتی ، هەقایەت و سەرگوزەشتە).

توێژینەوەكە مان بە ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان، ریزبوونیان بەپێی ئەلف و بێی ناوی نووسەرەكان. پوختەیەك لە توێژینەوەكە مان بە زمانی ئینگلیزی، كۆتایی هاتووە.

بەشی یەکەم لە چوار تەوەرە پێکهاتوە:

تەوەرەی یەکەم: لەبارەی فۆلکلۆرەوە:

_سەرەتایەك لە مێژووی فۆلکلۆر.

_وشەی فۆلکلۆر.

_کۆکردنەوەی فۆلکلۆر.

_پەیدابوونی فۆلکلۆری کوردی و گەشەسەندنی.

_مێژووی فۆلکلۆری کوردی.

_کۆکردنەوەی.

_رای بیانیەکان لەسەر فۆلکلۆری کوردی.

_ئەو کوردانەی خزمەتی فۆلکلۆریان کردووە.

تەوەرەی دووەم: لە بارەی دەشتی هەولێر:

_سنوری جوگرافیای دەشتی هەولێر.

_فۆلکلۆری دەشتی هەولێر.

_کێشەکانی بەردەم فۆلکلۆری دەشتی هەولێر.

_شێوازی زارو بنزاری دەشتی هەولێر.

تەوەرەی سێیەم: لە بارەی بۆنەکانی دەشتی هەولێر،

_بۆنەکانی ساڵ.

_بۆنەکانی وەرزی.

_بۆنەکانی کۆمەڵایەتی.

_بۆنەکانی کار کردن.

تەوەرەی چوارەم: يارييە کوردييەکانی دەشتی هەولێر.

بەشی یەکەم:
تەوەری یەکەم لە بارەی فۆلکلۆرەوە:
سەرەتایەك لەبارەی فۆلکلۆر:
فۆلکلۆر بەرهەمی پێگەیشتن و کارکردن و چاووزار کرانەوەی مرۆڤە، سەرەتا مرۆڤ لە ئەشکەوت بە کۆمەڵی بچوك بچوك ژیاون و بەرەبەرە زمانی گەشەی کردووە، لەو کاتەدا زمان پەیدابووە، بۆ لەیەکتر گەیشتن و پڕکردنەوەی پێداویستی یەکتر، لەڕێگای ئاڵو گۆڕکردنی زانیاری بۆ یەکتر، دروستبوونی زمان سەری هەڵداوە.

(زاناکان زۆربەیان لەسەر ئەوە کۆکن کە سەرەتا و ماوەی پەیدابوونی زمان لەنێوان (١٥٠،٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار ساڵ تا (٣٠،٠٠٠) سی هەزارساڵ پێش زاین زمان دروست بووە) [1]. کەواتە زمان بەرهەمی ژیانی نێو ئەشکەوتە، سەرەتای مرۆڤایەتی لەناو ئەشکەوتی شانەدەر دەستی پێکردووە.

((زمان بە سەرەکیترین ئامرازی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان دادەندرێت)) [2]

وشەی فۆلکلۆر:
وشەی فۆلکلۆر لە دوو بەش پێك دێت (folk) بە واتای خەڵك یان گەل، یان خەڵکی ئاسایی دێت. (Lore) بە واتای کەسە زاناکان، کەسە زیرەکەکان. زانیاری یان پەند دێ. هەردووکیان پێکەوە بە واتای پەندی گەل. ئادابی خەڵك و کۆمەڵیی زاناکان سەرچاوەی گرتووە) [3]

(سەرەتای بەکارهێنانی وشەی فۆلکلۆر بۆیەکەم جار لەلایەن (ویلیام جۆن تۆمس) زانای فۆلکلۆرناسی ئینگلیزی بەکارهاتووە، لەساڵی (١٨٤٦) مەبەستی لە وشەی فۆلکلۆر ئەو شێوازەی ژیانە کە مرۆڤ بە سروشت دەبەستێتەوە، لە ڕەفتارەکان هەروەها ئەو سەرچاوە هاوبەشانەی کە خەڵکی گشتی کۆمەڵگا بەدرێژایی ژیانیان پەیوەندییان پێوە هەبووە، یان بەیەکەوە بوون) [4].

لە زمانی فارسی فۆلکلۆر بە (فەرهەنگی گشتی_ فرهنگ عامە) یان (فەرهەنگی خەڵك_فرهنگ عوام) یان زانستی گشتی هاتووە، صادقی هیدایەت بە یەکێك لەو پێشەنگانە دادەنرێت کە لەو بارەیەوە لێکۆڵینەوە و نووسیینەکانی بەناوی (فرهنگ تودە) باسی لەو بابەتە کردووە.[5]

لە زمانی عەرەبیدا (الادب الشعبي، والادب الشفاهي) و (المأثورات الشعبية) بەکارهێناوە بۆ فۆلکلۆر. [6].

مێژووی سەرهەڵدانی فۆلکلۆر:
سەبارەت بە کۆکردنەوەی یەکەمین بەرهەمی فۆلکلۆری، گەلی فلندی یەکەمین گەلن هەوڵی کۆکردنەوەی بەرهەمی فۆلکلۆریان داوە، لە ساڵی (١٦٧٥) یەکەمین بەرهەمی گۆرانی (سیحر و

1 - مەولود ئیبراهیم حەسەن، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی فۆلکلۆر، لوبنان.2009.ل3745
2 -بهزادی خۆشحالی، فیۆلۆژیای زوانی کوردی و مێژووی کوردستان/ دهۆك. چاپخانەی خانی.2008،ل5
3 بیری سپیگ، ادبیات فولکلور ایران، وەرگێرانی (محمد اخگر) تهران (مرکز تعقیقات ساز).2021.ل8
4 - جان استوری، مطالعات فرهنگی دریارة- (صدار سیما) – فرهنگ عامە. وەرگێرانی حسێن پاینده) تهران. آگر (ئەمە ناوی چاپخانەکەیە).(1386،هەتاوی)ل67
5 - صادق هیدایت، فرهنگ عامیانە مردم، ایران- تهران: چشمی.(1385هەتاوی)،ل233
6 _مجدی کامل المهندس وهبە، معجم المصطلحات العربية في اللغة والأدب، الطبعة الثانية، لبنان.(1984)ل474

سیحربازی) بڵاوکردەوە: لەساڵی (١٧٠٢) کۆمەڵە پەندێکی پێشینانیان بڵاوکردبوویەوە، بەو پێیە فلندییەکان دەیانەوێت ڕۆشنبیری خۆیان بەنێو گەلانی دونیادا بڵاوبکەنەوە[1] .لە ڕووی زانستییەوە هەوڵ و کۆششی هەردوو زانای ئەڵمانی (یاکوب گریم 1775_863)( ڤڵهیلم گریم1768_1859 )بەسەرەتای زانستی لێکۆڵینەوەی کەرستەی فۆلکلۆری دادەندرێت.

بەهۆی سەرهەڵدانی ڕێبازی ڕۆمانسیزم لە ئەوروپا، فۆلکلۆر گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی زۆری بەخۆی بینیووە. (گۆرانی و بەستەیان دەکردە هەوێن بۆ زۆر مەبەستی گرینگی خۆیان. گۆرانیە فۆلکلۆریە میللییەکانیان بەکاردەهێنا بۆ دەربڕینی ڕووداوە ماتەمییەکان و گلەیی کردن لە چەپۆکی دەستی گەردوون[2]. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانسیزم گەڕانەوە بوو بۆ ڕابردوو و ڕووکردنە لادێ و گوندەکان، تێکەڵبوون لەگەڵ سروشت هەروا (مرۆڤایەتی پەیوەستە بە داب و نەریتی پێش خۆی)[3].

هەموو گەل و نەتەوەکان کەلەپوور و فۆلکلۆری تایبەت بەخۆیان هەیە، چ شیعرە میللییەکان و سەردولکە و چەندین شێوەی دیکە، کە دەکرێت بۆ هەر یەك بڕگەکانی فۆلکلۆر و کەلەپوور لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل سازبکرێت.

گەشەسەندنی فۆلکلۆر لە جیهان سەرەتا لە ئەوروپا لە وڵاتەکانی بەریتانیا و ئەڵمانیا و فلندا و فەرەنسا و زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای گرتەوە، لەوێشەوە گواستراوەتەوە بۆ وڵاتانی عەرەبی و فارس.

دکتۆر معجوب پێی وایە (فۆلکلۆر بەرامبەر وشەی فەرەنسی ئەدەبی عامیانە دادەبێت. دەڵێت فۆلکلۆر بەرامبەر وشەی (دیمۆلۆژی) یان (ماخوذاز)ی زمانی فەرەنسی، بەو کۆمەڵە بەرهەمە ئەدەبییە دەگوترێت کە زیاتر بە شێوەیەکی زارەکی لە نەوەکان لە کۆنەوە سینە بە سینە گەیشتۆتە سەردەمی ئێمە و لەنێوان خەڵکی بڵاوبۆتەوە داواکاری هەیە. لە زمانی فارسیدا فۆلکلۆر یان بە فەرهەنگی گشتی و زانستی وەرگێڕاوە[4].

بەهۆی ئەو گەشەسەندنەی لە سەدەی نۆزدە (١٩) کە فۆلکلۆر بەخۆی بینی، بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین قوتابخانە، لەوانە (قوتابخانەی میتۆلۆژی_ قوتابخانەی ڕۆژهەڵاتی قوتابخانەی ئەنترۆپۆلۆژی_ قوتابخانەی سایکلۆلۆژی_ قوتابخانەی فلندی)[5].

بۆ یەکەمجار لە زانستگەی هەلسنکی لەساڵی (١٨٨٨)دا دانی پێدانرا کە زانستێکی سەربەخۆیە و چەسپی ناو بەرنامەکە دەکرا، هەروەها لە زانکۆکانی سویسرا، ڕۆمانیا، نەرویج، دانیمارك، ئەڵمانیا، ..... دانی پێدانراوە.

---

1 -خالید جوتیار، بەرەو فۆلکلۆر، چاپخانەی الحوادث، بەغداد.1984. ل27
2 -فەرهاد پیرباڵ، ڕێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای ئاراس، هەولێر، 2004. ل63
3 - هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبییەکان، دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧. ل104
4 -محمد جعفر معجوب، ادبیات عامیاندا، ایران، بەشی یەکەم، بەهاوکاری حسن ذولفقاری، تهران، چشمی).1382هەتاوی.ل35.
5 -خالید جوتیار، بەرەو فۆلکلۆر، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، 1984.ل46_72

هەروەها لە پاش جەنگی جیهانی لە ساڵی (١٩٢٧) لەلایەن (عصبة الامم) دانی پێدانراوە، فۆلکلۆر زانستە.[1]

بەشێك لە زانایان جیاوازیەکی ئەوتۆ ناکەن لە نێوان ئەدەبی میللی و ئەدەبی فۆلکلۆر، بەڵام یەکێك لەوانەی جیاوازی دەکات (ئەلیکساندەر کراب)ە، کە دانەری کتێبی (زانستی فۆلکلۆر)ە، جیاوازیەك ئەکات (لەنێوان وشەی ئەدەبی میللی و ئەدەبی فۆلکلۆر، ئەمەش لە لێدوانیدا دەربارەی گۆرانی فۆلکلۆری کۆن و ڕەسەن کە کەلەپورێکی دەماودەمییە، گەلێ جاریش دانەرەکەی نادیارە)[2].

فۆلکلۆر بەشێکی گرنگی کەلتوری میللەتە لەڕێگای زاراوە یان (زارگوتن دەردەبڕێ، بریتییە لەم بەشانە (پەندی پێشینان، قسەی نەستەق، مەتەڵ، گاڵتەوگەپ، هۆنراوە، ئاواز و گۆرانی و شین و لاواندنەوە، چیرۆك، داستان، ئەفسانە) [3].

زۆرێك لە زانایان پێناسەی جیاواز بۆ فۆلکلۆر دەکەن. ڕای خۆیان لەسەر ئەم زانستە دەربڕیووە، بۆ نموونە پیریسیپگ گەورە نووسەری فۆلکلۆرناس بەم شێوەیە باسی فۆلکلۆر دەکات ((فۆلکلۆر پێکهاتووە لە زانست و داب و نەریت و هەڵس و کەوت، ئەو یاریانەی کە خەڵك پێوە سەرقاڵ بوون و لەگەڵ چیرۆك و گۆرانی و پەندی پێشینان خۆشی و ناخۆشی میللەتێك، کە نەوە دوای نەوە زمان بە زمان دەم بە دەم گوازراوەتەوە، باسی خاڵی تاریکی و نادیاری ژیانی خەڵك و باسی عادات و هەست و سۆز و بیری و تایبەتمەندییەکانی ڕۆح و خەڵك لە ڕابردوو ئاشکرا دەکات))[4].

لەپاش جەنگی جیهانی دووەم ڕێکخراوی یونسکۆ دامەزرا لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەساڵی ١٩٤٥ لەژێر دروشمی (پەروەردە_ زانست_ ڕۆشنبیری) [5] بەم شێوەیە پێناسەی فۆلکلۆر دەکات (فۆلکلۆر کۆمەڵە بەرهەمێکی زەینی مرۆڤە، کە کۆمەڵگایەك لەگەڵ کۆمەڵگایەکی دیکە جیادەکاتەوە، هەندێ بابەتی وەکو چیرۆك، شیعر، ئەدەب و ئەفسانەی ناوچەیی و لۆکاڵی، هێماکان ئاسەواری هونەرین، کەرستەی میوزیکژەندن و پیشەکانی دەستکرد، خانووبەرە دروستکردن، ئاسەوارە مێژووییەکان، شێوەی بیناسازی، هەندێ شتی دیکە لەخۆدەگرێت)[6].

پەیدابوونی فۆلکلۆری کوردی و گەشەسەندنی:

مێژووی فۆلکلۆری کوردی:

فۆلکلۆر لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤایەتی سەری هەڵداوە، لەگەڵ زۆربوونی مرۆڤایەتی هۆز و میللەتی جیاواز دروستبوون، بەدرێژایی مێژووی هەر میللەتێك گەشەی کردووە و پێشکەوتووە و خۆی چەسپاندووە، ڕەنگدانەوەیەکی راستەقینەی باری ژیانی ئەو میللەتە بووە. فۆلکلۆری کوردیش هەر لە ڕۆژی پەیدابوونییەوە تاوەکو ئەمڕۆ پشتاوپشت لەدایك و باوك و زێدی باپیران نەوە لەدوای نەوە بۆمان ماوەتەوە.

---

1 - کۆمەڵێك ، نووسە، سەرنجێك لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردی، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.2009.
2 - کامەران موکری، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین./1984.ل4
3 - سەدرەدین ئەبوبەکر، پەرتوکێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر 9ل.2005.
4 - بیری سیپگ، ادبیات فولکلۆر ایران، وەرگێرانی (محمد اخگری) تەهران، مرکز تعقیقات ساوقت صدا و سیما.14ل.2021.
5 - سایتی یونسکۆ (Google-UNEsco) .
6 - سایتی گۆگ، کۆکردنەوەی خالید عەلیزادە. لەبارەی فۆلکلۆرەوە.

بەهۆی نەخوێندەواری و کەمی چاپ و چاپەمەنی ئەمە وایکردووە سەرەتا فۆلکلۆری کوردی لەلایەن کەسانی بیانی کۆبکرێتەوە، دکتورە شوکریە رەسوڵ لە کتێبی ڕێگاکانی کاری مەیدانی فۆلکلۆری کوردی ئاماژەی پێدەکات، سەرەتا لە یەکێتی سۆڤیەت و ڕوسیا بوو دواتر لە ئەرمینیا و باکۆ سەریهەڵداوە، تەنیا نامەی دکتۆرای دکتۆر عزالدین مستەفا رەسول وەك قوتابییەکی کورد لە باکۆ بەشێك لە نامەکەی باسی فۆلکلۆری کوردی دەکات.

کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی:
کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردی بەشێکی لەڕێگای ئەو گەڕیدانەی سەردانی کوردستانیان کردبوو، لەپاڵ ئەو کارەی هەیانبووە. دەوڵەمەندیی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی سەرنجی ئەوانی ڕاکێشابوو، بۆیە هەوڵی کۆکردنەوەی فۆلکلۆری کوردیان داوە، وەك ئۆسکارمان لەسەر فەرمانی ئیمپراتۆریەتی دەوڵەتی ئەڵمانی لە ساڵی (١٩٠١ تا ١٩٠٣) هاتۆتە ئێران و لەوێش بۆ کوردستان گەلێك بەیت و فۆلکلۆری کوردی کۆدەکاتەوە، لە کتێبێك بڵاوی دەکاتەوە بەناوی (توحفەی موزەفەرییە) لەلایەن هێمن موکریانی خراوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی.[1].

ئەمانە بەشێك لە گەڕیدەکانن هەوڵی کۆکردنەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیان داوە، بەڵام لێرە تەنها ئاماژە بە ناویان دەکەین (ئەلبەرت سۆتین ، ١٨٤٤_١٨٩٩) بە هاوبەشی ئیگبن پریم _ کەشکۆڵی کوردیان چاپکرد. فریدریك فۆن ١٨٤٩، ئەلبەرت فۆن لکوك ١٩٠١)، ئەلکساندەر ژاپا، ١٨٣٦_١٨٦٩ ... زۆرێك لە گەڕیدەی تر.)[2]

ڕای بیانییەکان لەبارەی فۆلکلۆری کوردەوە:
هەندێ لە زاناکان ڕای تایبەتیان هەیە لەسەر فۆلکلۆری کوردی، یەکێك لەوانە ڤاسیلی نکیتن:دەڵێ (ئەدەبی کوردی لەپلەی یەکەمدا،فۆلکلۆری کوردییە،لەو فولکلۆرەدا هەرتەنیا پاشماوە و میراتی نەوە و پشتەکانی پێشوو نابینرێ، بگرە ئەمڕۆش ئەو فۆلکلۆرە بەڵگەیە بۆ بە توانایی لەژیاندا و بۆ ڕەنگینی هێزی بەرهەمهێنان، کە ڕۆژ بە ڕۆژ دەوڵەمەندی ئەو بەرهەمە تازە دەکەنەوە و فراوانتر و زیاتری دەکەن، ئەوەش دەگمەن نییە، کە ڕەگەزی بەرهەمی گەلانی هاوسایە بە گۆرانی دەوترێ و لە قاڵبی کوردیدا دادەڕێژرێ)[3].

هەر لەبارەی دەوڵەمەندی فۆلکلۆری کوردی هەریەك لەزانایانی رووسیای قەیسەر (ق.دیتێل، خ.ئابۆڤیان _پ، لێرخ، ئاژاپا ...) زۆریتر[4].

ئابۆڤیان بیروڕاکانی لەسەر کورد و فۆلکلۆری کوردی هەیە و دەڵێت :(ئەو فۆلکلۆرە دەری دەخا بۆ کۆمەڵی کورد. لە بابەت خۆشەویستی و شەوقی کورد بەرامبەر شاخ و کێو و شیو و دەشت و سواری سەرکەش و ئەسپی لووت بەرز و کچی جوانی چاوکاڵ، هەروا شیعری میللی کوردی هەنگاوی یەکجار گەورەی هاوێشتووە، گەیشتۆتە پلەی کامڵبوون.)[5].

---

1 ئۆسکارمان، توحفەی موزەفەرییە، چاپی سێیەم، وەرگێرانی هێمن موکریانی، ئاراس، هەولێر، 2011
2 - شوکریە ڕەسول، ڕێگاکانی کاری مەیدانی فۆلکلۆری کوردی، هەولێر، 1997.ل31تا33
3 عزالدین مستەفا رەسول ، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، دەزگای ئاراس، هەولێر.2010. ل14
4 _ ئاوڕەحمانی حاجی مارف، لەبارەی کوردناسییەوە لە ڕوسیا و یەکێتی سۆڤیەت، چاپخانەی العدد، بەغداد 1987.ل٢٦
5 - مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەشی یەکەم، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠١.ل١١٢

لەناو کوردستان سەرەتا هیچ هەوڵێکی زانستی یان بە کۆمەڵ ئەنجام نەدراوە، لە ساڵی ١٩١٥ هەوڵی تاکە کەسی دراوە، ئەمەش ئەو مێژووەی پێشتر هەبووە گۆرانی بەسەر داهێناوە، بە هۆی دۆزینەوەی دەست نووسی کۆنتر، (قەشە سلێمان شێخۆ)کە خەلکی ئەلقوش بووە، لەساڵی (١٩١٥-_ ١٩٧٢) لەدێی ئەلقۆش ژیاوە، ژیانی مردن و لە دایك بوونی دیار نییە. لەساڵی(١٩١٥)توانیویەتی (٨٩١)پەندی پێشینانی کوردی لەناوچەی بادینان کۆبکاتەوە، پەندەکان بە زمانی کوردی زاری کرمانجین، بەڵام بە ئەلف و بێی سریانی نووسیویەتییەوە، هەموو پەندەکان دانەدانە وەربگێڕاونەتە سەر زمانی سریانی، تەواوی ئەو دەست نووسە ئێستا بەردەستە لەلای (هاوژین سلێوە عسا) مامۆستایە لە زانکۆی کۆیە، کۆدی دەست نووسەکە (٩٦٤)، بۆ بەڵگەی ئەم زانیاریانە ئێمە یەك لاپەڕە لەو دەست نووسە دەخەینە بەر دەست، چەند پەندکی ئاماژەپێ دەکەین، بەزمانی سریانی و بەرامبەری کوردییەکەی دەنووسین.

کوردی(نان و زەیتوون، تشتێن خاتوون. سریانی: لوخمە و زێتە، مخەلتە ئەمێرتە)

کوردی(نان و پەنیر، تشتێن میر. سریانی: لوخمە و گوپتە، یخالت ئەمیرە)

کوردی(نان و پیاز، تشتێن بەراز. سریانی: لوخمە و بصلە، لوخمت خەزوورە ...)[1]

بڕوانە ئەو لاپەڕە سریانییە کە ئەم زانیارییانەی سەرەوەی لێخراوەتە ڕوو.

دواتر وردە وردە گرنگی بە فۆلکلۆر دراوە، ئەمانەش هەوڵی تاکەکەسین، فۆلکلۆریان کۆ کردووەتەوە، سەرەتا (ئیسماعیل حەقی شاوێس لەساڵی (١٩٣٣) زایینی کتێبی قسەی پێشیناگوستاولۆبوون). کە ٦١٢ پەندی پێشینانی گرتۆتەخۆ، لە بەغداد بڵاوکردەوە). هەندێ (؟) پێشینان و مەتەڵ، (١٩٣٨)دا لە دیاری بۆ لاوان بڵاوکردەوە) [2].

لە زانکۆکانی ئەرمینیا و سۆڤیەت و ئەکادیمیای یەریڤان. چەند لێژنەیەك پێکەوەنرا بۆ کۆکردنەوە و کەلەپووری نەتەوەیی ئەتنۆگرافیا و فۆلکلۆری کوردی لێژنەکە لە (حاجی جندی و ئەمین عەودالی) بەشداربوون، لە ساڵی (١٩٣٦)دا کتێبێك لە یەریڤان بڵاوکرایەوە بەناوی (فۆلکلۆری کورمانچی) پێکەوە ئامادەیان کردبوو. کتێبەکە ٦٦٣لاپەڕە بوو)[3].

ئەو کوردانەی خزمەتی فۆلکلۆریان کردووە:
مەعروف جیاوك لە ساڵانی ١٩٣٨ لەسەر پەند بەرهەمێکی بڵاوکردەوە بەناوی (هەزار بێژ و پەند) لە شاری بەغداد چاپی کردووە)[4].

دواتر پیرەمێردی شاعیر هەوڵیدا بە کۆکردنەوەی پەندەکانی پێشینان، لە ڕۆژنامەی ژین و ژیانەوە بڵاوی دەکردەوە، لە ساڵانی نۆهەدەکان کۆمەڵێك نووسەر هەوڵیانداوە بە کۆکردنەوەی، جارێکیتر

١_چاوپێکەوتن، هاوژین سلێوە عیسا، رۆژی دووشەم ٧_١١_٢٠٢٢کات (١٠)بەیانی هەولێر، کۆلیژی زمان، مامۆستایە لە زانکۆی کۆیە.
2 ، سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر، پەرتوکێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، 2005.ل15
3 -شوکریە رەسول ئیبراهیم، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی زانکۆی سەرحەددین، هەولێر،1984 .ل15
4 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل16

لەچاپیاندا بەناوی (پەندەکانی پیرەمێرد) چاپی یەکەمی ١٩٩٨، دواتر لە ساڵی ٢٠٠٧ لەسەر ئەرکی چاپخانەی شڤان چاپ کراوە لە سلێمانی)[1].

محەمەد توفیق وەردی شاعیر و فۆلکلۆرستی کوردی ، لەماوەی ژیانی( ٦٢) پەرتووکی بە زمانی عەرەبی و کوردی چاپ کردووە، زۆربەیان لەبارەی هۆنراوە و چیرۆکی فۆلکلۆری و داستانی کوردین و هەموویان لە گەنجینەی کەلەپووری نەتەوەیمان نرخ و بەهای خۆی هەیە، چاپکراوەکانی حەسەن و مریەم، ناسر و مامار1955، فۆلکلۆری کوردی بەشی یەکەم و دووەم 1961بەغدا،فۆلکلۆری کوردی بەشی سێیەم1972 بەغداد. (دارا خلیل، زانکۆی سلێمانی ،بەڕێوبەرایەتی کاروچالاکی.2019).

شێخ محمد خاڵ لەساڵی ١٩٥٧ پەندی پێشینانی بڵاوکردەوە لە بەغداد، (١٣٠٨) پەندە، لەم سامانەدا ڕەفتاری تایبەتی و بیرکردنەوەی گەلی کورد و باری کۆمەڵایەتی و ژیانی روون ئاشکرا دیارە، ئەمە شاکاری گەلی نەتەوەی کوردە، تا ئێستا سێ جار لەچاپ دراوە)[2].

عەلائەدین سەججادی رشتەی مرواری بڵاوکردەوە، بریتی بوو لە بواری قسەی نەستەق و پەند و گاڵتە و گەپ. کۆمەڵێك بەرهەمی ئەدەبی نایابی لە فەوتان رزگارکرد. گەنجینەیەکی بەنرخی فەلسەفە و بیروباوەڕی کوردییە پڕە لە قسەی خۆش و نەستەق. شوکریە ڕەسول بەرهەمێکی زۆری فۆلکلۆری کوردی بڵاوکردەوە، دەربارەی پەند و قسەی نەستەق و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی. لەگەڵ کامەران موکری پێکەوە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیان بڵاوکردەوە، لە دوو بەرگ پێکهاتووە بەڕاستی کارێکی ناوازەبوو بۆ کاتی خۆی.

(مەولود ئیبراهیم حەسەن) زۆر کاری بۆ فۆلکلۆری کوردی ئەنجام دا، چەندین بەرهەمی تازەی پێشکەش بە فولکلۆرناسانی کورد و کتێبخانەی کوردی کرد. وەك (هێلکەی نامی_تێرنەخۆرە_ زیاتر لە ئاشقێك ....) ئەمانە پرۆژەی زۆر نایاب بوون، بەرهەمێکی زۆری لە فەوتان ڕزگار کرد، پڕن لە پەند و گۆرانی فۆلکلۆری داب و نەریتی کۆنی کوردەواری. کە تایبەتە بە فولکلۆری هەموو کوردان.

(نەجم ئەڵوەنی) لەساڵی ٢٠٠٨ (پەند و قسەی نەستەقی شاری خانەقینی بڵاوکردەوە) [3].

(ئیدریس عەبدوڵڵا) ئەمیش کۆمەڵێك وتاری لەسەر فۆلکلۆری کوردی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بڵاوکردەوە، دواتریش سێ بەرگی ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری بڵاوکردەوە، لەساڵی (٢٠١٤) لەسەر پەند و مەتەڵی کوردی_ بەیت _ و کۆمەڵێك بەسەرهات و سەربردەی فولکلۆری لەخۆدەگرێ.

کۆمەڵێك نووسەری فۆلکلۆر پەروەر توانییان بەشێکی زۆر بەرهەمی فۆلکلۆری لە فەوتان ڕزگاربکەن، بە هەوڵ و ماندووبوونی ئەمانە کتێبخانەکانی کوردی و فۆلکلۆری کوردیان دەوڵەمەند کردووە لەوانە (ئەسعد عەدۆ، غەفور مەخموری، خالید جوتیار، عومەر شێخەڵلا دەشتەکی، سەدرەدین نورەدین، جەمال گردەسۆری، محمود زامدار،عەباس نادر، پیرداود مخموری، عزیزی

1 - کۆمەڵێك نووسەر ، سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.٢٠٠٧
2 - شێخ محمد،خاڵ ،پەندی پێشینان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی.2009
3 - نەجم ئەڵوەنی ،پەند و قسەی نەستەقی کوردی شاری خانەقین، چاپخانەی موکری. هەولێر٢٠٠٨

مەلای ڕەش، محەمەدی مەلا کەریم، ...... زۆرێکی تر لە نووسەران و فۆلکلۆرناسان خزمەتی فۆلکلۆری کوردیان کردووە، سامانێکی گەورەی کوردیان پێشکەش بە نەوەکانی داهاتوو کردووە.

بەهۆی بڵاوبوونەوەی چاپ و چاپەمەنی کۆمەڵێك گۆڤار و ڕۆژنامە دەرچوون خزمەتی فۆلکلۆری کوردیان کرد، لە شارەکانی (هەولێر، دهۆك_سلێمانی، کەرکوك، ....). وەك گۆڤاری فۆلکلۆری تایبەت بە فۆلکلۆر بڵاوکرایەوە، وەك ئاسۆی فۆلکلۆر، لە زۆرێك لە ڕۆژنامەکان لاپەڕەی تایبەت دیاری کرابوو بۆ فۆلکلۆر وەك( پەندی پێشینان، مەتەڵ، ئیدیۆم، گۆرانی فۆلکلۆر، سەربردەی کۆن, حەکایەت, بابەتی ئەفسانە) ، لە شاری کۆیە گۆڤاری( کەلتوری کورد) کە چوار ژمارەی لێ دەرچوو، لە ساڵی ٢٠١٦، هەموو باسەکانی تایبەتبوون بە کەلتورو فۆلکلۆری کوردی.

هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی، کە فۆلکلۆری کوردی گەشەبکات، بەڵام لەبەر زۆری و دەوڵەمەندی فۆلکلۆری کوردی هێشتا بابەتی زۆر ماون کۆبکرێنەوە، لە سینەی کەسانی بە ئەزموون و بەتەمەن وەك داپیرە و باپیرەکانمان پەنگی خواردووە، پێویستی بە کەسانی دڵسۆز و شارەزا هەیە تاوەکو ئەم بەرهەمانە لە مردن ڕزگار بێت.

سنووری جوگرافیای دەشتی هەولێر:
بەپێی ئیدارەی ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان سنووری دەشتی هەولێر ناوەندی قەزای بنەسڵاوەیە، هەرەیك لە ناحیەکانی(دارەتوو، قوشتەپە، کەسنەزان) دەگرێتەوە. (ماڵپەڕی پارێزگای حکومەتی هەرێمی کوردستان) [1].

بەڵام دەشتی هەولێر دەشتێکی گەورە و پان و فراوانە و کاکی بە کاکییە، جیا لە زۆربەی دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان تایبەتمەندی خۆی هەیە، (لە ڕەوتی ژیان و پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگای کوردەواریدا، بەتایبەت عورف و عادەت و ئەمن و ئەمانەت و ڕێزگرتن و گەورە و بچووکی و دڵفراوانی خەڵکەکەی، میواندۆست و ناندەر و یارمەتیدانی یەکتری لەکاتی لێقەومان و کارەساتی لەناکاو)[2].

دەشتی هەولێر بەهۆی بەپیتی خاکەکەی و هەبوونی ئاسەواری زۆر، شوێنی ستراتیژی و هەبوونی ڕێژەیەکی زۆری نەوت (ئەمە وای کردووە حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق بەردەوام هەوڵی بەعەرەبکردنی بدەن. سنوورەکەی بچووك بکەنەوە)[3].

بەڵام بەهۆی ئەو زاروبن زارەی هەیەتی سنووری زۆر فراوانە. بەپێی ئینسکلۆپیدیای هەولێر بەشی جوگرافیا، دەشتی هەولێر زۆر گەورە و فراوانە لە چەند دەشتێکی بچووك پێك دێت بەم شێوەیە ئاماژەی بۆ کراوە (دەشتی ملکییە، مرکییە ناوچەی قوشتەپە، دەشتی پشت ڕێ، دەشتی بەرانەتی، دەشتی زرارەتی، دەشتی کەندیناوە، دەشتی قەراج، دەشتی شەمامك)[4].

---

1 - دەشتی هەولێر، ماڵپەڕی پارێزگای حکومەتی هەرێمی کوردستان.
2– جلال مەولود ئەحمەدسنجاوی، ئینسکلۆپیدیای هەولێر ، بەشی جوکرافیا، چاپخانەی گرین گالۆری لوبنان، ٢٠٠٩، ل٧٧
3 - عباس سلێمان سمایل، مێژووی دەشتی هەولێر، ناوی چاپخانە نەنووسراوە،200٤، هەولێر، ل٥٤
4 - هۆشیارعبدالله، ناوی گردەکانی دەشتی هەولێر، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی جوگرافیا، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، 2009.ل515

له چاوپێکەوتنم لەگەڵ (غەفور مەخموری) کە سێکی شارەزایە لە دەشتی هەولێر، ئەویش ئاماژەی بەوەکرد کە دەشتی هەولێر لە حەوت دەشتی بچووك پێکهاتووە هەموویان پێکەوە یەك دەشتی فراوانیان دروست کردووە، کە (دەشتی هەولێر)ە، سنووری فراوانی هەیە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەمان ڕای ئینسکلۆپیدیای هەولێری هەیە لەڕووی دابەشبوونی دەشتە بچووکەکانی هەولێر.[1]

بەڵام مامۆستا عباس نادر، وەکو فۆلکلۆرناسێکی دەشتی هەولێر پێی وایە دەشتی هەولێر لە شەش دەشتی بچووك پێکهاتووە، لەگەڵ گوندەکانی چواردەوری.

دەڵێت: خەڵکەکەی بە دەشتەکی ناسراون، دەشتی هەولێر دەشتەکی پان و بەپیت و فراوانە_ لەڕووی زار و بن زار سنوورێکی فراوانی هەیە، بریتییە لە چەند دەشتەکی بچووك هەموویان پێکەوە دەشتی هەولێر پێك دەهێنن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

_ دەشتی مولکییە_ ناوەندی قوشتەپە و گوندەکانی چواردەوری دەگرێتەوە.

_ پشت رێ_ پشت جادەی کەرکوك گوندەکانی بیستانە_ هەرچە و گوندەکانی چواردەوری دەگرێتەوە.

_ دەشتی کەندیناوە ناوەندی دیبەگە و گوندەکانی چواردەوری.

_ دەشتی قەراج_ قەزای مخمور و باقرت _ گوندەکانی چواردەوری.

_ دەشتی شەمامك_ سەنییە (ناحیەی شەمامك و گوندەکانی چواردەوری).

_دەشتی بەرانەتی_ بەحرکە و عەنکاوە_ ئاسکی کەڵەك_ خەبات، دەگرێتەوە.

هەموویان یەك دەشتی فراوان دروست دەکەن بەناوی دەشتی هەولێر یەك شێوەی زار و بن زاریان هەیە (نادر_ پرۆژەی بلاونەکراوە) تێبینی/ بروانە نەخشەکانی ژمارە (١ تا ٥)[2].

خەڵکی ئەم دەشتانە بە کشتوکاڵ و مەڕداری خەریك بوونە. پیشەکان ئەمانەن: ئاسنگەری، ناربەندی، تەشی ڕێسی، تەونکەر، جۆلا، شوانکاری، جووتیاری، سەپانی، ئاشەوانی. زۆربەی گوندەکان لەلایەن ئاغای دزەیی سەرپەرشتی کراوە، دیوەخانی ئاغاکان فراوانبووە، هەموو چینوتوێژێك سەردانیان کردووە، کەسانی شارەزا، چیرۆکخوان، حەکایەت گێرەوە، حەیرانبێژ، لاوك بێژ، لە ڕووی ئایینیەوە زۆربەی خەڵکی پەیرەوی ئایینی ئیسلامیان کردووە بەشی هەرەزۆری گوندەکان مەلا، مزگەوت، فەقێی تێدابووە ،[3]

بەهۆی زۆرداری و زوڵمکردنی بەشێك لە ئاغاکانی دزەیی لە جوتیارەکانی ناوچەکە و کرمانج و خەڵکی گوندەکان، تا لە ساڵی (١٩٥٣) وایلێهات ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر ڕوویدات،

---

1 - غەفور مەخموری، چاوپێکەوتن (سنووری دەشتی هەولێر) هەولێر- کات ١٠ ی بەیانی ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٠/٢٠.دەرچوی کۆلێژی زمان، بەشی کوردی،

2 - عباس نادر ،پرۆژەی بڵا ونەکراوە، لەسەر دەشتی هەولێر

3 - چاوپێکەوتن، عباس نادر، ڕۆژی دووشەم ٢٠٢١/١٠/١١ گەڕەکی نەورۆز، هەولێر.مامۆستایە لە ئامادەی کشتوکاڵی هەولێر،

مامۆستا عباس نادر زۆر بەجوانی باسی ڕووداوەکانی کردووە، لە کتێبی (ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر)[1].

فۆلکلۆری دەشتی هەولێر:-

دەشتی هەولێر خاوەن فۆلکلۆرێکی زۆر دەوڵەمەندە، ڕەنگدانەوەی لەسەر شارستانیەتی کوردی هەیە، (دەشتی هەولێر وەك ملوانکەیەکی ئەڵماس لە گەردەنی کوردستانە، مەملەکەتی حەیران و ئەفسانە و بەیتە فۆلکلۆریەکانە و مرۆڤی پاك و خاوێن و ژیر و دونیادیدە و عەگیدی مەیدانی لێ نیشتەجێیە و پیاوەکانی ئازا و قارەمانن و ئافرەتانیش لە ئیشکردن وەك پیاو وانە.)[2].

لە ساڵانی ٧٠ سەدەی ڕابردوو کۆمەڵێك ڕۆشنبیر و فۆلکلۆرناس دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر، هەریەکە و لە بوارێك هەوڵی خۆیداوە، وەك هەوڵی تاکەکەسی بۆ نموونە: عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی هەندێ بەرهەمی بڵاوکردەوە وەك داستان و گۆرانی لە فۆلکلۆری کوردیدا، ١٩٧٨، هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین. خالید جوتیار بەرەو فۆلکلۆر ، ١٩٨٤ الحوادث) سەمای ئەجندان حەکایەت و لێکۆڵینەوە، سلێمانی. چاپخانەی سیما لە ساڵی ٢٠٠٦ چەند لێکۆڵینەوەیەك لەسەر حەیران. سعداللە اسماعیل شێخانی فۆلکلۆری کوردی لە ساڵی ١٩٨٥. هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی ١٩٩٠، غفور مخموری (چەمك_ ناوەڕۆك سەرهەڵدانی حەیران، بناری قەرەچوغ، کۆمەڵێك وتاری ئەدەبی و فۆلکلۆری ئێستا لە یەك کتێب چاپی کردووە بەناوی هەگبەی مەخمووری چاپی دووەم هەولێر،٢٠٠٢) عباس سلێمان مێژووی دەشتی هەولێر لەدوو بەرگی جیاواز لەگەڵ فەرهەنگی وشە کلتورییەکانی دەشتی هەولێر، عەزیزی مەلای ڕەش بەشی زۆری بەرهەمەکەی لەسەر فۆلکلۆری دەشتی هەولێرە، کۆکردەوە لە یەك بەرگ ئێستا لەبەر دەستی خوێنەرانە بەناوی (خورجەیەك لە فۆلکلۆری دەشتی هەولێر و چەند واریقات و بابەتی دیکە) هەولێر ٢٠١٢. یەکەم کەسە وشەی واریقاتی بەکارهێناوە لەجیاتی سەربوردە یان بەسەرهاتی ژیان.( محمود زامدار، پیرداود مخموری، جەماڵ گردەسۆری هۆشیار نوری لەك. حەمید ڕەشاش. ئاواز ئەحمەدی حەمەدەمینی دزەیی).

فەرهاد گۆمەشینی، عەباس نادر، ئەسعد عەدۆ... زۆرێك لە نووسەرانی تر. فۆلکلۆرپەروەر ئەسعد عەدۆ لەڕێگای پەخشکردنی چەند بەرنامەیەکی فۆلکلۆر خەلکێکی زۆری لەگەڵ فۆلکلۆری کوردی و فۆلکلۆری دەشتی هەولێر ئاشناکردەوە. کۆمەڵێك بەرهەمی جوان و نایابی لە فەوتان ڕزگارکرد. هەگبەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێری دەوڵەمەندتر کرد.لە نێوان ساڵانی(١٩٨٨_١٩٩٢).

(هیمداد حوسێن ، (چەپکێ لە شعری فۆلکلۆری دەشتی هەولێر)، (ئیدریس عەبداڵڵا،ئەدەبی میلی لە سێ بەرگ پێکهاتبوو) چەند بەرهەمێکی نایابیان پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی کرد، دەربارەی فۆلکلۆر و فۆلکلۆری دەشتی هەولێر.

نابێت هەوڵ و ماندووبوونی (مەولود ابراهیم حەسەن) لەیادبکەین، پاش هەوڵ و ماندووبوونێکی زۆر پرۆژەی ئینسکلۆپیدیای هەولێر هاتە بەرهەم، بەتایبەت بەشی فۆلکلۆری و فۆلکلۆری دەشتی

1 - عەباس نادر، ڕاپەڕینی جوتیارانی دەشتی هەولێر، چاپی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەرحەددین، هەولێر، ٢٠١٩

- تێبینی نەخشەکانی ژمارە (١ — ٤).لە کۆتای توێژینەوکە دانراوە.

2 - جەلال مەولود ئەحمەدسنجاوی، ئینسکلۆپیدیای هەولێر جوگرافیا، گرین گالۆری،لوبنان،٢٠٠٩ل٧٨

هەولێر، کارێکی ناوازەیە بۆ فۆلکلۆرناسان و هەولێریەکان. لەگەڵ چەندین بەرهەمی فۆلکلۆری پێشکەش بە کتێبخانەی ئەدەبی کوردی کردووە.

بەشی زۆری ئەو کارانەی ئەنجام دراون لەسەر فۆلکلۆری دەشتی هەولێر، هەوڵی تاکەکەسین و خەمخۆریان پێوەدیارە، بەڵام بەڕێگای زانستی و ئەکادیمی نەکراون. کەسانی پسپۆر و تایبەت ئەم کارەیان ئەنجام نەداوە.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشمان نابێ ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەبەرچاونەگرین، بەهۆی هەبوونی چەند کەناڵێکی ناوخۆ، لەسەر فۆلکلۆر وایکردووە هۆشیاریەکی باش بڵاوبێتەوە لەسەر فۆلکلۆری کوردی و بەتایبەت ئەو بەرنامانەی تایبەتن بە فۆلکلۆری دەشتی هەولێر. لەبەر فراوانی بەشەکانی فۆلکلۆر، دەوڵەمەندی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر هەموو بەشەکانی فۆلکلۆر لەخۆ دەگرێت وەك (پەند، ئیدیۆم، مەیل مەیلانێ(مەتەڵ)، شیعری فۆلکلۆری، حەیران، لاوك، حەکایەت، ئەفسانە، سەرگوزەشتە و بەسەرهات ....) لە بەشی دووەم بە درێژی باسی بەشەکانی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر دەکەین.
کێشەکانی بەردەم فۆلکلۆری دەشتی هەولێر:
1_لەڕووی سیاسیەو تێکدانی گوندەکانی دەشتی هەولێر، بەهۆیەوە خەڵکی کۆچیان کرد بۆ شارەکان. ئەمەش وایکرد بەشێکی زۆری فۆلکلۆری دەشتی هەولێر لەناو بچێ، چونکە دیوەخانەکان نەماون، بۆ حەیرانبێژ و حەکایەتخوانەکان و سەربوردەی ژیانی ڕابردووی لێ باس بکەن دانیشتنەکانیان پێ بڕازێننەوە.[1]

2_ مردنی کەسانی بەتەمەن و پیرەکان وەك داپیرە و باپیرەکانمان، بەشێکی زۆر لە تێکستە جوانەکانی وەك گۆرانی فۆلکلۆری و پەندی پێشینان و قستەی نەستەق و ... زۆر تێکستی تر، کە لەڕێگای دەم دەگوازرێنەوە. لەگەڵ کۆچکردنیان ئەو بەرهەمانەش لەناوچوون.

3_ بەشێکی زۆری ئەو فۆلکلۆرەی بە ڕێگای زانستی کۆنەکراوەتەوە، کەموکوری زۆرە، ئینجا بەهۆی تۆمارکردنی ئامێری تۆمارەکە بێت، یان کەم شارەزایی کەسەکە بێت لە بوارەکە. یاخود ئەو کەسەی تێکستەکەی لایە حەزی نەکردووە تۆماربکرێ، وا هەستی کردووە ئەمە شەرمە بۆ ئەو بڵاوبکرێتەوە.[2]

4_ تێکچوونی باری دەروونی هەندێك لەو کەسانەی بە تەمەنن یاخود پیرن تێکستی جوان و باشیان لابوو بەهۆی ڕاگواستنیان بۆ شارەکان و کۆمەڵگا زۆرەملێکان. ئەمانە وایانکرد زیانێکی زۆر بە فۆلکلۆر بگەیەنن بەتایبەت فۆلکلۆری دەشتی هەولێر[3].

5_ بەهۆی پەیڕەوکردنی سیاسەتی دووبەرەکی و خۆخۆری نێوان پارتە سیاسیەکانی کوردستان و پەرتەوازەییەکی زۆر دروستبوو، فۆلکلۆری کوردستان و بەتایبەت فۆلکلۆری دەشتی هەولێر زیانی زۆری بەرکەوت.[4]

1 - چاوپێکەوتن، غەفور مەخموری، ڕۆژی چوارشەم ٢٠٢١/١٠/٢٠ کات ١٠ی بەیانی.هەولێر
2 - چاوپێکەوتن، عەباس نادر، ڕۆژی دووشەم ٢٠٢١/١٠/١١ کات ٤ عەسر.
3 - چاوپێکەوتن (عومەر علی ئیبراهیم) کەسێکی بەتەمەنە ، ئێستا دانیشتووی گوندی قەرەچ ناغەیە) ٢٠٢١/٨/٣٠دووشەم.کات 9شەو، نەخوێندەوارە.
4 - چاوپێکەوتن، مامۆستا ئەسعد عەدۆ ، ڕۆژی یەکشەم٢٠٢١/١٠/٣١ کات ٩،٥ بەیانی.هەولێر

شێوازی ئەدەبی فۆلکلۆر لە دەشتی هەولێر:
شێواز بریتییە لە ڕێگاکانی بەکارهێنانی زمان، هەر دەربڕینێك بەشێوازی جیاجیا گوزارشت دەکرێت کە جیاوازن لە یەکتری.

سەرەتای گرنگیدان و باسکردنی شێواز دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی یۆنانییەکان، بەتاییەت کاتێك ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر_ هونەری دواندن) باس لە شێوازی وتاردان دەکات. (ئەرستۆ_ هونەری شیعر)[1].

هەر لە سەردەمی ئەرستووە (شێواز لە تێڕوانین و بیروبۆچوونەکانیدا بۆ دیاریکردنی جۆرە ئەدەبییەکان لەسەر بنەمای وشە و زمان و مۆسیقا بووە، کە ئەمەش دواتر لە شێوازی نوێدا هەر هەمان لاسایی کردنەوە بوو لەلایەن ناودارە لەو بواردەدا)[2].

بەم پێیە شێواز لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم (١٩) دەرکەوت، بەڵام واتاکەی سنووردار نەبوو، تا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم (٢٠)، لەگەڵ دەرکەوتنی لێکۆڵینەوە زمانەوانییە نوێیەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن (شێواز بکەنە زانستێکی سەربەخۆ لە خزمەت شیکردنەوەی ئەدەبی و شیکردنەوەی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەپێی قوتابخانەکان.)[3].
شێواز وەك چەمکێکی ئەدەبی پێناسەی جیاجیای بۆ کراوە، چونکە زاراوەیەکی فرەڕەهەندە و پەیوەستە بە لایەنی زمانی، بۆیە زۆر لە زانایان پێناسەیان کردووە. ئەوەتە کۆنت بۆفۆن دەڵێت: (شێواز بریتییە لە ئادەمیزاد خۆی، ناکرێت نەمێنێت، هەروەها ناگوازرێتەوە و ناشگۆڕدرێت)[4].
چارلز بالی دەڵێت: (شێواز بریتیە لە لێکۆڵینەوەی ڕەگەزە کاریگەرەکانی زمان)[5].
کەواتە، شێواز پەیوەندی بە زمان و قسەکردنی مرۆڤ خۆیەتی، هەر مرۆڤێك یان نووسەرێك شێوازێکی تایبەت بەخۆی هەیە پێی دەناسرێتەوە، دکتۆر ئیدریس عەبدوڵلا لە کتێبی (شێواز و شێوازگەری) بەم شێوەیە باس لە شێواز دەکات دەڵێت: (شێواز بریتییە لە ڕێگەیەکی تایبەت بۆ بەکارهێنانی زمان، بەشێوەیەك ئەو ڕێگەیە ببێتە سیفەتێکی جیاکەرەوەی نووسەرێك، یان قوتابخانەیەك، یان ماوەیەکی زەمەنی، یان ڕەگەزێکی ئەدەبی)[6].
دەشتی هەولێر دەشتێکی فراوانە، شێوازێکی تایبەتمەندی بەخۆی هەیە لەڕووی جل و بەرگ، تایبەت بە ئافرەتان و پیاوان، خواردن، کاری دەستی، گەلێك پیشە و دەستڕەنگینی. ئەوەی ئێمە لامان مەبەستە شێوازی دەشتی هەولێرە لەڕووی زار و بنزار. لەناو گەرمەی ژیان ئەو تێکستە جوانانە دێتە بەرهەم، هەمیشە خۆیان نوێ دەکەنەوە، ژیان جوانتر پیشان دەدات. لە هەموو بەشەکانی فۆلکلۆر وەك (چیرۆك، حەکایەت، پەند، مەتەڵ، گۆرانی فۆلکلۆری....).
ئەو تێکستانەی لە سنووری دەشتی هەولێر بەرهەم هاتوون، لەڕووی زار و بنزار تایبەتمەندی و شێوازی تایبەت بەخۆیان هەیە. بۆ نموونە لە هۆنراوەی فۆلکلۆری تایبەت بە ڕاوکردن کورد دەڵێ:
هەڕاوە ڕاوە

1 - هونەری شیعر، ئەرستۆ.
2 - سەلیم ڕەشیدسالّح شێواز لە کورتەچیرۆکی کوردی (١٩٩٠/٢٠٠٠)چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢ل70
3 - عەبدولواحید موشیردزەیی، شێواز و پڕاگماتیك، ئەستەمبۆل، الروضة، 2012.ل35
4 - ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، شێواز و شێوازگەری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر،2010.ل13
5 _ حەمەنوری عومەرکاکی، شێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپخانەی تیشك، هەولێر،٢٠١٤،ل14
6 _ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، شێواز و شێوازگەری ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر،٢٠١٠.ل٣٨

هی برام چ ڕەشەڕاوە
ئەو شینکەی ناوقەد باریکە
لە نواران پاریداوە
درم نەهات چی برێمێ
دەوم لە هەوکی ناوە
هەڕاوە ڕاوە ... )[1].

گەر سەیری ئەو تێکستە بکەین دەبینین تایبەتمەندی خۆی هەیە و تایبەتە بە شێوازی دەشتی هەولێر. شێوازێکی تایبەتی هەیە لە وشەی (درم) خۆی (دڵم)ە، بەڵام لە شێوازی دەشتی هەولێر هەموو (ڵ)ێکی قەڵەو دەبێتە پیتی (ر)ی سووك وەك دەڵێ (درم ناڵێ دڵم) ئەمەش یەكێكە لە شێوازەكانی دەشتی هەولێر. یاخود لە وشەی (دەوم) ناڵێ (دەمم) ئەمەش شێوازێکی ترە، لە تێکستەکانی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر زۆر بەرچاومان دەکەوێت، ئەم گۆڕانکاریانە لە وشەکان تایبەتن بە شێوازی دەشتی هەولێر.

دەشتی هەولێر شێوازێکی تایبەتی هەیە لەڕێزگرتن و شەرم و داب و نەریتی کوردەواری، بەڵام لە هەندێك تێکست لادان لەم شێوازە ڕوودەدات، گەر سەیرکەین حەیران تایبەتە بە دەشتی هەولێر، تێکستەکانی زۆر نایاب و خۆشن، دیمەنێکی جوانی کوردەواری پیشاندەدات، بەڵام هەندێك جار لەلایەن حەیرانبێژەکانەوە ئەو لادانە ڕوو دەدات، هەندێك جار بە مەبەستی داهێنان و هەندێ جارش بۆ خۆشی و چێژوەرگرتن دروست دەبێت. بۆ نموونە لەم تێکستەی حەیران، حەیرانبێژ دەڵێ: (( حەیران لە پەنا سەرگینی،

ئەوجا ئەمن دەرێم: وەرە خۆمان ماتکەین کەس نامانبینی، ئەتوو سینگی خۆتم لۆ واراکە، مەمکت لەبۆم بکە بالیف، هەتا سبەینێ دەوت لەناو دەوی نێم و بگرم مەمکی دیکەت،

ئۆخەی دەرێ هەرمێیە، لەسەر ئەوێ سینگی توو بە جۆت خەومان لێبکەوی کەس هەرمان نەستینی.))[2].

لێرەدا لادانی تەواو بەرچاو دەکەوێت، دوورە لە شێوازی شەرم و ڕێزگرتنی دەشتی هەولێر، زیاتر لە ئیرۆتیك نزیك دەبێتەوە، بەڵام لەڕووی ئەدەبی شتێکی ئاساییە، تێکستی لەم شێوە هەبێ. هەمیشە وا باوە لە حەیران پیاو یان کوڕ ڕەگەزی نێر بەسەر کچ یان ئافرەت هەڵدەدات، واتە ڕەگەزی مێ، هەڵدەدات، ئاساییە وەسفی جەستەی ئافرەت بکات.

لە هەندێك ناوچەی دەشتی هەولێر وا ڕاهاتوون لەکاتی قسەکردن شێوازێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، لەکاتی قسەکردن، بۆ نموونە لە هەندێ ناوچەی دەشتی هەولێر لە کاتی قسەکردن ئامرازی پەیوەندی بەکارناهێنن. بۆ نموونە لە گوندی (پیرداسوان) سەر بە ناحیەی مەخمور، شێوەزارێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئامرازی پەیوەندی بەکارناهێنن، بۆ نموونە لەکاتی قسەکردن دەڵێن (دەچم

1 -غەفوورمەخموری (هەگبەی مەخموری) چاپی دووەم، تەهران، چاپخانەی تاران.2020.ل38
2 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

بازاڕ) هەموو ئەمانە لەکاتی گفتوگۆی ئاسایی ڕۆژانە بەکارهاتووە، بەبێ ئەوەی ئامرازی پەیوەندی بەکاربهێنن. ئەمەش شێوازێکی تایبەتی هەندێك لە ناوچەی دەشتی هەولێر بەکارهاتووە.[1]

تەوەرەی سێیەم لەبارەی بۆنەکان:

بۆنە چییە؟

لەفەرهەنگی (شێخ محمدی خاڵ ) بەم شێوە باسی بۆنە دەکات، (بۆنە، هۆی شت، بەبۆنەی تۆوە هاتم.)[2]. بۆنە لەفەرهەنگی هەنبانە بۆرینەی مامۆستا هەژاری موکریانی بەواتای(هۆ،سەبەب، سۆنگە، بەهانە، بیانوو) [3].

لەڕووی زاراوە، بۆنە هەموو یادەوەرییەکی شیرین یان تاڵ، شادی یان کارەسات دەگرێتەوە، بەسووڕانەوەی ساڵ، بە دەوری خۆی دروست دەبێت، زۆرجار کۆڕ و ئاهەنگی تایبەتیان بۆ دەگێرن.

لەلایەکی ترەوە بۆنە بە واتای یادەوەری پیشە جۆراوجۆرەکانیش دێ، وەکو ئەو بۆنانەی بەهۆی دروێنە یان ساوار کوتان ....زۆر شتی تردێ.

(خەڵك لە قۆناغێکی سەرەتای گەشەکردنەوە، بۆنە خۆشەکان و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکانی ناسیون) [4].

زمان و ئەدەبیاتی بۆنەکان لە یەکتر جیاوازن، هەربۆنەیەك شێوازی تایبەت بەخۆی هەیە،بۆنمونە(شێوازی بابەتێکی زانستی جیاوازە لە شێوازی بابەتێکی ئەدەبی،یان یاسایی،یان دڵداری ، شێوازی پێشوازی کردن لە میوان جیاوازە، لە شێوازی دەرکردنی کەسێك.)[5]. ئێمە لێرەدا باسی ئەو بۆنانەی دەشتی هەولێر دەکەین کە فۆلکلۆر تێیدا گەشەی کردوە.

بۆنەکانی دەشتی هەولێر:

دەشتی هەولێر دەشتێکی پان و فراوانە، خەڵکەکەی ماندوبوو، بەردەوام کاریان دەکرد، تاوەکو بژێوی ژیانی خۆیان و منداڵیان دەست بخەن. هەموو بۆنەکان تایبەتمەندی خۆی هەیە، تێکستی تایبەتی هەیە. یان هۆنراوەی فۆلکلۆری بێت، یان حەیران، یان حەکایەت و بەسەرهاتی خۆش بێت.

ئێمە لێرەدا دابەشی دەکەینە سەر چەند بۆنەیەك بەم شێوەیەی خوارەوە:

١_ بۆنەکانی ساڵ:

جەژنەکان (ڕەمەزان_ قوربان) شەوی بەرات، لەدایك بوونی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێت)، مەولود، نەورۆز.

٢_ بۆنە وەرزییەکان: چوار وەرزەکەی ساڵ

1 - چاوپێکەوتن، غەفوور مەخموری ٢٠٢١/١٠/٢٠ چوارشەم کات ١٠ی بەیانی.

٤_ هەژاری موکریانی، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە،سروشت،تهران١٣٤٩هەوتاوی

2 - شێخ محەمەدی خاڵ،فەرهەنگی خاڵ،چاپخانەی ئاراس ،هەولێر،٢٠٠٥ل٣٨

3 - هەژاری موکریانی،فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە،سروشت،تهران١٣٤٩هەوتاوی

4 - عبدالرحمن یحی الحداد،الاخلاقیات الاجتماعیه بالسلوك،دارشروق للنشر ولتوزیع عمان، الاردن١٩٩٥ل٧٨

5 - هێمن عەبدولحەمید شەمس/شێواز و دەربڕین لەبۆنە کۆمەڵایەتییەکان،نامەی ماستەر،زانکۆی کۆیە.٢٠٠٦ل٨

((بەهار، هاوین، پایز، زستان)).

٣_ بۆنە كۆمەڵایەتیەكان:

(لەدایك بوون، ژن گواستنەوە، خەنەبەدان، مردن، شینگێڕی)

٤_ بۆنەكانی كاركردن:

(دروێنە، شەنەبا، ساواركوتان، دەستاڕ، مەشكەژەنین، تەشی ڕێسی)

بۆنەكانی ساڵ:

**١_ جەژنەكان:** لە ئایینی ئیسلام دوو جەژن هەیە، یەكیان جەژنی ڕەمەزان، ئەوەی دیكەش جەژنی قوربان. لە دەشتی هەولێر بەهۆی ئەوەی زۆربەی خەڵكەكەی لایەنی ئایینی هەبووە، یادی ئەم دوو جەژنەیان كردووتەوە، ڕۆژانی جەژن بەیانییەكەی خواردنیان دروست دەكرد، بەتاییەت (برنج، قەیسی، گۆشت) دوای نوێژی جەژن خواردنیان دەخوارد، پاشان سەردانی یەكتریان دەكرد و سەردانی گۆڕستانەكانیان دەكرد. دواتر سەردانی ئەو ماڵەیان دەكرد كە مردووێكی هەبووایە، بۆ دڵنەوایی خاوەن مردووەكە. ئاغاكانی دەشتی هەولێر خواردنیان دروست نەدەكرد، دەبوو خەڵك خواردنیان بۆببات، بڕوایان وابوو ئەگەر خواردن دروست بكەن كەسێك لەوان دەمرێت. لەڕووی فۆلكلۆرەوە لە هۆنراوەی فۆلكلۆری یان لە حەیران و گۆرانیەكان لەم دوو جەژنە ڕەنگی داوەتەوە. بەم شێوەیە:

دەچم لەبۆ مەخمووری
هەمووی كۆران كۆرانە
ئەوڕۆ دێمە مارێنگۆ
جێژنە جێژنەی رەمەزانە
چاوڕەش لەماڕێ نەبوو
چوو بوو لۆ سەر قەبرانە)[1].

وەك داب و نەریت لە ڕۆژانی جەژن خەڵك سەردانی گۆڕستانەكانیان دەكرد، بۆیە لە هۆنراوە فۆلكلۆریەكانیش ڕەنگی داوەتەوە.

بەڵام لە جەژنی قوربان خەڵك قوربانی دەكرد، بەڵام ڕێوڕەسمەكانی هەروەك ڕێوڕەسمی جەژنی ڕەمەزانە. بەم شێوەیە باس كراوە:

دەستی حەیرانێم دەگرت

دەمبرد لۆ سەر دوكانێ

شەدەكم لۆ دەكڕی

بە پێنجە و دوو قڕانێ

1 - غەفورمەخمووری، هەگبەی مەخمووری، چاپی دووەم چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.2020.ل44

ده دینارم پێدەما

هەقیٚ گورینگ لێدانیٚ

ژوانمان شێخەڵلابیٚ

ڕۆژی جێژنەی قوربانیٚ ....)[1].

لەناو حەیراندا جەژنەکان رەنگی داوەتەوە، حەیران بێژ لەکاتی وتنی حەیرانەکەی باسی ئەو جەژنانە دەکات بۆ نموونە:

(ئەریٚ براینە ئەمن و بەژنیٚ باریك سەری چەند سارانە لێك زیزین

چ برادەرەکی بە دۆست و پەیمان نییە، پێمان بکاتەوە جەژنە پیرۆزبیٚ .....)[2].

کەواتە جەژن هێمای ئاشتبوونەوە و سەردانی یەکترە. ئەگەر سەیربکەین دەبینین کوڕەتیم حەیران لەگەڵ کچەتیم حەیران لێك زیزن. داوا دەکات یەکێك لە جەژن ئاشتیان بکاتەوە.

لەپێش جەژنی ڕەمەزان، مانگی رەمەزان هەیە، خەڵکی بەڕۆژی دەبن، ئەو مانگە تایبەتمەندی خۆی هەیە لەلای خەڵکی پیرۆزی خۆی هەیە، بۆیە لە هۆنراوەی فۆلکلۆری ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە:

(ڕەوڕەوان)

ڕەوڕەوان و ڕەوڕەوان لە فڕینەی وەکی قەتیٚ

سی ڕۆژەی ڕەمەزانیٚ فەرزە لەسەر ئومەتیٚ

لەدنیاییم لۆ نەبووی چیت لێبکەم لە قیامەتیٚ

ڕەوڕەوان لە فڕینەی وەك کۆتری

سی ڕۆژەی ڕەمەزانیٚ فەرزە ئومەت بیگری

لەدنیاییم لۆ نەبووی چیت لیٚ بکەم لە بن گری ...)[3].

**٢ _ شەوی بەرات:**

ئەم شەوە پیرۆزی خۆی هەیە لەلای خەڵکی موسوڵمان، هەر لەکۆنەوە لە دەشتی هەولێر یادی کراوەتەوە، دەکاتە ڕێکەوتی (١٥ی مانگی شەعبان). مەلای مزگەوتەکان قورئان دەخوێنن، نزا و پاڕانەوە دەکەن، چونکە بڕوایان وایە کە لەم شەوە ڕزق بۆ مرۆڤایەتی دابەش دەکریٚ. وەك داب و

---

1 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

2 _ئەسعەد عەدۆ، (کەلەپووری کوردەواری) بە هاوکاری دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان چاپکراوە، هەولێر2015.ل547

3 - حاجی سعداللە شێخانی، (جۆخین، خەرمانان) چاپخانەی ڕۆژهەلات- هەولێر.2010.ل424

نەریتی کوردەواری ئێوارەکەی خواردن دروست دەکرا، دەبوو خوێن بڕێژرێت، خەڵك پەلەوەری سەر دەبڕی وەك: (کەڵەباب، مریشك، قاز) منداڵان کۆدەبوونەوە دەیان وت:

ئەم شەو شەوی بەراتە

شەوی خێر و خێراتە

شەوی خۆشی و خەڵاتە

وا منداڵان دەگەڕێن

دەست بە دەرگاوە دەنێن ....[1].

زۆرجار ئەم تێکستانە بە شێوازی جیاوازتر باس کراوە، بۆ نمونە بەم شێوەیەش باسکراوە.

منداڵان...

شەوی شەو بەراتێ ئامین

دووکوڕو کچتان بداتێ ئامین

دەمان دەنێ هەربەزیادبی

نامان دەنێ هەربەزیادبی

دەمان دەنێ؟ ...٢

1 - چاوپێکەوتن، دکتۆر ابراهیم احمد شوانی- ڕۆژی یەك شەم ٢٠٢١/١١/٢٨ کات ١١ بەیانی کۆلیژی زمان.
2_چاوپێکەوتن، هاوژین سلێوە عیسا،رۆژی دووشەم ٧-١١-٢٠٢٢کات١٠بەیانی کۆلیژی زمان

### ٣_ مەولودی پێغەمبەر(درود و سەلامی خوای لەسەربێ):

ئەم بۆنەیە تەنها ساڵانە یاد دەکرایەوە لەکاتی لەدایك بوونی پێغەمبەری خودا (د.خ) پێشەوای مرۆڤایەتییە. لە دەشتی هەولێر مەلای گوندەکان مەولودیان دەخوێندەوە، خەڵك لە مزگەوت کۆدەبووەوە شەربەت و چوکلێت دەبەخشرایەوە. دەقی مەولودەکان جیاوازبوون بۆ نموونە دەیانگووت:

عەرد لەسەر گایە

گا لەسەر بایە

با لەسەر هەوایە

لەپشت ئەو تاریکییەوە

هەرخودا دەزانێ

چ بەحسە و چ ڕۆنایە

سبحان الله لەو خودایە

چ خالقێکی بە توانایە [1].

د. ئیبراهیم پێیوایە مەولودنامەکان زۆر شتی خۆشیان تێدایە، وەك(حەبیب کەمەبەستی پێخەمبەرە (دخ )ناو هێنانی ئامینە ئاماژەیە بۆ دایکی پێخەمبەر، وێنەکانی مردن و تۆبە کردن جەهەنەم)، بەتایبەت مەولودنامەکانی مەلا عەبدوڵای جەلیلزادەی کۆیە، یان ئەو هۆنراوە فۆلکلۆریانە شێوەیەکی فەلسەفی جوانی تێدایە، یاخود زۆرجار بەم شێوەیە مەولودنامەکان دەخوێندرانەوە:

| | |
|---|---|
| ئەی حەبیبی حەبیبوڵڵا | ئامینە درا بە عەبدوڵڵا |
| لێی ئیجاد بوو ڕەسولەڵا | سەییدی عالەم سەڵەوات |
| بە جهەنەم هێژەهێژە | تێدا ماری کەڕ و گێژە |
| لۆ ئەو کەسەی ناکا نوێژە | سەییدی عالەم سەڵەوات |
| ئەی خزمینە وەرنە ڕایێ | تۆبەی بکەن لە دنیایێ |
| دەردی مردنێ شیفای نایێ | سەییدی عالەم سەڵەوات |

(شێخانی، ٢٠١٠: ٢٥٠)[2].

1 - چاوپێکەوتن، دکتۆر ئیبراهیم احمد شوانی- ڕۆژی یەك شەم ٢٠٢١/١١/٢٨ کات ١١ بەیانی کۆلیژی زمان.

2 حاجی سعداللە شێخانی، جۆخین- خەرمانان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر.2010/ل250

**٤ _ نەورۆز:**

سەری ساڵی نوێی کوردی، ژیانەوەی گوڵ و گوڵزار و دەشت و دەر، لە کوردەواری بەتایبەت لە دەشتی هەولێر نەورۆز تایبەتمەندی خۆی هەیە. هەر کە باسی نەورۆز دەکەین یەکسەر داستانی کاوەی ئاسنگەرمان بەرگوێ دەکەوێت، چەندین هۆنراوەی فۆلکلۆری و چیرۆك و داستانی جیاواز باس لە جەژنی نەوروز دەکەن، بۆ نموونە لە هۆنراوەی فۆلکلۆری بەم شێوەیە باس کراوە:

هێ برا سەرێ من دێشی

هێ برا سەرێ من دێشی دەردێ لەدرم گرانە

تاقمەیێ کیژان هاتن هەر بە چەپرە کوتانە

دەچن لۆ کەنگر و تۆرکان هاتن لۆ خڕە بەردانە

وەکی زەینم دەداتێ یارێ من لەگەر دانە

جێژنەی نــەورۆز پیرۆزبێ لە هەموو کوڕ و کچانە (شـێخانی، ٢٠١٠: ٤٣٧)[1].

یان لەکاتی کارکردن باسی نەورۆزیان کردووە، لەکاتی گەنم کوتان بۆ ساوار خواردنی نەورۆز بەم شێوەیەی خوارەوە:

---

1 - هەمان سەرچاوەی پێشوول437

گەنم دەکوتین

گەنم دەکوتین تەپ و تۆزە

بۆ ساواری ئەو نەورۆزە

دەڵێی دەن یاڵڵا یا ئەڵڵا

کوتکی دەگرم بە دەستەوە

دەرکەی گوشان ببەستەوە...)[1].

هەندێك بۆنەی ترمان هەیە لە دەشتی هەولێر کراوە، بەڵام تێکستمان دەست نەکەوت وەك بۆنەی (کەپرەشینە). ئەم بۆنەیە تایبەت بوو بە جوولەکەکانی دەشتی هەولێر.

ڕێوڕەسمی ئایینی بوو لە ڕێکەوتی (١٥ی مانگی ١٠) ئەنجام دەدرا، بۆ ماوەی یەك هەفتە، دواتر گۆڕاوە بۆ جەژنێکی کشتوکاڵی، ئێستاش ئەو ڕێوڕەسمە لەناو جولەکەکانی کورد لە ئیسرائیل ئەنجام دەدرێ، لە ساڵانی ١٩٥٠ لە دەشتی هەولێر نەماوە.

بۆنەکانی چوار وەرزی ساڵ:

لە هەر چوار وەرزی ساڵ کارکردن بەردەوامە، بەڵام هەر وەرزە وچەند جۆرێك لە کارکردن هەیە و تایبەتمەندی خۆیان هەیە. سروشتی دەشتی هەولێر وا ڕەخساوە ئاووهەواکەی هەر چوار وەرزی ساڵ لەخۆ دەگرێت. ئێمە لێرەدا باسی هەر چوار وەرز دەکەین، تایبەتمەندی و شێوازی کارکردنی هەر وەرزێك بە جیا باس دەکەین. وەك سەرەتا لە ساڵنامەی کوردی دەست پێدەکەین (بەهار، هاوین، پایز، زستان).

**١_ وەرزی بەهار: ژیانەوەی سروشت.**

ئەم وەرزە سێ مانگ لەخۆدەگرێت، مانگەکانی (نەورۆز لە ٣/٢١ دەست پێدەکات تاوەکو٤/٢٠گوڵان لە ٤/٢١ تا ٥/٢٠. جۆزەردان لە ٥/٢١ تا ٦/٢٠ بەردەوام دەبێت. بە گشتی وەرزی بەهار ٩٢ ڕۆژ دەبێت بە ساڵنامەی کوردی.

لەم وەرزە گژوگیا شین(سەوز) و دەشت و دەر سەوز دەبێت، کانی و کانیاوەکان دەتەقنەوە، ئاوی ژێر زەوی زۆر دەبێت. لە دەشتی هەولێر هەندێك گژوگیای تایبەت دەڕوێ، کە خەڵکەکەی دەیان خوارد، تا ئێستا لەم وەرزە خەڵك بەکاری دەهێنێ وەك: تورکە، کەنگر، کاردی، دەرزیلە، گیابرژە، ڕێواس.... .

دەشتی هەولێر دەشتێکی پان و بەرینە، بۆیە مەڕداری پیشەی سەرەکییە، خەڵکەکەی بە زۆری خەریکی چاندنی گەنم و جۆن و مەڕدارین. لە وەرزی بەهاردا هەموو ڕۆژێك جارێك مەڕیان دەدۆشی، کاتێك نیوەڕۆیان کە شوان دەهاتەوە، ژنەکان دەڕۆیشتن مەڕیان دەدۆشی، پێیان دەووترا

1 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل464

بێری و سەربێری. ئەوەی کاری دۆشین دەکات بێرییە، ئەوەی مەڕەکان یان بزنەکان دەگرێت پێی دەڵێن: سەربێری. لەم کاتانەش زۆرجار بەزمی خۆش ڕوویدەدا و گۆرانی تایبەتیان دەوت بەم شێوەیە:

(هەی بێری)

هەی بێری بێری بێر لە دوو دۆران

جامەکی خەنە دا لە بسکوران

بەپێش بێریان کەت جوانی کیژۆران

هەی بێری بێری لە چیایە

بێری پێش بێریان عەیشێ مەلایە

شوان بانگ دەکا نێری نەمایە

لەبۆی دەگرییێ عەیشێ مەلایە (شێخانی، ٢٠١٠: ٥٤)[1].

شوانەکان مێگەلی مەڕەکانیان دەبردە دەشت بۆ لەوەڕاندن، یان ناو زوورگەکان. ئەمانەش شێوازی گۆرانی تایبەت بەخۆیان هەبوو، بۆ نموونە:

(لێ شوانە و لێ بەرخەوان

لێ شوانە و لێ بەرخەوان

ناوی شوانێم عومەرە

دەسکی خەنجەرێی گەوهەرە

مەڕ گەییە دەرکی قەمتەرە

بێریوان ناوی ئەسمەرە

لێ شوانە و لێ بەرخەوان

ناوی شوانێم عەزیزە

دەسکی خەنجەرێی بە زریزە

مەڕ بەردا دۆری بە فریزە

بێریوان ناوی مامزە )[2].

---

1 - حاجی سعداللە شێخانی، جۆخین- خەرمانان ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر.2010ل54

زۆرجار بە شێوازێکی تر باسی بێری دەکرێت، ئاوازی گۆرانیەکە جیاوازترە، بۆ نموونە:

وەی بێری بێری        بێریان دانا لە عەردێ

ئاگر لەمن بەردایە        تاقە کیژی لە گوندی

وەی بێری بێری بێری        بێریان هاتن لەگردی

ئاگری لەمن بەردایە        لۆت مردم کراس زەردێ ... )[1].

زۆرجار دوو یان سێ شوان پێکەوە دەبوون لە دەشت هاوکاری یەکتریان دەکرد. بەرهەمی شیرەکەیان بۆ زۆر شت بەکاردەهێنا بۆ ماست، دۆ، پەنیر ... .

لەم وەرزە مەڕ و بزن زاوزێ دەکەن، کە تۆزێك هەراش دەبوون، دەیانبردنە ناو قەرسیل، مێرمنداڵێك تەمەنی لەنێوان (٨ بۆ ١٤) ساڵان دەبوو. پێیان دەوت بەرخەوان. لە کۆتایی مانگی گوڵان جەوبڕیان دەکرد، مەڕەکانیان دەبڕییەوە و خوریەکەی لە زۆر بواردا بەکار دەهات، لە کۆتایی وەرزی بەهار وەرزی دروێنە دەستی پێدەکرد. ئەمەش هەندێ وتەیە لە وەرزی بەهار بەکاریان دەهێنا، پێشینان و کوردەواری دەڵێ:

_ ئادار ناچێ بەبێ دۆ ..... نیسان ناچێ بێ جۆ

_ لە ١٨ نیسان گیشە لە عەردی کلۆ لە عاسمانێ

_ڕۆژ بوویتە سار

زك بوویتە چوار...چاپێکەوتن(هاوژین سلێوە)

_لەمانگی ئادارێ

مەشکە لەدارێ

لێرە نا لە ژەنگار..... چاوپێکەوتن(هاوژین سلێوە)

_ ئەگەر ئادار نەینی خەتەرێ

نیسان نەینی زەرەرێ

چەنگی دەستی دەبێتە باری کەرێ.

واتا ئەگەر لە مانگی ئادار باران باش بباری، لە مانگی نیسانێ نەخۆشی و تەزرە لە گەنم و جۆ نەدا، هەر چەنگە گەنمێکی چێنراو سەد بە قەد خۆی بەرهەم دەهێنێ.

---

2_ حاجی سعداللە شێخانی، جۆخین- خەرمانان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات- هەولێر.2010ل36

1 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل235

_ ساری بە تەم ..... هەرمەگرە خەم

ساری بە مژ ...... بگرە و بکوژە

ئەو ساڵەی زستان و سەرەتای بەهار تەم و تومان بێ و زۆربێ، ئەوا زەوی ئاوی باش دەمژێ و شێدار دەبێ گیا و دەغڵ و دان تێر ئاو دەبن و بەرهەمی باش دەبێت، بەڵام ئەگەر تۆز و با زۆر بوو گیا و دەغڵ و دانیش زیانی پێ دەگات بەرهەمیان زۆر کەم دەبێت. بژێوی ژیانیان خراپ دەبێ، (چاوپێکەوتن، عەباس نادر، ٢٠٢١/١١/١٦)[1].

**٢_ وەرزی هاوین: وەرزی کارکردن و هەوڵدان و تێکۆشان.**

ئەم وەرزە وەرزی کارکردنە و لە سێ مانگ پێکهاتووە، بەم شێوەیە:

١_ پوشپەڕ لە ٦/٢١دەستپێدەکات تا ٧/٢٠ لەم مانگەدا گژوگیا وشك دەبێ و دەبێتە پوش و پەراش.

٢_ خەرمانان ( جۆخین) لە ٧/٢١دەستپێدەکات تا ٨/٢٠ لەم مانگە بەروبووم کۆدەکرێتەوە.

٣_ گەلاوێژ لە ٨/٢١ دەستپێدەکات تا ٩/٢٠ لەم مانگە ئەستێرەی گەلاوێژ هەڵدێ، چلەی هاوین کۆتایی دێت، زەوی شێداری بەخۆیەوە دەهێڵێتەوە.

ئەم وەرزە وەرزی دروێنەکردن و شەنەبا و دەورکردنەوەی گەنم و جۆ و زۆر کاری ترە. هەرلەم وەرزە میوەکان پێدەگەن، بەڵام لە دەشتی هەولێر خەڵك ڕەزی کەم هەبووە، بۆیە کاری ڕەزەوانیان نەدەکرد بەهۆی ئاووهەواکەی، بۆیە لە وەرزی هاوین خەڵکی ناوچەی خۆشناوەتی دەهاتن بۆ دەشتی هەولێر ترێ و مێوژ و هەنجیریان دەهێنا بە سواری ئەسپ و هێستران، بە گەنم و جۆ دەیانگۆڕییەوە لەگەڵ خەڵکی. خانەخوێیان هەبوو لە گوندەکان دەمانەوە جۆرێك لە تێکەڵی لەگەڵ فۆلکلۆری ناوچەکانی تر دروست دەبوو، ئەمانە دەهاتن کۆمەڵێك بەسەرهاتی خۆیان پێبوو لە حەکایەت و قسەی نەستەق و شیعری فۆلکلۆری، لە دیوەخانی گوندەکان کۆمەڵێك کەسانی بە ئەزموون و حەکایەتخوان و حەیرانبێژی لێبوو. ئەمانە کە دەڕۆیشتنەوە گەلێك بەسەرهاتی خۆشیان لەگەڵ خۆیان دەبردەوە. بۆیە فۆلکلۆر سنووری دیاریکراوی نییە، چونکە بەرهەمی مرۆڤایەتییە.

بۆ خواردنی میوەکان بەم شێوەیە هەستی خۆیان دەردەبڕی:(لەپاش گەلاوێژ ترێ بەتامتر دەخورێ) دوای هەڵاتنی ئەستێرەی گەلاوێژ ترێ باشتر پێ دەگات، تام و بۆنی خۆشتر دەبێت. یان دەیانووت:

گەلاوێژ کەتە بەر شەوێ دەستت ببە لۆ باخەری مێوێ

(چاوپێکەوتن، حاجی ئەزوەر)[2].

زۆرجار لە وەرزی هاوین بایەکی گەرم هەڵدەکات پی دەڵێن هورەبا، هەندێ جاریش بەیانیان بایەکی فێنك هەڵدەکات پیێ دەڵێن بای شەمار، کە لە ئەدەبی فۆلکلۆر بەم شێوەیە باسی کراوە:

1 - چاوپێکەوتن، عەباس نادر، ڕۆژی سێ شەم کات ٤ ی عەسر- ٢٠٢١/١١/١٦ هەولێر.
2 - چاوپێکەوتن، حاجی ازور.2021/11/8کات شەشی شەو/شارۆچکەی دارەتوو

بایێ شەماریێ هاوینێ

دەیداتن لە کێلەشینێ

خەو خۆشە لەگەر هەمینێ          (عەباس نادر، پڕۆژەی بڵاونەکراوە)[1].

**٣_ وەرزی پایز: وەرزی خەزان و دابڕان، لە ناوچوونی جوانی سروشت.**

ئەم وەرزەش لە سێ مانگ پێکهاتووە بەم شێوەیە:

١_ ڕەزبەر لە ٩/٢١دەستپێدەکات تا ١٠/٢٠ میوەجاتەکانی هاوین تەواو پێدەگات.

٢_ گەڵاڕێزان لە ١٠/٢١ دەستپێدەکات تا ١١/٢٠ گەڵای دار و درەختەکان هەڵدەوەرێ.

٣_ سەرماوەرز لە ١١/٢١ دەستپێدەکات تا ١٢/٢٠ ئاووهەوا تەواو سارد دەبێت، باران زۆر دەبارێت.

لەم وەرزە کۆمەڵێك کاری تایبەتی هەیە لەوانە: زەوی کێڵان، ئاش، ڕاوکردن .... . کاتێك ئاووهەوا خۆشبوو جووت دەکرا. جوتیار بە ئاژەڵەکانیان وەك (ڕەشەوڵاخ، کەر، ئەسپ، هێستر، گا) جوتیان دەکرد، زەویان دەکێڵا بۆ تۆوکردن ئامادە دەبوون، کاتێك باران دەبوو، دەچوونە ئاشی، باراشیان لێ دەکرد، مەڕدارەکان شەوبەکێویان دەکرد، شەوان لە دەشت دەمانەوە،جونکە گیا و پووش کەم بوو بۆ ئاژەڵەکانیان، بـــۆیە کورد دەڵێ: ماستی پایزان بدە ئـــــازیزان. لەم وەرزە گژوگیا کەم دەبێتەوە، مەڕ و ماڵاتیش شیری کەم دەبێتەوە، بۆیە ماست کەم دەبێت. هەمیشە شتی کەم بایەخی خۆی هەیە ئەم نایابانە دەدرێنە ئازیزان.

جوتیارەکانمان زۆر زیرەك بوون زەویەکانیان باش دەناسی، دەیانزانی ئەم زەوییە بۆ تۆکردنی جۆ یان گەنم باشە. بۆیە پێشینان دەیان وت:

(شۆ مەیکە تۆ ...... ئەگەر کردت تۆ ..... بیکە بە جۆ)

شۆ: ئەو زەوییەیە هەموو ساڵێ دەچێندرێ. بێ ئەوەی ببێتە بەیار تەنها دوای دروێنەی هاوین یەك جار دەکێڵدرا بۆ دەکرا و لە پایز دەچێندراوە، واتا زەوی شۆ باش نیە بیچێنی لەچاو وەرد، بەڵام ئەگەر هەر چاندیشت بیکە بە جۆ، چونکە جۆ پێویستی کەمتر بە زەوی بە پیتە لەچاو گەنم.

(شۆ بە شۆ .... گلێخە بەینە تۆ)

ئەو زاراوانەی تایبەتن بە زەوی کێڵان و چاندن وەك:

بەیار: بریتیە لەو زەوییەی بۆ ماوەی یەك یان دوو ساڵ تۆ نەکرێ.

شۆ:ئەو زەوییەیە یەك جار بکێڵدرێ بە بەهاران.

---

1 - عەباس نادر، پڕۆژەی بڵاونەکراوە

بەیاربڕ: بەو زەوییە دەگوترێ کە پێشتر بەیاربووە دواتر یەك گاسنی لێدەدەن.

وەرد: ئەو زەوییەیە دووجار دەکێڵدرێ لە دوو کاتی جیاواز جارێك مانگی سێ و جارێك مانگی پێنج.

خرتە: خاکێك پەرێز بێت پێش باران بکێڵدرێ.

تەڕاوس:چاندنی گەنم و جۆ لەدوای باران بارینێکی زۆر.

پایزەجۆت:تۆکردنی زەوییە لە وەردی بە پایزێ.

ناوبەر: جار هەیە جوتیار هەر لایەك بکێڵێ تۆی دەکات، دواتر لایەکەی تر دەکێڵێ و تۆی دەکات بەم شێوەیە.

لات: دابڕینی حەوت بۆ هەشت شەقاوە بەلای پانی بە هێڵێکی ڕاست، بۆ تۆکردن جووتیار هەر جارە و بەپانی ٧ بۆ ٨ شەقاو تۆ دەکات، تا کۆتایی زەوییەکەی.

تخوب: سنووری جیاکردنەوەی دوو پارچە زەوییە.

لە وەرزی پایزان هەندێ جار باران دوا دەکەوت، منداڵانی گوندی کۆ دەبوونەوە و بووکەبەبارانێیان دەکرد. بووکەبەبارانە: بووکێکیان لەدار دروست دەکرد بە ماڵاندا دەگەڕان ئاویان پێدادەکرد خاوەن ماڵەکان دەبوو نوقڵ و شیرینی یان پارە بدەن بە منداڵەکان، بەم شێوەیە گۆرانیەکەیان دەگوت، هەموو پێکەوە لەدوای یەك دەیانگوتەوە:

بووکە بەبارانە ئاوی بن دەغڵانە

هەیاران و مەیاران یاخوا بیکاتە باران

بۆ فەقیر و هەژاران ......

هەندێ کاری تریان دەکرد بە هەرەوەزی وەك سواقدانی خانوو، لەوەدەی کا، دەبوو خاوەن ماڵ خواردن بکات بۆ ئەوانەی یارمەتیان داوە لەکاتی قوڕکاریدا. زۆرجاریش دەبووە بەزم و خۆشی شەڕە قوڕیان دەکرد لەکاتی کارکردن. لە وەرزی پایزدا ڕاوکردن هەبوو، ڕاوکردن پیشەیەکی کۆنی مرۆڤایەتییە، بۆیە سروشتی مرۆڤ وایە حەز دەکات بە ڕاوکردن و کاتێکی خۆش بەسەرببات، وەك ڕاوی( مامز، کەروێشك، پۆڕ، کەو). دەڕۆیشتن بۆ دەشت یان زوورگەکان تاژیان دەبرد کە نێچیرێکیان دەبینی تاژیان تێ بەردەدا، هەندێ جار نێچیرەکە دەرباز دەبوو هەندێ جاریش ڕاو دەکرا. ئەم پیشەیە گۆرانی و بەستەی تایبەت بەخۆی هەبوو بۆ نموونە:

ڕاو

هەڕاوە ڕاوە ڕاوە ڕاو لە دەشتی قەراجی
مامز هەستان لەلانێ تاژیان نەکرد عیلاجی
سەربەهیزار تێکەربوون لە گردی گەلناغازی

هەڕاوە ڕاوە ڕاو لە چۆم و چەوبەستان
هەسپان زین و لغاوکەن تاژیان بەر دەن لە ڕستان
برینانم تیمارکەن بە دەستی کۆنە دۆستان )[1]

**٤_وەرزی زستان:**

لە سێ مانگ پێکدێت بەم شێوەیە:

١_ بەفرانبار لە ١٢/٢١دەستپێدەکات تا ١/٢٠: لەم مانگەوە بەفربارین دەست پێدەکات.

٢_ ڕێبەندان ١/٢١دەستپێدەکات تا ٢/٢٠: لەبەر زۆری بەفربارین بەشێکی زۆری ڕێگا و بان دەگیرێن.

٣_ ڕەشەمێ ٢/٢١ دەستپێدەکات تا ٣/٢٠: ٢٩ ڕۆژ دەبێت، لێرەوە گیانەوەری مێ بەرەو جووت بوون دەچێ.

وەرزی زستان وەرزێکی زۆر ساردە، خەڵکی لە دەشتی هەولێر لە ماڵەکانیان دەبن، شەوانە بە شەوچەرە و بەزم و خۆشی بەسەر دەبەن، لە دیوەخانەکان حەکایەتخوانی باش هەبوو و بەسەرهاتی خۆش باس دەکرا. زۆر جار ژن گواستنەوەکان دەکەوتنە ئەم وەرزە، چونکە خەڵکی بێ کاربوون و کاریان نەدەکرد، ئەوەی لە وەرزی هاوین و پایز کۆیان دەکردەوە، لە وەرزی زستان دەیان خوارد. (ئەگەر بیانویستبا سەفەر بکەن، بزانن باران دەبارێت یان نا، بە ئەزموونی خۆیان و سەیرکردنی هەورەکان بڕیاریان دەدا ) بۆ نموونە دەڵێت)[2].

هەور ڕۆی لۆ شارەزوور

خۆت هەرکوتە لۆ ڕێی دوور ((مەبەست وایە باران نابارێت)).

یان دەیانوت: هەور ڕۆی لۆ بادینان

خۆت هەرکوتە ناو کادینان ((مەبەست وایە باران دەبارێت))٢

یان بەم شێوەیە دەیانوت:

هەوری سور بارانی دوور

هەوری ڕەش بارانی گەش... چاوپێکەوتن(هاوژین سلێوە)

1 - حاجی سعداللە شێخانی، جۆخین- خەرمان، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.2010ل56
2 - چاوپێکەوتن، ئەزوەر کریم لەك.2021/11/8/کات( ٦)ئێوارە، شارۆچکەی دارەتوو.
٢-هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لە وەرزی زستان ناوەڕاستەکەی (٤٠) چل ڕۆژ هەیە، ساردترین ڕۆژەکانی ساڵە، شێوازەك لە ژماردنی ئەو ٤٠ ڕۆژە هەیە بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەند: لە ڕێکەوتی ١/١٣ تا ١/١٩ حەوت ڕۆژ ئاو دەیبەستێ.

بەندرخە: لە ڕێکەوتی ١/٢٠ تا ١/٢٦ حەوت ڕۆژ ئاو دەیبەستێ.

مێرە: لە ڕێکەوتی ١/٢٧ تا ٢/٢ حەوت ڕۆژ ئاو دەیبەستێ.

ئۆغەن: لە ڕێکەوتی ٢/٣ تا ٢/٩ حەوت ڕۆژ شەختە دەکات.

پیت: لە ڕێکەوتی ٢/١٠ تا ٢/١٦ حەوت ڕۆژ کەش و هەوا ئاڵۆز دەبێت.

پارۆز: لە ڕێکەوتی٢/١٧ تا ٢/٢٣ حەوت ڕۆژ کەش و هەوا ئاڵۆز دەبێت.

خدر: لە ڕێکەوتی ٢/٢٤ تا ٣/٢ حەوت ڕۆژ هەوا گەرم دەبێت.

ئەلیاس: لە ڕێکەوتی ٣/٣ تا ٣/٩ حەوت ڕۆژ ئاو گەرم دەبێت، ساردی کۆتایی دێت.

پیرێژ: لە ڕێکەوت ٣/١٠ تا ٣/١٣ سێ ڕۆژ زەوی گەرم دەبێت. (چاوپێکەوتن، عەباس نادر)[1].

باب و باپیرانمان ئەو ناوانەیان دووربەدوور بەکارهێناوە وەك (بەند وبەندرخە، مێرەم، ئۆغەن، خرد و ئەلیاس، پیرێژن)، بەند و بەندرخە لەمانگی یەك دەست پێدەکات بەم شێوەی خوارەوە باسکراوە: کانوونان کەپوو پیسترە لە قونان.

یان دەیانووت: ئەوەی لەپاش زستانێ ماوە خەمێ من*

لە بیستی کانوونێ کەپوو پیسترە لە قوونێ

ڕۆژەکم مابی لە کانوونێ لێت دەکەمە بەفر و با

بەزت لە قوونێ دەکەمە کا (پرۆژەی بڵاونەکراوە، عەباس نادر)[2].

سەرەتای ٤٠ ڕۆژەکەی زستان کەش و هەوا ئەوەندە ساردە، کەس ناتوانێ خۆی ڕاگرێ لەبەر سەرمای دەرەوە، یان وتویانە:

بیست و یەکەمی گۆرانی
کەری بردە سەر کانی
کورتانی هێناوە بە شانی

---

1 - چاوپێکەوتن، عەباس نادر- ڕۆژی سێشەم ١١/١٦ کات ٤ پاش عەسر، هەولێر، گەڕەکی نەورۆز.
2 - پڕۆژەی بڵاو نەکراوە، عەباس نادر.
*تێبینی: بۆ سوود وەرگرتن لەم زانیاریانەی سەرەوە، بۆ ژمارەی(٤٠)رۆژکەی زستان و هەندێك لە هۆنراوەکان سودم لە چاوپێکەوتنەکان بینی لە کەسانی بە ئەزموون و گفتوگۆ کردن لەگەڵ کەسانی پیر لە دەشتی هەولێر.

واتە کەش و هەوا ئەوەندە سارد بوو کەری تۆپاندووە، تەنیا کورتانەکەی هێناوەتەوە.

مێرەم و ئۆغەن: کورد دەڵێ (مێرەم دەمەیێنێ _ ئۆغەن دەشکێنێ)

لە سەرەتا کەش و هەوا کەمێك خۆش دەبێ، لە پڕ ساردییەکی لەناکاو دێتەوە. ماوەی دوو هەفتە دەخایەنێت لە (١/٢٨ تا ٢/١٠). دەڵێن مێرەم ئۆغەن ژن و مێردی یەك بوونە. پێکەوە چوونە دەرەوە، سەرەتا کەش و هەوا خۆشبووە، دواتر لە سەرمان مێرەم مردووە ، ئۆغەن بەتەنیا گەڕاوەتەوە.

پیت و پارۆز ساربوو ئا ڵۆز : سەرەتا پیت دێ کەش و هەواو زۆر سارد دەبێت.

کورد دەڵێ: پیت پیتی کرد سار فتی کرد

یان گووتویانە: (پیت لەخۆی ڕیت) لەبەر ساردی کەش و هەوا.

پارۆز، کوردەواری دەڵێ: پارۆز ساری کرد ئا ڵۆز. لە پارۆز چلە لە دەشتی هەولێر نامینێ. بۆیە لە ٢/٢١ گوتویانە:

بیست و یەکەری هەرمن هەرمن

ئەوەی لەپاش زستانێ ماوە خەمێ من

خدر و ئەلیاس ساربوو خەلاس: پێشینان دەڵێن کە خدر هات (عەرد دەبێ پەنگر پەیدا دەبێ کەنگر) ئەلیاس ساربوو خەلاس لە ٢/٢٥ دەستپێدەکات تا ٣/٩ ماوەی دوو هەفتە خدر و ئەلیاسە).

سەرمای پیرەژن ماوەی نێوان سێ بۆ چوار ڕۆژ دەبێت، لێرەدا کەش و هەوا تەواو خۆش دەبێت تەنیا بۆ ماوەی دوو ڕۆژ یان سێ ڕۆژ سەرمایەك دێ، پیرەژن بەرگە ناگرێ. لە ڕێکەوتی ٣/٢٠ دوا ڕۆژی مانگی ڕەشەمێیە ٣/٢١ ڕۆژی ساڵی نوێی کوردی دەست پێدەکات. ماوەی چوار وەرزەکە کۆتایی دێت.

_ بۆنە کۆمەڵایەتییەکان:

١_ لەدایکبوون: نیشانەی نوێ بوونەوە و بەردەوامی ژیانە، لە هەموو کۆمەڵگایەك تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە کۆمەڵگای کوردی بەتایبەت لە دەشتی هەولێر. کاتێك ئافرەتێك دووگیان دەبوو، تاوەکو منداڵەکەی نەدەبوو کەس نەیدەزانی کوڕە یان کچ. ئاستی پزیشکی زۆر خراپ بوو، نەخۆشخانە زۆر کەم بوو تەنیا لە سەنتەری شارەکان نەبێت، پزیشك و دەرمان زۆر کەم بوو، بۆیە لە هەموو گوندێك دوو یان سێ ئافرەت یان ژنی بەتەمەن کاری مامانیان دەکرد، ژنەکانیان لەکاتی منداڵبوون ڕزگار دەکرد، شارەزاییان هەبوو لە منداڵ بوون، یارمەتی ئافرەتەکەیان دەدا. ڕۆژی بوون دەیانزانی کچە یان کوڕ. ئەگەر ئافرەتەکە منداڵەکەی کوڕ بووایە، هەمووان دڵخۆش دەبوون، بۆ ماوەی یەك هەفتە ئێشکگریان دەگرت قورئانێك یان پارچە نانێك لە پشت سەری منداڵەکە دادەندرا. قولابە بە جلی منداڵەکەوە دەکرا، تاوەکو شەوە نەیباتەوە، ئەمە بیروباوەڕیان بوو کە پێیەوە

پابەنددەبوون. یەکەم خواردن بۆ ئافرەتەکەیان دەبرد پاش منداڵ بون (تەرەحەلوا) بوو. (چاوپێکەوتن، لەیلا عەلی، ١١/١٦)[1].

شەو تا بەیانی لەدیار منداڵەکە دادەنیشتن دەیانووت (بەرخەوانەکمان بووە یان کوڕۆکەکمان بووە). بەڵام کاتێك منداڵەکە کچ بووایە، کەمێك دڵگران دەبوون، هەمان مەڕاسیمیان بۆ منداڵە کچەکەش دەکرد، بەڵام بەشێوەیەکی غەمگین. دەیانووت (کارەکەرێکمان بووە یان کیژێکمان بووە)، زۆر بە ناچاری دەیانووت ئەوەی خودا بدات ئەو باشە.

بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگاکەمان کۆمەڵگایەکی پیاوسالاری بووە زۆر دڵخۆش دەبوون بە منداڵی کوڕ، پێویستیان بە هێزی کاربوو، تاوەکو یارمەتی باوکی بدات لە کارەکانی. (کە تەمەنی دەبوو بە (٤٠) چل ڕۆژ منداڵەکەیان دەشووشت، ٤٠ جامە ئاویان پێدادەکرد، بە واتای ئەوەی ئەو منداڵە چلەی تێپەڕاند.)[2]. دایك کە منداڵەکەی لە باوەش دەکرد، بە ئاوازێکی زۆر خۆش بە هەستی جوانی خۆی منداڵەکەی دەلاواندەوە، بۆ منداڵی کوڕ لەگەڵ کچ شێوازی لاواندنەوەکان جیاواز بوو، هەریەکەیان لاواندنەوەی تایبەت بەخۆی هەبوو، بۆ کوڕ دایك بەم جۆرە هەستی خۆی دەربڕیووە:

کوڕە بەبە شەکر و شەبە زوو گەورەبە
باوکە ڕەشە دوو گوری گەشە بۆنی خۆشە......)[3].

یاخود دەیانووت:

حاکم بە وەزیرەوە پۆلیس بە مودیرەوە
خۆشناو بە ئەمیرەوە
خەسرۆ بە ڕەسوورەوە هادی بە موشیرەوە
برایم بە قورشیدەوە بابم بە باپیرەوە

داکم بە داپیرەوە هەمووت بێت بە پیرەوە

ئەگەر منداڵەکە کچ بووایە دایك بەو شێوەیە هەستی خۆی دەردەبڕی:

قوندی دێخێ قوندی دێخێ سەری مەمکی بەدەر دێخێ

کوڕان لەبەر بۆنان دێخێ دەیدەمە دەست سەید و شێخێ

خوایە کیژم نەخۆش نێخێ .....)[4].

کاتێك دایك کچەکەی هەڵدەپەڕاند، ئەو گۆرانییەی لۆ دەگوت:

بسکی جوانە بە قونگرێ نایدەمە حاکمی موسرێ

1 - چاوپێکەوتن، خاتوو لەیلا عەلی، ڕۆژی سێشەم، کتێبخانەی مەم و زین، کاتژمێر ٣ پاش عەسر.
2 - چاوپێکەوتن، مامۆستا عەباس نادر- ڕۆژی چوارشەم ماڵی خۆی، کاتژمێر ٤ عەسر.
3 - پرۆژەی بڵاو نەکراوە، عەباس نادر.
4 - پرۆژەی بڵاو نەکراوە، عەباس نادر.

گەرمایە لەڕێی دەکورێ

دەیدەمە عەباسییان          داینێن لەسەر کورسیان

بژمێری مەجیدییان

ئەگەر بیدەم بە سێیان          جواب دەچێ لۆ دێیان

کیژیان بردم بە پێیان

ئەگەر بیدەم بە چاران          جواب دەچێ لۆ خاران

کیژیان بردم بە تاران

ئەگەر بیدەم بە شەشی     سەربەسەر ڕادەوەستی

هێشتان غەدرە و ڕاکێشان   ....)[1].

ئەگەر هاتوو منداڵەکە ددانی هات جا کوڕ بێت یان کچ گرنگ نییە، دایك بەم شێوەیە بە ئاوازێکی ناسك هەستی خۆی دەردەبڕێ:

ددان هاتن دوو و سێ        نانمان نەما لە کاسێ

داکی دەڵێ قەت کەسێ        بابی دەڵێ مەترسێ

گەنم زۆرە لە ڕەوسێ

ددان هات سێ و چوار          گەنم نەما لە عەمبار

داکی دەڵێ ئەی هاوار        بابی دەڵێ مەیکە گارەگار

جواب دەنێرم لۆ مارە خاران         لۆم بنێرن گەنمی پار

(عەباس نادر، پرۆژەی بڵاو نەکراوە)[2].

٢_ سونەتکردنی منداڵان:

که دەڵێین سونەتکردن لە دەشتی هەولێر هەردوو ڕەگەز دەگرێتەوە، منداڵی کچ کە تۆزێك گەورە دەبوو کەسی نزیکی دەیگوت ئاوی دەستی حەرامە، بۆیە لەلای ژنێکی بە تەمەن بە شێوەی دزی سونەتیان دەکرد دەیان خستە ناو تەشتێك ئاو، ئەو منداڵە زۆر دەگریا، ئازاری زۆر دەبوو، دواتر لوقمێك یان شتێکی سادەیان دەدایێ تا ژیر بێتەوە. ئەمە کەلتورێکی دواکەوتووی کۆمەڵگاکەمان

1 - پرۆژەی بڵاو نەکراوە، عەباس نادر.
2 - پرۆژەی بڵاو نەکراوە، عەباس نادر.

بووه. لەکاتی چاوپێکەوتنم لەگەڵ خاتوو لەیلا عەلی_ زۆر بە دڵێکی پڕەوە بۆی باسکردم. لە قوڵایی دڵی وتی بەڕاستی بەدبەختیان کردیان بەو کەلتورە ناخۆش و کۆنە.

سونەتکردنی کوڕان تایبەتمەندی خۆی هەبوو بە شێوەی ئاشکرا کاتێك کورەکە تەمەنی هەراش یان گەورە دەبوو سونەتیان دەکرد. لە هەولێرێ بەربەر هەبوویەکێك لەو بەربەرانە ناوی (ئیبۆ بەربەر)بوو کە باوکی فۆاد ئەحمەد بوو. دەگەڕان لە گوندان جانتایەکیان پێبوو، کوڕەکانیان سونەت دەکرد، کراسەکی درێژیان لەبەر دەکرد، چوونە نەخۆشخانە بۆ ئەم کارە شەرم بوو، لەکاتی سونەتکردنەکە خەڵکی زۆر کۆدەبوونەوە هۆزەبانەیان دەکرد. حەیوانیان دەکوشتەوە، خواردنیان دروست دەکرد بۆ میوانەکان، زۆر جار حەیرانبێژ یان لاوکبێژ دەهات دانیشتنەکەی گەرم دەکرد تاوەکو منداڵەکە ئازاری لە یادبکات، ئەوکات چوکلات یان لوقم یان شیرینی دەدرا بە منداڵەکە، هەندێك جار منداڵە سونەتکراوەکە لە کۆشی کەسێکی نزیکی یان جیرانێکی دادەنێن، ئەم دابو نەریتە پێی دەڵێن (کریف)[1] واتا دەبێتە هاوخوێنی. ئەم کارانەش زیاتر بۆ ئەو خانەوادانە بوو زیاتر کە باری ئابوریيان باش بوو، چونکە هەموو کەس توانای ئەو شێوازە ئاهەنگەی بۆ منداڵەکەی نەبوو.

٣_ ژن مارەکردن و ژن گواستنەوە:

جوانترین دیمەنەکانی ژیان نمایش دەکات، دڵی مرۆڤ شاد و دڵخۆش دەکات، پێکهێنانی ژیانی نوێ لەنێوان دوو کەس، نیشانەی بەردەوامی ژیانە. لە دەشتی هەولێر ژن گواستنەوە بە زۆری بەم پێنج شێوەیەی خوارەوە بوو:

١_ ژن هێنان بە پارە.

٢_ ژن هێنان بە ژن بە ژنی.

٣_ ژن هێنان بە ڕێنجبەری بۆ ماوەی (٧) ساڵان.)[2].

4_ژنهێنان گەورە بە بچو ك:

٥_ژن هەڵگرتن و بەدووکەوتن، ئەم دووانە ئاهەنگیان بۆ نەدەکرا، چونکە لەڕووی کۆمەڵایەتی کارێکی ناڕێك و ناشیاو بوون.

ژیان سادە و ئاسان بوو، خەڵکی پێویستی بە هێزی کار بوو، بۆیە هەر کات کوڕەکانیان گەورە دەبوون زوو ژنیان بۆ دەهێنان، تاوەکو منداڵیان ببێ زوو پێڕابگات یارمەتی باوکی بدات لە ئیش و کارەکانی، جا بەرخەوانی بێت، شوانی بێت، یان سەپانی. زۆرێك لە پیاوان (٢ ، ٣، ٤) ژنیان دەهێنا. بۆیە زۆر بە کەمی ئافرەتەکان دەمانەوە، زۆر بە سادەیی ژیانیان بەڕێ دەکرد.

ئەوەی خوشکی نەبوو، دەبوو بە پارە ژن بهێنێ، چونکە زۆربەی ژن هێنانەکان ژن بە ژنی بوو، نرخی ژن هێنانەکەشیان بە گوێرەی سەردەمەکە بوو.

---

1 - کریف وشەیەکی بادینیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی زۆر جار کەلتور تێکەڵ بە یەکتر دەبێت مرۆڤایەتی لاسایی کارەکانی یەکتر دەکەن (بە واتای هاوخوێنی دێت).لەئاینی ئێزیدی ئەم جۆرە داب و نەریتە ئێستاش ماوە.
2 - محمد روشدی دزەیی، (ژیانی دێهاتی) چاپخانەی سمیرامیس، بغداد.1983ل31

ئەوەی بێکەس بێت یان زۆر هەژار بێت توانای ژن هێنانی نبێت، دەچووە لای یەکێك کچی هەبێت و ڕێنجبەری بۆ دەکرد. سەپانی بێت، یان شوانی بێت، بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، کە ماوەکە تەواو دەبوو ئەوکات کابرا دەبوو کچێکی خۆی بداتێ، بیکاتە کوڕی خۆی هەرلەلای خاوەن ماڵ دەمایەوە، ماوەی کارکردنەکەش لەنێوان هەردوولا ڕێك دەخرا لەنێوان (٥ بۆ ٧) ساڵ بوو، بەم شێوەیە دەیتوانی ژن بهێنێ.

ڕێوڕەسمەکان بەشێوەیەکی زۆر جوان ئامادەکاری بۆ دەکرا، سەرەتا کوڕە و کچە یەکتریان دەبینی، دەبوو کچەکە سینییەك ئاو یان چا بهێنێ بۆ میوانەکان، بۆ پیشاندانی کچەکە، گەر ڕازی بان ئەوکات مارە دەکران، بەڵام زۆرجار ئەوەندە گوێ بە وەڵامی ئافرەتەکە نەدەدرا، تەنها باوك و براکەی ڕازی بووایە کۆتایی بە کارەکە دەهات.

لەلایەن مەلای گوندی مارە دەکران. ڕۆژێکیان دیاری دەکرد بۆ گواستنەوەی بوکەکان. گەر ژن بە ژنی بایە، شوێنەکیان دیاری دەکرد بۆ گۆڕینەوەی هەردوو بووك، هەر یەکە و جلی بۆ کچی خۆی دەکرد، ئامادەی دەکرد[1].

هەندێك جار بۆ ماوەی (٧) شەو و ڕۆژ شایی و کەیف و خۆشی دەکرا، زۆر جاریش ژن گواستنەوەکان لە ڕۆژی دووشەم یان پێنج شەم کراوە. خواردنیان ئامادە دەکرد، خواردنەکانیش بە زۆری کفتە بوو.

ڕەشماڵیان هەڵداوە، یاخود لە دیوەخانەکان قاوە و چا پێشکەش بە میوانەکان دەکرا، کاتەکانیان بە بەزم و شادی بەڕی دەکرد.

ژنانیش خۆیان دەڕازاندەوە شاییان دەکرد، یەکێك لە ئافرەتەکانی بە تەمەن دەبووە بەربووك ڕێنمایی بووکی دەکرد، لەگەڵ بووك دەڕۆیشت، زۆر جار بەزمیان بەو بەربووکە دەکرد وەك (ژنەکان لە حەوشەی ماڵی زاوا ڕاوەستابوون، ڕستەیەك قشپلیان ئەهێنا بە دەرزی بە چارۆگی یان دەسرۆکی بەربووکیان وەدەکرد، بۆ ئەوەی ئەو ژنانەی لەوێ ڕاوەستابوون پێ ئەکنین، ئەوکات بەربووك لەخۆی ئەگەیشت و ئاوڕی دەدایەوە پشت خۆی ڕستە قشپلەکەی لە خۆی دەکردەوە. گەلێ جوێنی ناشیرینی پێ دەگوتن. دەبووە بەزم و پێکەنین.)[2].

ڕۆژی پێش گواستنەوە بارگەی بووکیان دەبرد بۆ ماڵی زاوا، لە ژن بە ژنی لە شوێنێك دەیان گۆڕیەوە، بۆ شەوەکەی خەنەیان لە دەستی بووکی دەدا، ژنەکان خەنەبەندانیان دەکرد. بۆ بەیانی بووك بە سواری هێستر یان ئەسپ دەیان برد. گەر بووکەکە لە گوندێکی تر بێت. بەڵام ئەگەر لە یەك گوند بێت بەپێ بووکیان دەبرد، لەکاتی گۆڕینەوە هەردوو بووك، خەڵکەکە گۆرانیان دەووت و شاییان دەکرد، بەم شێوەیە:

بووکانە بووکانە بووکێ

1 - چاوپێکەوتن، کانەبی تاهیر، ڕۆژی یەك شەم، ٢٠٢١/١١/١٤ کات ١١ بەیانی، مام کانەبی خەلکی شاری هەولێرە، بەرێزیان خۆی ئەو ڕێوڕەسمەی بینیوە، زۆر کاری تری کردووە، وەك (دروێنە، شوانی) لە دەشتی هەولێر.
2 - مەولود ابراهیم حەسەن، زیاتر لە عەشقێك، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.2008ل122

بووكمان گەلەك جوانە بووكێ

بە مۆری و مەرجانە بووكێ

كەسك و سۆر لەملانە بووكێ

قابيل بە كوڕمانە بووكێ

ماريان بێ كابانە بووكێ ....)[1].

كاتێك دەگەڕانەوە ، ماڵی زاوا تەقەيان دەكرد بۆ خۆشی، مێوژ و شەكر و چوكلات و گەنم ....) بەسەر بووكێ دەكرا تاوەكو شيرين بێت، لەكاتی گەيشتن بە ماڵی زاوا دەيانووت:

بووكمان هێنا و هاتينەوە

شيوی تێكەن ساردبێتەوە ......)[2].

دواتر شايی و رەشبەڵەكيان دەكرد، هەمووان پێكەوە كاتێكی خۆشيان بەسەر دەبرد، زۆربەی شاييەكان بە دەهۆڵ و زوڕنا بوو، يان تەپڕ و نايە بوو، شايی سێ پێييان دەكرد. بەستە و گۆرانی شاييان دەووت، بۆ نموونە:

دەی دەی دەی دەی دەی دەی

هێ برام سەرێ من دێشی دەردی لەدرم گرانە

دەچمە دەشتی قەراجێ چەند خۆش و ئاوەدانە

دەچمە برايم باولی ئەسل گوندی خۆمانە

لەو گوندانەی قەراجی شارەزام لە هەمووانە

ناچمە قەيری سەيری ئەو گوندی عارەبانە

ئەلمەتار و دينگاوە هەردوو گوندی سيانانە ....

(عەباس نارد،پڕۆژەی بڵاونەكراوە)[3].

بەڵام ئەگەر بووكەكە بێوەژن بێت، بووكيان دەڕازاندەوە، دوای مەغريب بۆ ماڵی زاوايان دەبرد و بە چەپڵە و كەيف و خۆشی، جارێكيتر هەلی ئەوەی هەبوو ژيانی هاوسەرگيری پێك بهێنێ تەوە. (هەندێك جار منداڵەكانيان لەناو بێشكە يان لانك مارە دەبری، پێيان دەووت گەورە بە گچكە.)[4].

---

1 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل73

2_ هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل74

3 - عەباس نادر، پڕۆژەبيلاو نەكراوە.

4 - مەلا محمود بايەزيدی، داب و نەريتی كوردەكان، وەرگێڕانی شوكريە ڕەسول، چاپخانەی وارفيست الموالدة، بغداد.1984ل23

٤ _ خەنەبەندان:

ئەمە تەنها تایبەت بوو بە ئافرەتان، شەوی پێش گواستنەوە، لە ماڵی بووکێ خەنەیان دەگرتەوە، دەستی بووکیان لە خەنە دەگرت دەیان کردە بەزم و خۆشی ئاهەنگیان دەگێرا، پاش بووك ئەوەی لەوێ بوو لە کچەکان ئەوانیش خەنەیان لە دەستی خۆیان دەگرت، تارای سووریان بەسەر بووك دەدا، ئافرەتەکان بە دەوری بووك دەسوڕانەوە، دەیان گوت:

بووکانە بووکانە بووکێ

بووکمان گەلەك جوانە بووکێ

ماینی بووکێم شێ یە

سەر زینی ڕێ ڕێیە .... )[1].

یان زۆرجار دەیان گوت:

بووکانە بووکانە بووکیان گەلەك جوانە

دەست و دەستەوانە قابیل بە کوڕەمامە. چاوپێکەوتن لەیلا عەلی [2].

ئەمەش تەنها ئەو خێزانانەی باری ئابوورییان باشبوو دەیانکرد. بۆ خەڵکی کەم دەرامەت کەمێك ئەستەم بوو.

زۆر جار ئەگەر خەنەکە زۆربێت دەیان بردەوە بۆ ماڵەوە، ئەوانەی کە بەشداری ئاهەنگەکە بوون. تاوەکو ئەوەی لە ماڵەوە ماوە نەیتوانیوە بەشداربێ ئەویش دەستی لە خەنەکە دەگرت.

_ جۆرەکانی شایی لە دەشتی هەولێر:

سێ پێیی، ڕەش بەڵەك، سووسکەیی، تەمبۆلێ، شێخانی ،دوو پێیی، چۆپەیی.[3]

**_ ئامێرەکانی مۆسیقای شایی دەشتی هەولێر:**

دەهۆڵ و زوڕنا، دمبك ، شمشاڵ، پیك و دووزەلە، دەف و تەپر، نەی

٥ _ مردن:

کۆتایی و چارەنووسی هەموو مرۆڤێکە کە لەسەر زەوی بژی. ئیتر دڵ خەمناك دەبێ چاو پڕ گریان دەبێ، مرۆڤ کاتێك کەسێکی ئازیزی لە دەست دەدا تووشی حاڵەتێکی دەروونی خراپ دەبێ. لە

1 - چاوپێکەوتن، خاتوو لەیلا عەلی، ژنی ماڵەوەیە، زۆر بەرنامەی فۆلکلۆری لەسەر خواردنی کوردەواری و داب و نەریتی کۆن لە تەلەفزیۆنە ناوخۆییەکان پێشکەش دەکات، ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١٦، کتێبخانەی مەم و زین، کات ٤ پاش عەسر، تەمەنی(٦٠)ساڵە دانیشتووی شاری هەولێرە.
٢-عەباس نادر قادر، کەندوێك لە زانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر، چاپخانەچاپخانە، تەهران٢٠٢٢ ل١٥٢
3_عەزیزی مەلای رەش، خورجەك، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر٢٠١٢، ل٥٧

دەشتی هەولێر کاتێك پرسەی بۆ مردوو دەبوو، هەموو خەڵکی گوندەکە هاوکاری ماڵی مردووەکەیان دەکرد، بۆ شووشتنی مردووەکە، کفن کردنی و نوێژی مردوو و لەگۆڕنانی ...

لە زەمانی زوو پرسە دانان بۆ مردوو لە دەشتی هەولێر زیاتر لە یەك هەفتەی دەخایاند تازیەباربوون دادەنیشتن. پیاوەکان بەجیا، ئافرەتەکانیش بەجیا لە ماڵی مردووەکە دادەنیشتن.

جا مردووەکە ئەگەر پیاوی گەورەبایە یان کوڕ و کچی گەنج پێش زەواج. یان منداڵ، یاخود ئافرەت. هەریەك لەمانە سەردولکەی تایبەتی هەیە، ئافرەتەکانیش شینگێریان دەکرد، گەر مێرمنداڵ بمردبایە بەم شێوەیە لاوانەوە و سەردولکەیان دەوت:

ڕێیە باریکەی لۆ کۆیە دەچێ

دەست و جانتاکەی لە (فران) دەچێ

ڕێیە باریکەی لۆ بەغداد دەچێ

بەژنە جوانەکەی لە (فران) دەچێ

هەی لاوە لاوە لاوە ئەو کوڕە چەندە لاوە

برینی گران بوو نەی کرد سراوە

ڕانکوچۆغەری لێ بەجێماوە ...)[1].

شیوەن بۆ باوك: کاتێك منداڵی لەدوا بەجێ دەما. کاتێك ئافرەتەکان شینیان دەکرد لە خۆیان دەدا:

کەسم نەما کێ شین کەرە

ترسم نەما بێتە دەرە

کەسم نەما کەسی کەسان

کەسم نەما لە مەجلیسان

کەسم نەما بکات قسان

هەی ڕۆ هەی ڕۆ هەی ڕۆ

بۆ سەرداری ماڵێم ڕۆ

بۆ بابی منداڵانم ڕۆ ...)[2].

---

1 - شوکریەڕەسول، ڕێ و ڕەسمی شین و لاوانەوەی کوردی، چاپخانەی اوفسیت کریستال هەولێر.1997ل49
2 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل52

ئافرەتەکان شینیان دەکرد لە چواردەوری یەك دەسوڕانەوە پرچی خۆیان دەڕنیەوە لەخۆیان دەدا یەکێك لە ئافرەتەکان ئەو سەردولکەی دەگۆت، ئەوانیتر لەدوای دەیان وتەوە، ئەم جۆرە گۆرانییە بە شێوازێکی تایبەتی ئاوازێکی غەمگین دەووترا هەرکەسێك لەوێ ئامادە بوایە ئەگەر کەسی مردووەکەش نەبێت هەستی دەجولا و دەگریا.

ئەم جۆرە شین کردنە کۆنترین شێوەی گۆرانییە لە زۆربەی میللەتانی دونیا.

کاتێك (کوڕ و کچ) ی گەنج کە شوویان نەکردووە یان ژنیان نەهێناوە، لەپرسەکەی سەردوولکەکان، بەم شێوە دەبێت ئافرەتەکان لە کاتی شین کردن و لەخۆدان، هەندێك جار خۆیان لە قوڕ دەنا. بەم شێوەیە هەستی خۆیان دەردەبڕن:

ئەو ناربەندەم هی کوڕە چووە

ناران لێدەن زوو بە زووە

لەشکر ڕۆیی سوار لە دووە

ئەو ناربەندەی لە قەراتێ

ناران لێدەن رۆژهەراتێ

سوار ڕۆیی بووك نایگاتێ ..)[1].

لەکاتی دانانی پرسەکە وەك دابونەریتی ناوچەکە، نەدەبوو خاوەن پرسە خواردن ئامادە بکات. خەڵکی گوندی هەریەکە و لەلای خۆی سینیەك خواردنی دەبرد بۆ ماڵی مردوو. ئەمەش لە دەشتی هەولێر پێیان دەوت شیوە غەریبە.

چۆن بۆ کوڕی گەنج شیوەن دەکرا، ئەوهاش بەهەمان شێوە شیوەن بۆ کچی گەنج دەکرا بەم شێوەیە:

بووکانە بووکانە بووکێ

دایکی لە جلکانە بووکێ

ماری بێ کابانە بووکێ

بووکە هاتیە لە شاری بووکێ

دەستە و پێ مرواری بووکێ

بۆ عارەب سواری بووکێ

هێ کراسی گازر گازرە بووکێ

1 - چاوپێکەوتن، خاتوو لەیلا عەلی، ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١٦، کتێبخانەی مەم و زین، کات ٤ پاش عەسر.

له زگی بەردام ئاگرە بووکێ

نەختێك وەرە خوارترە بووكێ ....)[1].

ئەگەر کەسەکە لە شەڕ بکوژرابایە، شینیان دەکرد لە شێوەی بازنەی لە خۆیان دەدا، کەس و کاری کوژراوەکە نەدەبوو دانیشن، ئەگەر لە خۆیان نەدەن وەك ئەوە وابوو، کە بێڕێزیان کردووە بەرانبەر مردووەکە. بەم شێوەیە هەستی خۆیان دەردەبڕی:

هە شەڕە شەڕە شەڕ لە پردێیە

کاکم بریندارە و عەشیرەت لە ڕێیە

1 - شوکریەڕەسول ئیبراهیم، ڕێ و ڕەسمی شین و لاوانەوەی کوردی، هەولێر1997ل62

یان دەیان گوت:

هە کۆکە کۆکە کاکی من گەلەك کۆکە

لە بریـنانی نێن مەلحەم و لۆکە ..)[1].

_ بۆنەکانی کارکردن:

**١ _ دروێنە:** لە کۆتایی وەرزی بەهار و سەرەتای وەرزی هاوین دەست دەکرا بە دروێنەکردن لە دەشتی هەولێر، جوتیارەکان لەگەڵ چەند سەپانێك دەستیان بە دروێنە دەکرد، ژمارەی سەپانەکان چەند زۆربێت ئەوەندە باشترە بۆ کارکردن، زۆرجاریش بە هەرەوەزی هاوکاری یەکتریان دەکرد، سەرەتا جۆ دەدورایەوە و دروێنە دەکرا دواتر گەنم.

ئەو ئامێرانەی بەکاریان دەهێنا بۆ دروێنە: (داس، قەیناغ، مەرەغان) قەیناغ لە دەست لەسەر پەنجەکان دەکرا. ئەم قەیناغەش دوو جۆرە (لە پێست دروست دەکرا. یان لە ئاسن دروست دەکرا.)[2]. سەپانەکان کڵاوی خورییان لە سەر دەکرد، لە لباد دروستکراو بوو، بۆ ئەوەی سەرو دەمووچاویان لە تیشکی ڕۆژ بپارێزن.

زۆرجار پیاو و ژن بەشدار دەبوون لەکاتی دروێنەکردن، پیاو لە پێشەوە وەك سەپان بەدەست دروەیان دەکرد، ژنەکانیش لە دواوە سەوارەکانیان هەڵدەگرتەوە (تێلەگێشە یان کیشەکار) سەوارە سەوارەی بەرهەمەکە کۆدەکرێتەوە، گوریسێکیان لەدەست بوو، سەری گوریسەکە دارێکی شێوە قولابی لێبەسترابوو، لەگەڵ داسێکی بچوك پیان دەووت داسوکە، دەیان کردە (شەغرە) لەسەر پشتی ئاژەڵەکان یان وڵاغی بەرز دەیان گواستەوە بۆ سەر جۆخین. لەپێش نوێژی بەیانی دەهاتن، نوێژی بەیانیان لەسەر تەبارە دەکرد، دواتر دەستیان بە دروێنە دەکرد، تاوەکو چێشتەنگاو، یان چێشتان کاریان دەکرد، دواتر پشوویان دەدا کەمێك خواردنیان دەکرد، خواردنیان هەندێك دۆ یان قەسپ و پیاز لەگەڵ نان، کۆتك بۆ ئاو دۆخواردنەوە بەکاردەهات.

کاتێك داسەکانیان کول دەبوو، بەکارتیخ یان مەورەد، یان بە جۆرێك لە بەرد تیژیان دەکرد، ناوی بەردەکە (هەسان) بوو یان بە چەوری ڕۆنی حەیوان چەوریان دەکرد.

_چەورەسان: قۆچی گامێشیان ناوی دەکۆڵی پڕیان دەکرد لە ڕۆن، وەك یەغدانی ئستا بوو، داسیان پێ چەور دەکرد... چاوپێکەوتن (هاوژین سلێوە)*

یەکێك لە کارە هەرەسەختەکان لە گوند دروێنەکردنە، ماندووبوونی زۆری تێدایە، مرۆڤی دەست و بازووی بەهێزی دەوێ، زۆرجار بەهۆی بەهێزی سەپانەکان ڕکابەری دروست دەبوو کامەیان زۆرترین ماوە پشتی بەرز نەکاتەوە، بەردەوام بێت لە دروێنەکردن ئەو براوە بوو. هەندێك جار پشوەکی کورتیان دەدا ناویان دەنا (جغارە خۆرێك) دواتر دەستیان دەکردەوە بە کارکردن. ئەم کارە

1 - چاوپێکەوتن، خاتوو لەیلا عەلی، ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١٦، کتێبخانەی مەم و زین، کات ٤ پاش عەسر.
2 - انوەر شێخەشێخانی، (جۆرەکانی گۆرانی لە دەشتی هەولێر) ئینستیۆتی کەلەپوری کورد، هەولێر.2003ل30
*_چاوپێکەوتن.(هاوژین سلێوە)ڕۆژی دووشەم ٢٠٢٢/١١/٧کات(١٠)بەیانی. هەولێر

دروێنەکردن بە کۆمەڵ ئەنجام دراوە، تاوەکو کەمێك ماندووبوونی خۆیان لەبیر بکەن، لەگەڵ ئاوازی داس و قەیناغ و جۆری ڕۆشتنیان، گۆرانیان دەوت دڵ و دەرونیان پێ ئارام دەبوو.

یەکێك لە پێشەوە کەسەرپاڵە بوو گۆرانییەکەی دەوت ئەوانیتر لەدوایەوە دەیان وتەوە. ئەم جۆرە گۆرانییە لە هەموو کوردستان باو بووە، بەتایبەت لە دەشتی هەولێر. بەهۆی زار و بنزارەکەی تایبەتمەندی خۆی هەبوو. ئەمەش بەشێك لە تێکستەکانی گۆرانی دروێنەکردنە:

(هە دروونە دروونە

هە دروونە دروونە دروونە

دەسکێ داسێم بە ڕوونە

کێشەکەر فێرە قوونە

زێ موسڵێ چەندەپانە

هاتیە دوو کراس کەتان

یەك خەیاڵ و یەك ئەسڵان

خەیاڵ و ئەسڵان خوشکن ....)[1].

یاخود هەندێك جار بە شێوازێکی تر گۆرانی دەڵێن، بە ئاوازێکی تر، پێ هەڵدانیان بەسەر ئافرەتان دەبێت، بۆ نموونە:

سەری بەندانم ستییە لەدوا بەندان ستییە

زەندی سپی پڕ بازن وەك بالیفی ماریە

هەتیم وەرە مار ێمە بنێ لە من سەرییە

بابم چوویتە هەولێرێ کاکم لە کن مەڕییە

ئەوان لە ماڵی نەبن داکیشم بێ قیدینیە

دەوم لە گەردنی نا دوو ماچم لێ کردیە.....)[2].

1 ، حاجی سەعدوڵلاشێخانی، (جۆخین) خەرمان، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر.2010ل173
2 هەمان سەرچاوەی پێشوول172

پاش ماندووبوونێکی زۆر و کۆتایی هاتن بە دروێنەکردن، ئینجا بۆ هەر کەسێك بێت پێویست بوو حەیوانێك سەر ببڕێ، شیوەك بۆ سەپانەکان بکات، یاخود گۆشتەکەی دابەش دەکرد لە نێوان سەپانەکان، دەیان بردەوە لەگەڵ ماڵ و منداڵیان پێکەوە دەیانخوارد[1].

لەسەر جۆخینی بەهۆی جەنجەڕ بەرهەمەکە دەکوتراوە تاوەکو گەنم یان جۆ تێکەڵی کایەکە دەبوون. جەنجەر ئامێرێك بوو بەرهەمی گەنم و جۆی پێ دەکوترا.

منداڵێك یان ئافرەتێك لەسەر جەنجەڕەکە دادەنیشت، بەدوو ئاژەڵ کەر بێت یان هێسترێك جەنجەڕەکەیان ڕادەکێشا.

لە کۆمەڵگای کوردی هەر کارێك ئەنجامی دەدەی دابونەریتی خۆی هەیە، دروێنەش کۆمەڵێك داب و نەریتی تایبەت بە خۆی هەیە، بۆ نموونە کاتێك سوارێك بە میوانی دەهاتە سەر تەبارەی، گیشەکەر یان سەپان، سوارەکەیان بۆ ڕادەگرت، کەمێك دۆیان پێشکەش دەکرد، دەبوو سوارەکەش لە پای ڕێزگرتنی بەخشیش یان خورما یان قەسپ وەك دیاری پێشکەش بکات.

هەندێك جار گیشەکەر ڕقی لە سەپان دەبۆوە، یاخود بە پێچەوانەوە روویداوە، ئەگەر هاتوو کەسێك تەمبەڵ بووایە لە کارکردن، کاری تریان پێدەکرد. هەندێك جاریش بەریەك کەوتن دروست دەبوو لەنێوان سەپانەکان و گیشەکەرەکان، دەمەقاڵێ یان لێکیاندەدا.

هەندێك جار سەپانێك زۆر ئازابووە لە کارکردن، لەکاتی کارکردن بەسەر سەپانەکانیتر دەسوڕاوە ئەمەش شەرم بوو بۆ سەپانەکانی تر بەسەریدا بسوڕێنەوە.

زۆرجار وا ڕێك دەکەوت دوو چینی دروێنەکردن دەبوون، هەر یەکەیان بۆ جووتیارێکی جیاواز کاریان دەکرد، پێیان دەووترا هاوپەرێز. پاش نیوەڕۆیان لە دروونە دەبوونەوە، یان چێشتانان کاتێك بۆ پشوو دەستیان هەڵدەگرت، دەڕۆیشتن بۆ لای یەکتری، زۆر جاریش یارمەتی یەکیان دەدا، پێیان دەوترا (زبارەی هاوپەرێز ،)[2].

**هەندێك زاراوی تایبەت بە دروێنە:**

_ تەبارە: ئەو دەغڵەی تەواو پێگەیشتبی هێشتا نەدوورابێتەوە.

_ بەر: دروێنەکردنی بەشێکی تەبارەی دەغڵ بەپێی توانای سەپانەکان.

_ دوورنە بە گـاز: بریتـی بـوو لەو جـۆرە دروێـنەی کە دوو کەس یـان سـێ کەس بە گـۆرانی دروێنەیان دەکرد. پشتیان ڕاست نەدەکردەوە، هەتا خەتە دروێنەکەیان تەواو دەکرد.

_ بەرە دروونە: بریتییە لەو بەشە دەغڵەی کە لەلایەن سەرپاڵە دابڕاوە.

*دروێنە بە مەرەغان_(مەلغان_ساودان). کەرستەوبەشەکانی:

(مەڵغان_دەسك، چەمەرە)، (نیوە چەمەرە_دەزگا، سندوق)، (پشتیوانەك_بەس،پواز)

_ سوارە، سواڵە(سەوارە): ئەو قامکە گەنم و جۆیە دوراوانەی لەناو دەست و پەنجەی سەپاندا کە پڕ بە قامکی سەپانییە و دوایی دایدەنێتە سەر زەوی.

_ گیشەکەر: بەو ئافرەتە دەگوترا لە دوای (٤ _٥) سەپانان بوو سواڵەی خڕ دەکردەوە.

---

1 - چاوپێکەوتن لەگەڵ حاجی عومەر، ٢٠٢١/١١/٨ کات ١١ بەیانی، گەڕەکی ڕۆشنبیری.

2 - حاجی سعداللهشێخای، (جۆخین – خەرمان) چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.2010ل18

_ تێلەکێش: بەو ئافرەتە دەگوترا کە گیشەی بە پشتی خۆی دادەدا و دەیهێناوە سەر جۆخین.
_ وشی: هێشوو: ئەوگوڵە گەنمە دوراوانەیە، لەدوای سەپان بەجێماون.
_ دەستەڕنە: ساڵ هەبوو باران کەم بوو، گەنم و جۆ باڵای زۆر کورت بوو، کەمیش شین دەبوو، جوتیار ناچار بوو بە دەستی بیڕنی بە خاوخێزانی، تاوەکو کەمێك بەرهەمی دەست بکەوێ.
_ بەرکوت: ئەو جوتیارانەی پێش دروێنەکردن باراشیان نەدەما. دەچوون لەوقانە زەویانەی گەنم و جۆ زەرد دەبوون دروێنەی دەکرد و ووشکی دەکردەوە، دەیانکوتا و دەیان برد بۆ ئاش دەیانکرد بە ئارد بۆ پێویستی ڕۆژانە.
_ قەلەخەرمان: گەنمی ڕەشگوڵ لەکاتی قۆناغی شیری یان (فەریکە گەنم) هەندێکیان دروێنە دەکرد و دەیانکردە گورزە و گوازە گوڵەکانییان لەسەر ئاگر دادەنا و دەیانبرژاند دوای دەنکەکانیان لە قرچکەکان دەردەهێنا و دەیانکوتا و دەیانکردە شیو و دەیانخوارد.[1]
_ زبارە: ئەگەر جوتیارەك نەخۆش بوایە یان دروێنەی دوابکەوتایە، پیاوانی گوند کۆدەبوونەوە و هاوکاریان دەکرد بۆ دروێنەکردنی تەبارەکەی، ژنانیش هاوکاریان دەکرد. (چاوپێکەوتن، خەجیجە ڕەشید، ٢٠٢١/١١/١٥ هەولێر)[2].

_ شەرت: گرێبەستی نێوان سەپان و خاوەن زەوییە، لە یەکەمین ڕۆژی دورنەی تاکۆتایی دروێنە. جا داواکاری سەپان بیست یەك لە دەغڵ و دانەکەیە. یان سواقدانی لەودە و خانووی ماڵە، ئەمانەش شەرتی خاوەن کاربوو. شەرتیش چەند جۆرێکی هەیە لەوانە:

_ شەرتی زستانە: هەشت مانگ، لە سەرەتای مانگی نۆ (ئەیلول) تا مانگی نیسان، کۆتایی مانگی (٤) زیاتر بۆ جوتیارییە و کاری کێران دەکەن.*

_ شەرتی هاوینە: چوار مانگە لە سەرەتای ئایار دەست پێدەکات تا کۆتایی مانگی ئاب. زیاتر بۆ سەپانییە.

_ شەرتی هەرات: تەواوبوونی ماوەی کارکردنی ڕێنجبەر لەلای ئاغاکەی (خاوەن کارەکەی)[3].

٢_ شەنەبا:

دوای دروێنەکردن و گواستنەوەی بۆ سەر جۆخین، کوتانەوەی بە جەنجەڕ. بەرهەمەکە و کایەکە تێکەڵ دەبوو، بۆیە جوتیار پێویست بوو، بەرهەمەکە شەنەبا بکات تا کا و دانەکە لێك جیا بکاتەوە، بەڵام جوتیارەکان زیرەك بوون لە دەست نیشانکردنی جۆخین دەیان زانی چ شوێنەك بای دەگرتەوە، چونکە جۆخین دەبێت شوێنێك بێت تەخت بێت، ناو دەشت و دۆڵ نەبێ. هەندێك جار وابوو بای نەدەهات، دەبوو چاوەڕێی با بکەن. تاوەکو شەنەبای بکەن. کاتێك ڕۆژ خۆش بایە بای

١_عەزیزی مەلای ڕەش، خورجەك، چاپخانەی حاجی هاشم هەولێر،٢٠١٢ل١٥٧

2 - چاوپێکەوتن (خەجیجە ڕەشید) ٢٠٢١/١١/١٥ نەخوێندەوارە، تەمەنی (٧٠) ساڵە، هەولێر، ئێستا دانیشتووی گوندی قەرەچناغە.
*عەزیزی مەلای رەش/خورجەیەك.حاجی هاشم،هەولێر٢٠١٢ل٥٨
_تێبینی/زۆربەی ئەودەستەواژانەم لەکەسانی بەتەمەن و ئەکەسانەی چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەنجام داوە،وەرم گرتوە،بەتایبەت مامۆستا عەباس نادر،هاوکاری باشی کردوم.
3 - عەباس نادر قادر، کەندووێك لە زانیاری دەشتەکییەکانی هەولێر،چاپخانەی چاپخانە،تەهران2022ل126

بهاتبایه به دوو کەس یان سێ کەس شەنەبایان دەکرد. ئەو ئامێرەی لەم کارە بە کار دەهات دووجۆر بوو. یەکیان زۆر کۆن بوو پیان دەوت شەنە لە دار و سیرمە دروست کرابوو، ئەوەی دیکە نوێیە و لە ئاسن دروستکراوە، دوو کەس بەرانبەری یەکتر دەوستن و شەنەبای دەکەن. بۆ ئەوەی بەرهەمەکە تەواو پاك بێتەوە، دوو ئافرەت سەرەند و بێژینگیان بەکاردەهێنا، ئەم کارەش گۆرانی تایبەت بە خۆی هەبوو. مرۆڤ لە کاتی گۆرانی وتن دڵی ئارام دەبێت. هیلاکی کەم دەبێتەوە لەسەر جەستە.[1]بۆ نموونە دەیان وت:

(بایێ شەمار)
بایێ شەمار بە هاوینێ
دەدا لە ڕەوسەی جۆخینێ
بایێ شەمار کزەی درم
جوابەك بینە لۆ لای گورم

گور عاجز بێ من دەمرم

بایێ شەمار دێ بەخێربێ

سینگت بەفری کەڕە بێرێ

لەسەر سینگت بکەم گێرێ

بای شەمار دێ بە نارە نار

داکێ کیژان ماینێ عەدار

بابێ کوڕان مل بە مەتار

کیژ بالیفە و کوڕ دەچنە پار ...)[2].

ئەگەر سەیر بکەین دەبینین وەك گۆرانی دروێنە یەك ئەڵێ، ئەوانی تر لەدوای دەڵێنەوە بەڵام ئاوازەکەی هێواشترە، یان خاوترە. لە هەموو گوندەکانی دەشتی هەولێر ئەم شێوەیە پەیڕەو کراوە، بە گوێرەی ڕادەی زیرەکی مێشکیان وشەی جوانتر و ناسکتریان بەکارهێناوە، بەهەمان ئاوازی خاو گۆرانی تریان گوتووە بۆ بای شەماڵ، هەر یەکە و بە شێوازی خۆی گۆرانی ووتووە، بۆ نموونە جار هەبووە بەم شێوەیە ووتراوە:

کاکە بڕۆننە شەماری

کاکە بڕۆننە شەماری دەمەك دێ و دەمەك نایێ

دەیدا لە گورینگەی تۆری گوران دێننە سەمایێ

---

1 - چاوپێکەوتن، ڕەسول قادر، ٢٠٢١/١١/٨ کات ١١ بەیانی، گەرەکی ڕۆشنبیری، هەولێر.
2 حاجی سعداللهشێخانی، (جۆخین – خەرمان) چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.2010ل333

شازولفان دەهەژێنی لە بۆ کەیفی دونیایێ

سینگ قالیچەی خۆراسانێ لۆم هات لەلای بەغدایێ....)[1].

دەورکردنەوەی گەنم و جۆ:

بە پێوانەی کێش لە دەشتی هەولێر بچووکترین پێوەر بۆ گەنم و جۆ (ڕوبە)یە، گەورەترینیش پێی دەگوترا (عەربە) لەو نێوانەش پێوەرێکی تر هەبوو پێیان دەووت (قەزناغ).

یەك ڕوبە بە پێوانەی ئێستا (٩) نۆ کیلۆیە.

یەك عەربە (٣٢) ڕوبە بوو، واتا ٨ قەزناغ؟

هەر یەك قەزناغ چوار ڕوبەیە.

ئەو کەسەی گەنم یان جۆی دەپێوا پێیان دەووت (کەیار) لە ووشەی (کیال)ی عەرەبی هاتووە. بۆ جوتیارەکانمان ئەو دەورکردنەوە زۆر گرینگ بوو، بۆ ئەوەی زەکاتی ماڵی خودای لێبدەن، لەگەڵ مافی خاوەن زەوی، ئەوەی دەمایەوە بە کاریان دەهێنا بۆ ماڵ و منداڵیان. کاتێ گەنم یان جۆیان دەور دەکردەوە، بە گۆرانی ژمارەکانی دەگوت، بۆ نموونە روبەی یەکەم پڕ دەکرا دارێکی بەسەر ڕووبەکە دەهات ڕاست دەکرا و دەیگوت:

یێك بابم یێك یێك یێك

لە شەیتانی بشکێ نێك

نێکی لێ ببێتە سێ پێك

---

دوو بابم دوو دوو دوو

خوا یەکە و نابێ بە دوو

بەرەکەت بێ لەکنە توو

لە شەیتانی ڕەش بێ ڕوو

لێی بشکێ نێك و ئەستوو

---

1- هەمان سەرچاوەی پێشوو.ل388

سێ بابم سێ سێ سێ

بەرەکەت بکەوتە رەوسێ

خوا بدا و پێغەمبەر بنووسێ

حەسوود هەناوی بپسێ ....)[1].

ئیتر بەم شێوەیە دەور دەکراوە، هەموو ژمارەکان بەم شێوەیە بوو، تا دەگەیشتە ژمارەی (١٣) لەلایان ژمارەیەکی شووم بوو دەیان ووت زیادە، کاتێك دەگەیشتنە ژمارە (٢٠) دەیان ووت داریە. دارییە بە واتای (٥) قەزناغ. لەو کاتە یەکێك لە سەپانەکان بە چەقۆ خەتی لە کلکە شەنەی دەکرد. پاش تەواوبوون خەتەکانی کلکە شەنەیان دەژمارد.[2]

1 - عەباس نادر قادر، کەندووێك لەزانیاری دەربارەی دەشتەکانی هەولێر،چاپخانەی چاپخانە، تەهران٢٠٢٢ل٢٣٦
2 - عەباس نادر، پرۆژەی بڵاونەکراوە.

٣_ ساوار كوتان:

دوای درویّنه و شەنەبا، ئیتر بەرهەمەکە ئامادەیە بۆ خواردن، جا گەنم بێت یان جۆ. بۆ ساوارکوتان لە بەرهەمی گەنم دروست دەکرێ، بەتایبەت گەنمی قەندەهاری. ئەم کارەش بەم شێوەیە بوو، قۆرتەکی گەورەیان لێ دەدا بە ئەندازەی سێ بۆ چوار تەنەکە گەنم بگرێ، چوار کەس بە کوتەك لێیان دەدا، دوو کەس دوو کەس بەرانبەر یەك دەوەستان، کوتکی داریان پێ بوو، دەسکی مەترێکو نیو درێژ دەبوو، سەرکوتکەکە ئەستوور و گەورە بوو. لە ساوارەکەیان دەدا، جارجار ساوارەکەیان تەڕ دەکرد. زۆر جار ئەم کارە شەوان دوای نوێژی (عیشا) ئەنجامیان دەدا، بە هەرەوەزی بوو گەنجەکان کۆ دەبوونەوە، تا درەنگانی شەو بەردەوام دەبوون کاتێکی خۆشیان بەسەر دەبرد، لەلایەن خاوەن ماڵ هەندێك شتی سادە پێشکەش بە ئامادەبووان دەکرا، وەك چای، دۆ، یان قەسپ.

زۆرجار بەم شێوەیەش ساوار کوتانەوە دەکرا: ساوارەکە دەکرایە نێو جەواڵی قایم لە موو دروستکراو، گەنجە کوتك بەدەستەکان لە دەوری جەواڵەکە کۆدەبوونەوە و بەدەوری جەواڵە گەنمەکە دەسوڕانەوە و بەنۆرە کوتکەکانیان دەوەشاند و گۆرانیان دەگوت.

ئەم کارە گۆرانی تایبەت بە خۆی هەیە، یەکێك گۆرانییەکەی دەووت، ئەوانی تر دەیان ووتەوە، بە ئاوازێکی خۆش، دڵ و دەروونی مرۆڤ پێ ئارام دەبوو. دەستپێکی گۆرانییەکە بە شێوەیە بوو( یا ئەڵڵا هەر ئەڵڵا) بەم شێوەیە دەڵێن:

ساوارکوتانەوە:

یا ئەڵڵا...هەر ئەڵڵا

ئەو ساوارە گەنمی پارە

لۆ ئەو سارە کابان هارە

دلێی دە هەی دەبیکوتە ئەی بیکەکا

ئەی بی دە با ئەی کیژلێ نێ ئەی کوڕبخوا

ئەوساوارە چەند بێ کەسە

چەندی لێ دەن نارێ بەسە.)[1].

جاری واش هەبوو ئاوازی گۆرانییەکەیان دەگۆڕی، بە شێوازێکی تر دەیان ووت بۆ نموونە لە چاوپێکەوتنم لەگەڵ ئەزوەر کریم لەك، ئەمیش بە گوڕ و تینێکی گەنجی بۆی باس کردم، بەم شێوەیە:

ساوارکوتان

1 - زەینب خان مەلاخادم سوجادە، کۆمەڵێك هۆنراوەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر و وراتی کۆیە، چاپخانەی فێربوون ،هەولێر،2021ل317

ئاوی غازر ورشه ورشه

گەر خۆی دەبیا دار و قرشه

ئاوی غازر هاره هاره

گەر خۆی دەبیا دار و باره

مەمکێ یارێ وەك هەناره ....)[1].

جاری واش هەبوو زیاتر باسی ژن و جەستەی ژنیان دەکرد کۆڕی کارکردنیان پێ گەرم دەکرد، بۆ نموونە:

هەتیمەك بووم هەروام دەکرد
خۆم لەو کۆرانان مات دەکرد
هەرچی جوان با ماچم دەکرد
هەرچی کیژبا هەیدێم لێکرد
هەتیمەك بووم نانی نانی
غەریبەك بووم نانی نانی
نانم لێبڕا لەو کاروانی .......)[2].

گەنمەکەیان دەکوڵاند دەیان خستە بەر تیشکی ڕۆژ تا وشك دەبوویەوە، کابان دەبوو ڕۆژی دووجار گەنمەکەی سەرەوژێر و هەڵگێرو وەرگێر بکردبا، تاوەکو نەترشێ و تێك نەچێ، ئەوکات ئامادە دەبێت بۆ کوتانی ساوار، هەر لەو گەنمە ساوار و بڕۆش و پیرخەنیان لێ دروست دەکرد.

٤_ دەستاڕ:

ئەم شێوازە کارکردنە تایبەت بوو بە ئافرەتان، هەندێك جار دوو ئافرەت، هەندێك جار یەك ئافرەت کارەکە ئەنجام دەدەن، دەستاڕ بەم شێوەیە دروست کراوە: بەردێکی پان و ئەستوور لە ژێرەوە دادەندرا، لە ناوەڕاستی نێرکەکی هەبوو لە سەرەوە بەردێکی ئەستوور، ناوەڕاستی کون بوو، لەسەر یەکیان دادەنا، ئەوەی سەرەوە دەسکێکی داری هەبوو، هەندێك جار پیان دەووت (ئاشی وەستاو) ئافرەتەکان بەرامبەر یەك دادەنیشتن هەر یەك و لایەکی دەسکی دارەکەی دەگرت، گەنمیان دەخستە ناوەڕاستی کونی بەردەکە دەیان خولاندەوە، هێواش هێواش، تاوەکو گەنمەکەی دەهاڕی.

لەکاتی کارکردن ئافرەتەکان بۆ دڵخۆشی خۆیان هەندێك گۆرانی تایبەتیان دەوت، لەسەر هەمان شێوازی ئاوازی گۆرانییەکانی دروێنە و ساوار کوتان گۆرانیان دەچڕی، بۆ نموونە گۆرانی (دەستاڕ) دەڵێن:

1 - چاوپێکەوتن، حاجی ئەزوەر، دانیشتووی شارۆچکەی دارەتوو، ٢٠٢١/١١/٥، کات ٣ پاش عەسر.
2 - هەنگاو انوەرشێخانی، (جۆرەکانی گۆرانی لە دەشتی هەولێر) ئینستیوتی کەلەپووری کورد، هەولێر.2003ل131

دەستاڕ لە ماریێ کێ و کێ؟

گڕ گڕ لە کێ و کێ؟

دەستاڕ لە ماری مەلایە

گڕ گڕ لە ماریێ مەلایە

لە مەلاژنێ دەست بازن

کیژەکەیان کوڕ دەیخوازن .... )[1].

1 - شێخانی، حاجی سعداللهشێخانی، (جۆخین – خەرمان) چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.2010ل70

٥_ مەشکە ژەنین:

مەشکە لە پێستی ئاژەڵ دروست دەکرێ، بەتایبەت نێری، هەندێك جار لە پیستەی گۆلك دروست دەکرا، کە ئاژەڵەکە سەر دەبڕا بە شێوەیەکی زۆر زانا گۆشتەکەیان لە پێستەکە جیا دەکردەوە، پاشان پێستەکەیان خۆش دەکرد. تا بە کەڵکی مەشکە دەهات. چۆنیەتی دروست کردنی، سێ داریان لە زەوی دەچەقاند و بەرزیان دەکردەوە، هەر سێ دارەکەیان لە سەرەوە یەکیان دەگرتەوە، بە پارچە گوریسێك لە دارەکەیان دەبەستەوە کە شۆڕ دەبوویەوە بۆ خوارەوە، پێستەکەیان پێ دەبەستەوە. هەندێك ماست و کەمێك ئاویان لەناو پێستەکە دەکرد، سەری پێستەکەیان دەبەست، تاوەکو دۆیەکە و کەرەکە دروست دەبوو. ئافرەتەکان مەشکەکەیان دەژەنی لە بەرانبەر یەکتری دەوەستان. بەم شێوەیە دۆ و کەرەکەیان لێك جیا دەکرانەوە.[1] جۆرێکیتر هەیە لە مەشکە ئەویش زۆر جار لە بنمیجی هەیوان، لە کاریتەکانی سەقفەکە دروست دەکرێ، گوریسەکە پێدا دێتە خوارەوە، ژنەکان مەشکەکە دەژەنن. ئەو پیستەی کە خۆش دەکرا بۆ زۆر شت بەکار دەهات وەك (کوندە، بۆ ئاو هێنان، یان بۆ پینەکردن و چاککردنەوەی کوندە، بۆ ئاو سارد کردیش بەکاردەهات).

ئەم جۆرە کارە گۆرانی تایبەت بەخۆی هەیە ژنەکان دەیڵێن. بەڵام بە ئاوازی ئەو هەژاندنەوەی مەشکە گۆرانییەکانیان دەڵێن، بۆ نموونە:

مەشکە

هەی مەشکە مەشکە مەشکە

مەشکە مەشکەی بەرانی

دەیژینم لە تەلانی

نان و کەرەی شوانی ... ).[2]

هەندێك جار ئافرەت بەسەر پیاو هەڵدەدا چونکە گۆرانییەکان ئافرەت دەیڵێ بۆ نموونە: لە مەشکە هەژاندن بەم شێوەیە باسی پیاو دەکات:

مەشکەم دەژێ بە جارێ　　　لێی دەردینم تەغارێ

دەیدەم بە ناسکە سوارێ　　　لۆم دا بە دەرز و گوارێ

بەو قورئانەی دەیبوکرێ　　　یارم چویتە لەشکرێ

دەستم مەشکە ناگرێ ................ ).[3]

1 - چاوپێکەوتن، ڕەسول قادر، ڕۆژی دووشەم، کات ١١ پێش نیوەڕۆ ٢٠٢١/١١/٨.
2_ هەنگاو انوەرشێخانی، (جۆرەکانی گۆرانی لە دەشتی هەولێر) ئینستیوتی کەلەپووری کورد، هەولێر/2010ل125

3- حاجی سعداللهشێخانی، (جۆخین – خەرمان) چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر/2010ل201

٦_ تەشی ڕێسی:

ئەم جۆر کارە تایبەتە بە ئافرەت، یەك ژن ئەنجامی دەدات، کاتێك مەڕدارەکان مەڕیان دەبڕییەوە (جەوبڕیان پێ دەوت)، خوری مەڕەکانیان کۆ دەکردەوە، دواتر دەشوراوە، وشك دەکراوە، ئەو کاتانەی ئەو ئافرەتانەی لە ماڵ بوون و کاریان نەدەما، خۆیان بە تەشی ڕێسی خەریك دەکرد، خوریەکەیان دەڕێست، ئەو کات بۆ زۆر شت بەکاردەهات وەك (دەسترازەی منداڵان، جیخ دروستکردن، بەرماڵ و جاجم لەلای جۆلا دروست دەکرا، کڵاو، لباد، لیفکە، پوزەوانە) پێمان وایە ئەو پەندە کوردیەش هەر لەوە هاتووە کاتێك دەڵێ (ڕیسەکەم لێ مەکە بە خوری). یەکێك کارێك ئەنجام دەدات لە کۆتایی کەمێك کێشەی بۆ دروست دەبێت، خاوەن کار دەڵێن (ڕیسەکەم لێ مەکەوە بە خوری) لەم کارەش ئافرەت گۆرانی تایبەتی دەوت، بۆ نموونە:

(تەشی ڕێسی)

تەشی ڕێسی بە شلکەی ڕانی

شۆی دەدایەوە بە گوڵ و ڕەیحانی

بۆ ڕانك و چۆغەری دەسگیرانی

تەشی دەڕێسی ورد باریکانی

شۆی دەدایەوە بە گوڵ و ڕەیحانی

بۆ کراس و کەواکەی دەستگیرانی ....)[1].

تەوەرەی چوارەم یارییە کوردییەکان:

١_ قاقایانێ (پێنجوکانێ): ئەمە لە نێوان کچان دەکرا، یاریەکی کچانەیە، لە پێنج بەردی خڕ و جوان پێك دەهات، بەردێکیان هەڵدەدا ئەوانی تریان پێ هەڵدەگرت. جارێك بە تەنیا، جارێك بە دوو بەرد پێکەوە، جارێك بە سێ بەرد پێکەوە یەك جیا، لە جاری چوارەم هەر چوار بەرد پێکەوە هەڵدەدرا بە یەك دەست دەگیراوە، دواجار دەستی خۆی دەکردەوە لە شێوەی کەوانەیی لێ دەکرد، دەبوو بەردەکانی پێدا بڕوات، یەکیان دەکرد بە مەلا نەدەبوو هیچ شتێکی پێبکەوێ نەجوڵێ، تاوەکو بەناو کەوانەی دەستیدا دەڕوات، ئەم جۆرە یارییە زیاتر پەیوەندی بە جووڵەی دەستییەوە هەیە، دەبێت هەموو بەردەکان لەنێو دەستی جێ بکاتەوە.

٢_ ساپ ساپانێ: ئەم جۆرە یارییە تایبەت بوو بە کچان، لەسەر زەوی دەکرا شەش خانە یان هەشت خانە دەکرا، ئەو کەسەی نۆرەی دەهات دەستی بە یارییەکە دەکرد لەسەر یەك قاچ دەڕۆیشت، بە پارچە بەردێکی پان هەر جارە و بۆ خانەکی دەهاوێشت یاریەکەی ئەنجام دەدا، تاوەکو هەموو خانەکانی دەکرد بەو پارچە بەردە هەموو خانەکانی تەواو دەکرد، کە تەواو دەبوو خانەیەکی بۆ خۆی گڕ دەدا، ئیتر ئەو خانەیە دەبووە هی خۆی، گەر بسوتابایە یەکی تر دەهات دەستی بە یاریەکەی دەکرد. لە کۆتایی هەر کەسێك زۆرترین خانەی هەبووایە ئەو کەسە براوە دەبوو.

1 -حاجی سعداللەشێخانی، (جۆخین – خەرمان) چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر/2010ل35

٣_ مۆریانێ (مێروانێ):  دوو کچ یان سێ کچ مۆریانێ دەکرد، بە شەو و بە ڕۆژ ئاسایی بوو یاری بکەن، ئەو کەسەی یاری دەکات دەبوو مۆری جوانی هەبێت، قۆرتەکی خڕیان لێ دەدا (چاڵ) لە دووری مەترێك یان نیو مەتر لە قۆرتەکە هێڵەکیان دەکێشا، هەر یەکە و مۆریەك یان دوو مۆری لەسەر هێڵەکە دادەنا. هەر کەسێك یەکەم بووایە بە پەنجەی گەورەی مۆریەکەی دەهاوێشتە ناو قۆرتەکە، ئەگەر نەکەوتبایە ناو قۆرتەکە، کەسی دووەم دەیهاوێشت ناو قۆرتەکە هەر کەسێك زۆرترین مۆری خستبایە ناو قۆرتەکە براوەدەبوو، هەر مۆریەك چوبایە ناو قۆرتەکە، ئەو کەسە بۆ خۆی هەڵی دەگرت. بۆیە منداڵان لەکاتی یاری کردن دەیان وت:

کێ دەکا مۆری مۆریانێ

خەجەگەڕۆك لەبن هەیوانێ

٤_ هەلور بەلوور: ئەم یارییە لەنێوان کچان و کوڕان دەکرا، پێکەوە دادەنیشتن پێیان درێژ دەکرد لە شێوەی بازنەی دادەنیشتن یەکیان دەبووە سەرۆك یارییەکەی ئەنجام دەدا. بەم شێوەیە گۆرانییەکەی دەوت:

هەلوور بەلوول تەکامێ
زەرد و سووری شەمامێ
ئالنجی بل بالنجی سێ مان قنجی
عەیشێ مامان لە خۆشناوان دەگری قاوان
بۆ نازداران بۆ دڵداران
بۆ منداڵان بۆ تاداران
هەوێ داران چاوزاران
وەکو جاران بە دوو پاران
ئای لەوەی کەوتە ئەوەی
هەڵگرە ئەوەی ...

ئەوەی دەرچووبایە پێیەکی هەڵدەگرت، هەر جارە و یەکێك پێیەکی دەردەچوو، هەر کەسێك زوو هەر دوو پێی دەرچووبایە، ئەو کەسە براوە دەبوو.

٥_ هەڕێوی ڕێوی: کۆمەڵێك منداڵی کچ و کوڕ دەستی یەکیان دەگرت لە شێوەی بازنەیی دەسوڕانەوە، یەکێك گۆرانییەکەی دەگوت، ئەوانی تر لەدوای دەیان وتەوە، یان هەر تەنها دەیان وت (هێ) بە یەك دەنگ. ئەم یارییە جۆرێك لە وزە و چالاکی بە منداڵ دەبەخشێ، ئەمەش گۆرانییەکەیە:

هەڕیوی ڕێوی هێ

ڕیوی بێ ئیمان هێ

سەرۆکی شەیتان هێ

کاغەز دەنووسم هێ

بە خینی مێشێ هێ

دەیدەم بە شەمار هێ

لەبۆی بهێنێ هێ

هیچ جێت نەیەشێ    هێ ... )[1].

٦_ هەلیك و پەلیكانێ:  ئەم یارییە تایبەتە بە کوڕان، دابەش دەبنە سەر دوو گرۆپ، تەڕ و هیشکانێیان دەکرد کێ براوە بوو، سەرەتا دەستی پێ کرد. دارێکی بچووك هەر دوو سەری دارەکە تیژ دەکەن، پێی دەڵێن هەلیك، پارچە دارێکی درێژ نیو مەترێك یان تۆزێك درێژتر پێیان دەوت پەلیك. هەر گرۆپێك زۆرترین خاڵی کۆبکردبایەوە براوە دەبوو.

٧_ پشتەڕەقانێ:

لەنێوان دوو کوڕی مێرمنداڵ دەکرا، هەندێك جار کچانیش لەنێوان خۆیان دەیانکرد. پشتیان بە یەك وەدەنا قۆڵیان لێك دەئاڵاند. هەر جارە و یەکێك ئەوەی تری بەرز دەکردەوە. ئەم یارییە زیاتر پەیوەندی بە هێزەوە هەبوو. ئەم گۆرانیەیان دەوت:

پشتە ڕەقە    بە تەق تەقە

دایکت چی بوو    کوڕەکی بوو

ناوی چ بوو

بەم شێوەیە گۆرانی دەووترا تاوەکو زۆر بتوانێ لەسەر پشتی خۆی ڕایبگرێ.

یان دەیان وت:    پشتە ڕەقە ڕەقا ڕەقە

سابوونی ڕەقی پشتم تەقی

ئەم یاریانە بۆ منداڵان بوون، هەندێك یاری تر هەیە تایبەتە بە پیاوان و گەنجان لە دیوەخان دەکرا کاتێك کۆدەبوونەوە، لە شەوانی زستان:

٨_ کەرەمستانێ: لەنێوان دوو کۆمەڵە پیاو دەکرا، هەشت نۆ کراویان دەهێنا، یەکێك ئەنگوستیلەکەی دەشاردەوە لەنێو کلاوەکان، گرووپی بەرامبەر لۆیان هەبوو بڵێن بچی بچی تا شکیان لە کلاوێك دەبوو دەیان وت گوڵ یان بێت. ئەگەر بیاندۆزیبایەوە براوە دەبوون ئەمان دەیان شاردەوە. ئەو گرووپەی زۆرترین خاڵ کۆبکاتەوە براوەیە.

٩_ کێلە بەردانێ: ئەم یارییە لەنێوان دوو کەس یان زیاتر ئەنجامدەدرێ، تایبەتە بە پیاوان، لە دەرەوە لە دەشت ئەنجامدەدرێت، بە دانانی پێنج بەرد لە شێوەی کێل دادەندران یەکێك لە پێشەوە دەبوو ئەوانی تر لە دواوە، ئەوەی پێشەوە مەلایان پێ دەوت، هەرجارە و بە نۆرە ئەوەی یەکەم جار دەیهاوێشت دەبوو سەرەتا ئەوەی پێشەوە بەرداتەوە دواتر ئەوانی تر. هەر لایەك زووتر هەمووی بەردابێتەوە، براوە دەبوو. بەردیان تێ دەگرت تا بەربێتەوە.

1 - عەباس نادرقادر، کەندووێك لەزانیاری دەربارەی دەشتەکییەکانی هەولێر،چاپخانە.سنە٢٠٢٢
_تێبینی، سەلاح معەمەد، ناسراو بە مام عوڵا، کۆمەڵێك گۆرانی فۆلکلۆری بۆ منداڵان تۆمارکرد.

# بەشی دووەم

## بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر.

-ئەفسانە،

-داستان،دلداری و قارەمانیەتی.

-هەقایەت.

-پەندی پێشینان،قسەی نەستەق.

-ئیدیۆم .

-سەرگوزەشتە .

-گۆرانی فۆلکلۆری.بەیت،حەیران،لاوك.

-مەتەل .

## بەشی دووەم

### بەشەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر

فۆلکلۆر بەشێکی گرینگی ئەدەبە، ئەو ئەدەبە سەر زارەکییە، پشتاوپشت سینە بە سینە لە باپیران و باوانەوە بۆمان ماوەتەوە، هەموو بەشەکانی ژیانی گرتوتەوە. لێکۆڵەران هەوڵی کۆکردنەوە و دابەشکردنیان داوە، بەڵام بە شێوەیەکی زانستی نەکراوە. دکتۆرە شوکریە ڕەسول لەم بارەیەوە دەڵێ: (ئەو بەشە سەر زارییە کە خۆی لەخۆیدا ڕۆشنبیری گەل و کۆمەڵ دەنوێنێ، کە زۆربەی بەشەکانی ئەم بابەتە بە باشی و ڕێگایەکی زانستیانە تۆمار نەکراوە و هەتا لێکۆڵینەوەشی دەربارە نەکراوە، ئەو بەشانەی کە کۆکراوەتەوە و لێکۆڵینەوەشی دەربارە کراوە هێشتا سەرەتایە) [1].

لە زۆربەی گەلانی چوار دەورمان فۆلکلۆریان کوکردووەتەوە، دابەشیان کردووە، وەك گەلانی (فارس، تورك، عەرەب). بۆ نموونە نووسەر و لێکۆڵەری فۆلکلۆری عەرەب (محمد سعید القشاط) بەم جۆرە بەشەکانی فۆلکلۆری دابەش کردووە، بۆ دوو بەش، یەکەم: پەخشان، هەموو ئەو بەشانە دەگرێتەوە بریتین لە (چیرۆك، ئەفسانە، نوکتە، پەند، مەتەڵ). دووەم: شیعر بریتیە لە شیعری کۆن، شیعری بۆنەکان، قەسیدەی درێژ، .... هتد) [2].

عزالدین مستەفا ڕەسول لە کتێبی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لێکۆڵینەوەیە، بەم شێوەیە بەشەکانی فۆلکلۆری کوردی دابەش کردووە. (ئەفسانە، چیرۆك، سەرگوزەشتە، داستان، داستانی دڵداری و قارەمانیەتی،گۆرانی بە هەموو جۆرەکانی، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و گاڵتە و گەپ، مەتەڵ)[3].

دواتر مامۆستا کامەران موکری لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بەم شێوەیە دابەشی کردووە: (ئەفسانە، داستان، دڵداری، قارەمانیەتی، سەرگوزەشتەی چیرۆك ئەمانەن (چیرۆکی پرۆپوچ و چیرۆکی ئاسایی، دڵداری، ئایینی،کۆمەڵایەتی...) [4].

شوکریە رەسول لە کتێبی (ڕێ و ڕەسمی شین و لاواندنەوەی کوردی) لە ساڵانی ١٩٩٧، بە شێوەیەکی فراوان بەشەکانی فۆلکلۆری کوردی دابەش کردووە بەم شێوەیە:

_ پەخشان: ئەم بابەتانە دەگرێتەوە (ئەفسانەی جادووگەری، ئەفسانەی سەرگوزەشتە، ئەفسانەی ژیان، نوکتە، گێڕانەوە، شین و لاوانەوە).

_ شیعر: ئەم بەشانە لەخۆ دەگرێ (داستان، دڵداری، قارەمانیەتی، گۆرانی، گۆرانی کارکردن، گۆرانی بۆنەکان، دووبەیت، چواربەیت، پێنج بەیت).

---

1 - شوکریە ڕەسول، بایەخدان و گرنگی دان بە فۆلکلۆر و ڕەسەنایەتی فۆلکلۆر، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١) ساڵی ١٩٨٢، ل ٥٣.

2 - محمد سعید القشاط، الادب الشعبی في لیبیا، دار لبنان، بیروت، ١٩٦٨، ل ١٦.

3- عزالدین مستەفا ڕەسول، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، دار الجاحظ, بغداد, 1970, ل 11.

4 - کامەران موکری، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٤، ل ٣٨.

_ هەمەڕەنگ: ئەم بەشانە لەخۆ دەگرێ (مەتەڵ، پەند، فۆلكلۆری منداڵان، دابونەریت، نواندن، سیحر و جادوو. (پەندی پێشینان، قسەی نەستەق) یاری، ژمارە بە شیعر، تەتەڵەی زمانی، .....)[1].

ئەم جۆرە دابەشكردنەی دكتۆرە شوكریە لە ڕاستیدا زۆر فراوانە، هەموو بەشەكانی فۆلكلۆری سەرزاری دەگرێتەوە.

شەهلە كەریم حوسێن لە نامەی ماستەرەكەی كاریگەری فۆلكلۆر لە شیعرەكانی مەدحەت بێخەو، بە شێوەیەكی زانستی و ڕێك بەشەكانی فۆلكلۆری دابەش كردووە. بەم شێوەیە (ئەفسانە، داستان، حەكایەت، گۆرانی، پەندی پێشینان، قسەی نەستەق، ئیدیۆم)[2].

هەموو ئەم دابەشكردنانە زۆر باشن، بەشی زۆری بەشەكانی فۆلكلۆری سەرزاری لە خۆ دەگرێت. بەهۆی دەوڵەمەندی فۆلكلۆری دەشتی هەولێر، هەموو بەشەكانی فۆلكلۆر لەخۆ دەگرێ، دەوڵەمەندە بە بابەتی فۆلكلۆری سەرزاری. ئێمە لێرەدا بەشەكانی فۆلكلۆر دابەش دەكەین، هەندێك لە بەشەكانی فۆلكلۆر لە بەشی یەكەم باس كراوە، بە شێوەیەكی فراوان. بەشەكانی فۆلكلۆر بەم شێوەیە دابەش دەكەین: (ئەفسانە، داستان، هەقایەت، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، ئیدیۆم، سەرگوزەشتە، گۆرانی فۆلكلۆری، بەیت، حەیران، لاوك، مەتەڵ).

ئێمە بەو ڕێزبەندییەی خوارەوە باسی بەشەكانی فۆلكلۆر دەكەین:

_ ئەفسانە

_ داستان.

_ هەقایەت.

_پەندی پێشینان و قسەی نەستەق.

_ئیدیۆم.

_سەرگوزەشتە

_ گۆرانی فۆلكلۆری، بەیت، حەیران، لاوك.

_ مەتەڵ.

1- ئەفسانە چییە؟

ئەفسانە ژانرێكی گرنگ و سەرەكی ئەدەبی فۆلكلۆرییە، لەڕووی كات و پەیدابوونەوە زۆر كۆنە، لەنێو فۆلكلۆری گەلان[3].

1 - شوكریە رەسول، ڕێ و ڕەسمی شین و لاواندنەوە، ئۆفیسی كریستال، هەولێر، ١٩٩٧، لا ١٥.
2 - شەهلە كریم حوسین، نامەی ماستەر، (كاریگەری فۆلكلۆر لە شیعرەكانی مەدحەت بێخەو) زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٥، لا ٢٠.
3 - حسن صابر عەلی، نێرگزەكانی قەڵات، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٢١، لا ٦.

لەڕووی تەمەنەوە (تەمەنی لەگەڵ سەرەتای بیرکردنەوە و وەگەڕخستنی ئاواز و زمانپژانی مرۆڤە، هەروەها بەردەوامیشە و لە هیچ قۆناغێکدا واز لە مرۆڤ ناهێنێ و هەموو پانتایی جوگرافی مرۆڤایەتی تەنیوە و تێکەڵ بە هەموو لایەنەکانی ژیان بووە)[1].

ئەفسانە جۆرە وشیارییەکی دێرینی کۆمەڵایەتی مرۆڤە، ئەو سەردەمەی کە مرۆڤ یەکجار بێدەسەلات بووە بەرامبەر بە ڕووداوە سروشتییەکان. بۆیە (ئەفسانە لێکدانەوەی مرۆڤی سەرەتایە دەربارەی گەردون و سروشت و جیهان و ڕووداو و دیاردەکانی ژیان و پەنهایی مردن). ئەم دەربڕینانە خراوەتە شێوەی چیرۆکێکەوە کە سەرەتا و گرێ و کتوپڕی و ئەنجامی هەیە) [2].

لە توێژینەوەکانی مرۆڤ لەسەر ئەفسانە و ئەفسانەناسیدا دەردەکەوێت کە (ئەفسانە کۆمەڵەیەکی ناهەستیارە و لە ئەقڵی ناوەوەی مرۆڤ چەسپاوە، سەرەکیترین ئەفسانەش ئەوانەن کە پەیوەستن بە هەر چوار توخمی سروشت (ئاو ، ئاگر، هەوا، زەوی)[3].

کەواتە بیرکردنەوە لە دیاردە سروشتییەکان وەك لافاو، هەورەتریشقە، دیاردەکانی شەو و ڕۆژ، بوومەلەرزە، ئاگرکەوتنەوە، هۆکاری دروست بوونی ئەفسانەی گەلانن.

زۆرێك لە توێژەر و نووسەرانی جیهانی پێناسەی جیاوازیان بۆ ئەفسانە کردووە. هەر یەکە و بە بیرکردنەوە و ڕای تایبەتی خۆی ئەفسانەی ناساندووە و پێناسەی کردووە. جیمس فریزەر دەڵێ (ئەفسانە پەیوەندی بە باری قۆناغی شیعری ئادەمیزادەوەیە لە قۆناغە بەراییەکانیدا هاوشانی شیعرە و بە پێی گۆڕانی باری تێگەیشتن و پێشکەوتنی شیعریش چەمکی ئەفسانە بەرەو پێش دەچێ) [4].

ئەفسانە و ڕازی کوردی کتێبی (عەلی ئەشرەف دەرویشان) وەرگێرانی مامۆستا عەزیز گەردی بەم شێوەیە پێناسەی ئەفسانە دەکات (ئەفسانە هێز و گوڕی تایبەتمەندییەکانی ژیانی خەڵکە. پەیوەندییەکانی بەینی خەڵك و شێوازی لێك گیربوونیان یەکەڵا و شی دەکاتەوە. ئەفسانە لێکدەرەوەی هەستی قووڵی مرۆڤایەتییە و بەدرێژایی چەندە سەدە و چاخ بنیادی سیاسی و ئابووری و کولتووری کۆمەڵەکانی لە ناخی خۆیەوە پاراستووە [5].

دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن، لە پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی پێی وایە (ئەفسانە بەرهەمی بیری مرۆڤە، مرۆڤیش سەرەتا بە پرسیاری پڕ لە سەرسووڕمانەوە دەستی پێکردووە)[6].

ئەفسانە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خواوەندەکان و دیاردەکانی سروشت نیشان دەدات.

---

1 - مەولود ئیبراهیم حەسەن، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، تاران، سلێمانی، ٢٠٢٠، لا ٥٧.
2 - تۆفیق کەریم، کاریگەری ئیسلام لەسەر فۆلکلۆری کوردی، کتێبی دووەم، تاران، سلێمانی، ٢٠١٣، لا ٤٢.
3 - پیرداود مخموری، گەڕان بەدوای ئەفسانەدا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣، لا ٣٣.
4 - سەید مەولود بێخاڵی، ئەفسانە و داستانی فۆلکلۆری کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٣، لا٤٢.
5 - عەلی ئەشرەف دەرووێشان، ئەفسانە و ڕازی کوردی، وەرگێرانی عەزیز گەردی، سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٢، لا ١٨.
6 - مەولود ئیبراهیم حەسەن، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٤.

- ئەفسانەی کوردی:
فۆلکلۆر هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆنی مرۆڤ دەگرێتەوە، ئەفسانەش بەشێکی هەرە گرنگی فۆلکلۆرە. ئەفسانەی کوردی بەشێکە لە ئەفسانەی هیندو _ئێرانی کۆن، جیاوازیەکی سەرەکی هەیە لە ئەفسانەی گەلە کۆنەکانی ڕۆژئاوا.

لە ئەفسانەی گەلانی دونیا سەدان خواوەندی بەهێز و توانا وجودیان هەیە، کەچی ئەفسانەی کوردی دوو خواوەندی سەرەکی بوونیان هەیە، ئەوانیش ئاهورە مەزدا و ئەهریمەنن، ئاهورەمەزدا خواوەندی خێر و ڕۆناکییە و ئەهریمەنیش خواوەندی شەڕ و تاریکی و کاولکارییە [1].

زۆربەی ئەفسانەی کوردی بە (هەبوو نەبوو) دەست پێدەکات، ئەمەش بەڵگەیەکی چەسپاوە کە خەیاڵ زاڵە بەسەر شتە تاریکەکانی زۆربەی پاڵەوان و خوداوەندەکانی ئەفسانەی کوردی و بگرە تێکڕای میللەتانی دنیا مرۆڤی ئاسایی بوونە لەسەر زەوی هاتووچۆیان کردووە.

لە کتێبی پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، دکتۆر مەولود ئیبراهیم، ئەفسانەی کوردی دابەش کردووە بۆ سێ بەش (قۆناغی ئەشکەوت، قۆناغی گوند، قۆناغی شار)[2].

یەکێك لە تایبەتمەندیە هەرە بەرزەکانی ئەفسانەی کوردی ئەو حەکایەتانەیە پەیوەندی بە (سیحر و جادووگەری و خەیاڵی پەرت و بڵاوە بەشی زۆری بابەتە قارەمانیەکانیان دێو و دڕندە و ئەژدیها و مار و باڵندە ئەفسانەییە[3].

- ئەفسانە لە فۆلکلۆری دەشتی هەولێر:
هەموو ئەو هەقایەتانەی بۆمان بەجێماوە لە باپیران و باوانمان، لە دەستپێکرا بە (هەبوو نەبوو) دەست پێدەکات ئەفسانەییە.

درێژی شەوانی زستان، دانیشتنی پیاوان لە کۆڕ و دیوەخانی ئاغاکانی دەشتی هەولێر هەموو کات بەو جۆرە هەقایەتانە، حەکایەت خوان دەستی پێ دەکرد.

هەم وانەی جوانی دەبەخشی بە ئامادەبووان، هەم چێژی خۆش دەبینن لە شێوازی گێڕانەوەکان. بۆ نموونە لە حەکایەتی (ئەحمەدۆکە و فاتمۆکە) ئەفسانەیە زۆر بە جوانی حەکایەت خوان هەست و هۆشی ئامادەبووان بۆ خۆی کێش دەکات. ئێمە کورتەیەك لە حەکایەتەکە وەردەگرین لەبەر درێژی حەکایەتەکە:

**(ئەحمەدۆکە و فاتمۆکە)**

هەبوو نەبوو کەس لە خودا گەورەتر نەبوو. لە گوندێکی بچوکدا خێزانێکی هەژار ژیانیان بەسەر دەبرد. خێزانەکە دوو منداڵیان هەبوو بەناوی (ئەحمەدۆکە و فاتمۆکە) داکیان کۆچی دوایی کردبوو. ئەحمەدۆکە گاوانی گوندی بوو، فاتمۆکەش ئیش و کاری ماڵی دەکرد. ڕۆژێکیان گاڕان هاتەوە بۆ گوند ئەحمەدۆکە دیار نەبوو زۆر شوێن گەڕان نەیان دۆزیەوە، شەو کاتی درەنگ چێڵەکە قسەی

---

1 - پیرداود مخموری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٨.
2 - مەولود ئیبراهیم حەسەن، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٣.
3 - سەید مەولود بێخاڵی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٠.

لەگەڵ فاتمۆکە کرد کە براکەی دێوەکان بردیتیان بۆلای خۆیان. بۆ بەیانی فاتمۆکە گاوانی کرد ئەمیش نەهاتەوە، دێوەکان ئەویشیان برد بۆلای خۆیان. خوشك و برا یەکتریان ناسیوە. ڕۆژانە خزمەتی دێوەکانیان دەکرد.

ڕۆژێك فاتمۆکە قسەی لەگەڵ چێڵێك کرد یارمەتیان بدات بۆ ڕۆیشتن. چێڵ ووتی بەیانی دەرزی و شوژنێك و سابوون بینە ڕابکەن لەگەڵ ئەحمەدۆکەی براکەی بۆ بەیانی ڕایان کرد. دێوەکان بەدوایان ڕۆیشتن دەرزی لە پێیان چەقی، دواتر شوژن لە پێیان چەقی، شوێنەکەیان کردبوو بە کەف و سابوون لووس ببوو دێوەکان کەوتنە خوارەوە و مردن.

تا گەیشتنە کاولە ئاشێك چێڵ پێشنیاری بۆکردن سەری ئەو ببڕن و گۆشت و خینەکەی بە ناوچەکە بلاو بکەنەوە. ئەوانیش وایان کرد، کاولەئاش بووە کۆشکی شاهانە. دارستانەکە بوو بە شار. باوکیان پاشا و چێڵەکە ببوو بە شاژنی شار. ئیتر بە خۆشی ژیانیان بەڕێ کرد[1].

گەر سەیری ئەو ئەفسانەیە بکەین هەموو ڕەگەزەکانی ئەفسانە بەدی دەکرێ وەك:

_ هەبوو نەبوو لە سەرەتا.

_ قسەکردنی چێڵ لەگەڵ فاتمۆکەی.

_ دێوەکان فاتمۆکەیان بردە ماڵی خۆیان.

_ بەجێهێشتنی دێوەکان و بێزاربوونی (ئەحمەدۆك و فاتمۆك) ڕایان کرد.

_ باوکەدێو ئەوانی دۆزیەوە بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ و حەوت شەو لە کەلێنی ددانەکانی دێوەکە بوون، وەك سزایەك دواتر هاتنە دەرەوە.

_ جارێکیتر چێڵ قسە دەکات، ڕێنمایی ئەحمەدۆك و فاتمۆك دەکات. یارمەتیان دەدات بۆ ڕاکردن. دەرزی، شوژنێك، سابونێك لەگەڵ خۆیان بهێنن.

_ چێڵ داوا دەکات سەری ببڕن، خوێنی گۆشتی بە دارستانەکە بڵاو بکەنەوە بەیانی لە خەو هەستان کاولەئاش بۆتە کۆشکی گەورە.

دارستانەکە بۆتە شارێکی گەورە، باوکیان پاشای شارەکەیە، چێڵەکەش ببوە شاژنی شارەکە.

هەموو ئەمانە ڕەگەزی ئەفسانەییە، چێژبەخشە. لە دەشتی هەولێر گەلێك زۆرە ئەم جۆرە هەقایەتانە

2_داستان.

چەمك و پێناسە و سەرهەڵدانی

داستان ڕووداوێکی چیرۆك ئامێزە، (چیرۆکی پاڵەوانێکە لە ڕێگای شیعرەوە دەگێردرێتەوە، لە دوو توێیدا کرداری سەمەرە و ناوازە دەبینرێن کە خوداوەندەکان و پاڵەوانە میللیەکان و پیاوانی

1 - حسن صابر عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٣ – ٢٧.

ئایینی له شارستانیەتی کۆن ئەنجامی دەدەن، ئامانجیش بەرز ڕاگرتنی پاڵەوانەکان و سەرکەوتنە لەڕادەبەدەرەکانیانه)[1].

زۆرجار داستان لەگەڵ ئەفسانە تێکەڵ دەکرێ. بەو واتایەی شاعیر ڕووداوێکی ڕاستەقینەی لە ژیان بینیوە، بۆ ئەوەی نەمری و زیندویەتی بە دەقەکان ببەخشێ هاتووە لەگەڵ خەیاڵ و ئەفسانە تێکەڵی کردووە (ڕاستییەکان لەگەڵ ئەفسانە تێکەڵ دەکرێن و باوەڕی ئایینی و ڕوحیەکانی تێ دەئاخنرێت[2].

دکتۆر مارف لە مێژووی ئەدەبی کوردی بەرگی یەکەم، بەم جۆرە پێناسەی داستانی کردووە (داستان چیرۆکێکی شیعری بە قەوارە درێژە، زمانی سفت و پتەو (کلاسیکیە) زیاتر پەیوەندی بە خوێندەوار و ڕۆشنبیرەوە هەیە، لەڕووی کێشەوە عەرووزی سیرابیە، لەڕووی قافیەشەوە جووت قافیە (موزدەوەج)[3].

سەرهەڵدانی داستان لەنێو ئەدەبیات بەتایبەت ئەدەبیاتی جیهانەوە، داستان (لە کۆتایی چەرخی تیۆکراتی پیرۆز دەرکەوتووە و بەر لە هەر شتێك چەمکی ئایینی تێدا ڕەنگی داوەتەوە، ئەم ئەدەبە لە پەرستگاکان هۆنراوەتەوە و بەشێك بوو لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکان)[4].

دکتۆر مارف خەزنەدار دەڵێ : (چیرۆکی شیعری (ئیپیك) وەك بەرهەمێکی ئەدەبی مێژوویەکی گەلێ کۆنی هەیە، دەتوانین بڵێین ئەم جۆرە هونەرە میللیە لەگەڵ ژیانی ئادەمیزادی ناو ئەشکەوت پەیدا بووە) [5].

- داستان لە ئەدەبیاتی کوردی:

لە ئەدەبیاتی کوردیدا، (کۆمەڵێ داستان هەیە کە دەکرێ بکرێن بە دوو جۆرەوە: داستانی فۆلکلۆری و داستانی نووسراو) [6].

(سەرچاوەی چیرۆکە شیعریەکان لای کورد و لای هاوسێکانی لە دوو جێگاوە هەڵدەقوڵێن، یەکێکیان لە ناوەوەیە، واتە خۆماڵی، ئەوەی دیکەیان لە دەرەوەیە واتە بێگانە) [7].

داستان بەرامبەر وشەی epic ی ئینگلیزی و ملحمەی عەرەبی و حماسەی فارسی هاتووە [8].

بەڵام نەوشێروان مستەفا تێبینی لەسەر ئەم زاراوەی داستان هەیە، پێی وایە زاراوەی (لاوژە) وردترە بەرامبەر (ملحمة)ی عەرەبی بەکاربهێندرێت نەك دا ستان، بەم شێوەیە پێناسەی لاوژە

1 - د. محمد حسن عبدالله، فنون الأدب (أصول – نصوص – قراءات)، الطبعة الثانية، دار الكتب الثقافية، كويت،١٩٧٨،لا١٧.
2 - د. محمد مندور، الأدب وفنونه، دار نهضة، قاهرة، مصر، ١٩٧٤، لا ٤٤.
3 - مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی (١،٢)، ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٢، لا ١٦٩.
4 - عدد من الباحثين السوفيت، نظرية الادب, ترجمة التكريت, دار النشر الرشيد, جمهورية العراق, 1980, لا 145.
5 - مارف خەزنەدار، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٢٨.
6 - سەنگەرقادرحاجی شێخ محمد ، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی مەم و زین، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠٠٧، لا ٢٩.
7 - خالید جوتیار، فۆلکلۆر، یەکەم، الحوادث، بەغداد، ١٩٨٤، لا ٧.
8 - تۆفیق کەریم، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٥٥.

دەکات (گێڕانەوەی بەسەرهاتی ڕاستەقینە و هەڵبەستراوی دڵداری و قارەمانێتی و شەڕوشۆڕ و ئەفسانەی پەری و دێو و درنج و خێوە بە شیعر و پەخشان. ئەو لاوژەی بە ڕاست زانیوە لە داستان )[1].

لە ئەدەبیاتی کوردی داستانی مەم و زین کۆنترین داستانی کوردانە، بە شێوەی شیعر نووسراوە، تێکەڵاوکراوە بە بیروباوەڕی ئاینی و نەتەوەیی.

دوو جۆر داستانمان هەیە، یەکیان داستانی قارەمانیەتییە، باس لە شەڕ و ئازایەتی و سوارچاکی پاڵەوانەکان پیشان دەدات.

داستانی دڵداری خۆشەویستی پاك و بێگەردی وەك شیرین و فەرهاد، خەجێ و سیامەند، ..... لە کۆمەڵگای کوردیمان ئەم جۆرە زۆرە. بۆیە دەتوانین بڵێین (داستانە کوردییەکان بە شێوەیەکی گشتی تەنها کار لەسەر وێنەی پاڵەوانەکان ناکەن، بەڵکو وێنەیەکی تەواو دەربارەی شەڕ و شۆڕەکان و چۆنیەتی بە یەك گەیشتنی قارەمانە سوار چاکەکان و پەیوەست بوونیان بە خاك و نیشتیمان و خۆبەختکردن لە پێناویدا بەدیار دەخەن) [2].

- داستان لە دەشتی هەولێر:

دەشتی هەولێر خاوەن کەلەپورێکی نەژادی ڕازاوەی پڕ لە داستانی مرۆڤایەتییە[3].

دیوەخانی ئاغاکانی دەشتی هەولێر وەك مینبەرێك بوو، هەموو جۆرە باس و خواسێکی تێدا باس دەکرا. بەتایبەت حەکایەت خوان و حەیران بێژ و لاوك بێژ. بەسەرهات و سەرگوزەشتەی ڕابردوو، بەهۆی ئەوەی خوێندن و نووسین کەم بووە، زیاتر بە زمانی شیعر باسی ڕووداوەکانیان کردووە.

داستان بەرهەمێکە لە چیرۆك دەچێت، سەرگوزەشتەیەکی ڕووداو یان ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە هەندێ جاریش تێکەڵ بە ئەفسانە و ئایین دەبێت.

فۆلکلۆر سنووری نێوان میللەتان دەبڕێ، چونکە بابەتەکان هەستی مرۆڤایەتییە. هەموو ئەو داستانانەی ڕوویانداوە لە دەشتی هەولێر لە دیوەخانی پیاو ماقوڵان و ئاغاکان کۆڕ و دانیشتنەکانیان پێ گەرم کردووە.

مامۆستا عومەر شێخەڵلا دەشتەکی لەم بوارەدا هونەری خۆی نواندووە بەشێکی ئەو داستانانەی تۆمار کردوووە لە دوو کتێب بەناوی (داستان و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی).

داستانەکان یان دڵدارین وەك خەج و سیامەند، کەریم ستی، برایمی مەلا زیندیان، .... یان داستانەکە قارەمانەتییە وەك قەڵای دم دم بە چەندین شێوە باس کراوە، لە دەشتی هەولێریش باس کراوە.

1 - نەوشێروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، چاپی دووەم، کتێبی یەکەم، دار العربیة للعلوم، ناشرون، بیروت، ٢٠١٢، ٦٤.

2 - نوری یاسین مەرزانی، مقدمة في الفلكلور الكردية، دراسته نشر و بيرليوجته اجتماعيه، مطبعة الشهيد ازاد هورامي، كركوك، ٢٠٠٦، ٢٢٠.

3 - سەید مەولود بێخاڵی، ئەفسانە و داستان لە فۆلکلۆری کوردیدا، شەهاب ، هەولێر، ٢٠١٣، ٨٩.

شەڕ و ئازایەتی و سوارچاکی، پیاوەتی و وەفاداری و میواندۆستی ئەشقی پاك و بێگەردی نێوان كچ و كوڕێك. ئەمانە ناوەڕۆكی داستانە لە دەشتی هەولێر ڕوویداوە، ئێمە یەك نموونە وەردەگرین:

**_ داستانی دڵداری لەیل و مەجرووم:** هەرچەندە لە دەشتی هەولێر ڕووی نەداوە، بەڵام لە دەشتی هەولێر باس كراوە بە شێوەیەكی زار و بنزاری دەشتی هەولێر ئەم داستانە باس كراوە. نموونەیەك لە داستانەكە:

**((لەیل و مەجرووم))**

سارەكی وەبوو باران نەباری     دووساران وەبوو باران نەباری
خودای تەغدیر كرد بارانەك باری     جۆگەكیان هەربەست بە عامی شاری
سەری ئەو جۆگەی دەچووە ناو شاری     لەبەریان دەچاند گەنمە بواری
گەنم چ گەنم لەسەری سواری     دەبا تێر بخۆن فەقیری شاری
شتەك پەیدابوو لە زبر و زاری     شتەك بەدەركەوت رووتەی سەر ڕەشە
ناوی لەیلایێ لە زاری خۆشە     نەعبەینی برۆیان وەك گوری گەشە
لەیل و مەجرووم بابیان برابوون     زێدە لە بریان چەندە تەبابوون
لەبەر لەیلایێ دریان لێك مابوون     بابی لەیلێم جوابان دەنێری[1]

داستانەكە زۆرە ئێمە بەس ئەوەندەی وەردەگرین.

ئەم تێكستەش بەم شێوەیەش هاتوە، سارەكی وابوو باران نەباری
دووساران وا بوو باران نەباری
جۆگە كیان هەڵبەست لەو سەری شاری
سەلكێك هاتە دەر لە زوو پر زاری
ئەوەش مەجرومە ددان مرواری*

٣- چەمك و پێناسەی هەقایەت:

هەقایەت جۆرێكە لە ئەدەبیاتی فۆلكلۆری كوردی، ڕووداوێك یان بەسەرهاتێك باس دەكات، زۆرجار خەیاڵ ڕۆڵی تێدا دەگێڕێ لە دروست بوونی ڕووداوەكان. چێژبەخشە لە كۆڕ و دانیشتنەكان یان دیوەخانی ئاغاكان لە شەوانی زستان، بۆ كات بەڕێكردن باس كراوە.

بۆ هەموو تەمەنێك دەبێت زۆر جار لەسەر زمانی گیانداران باس كراوە.

ئیدریس عەبدوڵڵا لە كتێبی ئەدەبیاتی میللی و فۆلكلۆری بەرگی سێیەم بەم جۆرە پێناسەی هەقایەت دەكات (كۆمەڵێك ڕووداوی راستەقینەن، خەیاڵیش دەستی تێوەرداون، لە چوارچێوەی ئەقڵدان، مرۆڤ كە دەیانبینێت لەگەڵیان تێكەڵ دەبێت و دەزانێت ئەو شتانەی بیستی ڕاستن و ڕوویانداوە یانیش دەشێت ڕووبدەن) [2].بەهەمان شێوە ئەمیش پێی وایە هەندێ جار خەیاڵ ڕۆڵی تێدا دەگێڕێ.

1 - عومەر شێخەڵڵا دەشتەكی، داستان و گۆرانی لە فۆلكلۆری كوردیدا، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٧٨، لا ٧٢.
2 - ئیدریس عەبدوڵڵا، ئەدەبیاتی میللی و فۆلكلۆری، بەرگی ٣، حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، لا ٢٨.

هەقایەت بریتیە لەو دەقە فۆلکلۆرییەی کە لە هەناوی کۆمەڵگادا لەدایك بووە و پەیوەندی لەگەڵ دەقەکانی تردا هەیە. خاوەن بنیاتێکی بەهێز و گەورەیە هەم لەڕووی زمانەوە هەم لەڕووی بیرەوە، کە مەبەستیش لێی پەروەردە و فێربوونە[1].

حیکایەت(هەقایەت)(بوونێکی مێژوویی کۆنیَ هەیە.دەما و دەم بەشێوەی زارەکی لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیَ پاشترگوازراوەنەتەوە،هەلگری هزروتێگەیشتن و خەون و خولیای پێشینانن،کە دەتواندریَ لە رێی حیکاتەکانەوە، بەژیانی سەردەمەکانیانەوە ئاشنابین.) [2].

زۆرجار ئەم هەقایەتانە لە ڕێگای زارەوە دەگوازرێنەوە، لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکیتر. ئەم گواستنەوەش گۆڕانکاری دروست کردووە لە گێڕانەوەکان. ئەدەبی فۆلکلۆر زۆر دەوڵەمەندە بە هەقایەت، هەندێك جار تێکەڵاو دەبێت لەنێوان ئەفسانە و سەرگوزەشتە.

بەڵام جەمال گردەسۆری پێی وایە هەقایەت لەسەردەمی ئەمڕۆمان رووەو و نەمان و کاڵبوونەوە دەچیَ، بەشێکی وەك سەرگوزەشتە و بۆتە نوکتە، بەشێکی تێکەڵی ئەفسانە بووە[3].

- جۆرەکانی هەقایەت:

چەند جۆرێك لە هەقایەتمان هەیە لەوانە:

لە نامەی ماستەرەکەی سۆزان برایم ڕای دکتۆر مەولوودی وەرگرتووە، پێی وایە هەقایەت (ئاسایی،هەیاس، کۆسە، گیانداران، ئەفسانە، ئەفسانەی خواوەندان، خورافە، وڕێنە)[4]. ،ئەم جۆرانەی هەقایەت هەیە، ئەم جۆرە دابەش کردنە گونجاوە بۆ هەقایەت و جۆرەکانی.

دکتۆرە شوکریە جۆرەکانی هەقایەتی بەم شێوەیە دابەش کردووە:

١_ ئەفسانە و سەرگوزەشتە.

٢_ حیکایەتی گیانداران.

٣_ حیکایەتی جنۆکە.

٤_ حیکایەتی میللی و کۆمەڵایەتی.

٥_ حیکایەتی گاڵتە و گەپ.

٦_ حیکایەتی پەند ئامێز.

٧_ چیڕۆك و حەکیاتێد دەرحەقا ژینا ئینسانەت، دەرهەق ژیان و ئاییناوان.

٨_ چیڕۆك و حەکیاتێد تاریخی.

٩_ چیڕۆك حەکیاتێد دەرهەق حەیوان، تەیر و تەرەولان.

١٠_ چیڕۆك حەکیاتێد ئەفسانەیی و خەیاڵبازی [5].

ئەم جۆرە دابەشکردنە زۆر فراوانە، بە قوولی باسی زۆربەی حەکایەتەکان دەکات، جۆرێك لە تێکەڵاوی پێوە دیارە.

1 - سۆزان برایم حمید، بنیات و پێکهاتەی هەقایەتی کوردی، لەبەر ڕۆشنایی N,L,P ، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٦، لا ٩.

*چاوپێکەوتن، هاوژین سلێوە، ٢٠٢٢/١١/٧ دووشەم، کۆلیژی زمان، هەولێر.

2 - سەرباز مجید خۆشناو، زێنەبە زەرد، لێکۆڵینەوە و حیکایەت، تەفسیر، هەولێر، ٢٠٢٢، لا ١٧.

3 - (چاوپێکەوتن جەمال گردەسۆری ٢٠٢٢/٦/٣ هەولێر،کاتژمێر ٥ی عەسر) .

4 - سۆزان برایم حمید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٨.

5 - شوکریە رەسول ، حیکایەتی گیانداران، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا ١٦.

لە کۆڕ و دانیشتنەکان کاتێك هەقایەت باس کراوە، هەقایەت هەبووە زۆر درێژ بووە بە چەند شەوێك تەواو نەبووە. خەیاڵ ڕۆڵی تیا بینیووە. هەقایەتیش هەیە کورتە. جا بۆ مەبەستی دڵدانەوە بێت یان ڕازیکردنی بەرانبەر بووە. لێرەدا زۆر جار لە سەربوردە (سەرگوزەشتە) نزیك دەبێتەوە.

بۆ منداڵان زیاتر حەز بە هەقایەتی گیانداران دەکەن، ئەمەیان ئافرەتێکی بە تەمەن بۆ منداڵەکانی دەگێڕاوە. بە زۆری لەسەر زمانی گیانداران بووە. چونکە منداڵ حەزی بە گیاندارانە، وەك (شێر و ڕێوی و سەگ و ....) ئەم جۆرە هەقایەتانە بیری منداڵ چاڵاك دەکەن. هەقایەتی گیانداران دەورێکی باڵای هەیە لە پەروەردەکردنی منداڵان.

ئەم جۆرە هەقایەتانە بۆ گەوران بۆ مەبەستی سیاسی یان کۆمەڵایەتی بەکاردێت، گەورەش چێژی لێ دەبینێ.

هەندێك جاریش لە دەشتی هەولێر پێیان دەوت (مەسەلۆکە). ئەم جۆرە هەقایەتە[1].

- هەقایەت لە دەشتی هەولێر:

دیوەخانی ئاغاکانی دزەیی لە دەشتی هەولێر هەمیشە حەکایەتخوانی تێدابووە، زۆربەی خەڵکی گوندەکان لە دیوەخانەکانی ئاغاکان کۆ دەبوونەوە لەوێش گوێبیستی ئەم جۆرە هەقایەتانە دەبوون.

هەقایەتخوان گرنگی زۆری هەبووە لەنێو دیوەخانەکان ڕێزی لێ گیراوە، ئەمانە کەسانی زۆر شارەزا و بیر تیژ بوونە، لێزان بوون لە دروستکردنی ڕووداوەکان و گێڕانەوەیان.

نموونەی هەقایەتێکی دەشتی هەولێر وەردەگرین. بە شێوەیەکی کورت باسی دەکەین، هەقایەتی

**((گور و سنۆبەر))**

پاشایەك هەبوو .... تاقە کوڕێکی هەبوو. زۆر خۆشی دەویست. کوڕە گەورە بوو تۆغیانی ژنهێنانی بوو، پاشا بە کوڕەکەی گۆت: دەمەوێ ژنی بینی پێم خۆشە مندارت ببینم، کوڕە گۆتی کیژی فران پاشام دەوێ، کیژی ئەو پاشایە شەرتەکی هەبوو.... هەر کەسێك دەچووە داخوازی پێی دەگۆت: حەکایەتی گور و سنۆبەرم لۆ بگێڕەوە، یان لە کن هەر کەسەکی هەیە و گێت لێ دەبی، دەبی لۆم بینی ئەوە گرۆی منە، ئەگەر جێ بە جێ دەکەی مێردت پێ دەکەم[2].

کوڕە دەڕوا بەدوای ئەم بەسەرهاتە تا دەیدۆزێتەوە. دەچێتە شارێك. لەم شارە دەچێتە دیوەخانی پاشاکە دادەنیشێ. دەڵێ بۆ زانینی ئەو هەقایەتە هاتووە، پاشا دەڵێ گەر بۆت باس بکەم لەسەرت دەدەم، وەك ئەم خەڵکانەی تر. کوڕە پاشاکە بە مەرجی پاشا ڕازی دەبێت. دەیباتەوە ماڵی خۆی هەقایەتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، تاوەکو تەواو دەبێت. لە کۆتایی دەڵێ تەواو تۆش دەبێ وەك ئەوانی تر لەسەرت بدرێ. کوڕە پاشا زۆرزانە، فێڵێك دەکات، دەڵێ کاتم پێ بدە دەست نوێژ بگرم دوو ڕکات نوێژ بکەم، پاشا ڕازی دەبێت. ئیتر لەم ماوەیە کورتە دەرفەت وەردەگرێ هەڵدێ و دەگەڕێتەوە لای کچە پاشا هەقایەتەکەی بۆ دەگێڕێتەوە. ئەویش ڕازی دەبێت شووی پێ دەکات وەك هاوسەری ژیانی.

1 - چاوپێکەوتن (جەمال گردەسۆری ٢٠٢٢/٦/٣ هەولێر، کات ٥ی عەسر).هەولێر،گەرەکی منتکاوە.
2 - ئاواز دزەیی، شەوانی دوگرتکان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥، لا ٦٥.

_ پەیامی هەقایەتەکە:
١_ ئیشق وا لە مرۆڤ دەکات هەموو شتێك بکات، لەپێناو خۆشەویستەکەی، وەك کوڕە پاشا مەرگ هەڵدەبژێرێ بۆ گەیشتن بە ئاشقەکەی.

٢_ زۆرجار مرۆڤ بۆ دەربازبوون لەکاتی ناخۆشی و تەنگانە، ئایین وەك وەسیلەی دەربازبوون بەکاردەهێنێ وەك کوڕە پاشا بە فێڵی نوێژکردن خۆی دەرباز دەکات.

بەشێوەیەکی گشت زۆربەی هەقایەتەکان لەم چوارچێوە گشتییە دەردەکەون:

١_ هەمیشە ململانێی نێوان خێر و شەڕە، لە کۆتاییدا لایەنی خێر سەردەکەوێ.

٢_ زمانی هەقایەتەکان ڕوونە و ئاسانە زۆربەی خەڵکی تێی دەگات.

٣_ چێژ بەخشە، بۆ هەموو تەمەنێك دەبێت. مرۆڤ حەزی پێی دەکات.

٤_ زۆرترین واتا و مەبەست دەدات بەدەستەوە.

٥_ زۆرجار پەیامەکان سیاسین، یان کۆمەڵایەتین.

٤_پەندی پێشینان:

لە کۆنەوە سەرگوزەشتە و ڕووداوەکانی ژیان بوونەتە پەند و قسەی نەستەق، لە ئەنجامی تاقیکردنەوە و ئەزموونی ژیان هاتوتە بەرهەم، هەڵگری گەلێك بیرۆکەی جوانن، پشتاوپشت لە ڕێگای باوان و باپیرانمانەوە، سینە بە سینە بۆمان ماوەتەوە تا ئێمەش سوودیان لێ وەرگرین، ڕۆژانە بەکاریان دەهێنین.

پەندی کوردی وەك چەمك چەندین ناوی جیاجیای هەیە، بەپێی جیاوازی شێوازەکان لە هەموو ناوچە کوردنشینە کان، لە هەندێ شوێن پێی دەوترێ ( پەندی پێشینان، یان قسەی پێشینان، مەسەلەی پێشینان، قسەی یاڤان، مەسەلە و مەتەڵۆك،......)[1] .لە دەشتی هەولێر پێی دەڵێن پەندی پێشینان.

پەند بەشێکی بە نرخی سامانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردییە، لە( ئەنجامی تاقیکردنەوەی یەك لەدوا یەکی ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی دێتە بوون، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی دەوڵەمەند دەکات. دەبێتە خشتێك لە خشتەکانی دیواری باڵەخانەی فۆلکلۆر).[2] فۆلکلۆری کوردی و هیچ نەتەوەیەك خاڵی نییە لە پەند و قسەی نەستەق، بگرە وەکو ژانرێکی سەرەکی بە نرخ لە ئەدەبیات سەیر دەکرێ، چونکە هەڵقوڵاوی ناخی مرۆڤایەتییە، بۆیە هەر میللەتێك بۆ خۆی خاوەنی ئەم جۆرە ئەدەبیە.

ئەم پەندانە هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە وەك (مێژوویی، ئابووری، سیاسی، ڕۆشنبیری، پیشەسازی، ئایینی، ..... ).

---

1 - نەسرین قادر زرار، پێگەی کۆمەڵایەتی ئافرەت لەبەر ڕۆشنایی پەندی کوردی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٣٢)، ساڵی ٢٠١٤.
2 - سوعاد سەعدی شێمێت، لایەنی کۆمەڵایەتی لە پەند و قسەی نەستەقی کوردی، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر ژمارە (٤٣)، ساڵی ٢٠٠٩.

لە سەردەمی ڕابردوو ژیان زۆر سادەبوو، مرۆڤ ئەزموونی ژیری خۆی بەکاردەهێنا بۆ بەڕێکردنی ژیانی خۆی، لە سەرەتا کاتێك مەڕداری دەکرد، دواتر خەریکی کشتوکاڵ بوو. هەندێك لە ئاژەڵەکانی سوود لێ دەبینی بۆ یارمەتیدانی خۆی لە کاروباری ڕۆژانەی. هەندێ ئاژەڵیان ماڵی کرد بۆ بەرگری کردن لە خۆی و پاراستنیان.

بێگومان هەموو ئەمانە کۆمەڵێك پەندی نایابیان بەرهەم هێنا، بگرە زۆرجار لە سەردەمی ئەمڕۆش سوودی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ نموونە کاتێك پێشینان دەڵێن: (بزنی پۆش ئەمن و تو خۆش، بزنی بەلەکار لەوێ بو مردار، بزنی بەلەمس هەرلێی مەپرسە)[1]. سەردەمی شوان کاری و بەخێوکردنی ئاژەڵە، مەبەستی فێڵکردنە لە خەڵکی سادە. بۆ سەردەمی ئەمڕۆش دەبێت.

چەند ناخۆش بوو گەر لە ڕۆژێك چەند خەتێکیان بۆ جووتکردن ئامادە بکردبایە. پاش چەند ڕۆژێك هێواش هێواش زەویەکە تەواو دەبوو، ئامادە بو بۆ چاندنی گەنم یان جۆ. واتە مرۆڤ دەبێ هەوڵبدات نابێت خۆی بداتە دەست قەدەری ژیان. کارکردن و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بژێوی ژیان پێویستی بە ماندووبوون و هەوڵدانە. دەتوانین بۆ سەردەمی ئەمڕۆش سوود لەم پەندە وەربگرین. ڕاستە جۆری بەڕێکردنی ژیان گۆڕاوە، بەڵام بەردەوامی ژیان و کێشە و گرفتەکان بۆ مرۆڤایەتی هەر بەردەوامە.

ئەم پەندانەی پێشینان هەریەکەیان وانەیەکی جوان بەدەستەوە دەدەن، کە سەیر دەکەین بە زۆربەی لایەنەکانی ژیان شۆڕ بۆتەوە، ( پەندگێرەوە مەبەستی وشیارکردنەوە و فێرکردنی بەرانبەرە، بۆ ئەوەی بەرانبەرەکەی جارێکی تر لە هەمان هەڵەی پێشووی نەکات. یان گەر ویستی کاری پێ بکات بزانێ چۆن و لە کوێ دەست پێبکات)[2].

پەندی پێشینان بە زمانێکی ڕون و ساکار نوسراوە، ئەوپەڕی ڕەوانبێژی تێدا بەکارهاتووە، تاوەکو ئەو کەسەی ئاراستەی دەکرێ بتوانێ لەلای بمێنێتەوە و کاری تێبکات، چونکە پەندی پێشینان ئامۆژگاری و ڕێنمایی ژیانە، لە ڕێگای زمانێکی ناڕاستەوخۆ و زمانێکی ڕێك و پێکەوە دەردەبڕێت و لەلای وەرگرش سودبەخش دەبێت، بەڵام ڕێنمایی و ئامۆژگاری بە زمانێکی رەق و وشك، کاریگەری نابێت، زۆرجار کەسی بەرانبەر پێی خۆشە نابێ و پەیڕەوی ناکات.

- ناساندن و پێناسەکردنی پەندی پێشینان:

تاکو ئێستا شارەزایان و پسپۆڕان بە چەند جۆرێکی جیاواز پێناسەی پەندی پێشینانیان کردییە، هەر کەسێکی هۆشیار و ئاقڵ مەند، بە شێواز و بیرکردنەوەی خۆی پێناسەی کردووە ڕای خۆی دەربڕیوە. سەرەتا بەڕێز مامۆستا (عەلائەددین سەججادی) دەفەرموێ (چۆنیەتی ژیان و ڕەوشت و بیر و باوەڕیان چ لە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی، چە لە باری ڕەوشتی خێزان و کەین و بەینی ژیان تێکڕابێ، چە لە بارەی دەوڵمەندی و هەژاری و پایەی دونیاییدا پیشان ئەدەن)[3].

---

1 - عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٨.
2 - ئیدریس عەبدوڵڵا، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری، بەرگی دووەم، حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، لا ٧.
3 - عەلائەدین سەججادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی کوردستان، سنە، ١٣٩١هەتاوی، لا ١٣٩.

نووسەری گەورەی جیهانی (مەکسیم گۆرکی)دەڵێ :(ناتواندرێت مێژووی راستەقینەی هیچ گەلێك بزانرێت، ئەگەر ئەو بەرهەمانە نەزانرێت کەدەماو دەم گێردراوەتەوە).

نوسەری ئەمریکی (ئارپر تایلۆر)لەکتێبەکەی قسەی پێشینان‌دا بەم جۆرە لێی دەدوێ، دەڵێ( قسەی پێشینان ڕستەیەکی رێك و پێکی جوان دارشتراوە، وەك وتەیەکی بەتوێکڵ و پڕ مانا لەناو خەڵکدا بڵاوبۆتەوە، ئادەمیزاد بیری لێ دەکاتەوە.)[1].

پەندی پێشینان بریتییە لە (ڕستەیەکی کورتی سادە یان لێکدراوی سەر زرای و ڕەمەکی مەردوم یان پەخشانێکی ڕازاوە، یان یەك دوو هۆنراوەی چەمك و واتای گەورە دەدەن بە دەستەوە لە بۆنەیەکی جوانی کوردیدا دارێژراون)[2].

یاخود دەڵێن پەندی پێشینان( بەشێکە لە ئەدەبیاتی فۆلکلۆر، زۆرینەی خەڵك لە کۆڕ و دانیشتنە تایبەتییەکاندا دووبارەی دەکەنەوە، دەیکەنە یاسا و بنەمای ئەوتۆی فەلسەفەی ژیانی خۆیانی لەسەردادەمەزرێنن، لە ڕوانگەیەوە بۆ شتەکان دەڕوانن)[3].

بۆیە پێمان وایە پەند بریتییە لە ڕووداوێکی چیرۆك ئامێز، هەموو پەندێك ڕووداوێك یان چیرۆکێکی لە پشتە. بە چەند وشەیەك واتایەکی زۆر دەدات بە دەست. واتایەکی شاراوە و قووڵی هەیە، لەگەڵ واتایەکی ئاشکرا زۆربەی خەڵك تێی دەگەن.

- مێژووی پەندی پێشینان و قسەی نەستەق لەلای کورد:

ئێمە ناتوانین بە شێوەیەکی ڕەها مێژووی پەند دیاری بکەین، بەڵام هەندێك پەندی پێشینان هەیە، دەتوانین سەردەمەکەیان دیاری بکەین، ئایە ئەو پەندە هی کام سەردەمە. بۆ نموونە کاتێك دەڵێین (ژنم دەوێ ژنانە، گۆشتەکەی بخوا، پیستەی بکاتە هەمبانە) واتا کاتێك ئاژەڵەکیان سەربڕیە گۆشتەکەیان خواردووە، پێستی ئاژەڵەکەش بە سوود بووە، ژنێك بێت ئەو پێستەی خۆش بکات، بۆ زۆر مەبەست بەکار بێ. ئەمە زیاتر لە سەردەمی سەرەتای دروستبوونی پیشەسازییە. یاخود هەندێ پەند هەن هی سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلام و هاتنی بۆ ناو کوردەکانە، وەك کاتێك دەڵێ (ئەگەر جارێك فێڵت لێکردم خوا بتگرێ، گەر دوو جار فێڵت لێکردم خوا بمگرێ) ئەو پەندە لە خوێندنەوەی دەردەکەوێ کە مێژووی بۆ دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلامە، فەرموودەی پێغەمبەرە (د.خ) فەرموویەتی (الا یلدغ المؤمن من جحر مرتین) واتا مرۆڤی ئیماندار دوو جار لە کونێك زیندەوەر پێوەی نادات. لێرەدا شێوەیان لێك نزیکە[4].

یاخود هەندێك قسەی نەستەقمان هەیە دەزانین ئەوەیان زیاتر هی سەردەمی کشتوکاڵییە وەك کورد دەڵێ (ڕۆژی لاتەك، ساڵی وڵاتێك) ئەمە زیاتر مەبەستی سەردەمی زەوی کێلان و تۆکردن و کشتوکاڵ کردنە.

لەگەڵ هەموو ئەمانە هەندێك پەندمان هەیە مێژوویان دیار نییە، بۆ ئەزموونی ژیری و بیری مرۆڤایەتی دەگەڕێتەوە، ئەمانە بۆ هەموو سەردەمێك ئاساییە بوترێ، زیاتر لە شێوەی قسەی

---

1 - سوعاد سەعدی شێمێت، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٣.

2 - هۆشمەند سەمەد سەعید، ڕەنگدانەوەی کاری چاکە و خراپە لە پەندی پێشینانی کوردی، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٤٤)، ساڵی ٢٠٠٩، لا ٤٧.

3 - ئیدریس عەبدوڵڵا، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٨.

4 - هیمداد ئەنوەر ئیبراهیم، ڕەنگدانەوەی کاری چاکە و خراپە لە پەندی پێشینانی کوردی، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٤٤)، ساڵی ٢٠٠٩، لا ٤٧.

نەستەقە، مێژوویان دیار نییە. وەك (سار بە سار خۆزگەم بە پار، ماندی و مردی ڕەنج با بردی، ئەوەی لەبەر چاوانە لەبەر درانە، ....).
- ڕوخسار و ناوەڕۆکی پەندی پێشینان:
**ــ ڕوخساری پەندی پێشینان:**

بەشی زۆری ئەو نووسەرانەی لەسەر پەندی پێشینان کاریان کردوە دووجۆرن، بەشێکیان تەنیا کۆیان کردۆتەوە بەبیر و ڕای خۆیان لێکیان داوەتەوە، بەشەکەی تری نووسەران بەشێوەیەکی ئەدەبی نایاب باسی پەندیان کردووە. وەك ئەدەبێکی باڵای نەتەوەیی ناساندویانە، لەوانە مامۆستایان :(اسماعیل هەقی شاوێسی،شێخ محمدی خاڵ،دکتورە شوکریە رەسول، دکتورە کەوسەر گەلالی، عومەر شێخەڵادەشتەکی ...).

ئێمە لێرەدا باسی پەندەکانی دەشتی هەولێر دەکەین، مامۆستا عومەر شێخەڵا پشکی شێری بەردەکەوێ لەم بوارە دا، بۆ زۆربەی پەندەکان چیرۆکی نووسیوە. هۆشیار نوری لەك،گوڵبژێریك لە پەندی کوردی نووسیوە، کاروان عوسمان پەندی پێشینانی چاپ کردوە. چەندین بابەتی جۆراو جۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لە سەرروخسار و ناوەڕۆکی پەند بڵاو کراوەتەوە. لەڕووی ڕووخسار و شێوە پەندەکان بە زۆر شێوە دەردەکەون، هەیانە تاکە ڕستەیەکە، یانە لە شێوەی پەخشانێکی ڕەوان دەربڕاوە، بۆ نمونە پێشینان دەڵێ (پاپای کەرە، چەنگ چەنگی مەیاسە، سەرم دەرناچی لەو کار و باسە) ،(وانەکانی ماستەری دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن لەسەر پەندی کوردی ) لێرە وەکو پەخشانێکی ڕەوان دەربڕاوە، هەشیانە لە شێوە شیعرە، بۆ نموونە پیرەمێردی شاعیر کاتی خۆی سوودی لەم جۆرە پەندانە وەرگرتووە، بە کەمیك دەستکاری، بە ئاوازێکی خۆش دەری بڕیوە. کێش و سەرواى بۆ دروست کردووە، بەناوی پەندەکانی پیرەمێرد ڕۆیشتووە، زۆربەی شاعیرانی تر سوودیان لەم پەندانە وەرگرتووە وەك مەحەت بێ خەو دەڵێ:

(ڕاستە پەندی باپیرانی بەهادار

جام کە پڕ بوو لەسەری دەڕژێتە خوار)[1].

- ناوەڕۆکی پەندی پێشینان:

ناوەڕۆکی پەند بەرز و واتادارن، ئەگەر لە پەندەکان وردبینەوە دەبینین ناوەڕۆکەکەی زادەی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە و بۆچوونی سەردەمانێکی ڕابردوو پێشینانی هەموو چینوتوێژەکانی ئەو گەلەن، بە شێوازێکی چڕ و پڕی واتادارە، بۆ مەبەستێکی دیاریکراوی سەرزاری کۆمەڵ داڕێژراون، لە جووتیارێکی نەخوێندەوار تا دەگاتە گەورەترین پلە و پایەی کۆمەڵ وەك یەك لە کرۆك و ناوەڕۆکەکەی دەگەن و دەقیان پێوە گرتووە.

ناوەڕۆکی زۆربەی پەندەکان ئامۆژگاری و پێشکەش کردنی وانەیەکی ژیان و ئاگادارکردنەوەی کەسانی بەرامبەر، بۆ ڕووداوەکانی ژیان.

---

1 - مەحەمەد بێ خەو، دیوانی بێ خەو، حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

- پەندی پێشینان لە دەشتی هەولێر:

بەهۆی فراوانی دەشتی هەولێر، سنووری قسەپێکەرانی ئەو زار و بنزارە دەوڵەمەندە بە بەشکانی فۆلکلۆر، بەتایبەت پەندی پێشینان، ئێمە لێرەدا باسی ئەو پەندانە دەکەین زیاتر بە شێوەی بنزاری دەشتی هەولێر دەربڕاوە. پۆلێنی دەکەین بۆ سەر چەند بەشێك، لەوانە:

**بووك لە پەندی پێشینان لە دەشتی هەولێر، بۆ نموونە:**

_ بووکێکمان هێنا بێ بارگە و بنە، کوتەك هەڵدەگرێ ئەڵێ نۆرەمە [1]

_ بووك نیتی شیوی شەوێ، ئەنگوستیلەی دەستی دەوێ [2]

_بووکمان هێنا مارمان سۆرکا نەگ لەگەڵ ترێ چاومان سۆرکا [3]

_ بوکێ لەگەڵ توومە خەسوو گوێ بگرە.

**_ ژن و پیاو لە پەندی پێشینان لە دەشتی هەولێر:**

_ ژنی بەرە سەر خەنجەران، مەییەوە سەر کەسەران.

_ ژنی کەچەڵ بە مووی کچی خاری دەنازی [4].

_ ژن و تفەنگ و ماین، لە کن کێ بن هێ وییە .

_ شۆ بە ژن پێم نەوتی گوتی جەنابی شێخ تێدەکوتی.

_ ژنی شەرمن شارەکی دەینی، پیاوی شەرمن شەیەکی ناینی[5].

_ ژن بە بێکەسی هار دەبی پیاو بە بێکەسی هەژار دەبی.

_ پیاو ئەگەر هەنجەتی بە ژنی بگرێ، دەرێ لە ئارد بێشتن قونت دەجوڵێ.

_نەم دبایە دایکی ، دەمردم لە حەسرەت باوکی[6].

- گیانداران لە پەندی پێشینان:

_ مانگا بەدزی کەڵدەخوات، بەئاشکرا دەزێت[7].

---

1 - هۆشیار نوری لەك، گولبژێرێك لە پەندی کوردی، چوارچرا، هەولێر، ٢٠٠٦، لا ٤٦.
2 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
3 - حەمید ڕەشاش، پەندی کوردی، چاپخانەی سپیرێز، دهۆك، ٢٠١٠، لا ٤٣.
4 - پەخشان سابیر، هەڵبژاردەی ژن ئامێز، گۆڤاری ئەکادیمی کوردی، ژمارە (٢٠)، ٢٠١٠، لا ١٨٩.
5 - عومەر شێخەڵلا دەشتەکی، پەندی کوردی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٢، لا ٥٤.
6 - بڕیار مخموری، پەندی پێشینان، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە(٣١)، ساڵی ٢٠٠٧، لا ٥٣.

_ بزن ئەجەلی بێ نانی شوانی دەخوا.

_سەی دەخەسێنی بە یەك عانە. دەستی گراو دەكات بە دوو عانەی.

_ گاڕان بە گاوە دەڕۆیی، پیرێژن لە گۆلكی سۆری دەپێچیەوە.

_ گا ڕیخی نەكا كە كردی بە لاچاوی پیاوی بێ غیرەت دابكا. (دەشتەكی ،1985، 98(61

_ جاشكی باری لە یەك ساری. (دەشتەكی، 1985، 99(43

_ ئەگەر مەڕم نەدیتبێ لە پەرێزێ، خۆ قشپلم دیتیە لە هەوێزێ.

ئەو پەندانەی لەدەشتی هەولێر بەكارهاتوون بەشێوەی تێكەڵ گشت لایەنەكانی ژیانی گرتۆتەوە:

ئەو پەندانە هەموو لایەنەكانی ژیانی مرۆڤایەتی گرتۆتەوە، ئێمە نامانەوێ لێرە زیاتر باس بكەین. هەندێك پەندی تێكەڵاوی باس دەكەین لە زۆربەی بوارەكانی ژیانی دەشتی هەولێر بەكارهاتووە، بۆ نموونە:

_ ئەگەر خودا بدا دەمێ، دێری دینمە سەر هەرشەمێ، ئەگەر خودا نەدا دەمێ

سندان لە دێریدا، دوازدان لە هەرشەمێ [1].

_ ئەگەر دەبی بە ژنە جۆرە، پێت دەدزی ڕیسو كلۆرە، قەبر تەنگە عەزاب زۆرە

ئەگەر دەبی بە مەلاژن، پێ بە خرخار دەست بە بازن، خەركی نوشتەت لێ دەخوازن

_ ئەوەی لە مارێ بابت سمیت، لێرەت بسمیبوایە، ئەوەی لێرە دەسمی لەوێت بسمیبووایە

_ بە سمخڕێ و بە قوزخڕێ، كەلكی شكارتەكەیان بڕی

_ نەخێری دی نەخۆشی ،دایم دەسورێ وەك تەشی[2].

_ جارەكیش بڕین بە هێ دایكە نەخۆشە، لەبەر چم نییە سەر و درم پێی خۆشە

_ جێ سمی كەرێیە، خەسرەتی ئەسمەرێیە

_ خەپەم تەڕە مەیتراشە، خزمان گوتیان زۆر باشە

_ هەتا جەڕەیەك دەشكێ هەزار گۆزە لەدەوری دەگەڕێ[3].

7 - سەدرەدین نوەدین ئەبوبەكر، قستەی نەستەق و پەندی پێشینان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا، گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر، ژمارە (٤٢)، ساڵی٢٠٠٩، لا ٣٦.

1 - عومەر شێخەڵلا دەشتەكی، پەندی كوردی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغداد، ١٩٨٥، لا ٦١.

2 - بڕیار مخموری، پەندی پێشینان، گۆڤاری ئاسۆی فولكلۆر، ژمارە(٣٥)، ساڵی ٢٠٠٧، لا ٧٢.

3 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

_ عەولا ڕەشە، ئەو هەر بەشە

_ زستان سەپانە، هاوین تێلەکێش

(هەموو ئەو پەندانە چیرۆکیان لەگەڵە). زۆر جار لەگەڵ پەندی پێشینان دەستەواژەی قسەی نەستەق بە دوای دێ. قسەی نەستەق بەشێکی پەندە، پێمان وایە هەموو پەندەکانی پێشینان قسەی نەستەقە، بەڵام هەموو قسەی نەستەقەك، پەند نییە جیاوازی هەیە لە نێوانیان.

قسەی نەستەق بەهۆی ئەزموونی تاکەکەسی بەڕێکردنی تەمەنێك، ژیری و ئەقڵمەندی مرۆڤ دێتە بەرهەم، جا پیاو بێت یان ئافرەت. زۆرجاریش تێکەڵ دەبن بە گۆتەی خەڵکی ئاسایی ، وانەیەکی گرینگی ژیانە، ڕاستەوخۆ بە کەسی بەرانبەر دەوترێ. هەموو کەس بە ئاسانی تێیان دەگات. زمانی دەربڕینی ئاسانە زۆرینەی خەڵکی گشتی قسەی پێدەکات و لێیان تێ دەگات. بە چەند وشەیەکی کەم واتایەکی بەرز پێشکەش دەکات. چەند نموونەیەك لەسەر قسەی نەستەق:

_ ئەو سەرەم لەبەر هەتاوێ سپی کردییە.(گۆتەی خەڵك)

_ میوان خۆشەویستی خودایە. (گۆتەی خەڵك)

_عەولا ڕەشە ئەو هەر بەشە. (قسەی نەستەق)

_ زمانت بگری، سەرت سەلامەتە.

_ دەو دەخوات، چاو شەرمێ دەکات. [1]

- جیاوازی نێوان پەندی پێشینان و قسەی نەستەق:

١_ پەند ڕووداوێکی چیرۆك ئامێزە، هەموو پەندێك ڕووداوێکی لە پشتە، بەڵام قسەی نەستەق ئەزموونی ژیری مرۆڤە.

٢_ پەند واتایەکی قووڵی هەیە لەگەڵ واتایەکی ئاشکرا، هەموو کەسێ بە ئاسانی لە پەندەکان ناگەن، بەلام قسەی نەستەق زمانی دەربڕینی زۆر ڕوونە، هەموو کەس تێی دەگات[2].

٣_ پەندی پێشینان چۆن بەسەر زمانی پێشیناندا هاتبێ ئاوا بەناو خەڵکەکەدا بڵاودەبێتەوە، باری ژیانێکی سادەتری دوور لە گرێ و کاری فەلسەفە دەردەبڕێ. بەڵام قسەی نەستەق لە مانا و ناوەڕۆکدا بەرز دەبێتەوە تا خۆی لە ئاسۆی فەلسەفە نزیك دەکاتەوە کەچی فەلسەفەش نییە[3].

٤_ قسەی نەستەق گوزارشت لە کاتی ئێستا دەکات، بەڵام پەندی پێشینان گوزارشت لە کاتی ئێستا و بەردەوامی دەکات.

٥_قسەی نەستەق بەشێکی قسەیە هەموو کارێك بە راستی دەرناخات، بەڵام پەند هەمیشە دووبەشە[4].

---

1 - سەدرەدین نوەدین ئەبوبەکر، قستەی نەستەق و پەندی پێشینان لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆدا، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٤٤)، ساڵی،٢٠٠٩، لا ٣٤.

2 - هیمداد انور ئیبراهیم، ڕەنگدانەوەی کاری چاکە و خراپە لە پەندی پێشینانی کوردیدا، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٤٤)، ساڵی ٢٠٠٩، لا ٤٦.

3 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

4 - شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، ئەمینداریەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٤، لا ٢٤.

٥_ئیدیۆم:

ئیدیۆم وەك كەرەسەیەكی زمان، پانتاییەكی فراوانی لە زماندا گرتووە، بەجۆرێك بووەتە سیما و تایبەتمەندی زمان و جیاوازی كەلتوری نەتەوەكان، لە زۆر لایەنی كۆمەڵایەتی و سیاسی و دەروونی بەكاردەهێندرێت و لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆر چالاكە. بەتایبەتی ئەو تایبەتمەندییەی لە پێكهاتەی ئیدیۆم دا هەیە، چ لە فۆڕمی دەربڕینەكەدابن لە هەڵگرتنی ئەو واتایەی كە ئاراستەی كەسانی مەبەستدار دەكرێت، ڕۆژانە لە هەلوێستە جۆرا و جۆرەكاندا خۆیان دووبارە دەكەنەوە. زۆرجار بەكارهێنانی ئەو ئیدیۆمانە دەبێتە خاڵێكی گرنگی كارای قسەكردن، چونكە (ئیدیۆم لە ئاراستەكردن و بەكارهێناندا ئامانجگیرە، مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە، هەر لەبەر ئەمەشە لە بەكارهێناندا لەكاتی گرژی و كێشەیەكدا وەك كەرەسەی هەقبێژی و یەكلابوونەوەی بابەتێك لەكاتی قسەكردن و لە هەڵوێستی جیاوازدا خۆی دووپات دەكاتەوە) [1].

ئیدیۆم لە ڕووی پێكهاتنەوە (دەشێت وشەیەك بێت یان جووتە وشە، یان چەند وشەیەك بێت كە پێكەوە گونجاو بێت. یان ڕستەیەك یان چەند ڕستەیەكی پێكەوە بەند بێت. ژمارەیەكی زۆری وشە لێكدراوەكان ئیدیۆمن، چونكە واتایەكی مەجازی جیا لە وشە ڕەسەنەكانی خۆیان دەدەن و ئەوەی زمانی كوردی بزانێت بە ئاسانی لە واتاكانیان دەگات. وەكو دەست كورت، زمان درێژ)، .... [2].

لە زمانی كوردیدا وەك زمانێكی دیكەی سەر ئەم زەمینە، جگە لە وشەی جیاجیا. كە دانەی زمانن. هەروەها پێكهاتنی ئاڵۆزیش هەیە كە پێی دەوترێ ئیدیۆم، وەك (لە بنی كودیدا، جادەی دەپیوی، لە قەلانی كردین و لە كۆترانیش، لموزی خوارە، ... ) [3].

هەندێك لە پسپۆران بەم شێوەیە پێناسەی تایبەتیان بۆ ئیدیۆم كردووە ، بەڕێز محەمەد مەعروف فەتاح لە پێناسەی ئیدیۆم دەڵێ (بریتیە لەو تێكەڵی و تێكچڕژانەی كە وشەی ئاسایی دوو بەش یان زیاتر پێك دێنن. ئەو واتایەی كە دێتە كایەوە لە ئەنجامی ئەو تێكەڵییەوە لە واتای كەرتەكانەوە یان پەیوەندی ڕێزمانی ئەم كەرتانە پێشبینی ناكرێت) [4].

بەڕێز دكتۆر فەتاح مامە لە تێزی دكتۆراكەی لەژێر ناوی (ئیدیەم لە زمانی كوردیدا) بەم شێوەیە پێناسەی ئیدیۆمی كردووە، دەڵێت (بریتیە لەو دەربڕینانەی كە لە ڕواڵەتدا دانەی ڕێزمانین. بەڵام لە ژێرەوە زڕدانەی واتاسازین. لە سەری ڕێكەوتوون و خۆیان لە زماندا چەسپاندووە) [5].

1 - هەڵمەت بایز، ئیدیۆم لە ڕواندز و دەوروبەری، بڵاوكراوەی سەنتەری هەندرێن، زانكۆی سۆران، ٢٠٢٠، لا ٢.

2 - جەلال محمود عەلی، ئیدیۆم لە زمانی كوردی، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی، بەغداد، ١٠٨٢، لا ٢٢.

3 - ئاوڕەحمانی حاجی مارف، گۆڤاری بەیان ژمارە (٦٣)، كارێكی گەورە لە باسی ئیدیۆم لە زمان و فەرهەنگی نووسینی كوردی، ١٩٨٠، لا ٤٠٣.

4 - محەمەد معروف فەتاح، دیسان ئیدیۆم، گۆڤاری كۆڕی زانیاری عێراقی، دەستەی كوردی، بەرگی ١١، چاپخانەی كۆڕی زانیاری عێراقی، بەغداد، ١٩٨٦، لا ٦٣.

5 - فەتاح مامە، ئیدیۆم لە زمانی كوردیدا، تێزی دكتۆرا، زانكۆی سەلاحەددین، كۆلێژی ئاداب، هەولێر، ١٩٩٨، لا ٣٨.

لە پێناسەیەکی تری ئیدیۆم بەم شێوەیە باس کراوە. (ئیدیەم بریتیە لەو دەربڕاوە زمانییەی کە لە شێوەی وشەی لێکدراو و گرێ و ڕستە دەبینرێت. هەڵگری پێکهاتەی ڕێزمانی و واتاییە. واتاکەشی لە فەرهەنگ و کەرتە پێکهێنەرەکانی نییە، بەڵکو لە نێو کەلتوور و دەوروبەر و نا فەرهەنگی بەدی دەکرێ) [1].

بە کورتی ئیدیۆم ئەو دەستەواژەیە، یان ئەو ڕستەیە کە مانایەکی مەجازی جودا لە مانا ڕاستەیەکەی خۆی هەڵدەگرێ، بە جۆرێك ئەوەی ئاشنایی لەگەڵ ئەدەبیاتی کەلەپوری نەتەوەکەی خۆی هەبێت بە ئاسانی تێیان دەگات. وەك دەستی کورتە، زمان درێژ ... .

ئیدیۆم تێکەڵاوی زۆری لەگەڵ هونەرەکانی ڕەوانبێژی هەیە، هەروا لەگەڵ پەند و مەتەڵ زۆر تێکەڵن. هەندێك جار زۆر ئەستەم دەتوانرێ جیاوازی بکرێ لەگەڵ پەندی پێشینان. شایانی باسە ئیدیۆم لە زۆر کاتدا تێکەڵاوی ئەوتۆی لەگەڵ (پەندی پێشیناندا هەیە کە لێك کردنەوەیان ئاسان نییە، ئەوەندە نەبێت کە هەموو ئەو بێژانەی ڕستەی تەواو پێك ناهێنن بەڵکو (گرێ) یان دەستەواژەن، دەچنە بن چەتری ئیدیۆمەوە )[2].

بۆ نموونە تەڵەکەبازە، تڵپی تەڕی تیا نەماوە، ئەمە مانای وانییە هەموو ئیدیۆمێك ئەوهایە و ڕستەی تەواو پێك ناهێنن.

هەرچی پەندی پێشینانە زۆربەی هەرە زۆری لە سەربوردە و ڕوداوێکەوە دروست بووە، لە شێوازی دەربڕینی کورت و پوخت و ئامانج داردا ئاماژەی بۆ کراوە، بۆتە وانەی ئامۆژگاری بۆ خەڵکەکە، بەڵام ئیدیۆم ئەو تایبەت مەندیەی نییە و زیاتر پەیوەستە بە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵك.

لەگەڵ مەتەڵ بەهەمان شێوە تێکەڵاون، بەڵام مەتەڵ دەربڕینێکی هونەرییە لە بەرگی پرسیاردایە، پرسیارەکەش تەمومژاویە و وەڵامەکەشی شاراوەیە[3].

واتا مەتەڵ لە شێوەی پرسیار و وەڵام بۆ زاخاوی مێشك و کات بەسەربردن دروست بووە، وەڵام دانەوەشی پێویستی بە بیرکردنەوەی ورد و قوڵە.
هەندێك لە ئیدیۆمەکانی دەشتی هەولێر:
_ کۆزو شەشە/ تێروپڕ_ واتا کاڵا بەقەد باڵایە.. [4].(لە یاری کۆسانێ هاتوە، ئەم یارییە لە نێو مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتەی کۆیە دەکرێت)
_ کەر لە کێ کەتیە و کوندە لە کێ دڕایە/ واتا بابەتەکە لە کوێیە و تۆ باسی چی دەکەی یان لە چی دەدوێی.
_ دەزانی چەند مووی بە قونی وەیە/ واتا زۆر شارەزایەتی.

---

1 - ڕزگار اسماعیل، تەلعەت محمد عزیز، گۆڤاری ئەکادیمی کوردی، پراگماتیکی ئیدیەم لە زاری کوردی ناوەڕاست، ژمارە (٤٦)، ساڵی ٢٠٢٠، لا ٣٥٧.
2 - خورشید خدر، هەندێ ئیدیۆم لە دەڤەری هەولێر، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٥٠) ساڵی ٢٠١١، لا ٢٥-٣٣.
3 - تۆفیق کەریم، کاریگەری ئیسلام لەسەر فۆلکلۆری کوردی، ب١، چاپخانەی تاران، هەولێر، ٢٠٢١، لا ٢٠٥.
4 - خورشید خدر، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

_ کەشکیش برای دۆیە/ بە دوو کەس یان دوو برا کە لە یەك بچن و جیاواز نەبێ، یان زیاتر بۆ کاری خراپە بچنەوە سەر یەك.
_ خۆ کەنگرە بێ کەس نییە/ واتا کەسێك بێ کەس بێ کەسی نەبێ وەك چۆن کەنگر لە دەشت دەڕوێ،و بێ خاوەنە[1].
_ لە فاك و فیکی خۆی ناکەوی/ واتا واز لە بەزم و ڕەزمی خۆی ناهێنێ، لەسەر کاری خۆی بەردەوامە.
_ خەنجەر لە کایە/ پیاوەتی بە شتێك دەکەی کە هی خۆی نییە یان کەسێك زۆر زیادە مەسرەف بکات.. [2].
_ کێشکە خۆی چییە چەلاوی هەبێ/ کەسێك بێ هێز و بێ توانا بێت هیچی لە دەست نییە و هەڕەشە دەکات.. [3].
_ ناو گەورەی دەرکە وێرانە/ واتا هەر بە ناو گەورەیە، ناوەڕۆکی هیچ نییە[4].

_ سەی لێ ئاوەگر دەبی/ واتا کەسێك ئەوەندە قەلپە و پیسە سەگ لێی ئاوەگر دەبێ لە سەگ پیسترە[5].

_ نۆکی بە نۆ پاران ناخوا/ تڕوتۆپی گەورەیە، خۆی لە یادکردوە کە ئەسڵی کێیە[6].

_ لۆ هاری هەر دەباری/ بە کەسێك دەڵێن بەختی باش بێت. لە هەموو شتێك سوود ببینێ.

_ باری قۆرە(باڵی قوڵە)/ کەسێکی سینگ فراوانە، پشووی درێژە.

_ پەڕۆی سۆر نەکەی/ ئەمە تایبەتە بە ئافرەتان زیاتر لە شێوەی نزا و پاڕانەوەیە، کاتێك بە کچێك دەڵێی، واتا شەوی یەکەمی بوکێنی نەبینی.

ئیدیۆمەکان گەلێك زۆرن، هەموو ئەمانە لەکاتی گفتوگۆی ئاسایی ڕۆژانە لە دەشتی هەولێر بەکارهاتووە، هەندێك تایبەتن بە گیانداران و ئاژەڵەکان هەندێك لە ئیدیۆمەکان تایبەتن بە پیاوان و ژنان. لێرەدا ئێمە هەندێك لە ئیدیۆمەکان پۆلێن دەکەین. هەر یەکە و سێ بۆ چوار ئیدیۆمی بۆ دەست نیشان دەکەین:

هەندێك لەو ئیدیۆمانەی تایبەتن بە پیاوان و ژنان:

| **بۆ پیاوان** | **بۆ ژنان** |
|---|---|
| _ پیاوی قەردار زمانی کورتە | ژنی ژنانە داینێ لە دیوەخانە |
| | ژن هەیە و ژنۆکەش هەیە |
| _ پیاو یەکجار دەمری | خۆ لە ژنە عەرەبەکە نین |
| _ ئیش لە پیاوان دەقەومێ | ژنی بدە ژن مردی |

1 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
2 - هەڵمەت بایز، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٦.
3 - خورشید خدر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٥ ـ ٣٣.
4 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
5 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
6 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

_ ئەو پیاوەی مێر بی شەوی تاریك زۆره            ژن لە پاش سارەکی..
مایین لە پاش مانگەکی مەحتی بکە[1]

1 - عەباس نادر، پڕۆژەی بڵاونەکراوە.

هەندێك لەو ئیدیۆمانەی تایبەتن بە ئاژەڵان:

_ کەر بکەوی ددانی دەشکێ/ بۆ شوێنێك یان ماڵێك زۆر هەژار بن هیچیان نەبێت، یان شوێنەکەی وشك و رەق بێت هیچی تیا نەبێ[1].

_ کەری بگێ سەقەتی دەکا/ کەسێك دەست لە هەر کارێك بدات تێکی دەدا[2].

_لە کەری تۆپیو دەگەرێ ناری بکێشی.

_ سەی نان دە سفرەی نان مەدە/ سەگ نان بدە، چونکە بە وەفایە، بەڵام مرۆڤی سپڵە نان مەدە، چونکە نە منەتی پێیە و نە شوێنی هیچ دەگرێت[3].

_ ڕێوی بە خۆی بە کونێ وەنەدەچوو، کەرۆشکەی بەگە خۆی دەدا، کەرۆشکە ئەو دڕکەیە بەکلکی ڕێوی دەنوسێ پوشو پاری پێوە دەبێ گەورە دەبێت. [4].

_ سەی لێ ئاوەگر دەبی.

-_ بەرخی نێر بۆ سەربڕین باشە..واتە(کوڕبەرگەی هەموو تەنگ و چەڵەمەیەك دەگرێت)[5].

هەندێك لەو ئیدیۆمانەی تایبەتن بە ڕووەك و میوەکان:

_ گندۆرە بە ڕەنگی نییە: لەوەیە کەسێك یا شتێك ڕەنگی ناشیرین بێت، بەڵام تامی خۆش بێت.

_ گیای هینایتە چۆکان: کاتێك کەسێك قسە دەکات شتی خۆش باس دەکات، دڵی بەرامبەرەکەی خۆش دەکات، شتەکان ئاسان دەکات[6].

_ دەرێی نیسکە بەر و پشتی نییە: بە کەسێك دەرێ کە هەرچی لۆ بکەی کە بەرژەوەندی نەما یەکسەر پشتت تێ دەکا، واتا بێ وەفایە[7].

_ سیری بخۆ و زوڕنای لێدە: کەسێك زۆر قسەی بکات و هەر داوای شتێك بکات کە بەرامبەرەکەی بۆی نەکات، وای پێ دەڵێن.

_ مێوژی لە گەردەنی دیارە: کە باسی کچێك دەکرێ ئەوها وەسفی دەکرێ کە زۆر جوان و ناسکە.

_ ئەتو گندۆرە خۆری یان بیستان ڕن: کەسێك چاکەی لەگەڵ بکەی خواردنی پێ بدەی دواتر بڵێ تۆ لەکێ ئەم خواردنەت دەست کەوتییە.یان لە کوێت هێناوە.

1 - جەلال محمود عەلی، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، ٢٠١٠، لا ١٦١.
2 - خورشید خدر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٥.
3 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
4 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
5 - فەتاح مامە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٥.
6 - هەڵمەت بایز، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠.
7 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

هەندێك لەو ئیدیۆمانەی تایبەتن لەسەر گوندەكانی دەشتی هەولێر:

_ هەرایە لە (هەمزە كۆری)[1].

_ دەرێی نێرەكەری (باشتەپە)یە.

_ بوویتە فشەی (بنەسراوە)ی [2].

_ ئێرە (جاستان)ە كیستان نییە[3].

_ هەزار جار بچیە (چەغەمیرە)ی.. ئاخری هەر دێیەوە سەر ئەو بیرەی

هەندێك لەو ئیدیۆمانەی تایبەتن بە عەورەتی پیاوان و ژنان:

داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەڕێز دەكەم، هەندێك لە وشەكان بەكارهاتوون، رەنگە شیاوی نووسین نەبێت، بەڵام ئەوە كەلتوری دیاری كۆمەڵگاكەمانە. بە شێوەی ئیدیۆم دەربڕاوە. من لێرەدا كەمێكیان دەست نیشان دەكەم:

_ دەرێی قوزەكەمتیاری پێیە.

_ خەنە زۆربی لە گونان دەدرێ.

_ قونی ڕەش كردییە.

_ كیر بە پەڕۆیان ئەستوور نابی.

_ تڕی لە قەدەر قوونی خۆی ناكات.

_ مریشك چاو لە قازی بكا قوونی دەدڕێ.

_ دۆشاو بە گونت.

هەندێك لەو ئیدیۆمانەی تایبەتن بە ئاو:

_ ئاو و ئاوەدانی.

_ لەسەر ئاو و ئاگرییە.

_ ئاو ڕۆناكییە[4].

_ دەرێی ئاشی ئاو لێبڕایە[5].

_ ئاو و ئاو چوو.

_ ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەوێت. *

---

1 - خورشید خدر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٧.

2 - عومەر شێخەڵڵا دەشتەكی، پەندی كوردی و چیرۆكەكەی، ئینستیۆتی كەلەپوری كوردی، هەولێر، ٢٠٠٦، لا ٤.

3 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

تێبینی/ زۆربەی ئەم ئیدیۆمانەم لە گفتوگۆی ڕۆژانە لە كەسانی بە تەمەن گوێ بیست بووم، لە كۆڕو دانیشتنەكان، لە یادم ماوە.

4 - هەڵمەت بایز، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٢.

5 - جەلال محمود عەلی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٩.

* تێبینی/ لە پۆلێن كردنی ئەو ئیدیۆمانە سوودم لە پرۆژە بڵاونەكراوەكەی مامۆستا عەباس نادر بینی لەگەڵ چاوپێكەوتنەكەی ڕۆژی ٢٠٢١/١١/١٧ بۆ جاری دووەم.

6_سەربوردە (سەرگوزەشتە, سوالفە)

ئێمەی کورد خاوەن خەزێنەیەکی دەوڵەمەندی بواری فۆلکلۆرین. بەتایبەت لە دەشتی هەولێر، بەهۆی تێکەڵ بوونی کۆمەڵایەتی لەنێو مرۆڤایەتی، ئینجا کارکردن بێت، ژن و ژن خوازی بێت، یارمەتیدانی یەکتر بێت ،...تا دوایی.

لەنێوان کۆمەڵگادا کۆمەڵێك سەربوردەی جوان و ڕاستی ژیان دروست بووە.

لەم بوارەدا نووسەر جەمال گردەسۆری جێ پەنجەی دیارە، چەند بەرهەم و لێکۆڵینەوەی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان لەسەر سەربوردە هەیە. لەوانە کتێبێك بەناوی نمەك کۆمەڵێك سەربوردەی کوردەواری جوانن، بەشێکی زۆری سەربوردەکانی دەشتی هەولێرەی کۆی کردۆتەوە، باس لە ڕاستی و چۆنیەتی ژیانی کوردەواری دەکات[1].

پرۆژەیەکی بڵاونەکراوەی هەیە لەسەر سەربوردەکانی دەشتی هەولێر بەڕاستی کارێکی ناوازەیە، زۆر گرنگە، لەڕووی زمان و دابونەریتی کوردەواری و مرۆڤایەتی بە گشتی. هەر کاتێك لە ئێمە ئینجا لە ڕابردووبێت یان داهاتوو، کۆمەڵێك سەربوردەی ژیانی تایبەتی هەیە، بۆتە وانەیەك لە کارەکانی ڕۆژانەمان.

سەربوردە ڕووداوێکی راستی ژیانە، زۆرجار وەك نوکتە بەکارهاتووە، لەڕێگای گێڕانەوەی ئەو سەربوردانە قسەی نەستەق و پەند و ئامۆژگاری دروست بووە. هونەری گێڕانەوەی سەربوردەکان کەسانی شارەزای دەوێ، لەوانەیە هەموو کەسێك نەتوانێ بە شێوەیەکی جوان و ڕێك و تەکنیکی گێڕانەوەی نەبێت، سەرنجی بەرامبەر بۆ لای خۆی کێش بکات.

ئەم سەربوردانە بەشێکی گرفتی کۆمەڵایەتین، یان ڕووداوی سیاسی و مێژوویین. کۆڕ و دانیشتنەکانی پێ دەڕازێتەوە، هەموو ئامادەبووان دەخاتە دڵخۆشی و پێکەنین.

سەربوردەکان ئەدەبێکی گرنگی فۆلکلۆرین، بەهۆی فراوانی سنووری دەشتی هەولێر پڕیەتی لە سەربوردەی خۆش و چێژبەخش. وانەی جوان دەبەخشنە مرۆڤایەتی. چەند سەربوردەیەك باس دەکەین، وانەی جیاواز دەبەخشن، بۆ نموونە:

زمان بەڵای سەرییە!

_ کابرایەك هەبوو، بەخۆی نەدەوەستا، دەبوو لە هەموو شتێکی قسەکی بکا، تێکەڵی هەموو کارێك دەبوو، ئەگەر هیچ نەبوایە، دەچووە سەر ئەو ڕێیەی کە دێتەوە ناو گوندی، غەریبەیەك بهاتبوایە پێی دەگوت: وەرە میوانی من بە! کابراش دەیگۆ: مەمنون.

ئیتر قسەکەشی دەکرد تێش دەکەوت، چونکە دووبارەی نەدەکردەوە و هەریەك جار بە غەریبەی دەگوت: فەرموو! خەڵك بەسەر فێری کەوتن، ئەوجارە یەك بەرەو گوندەکەیان هات، کابرای زۆربڵی، دیسانەوە لە پێشی وەستابوو پێی گوت: فەرموو مێوانی من بە! کابرای غەیبە گوتی: زۆر

1 - جەمال گردەسۆری، نمەك، ناوی چاپخانە نەنووسراوە، هەولێر، ٢٠٢١، لا ٣.

باشە! وڵاغەکەم لەکوێ ببەستمەوە! کابرای زۆربڵێ گوتی: وەرە لەسەری زمانی منی ببەستەوە! ئاخر ئەگەر ئەو زمانە بیهێشتبوایە، ئەمن لۆ ئەوها تووش دەبووم!! [1]

بەسەرهاتێکی راستەقینەی ژیانمان بۆ دەگێڕێتەوە، ئاگادارمان دەکاتەوە، پێویستە ئاگامان لە زمانمان بێت، تێکەڵاوی کاری کەس نەبین.

سەربوردەیەکی تر (هیچی لێ نەهاتووە):

_ لە ساڵانی حەفتاکان لە دەشتی هەولێر پیاوێکی نەخوێندەوار دێتە شاری، ڕۆژنامەیەك سەرەوخوار دەگرێت، دەبینی ئۆتۆمبێلێکی نوێی تیا دەبینێ، وای بۆ دەچێت ئۆتۆمبێلەکە وەرگەڕاوە، بۆیە دەڵێت ئەو ئۆتۆمبێلە وەرگەڕاوە و هیچی لێ نەهاتووە[2].

ئەمە نیشانەی نەخوێندەواری و کەمزانی و سادەیی ئەم جۆرە خەڵکەیە، ئەگەر ئۆتۆمبێل وەرگەڕێ چۆن دەبێ شکلی ئاوا جوان بێت؟

لە دەشتی هەولێر ژن وەك پیاو کاری کردووە، زۆر ماندوو بووە، ئیتر زۆر سەربوردەی خۆش دروست بووە لەسەر ژیان. یەکێك لەوانە: ((ژن)):

_ ((ژنەك بەپێی لانکی دەهەژاند، بە دەستی نیسکی بژار دەکرد، پیاوەکەی پێی دەڵێ: مادەم هەر بێ ئیشی هەندەك دوعای خێر بۆ باوکم بکە)) [3].

لە یەك کاتدا لانك هەژاندن و نیسك بژارکردنی پێ کار نەبووە، ئەمەش نیشانەی کۆمەڵگای پیاوسالارییە. ماندووبوونی ئافرەتە لەو کۆمەڵگایە.

هەموو ئەو سەربوردانە وانەی جوان دەبەخشن بە ژیان، کۆڕ و دانیشتنەکانی پێ دەڕازێتەوە، زۆرجاریش وەك نوکتە باس کراوە، یان گرفتێکی کۆمەڵایەتی پێ چارەسەر کراوە، لە ئەزموونی ئەمانە پەند و قسەی نەستەق دروست بووە.
جیاوازی نێوان هەقایەت و سەربوردە:
هەقایەت ڕووداوێکە زۆرجار خەیاڵ ڕۆڵی تێدا دەگێڕێ. بەڵام سەربوردە ڕووداوێکە ڕاستی ژیان نمایش دەکات.
هەقایەت لەسەر زمانی گیانداران وەك ڕەمز بەکارهاتووە بۆ گەوران و بۆ منداڵانیش تایبەتمەندی خۆی هەیە. بەڵام سەربوردە زیاتر تایبەتە بە مرۆڤی پێگەیشتوو، ڕووداوەکانی لەناو منداڵدانی کۆمەڵگا سەر هەڵدەدەن، وەك خۆی باس دەکرێ.
لەسەردەمی ئەمڕۆمان هەقایەت بەرەو کەمبوونەوە و نەمان ڕۆیشتووە، بۆتە بناغەیەك بۆ چیرۆکی کوردی، بەڵام سەربوردە ئێستاش بەردەوامە تام و چێژی تایبەتی خۆی هەیە.
بەردەوامی ژیان وایکردووە، سەربوردەی نوێتر، جیاواز لە بوارەکانی ژیان دروست بێت.
لە ڕاستیدا (هەقایەت و سەربوردە) زۆر تێکەڵاوی یەکتر دەبن، فەلسەفەی ژیان پێشکەش دەکەن، فۆلکلۆری کوردی دەوڵەمەند دەکەن.

---

1 - ئیدریس عەبدوڵڵا، هەقایەت و قسەی خۆشی کوردەواری، ڕۆژهەڵات، سنە، ٢٠٢١، لا ١٣٦.
2 - جەمال گردەسۆری، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٠٤.
3 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٧- گۆرانی فۆلكلۆری له دەشتی هەولێر:

هەر لەم ڕۆژەوەی ژیان لەسەر ئەم زەمینە دروستبووە، مرۆڤ بۆ ڕابواردن و خۆش گوزەرانی خۆی پێویستی بە گۆرانی گوتن بووە، بەتایبەت ئەوانەی كە هەستیان بە خۆشی دەنگیان كردووە، ئاوێتەی ئەم بابەتە بوونە و كاتی خۆشی و كاركردن و بێكاری خۆیان بە گۆرانی پڕكردۆتەوە.

گۆرانی فۆلكلۆری كوردی ڕەنگدانەوەی دابونەریت و فیكری كۆمەڵگای كوردییە لە زەمانێكی زوودا، لە ڕێگەی گۆرانییەوە هەست و نەستی خۆیان دەربڕیوە بەرامبەر بە ژیان، سروشت و ناخی دڵی خۆیان لە ڕێگەی گۆرانییەوە گواستوتەوە سەر لاپەڕەی ژیانی ڕاستەقینە.

لەناو كۆمەڵگەی كوردی هەر ناوچە یان هەر دەڤەرێك ناوێكی تایبەتیان هەیە بۆ گۆرانی گوتن بۆ نموونە: (لە باشووری كوردستان بۆ گۆرانی وتن دەڵێن_ گۆرانی، حەیران، لاوك، لە كوردستانی ڕۆژهەڵات_ گۆرانی و بەیت، لەناو كوردە فەیلییەكان_ تەرانە، گوێندە و چڕین و مقام گوتن. لەناو كوردەكانی سۆڤیەتدا_ ستران، لاوژە، كەلام، دێلۆك) [1].

ئێمە لە باشووری كوردستان (گۆرانی، حەیران، لاوك)ی پێ دەڵێین. لە دەشتی هەولێر هەموو جۆرەكانی گۆرانی و حەیران و لاوكی لێ وتراوە، پێی ناسراوە.
- جۆرەكانی گۆرانی فۆلكلۆری دەشتی هەولێر:
لە دەشتی هەولێر هەموو جۆرەكانی گۆرانی فۆلكلۆری گوتراوە. بەهۆی پێشكەوتنی كۆمەڵگا، ڕەوتی ژیان گۆڕانكاری زۆری بەسەرداهات. هەندێك لە پیشەكان نەماون، یاخود بە هۆی پێشكەوتنی پیشەسازی گۆڕانكاری بەسەرداهات. ئەگەر ئێمە دەست بە تێكستی فۆلكلۆری خۆمان نەگرین و بەدوای كۆكردنەوەی دانەچین، ئەوا ڕۆژبەڕۆژ ئەو بەرهەمانەمان لەناو دەچن و لەگەڵ مردن و نەمانی نەوەی پێشوو فۆلكلۆریش بەرەبەرە كەم دەبێتەوە. چونكە ژیانی كۆن و بەخێوكردنی مەڕومالات و ژیانی كشتوكاڵ و ژیانی كۆچەری كەم دەبێتەوە، ڕۆژبەڕۆژ ژیان بەرەو مەدەنیەت و پێشكەوتن دەچێت. بۆیە گۆرانییەكان لەلایەن شارەزایان و پسپۆرانی ئەم بوارە پۆلێن كراوە، بۆ نموونە مامۆستا حەیدەر نانەكەلی لە ڕۆژنامەی هاوكاری ساڵی ١٩٧٢ ژمارە (١٤٥) بابەتێك لەژێر ناوی فۆلكلۆری كوردی، بەم شێوەیە پۆلێنی كردووە (گۆرانی بە بەیت، گۆرانی ئایینی، گۆرانی وەرزی، گۆرانی دروێنە، گۆرانی شیوەن، گۆرانی جەنگ و داستان، گۆرانی ڕاژاندنی بێشكە، ئەو هۆنراوە و گۆرانیانەی خۆشەویستی دەجوڵێنێ، گۆرانی هەڵپەڕكێ، كە هەمەڕەنگە، وەكو ئەم هەڵپەڕكێیانە (شێخانی، سێ پێیی، چۆپەیی، سووسكەیی، چۆك چەمینە، ئایشۆكێ، ڕاستوكێ، بۆتانی، بارزانیانی، كاشیانی، ..... )[2].

دواتر شوكریەڕەسوڵ بەم شێوەیە پۆلێنی كردووە:

گۆرانی كاركردن:

1 - هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١١٦.
2 - حەیدەر نانەكەلی، فۆلكلۆری كوردی، ڕۆژنامەی هاوكاری، ١٩٧٢، ژمارە (١٤٥).

(دروێنە، ڕاوکردن، ساوارکوتان، دەستاڕهاڕین، شوانکاری، کاسبکاری، جووتیاری، بیریاتی، مازوچنین، مانگادۆشین، مەشکەژەنین).
_ گۆرانی بۆنەکان، ئەمانە دەگرێتەخۆی:
(منداڵ بوون، نیشانەکردن، خەتەنەسوران، بووك گواستنەوە، خەنەبەندان، ئیشك گرتن، هەڵپەڕکێ و شایی، گۆرانی ئایینی، پرسەگرتن، شین و لاوانەوە، دوورکەوتنەوە و غەریبی).
_ گۆرانی ڕۆژانە، ئەمانە دەگرێتەوە:

(گۆرانی یاری منداڵان و گەوران، گۆرانی لای لایە، گۆرانی دڵداری)[1].

ئەم دابەش کردنەی دکتورە شوکریە زۆر باشە، بەشێوەیەکی رێك هەمووبەشەکانی گۆرانی فۆلکلۆری لەخۆ دەگرێ.

ئێمە لێرەدا پۆلێنی گۆرانیەکانمان کردووە، بەڵام بە شێوەیەکی جیاوازتر هەندێ لە گۆرانیەکانمان دابەش کردووە بەسەر بۆنەکان. لە بەشی یەکەم باسی زۆرمان کردووە، لەژێر ناونیشانی ئەو شوێنانەی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر گەشەی تێداکردووە. هەندێك بەشی گۆرانی ماوە لێرە باس دەکەین. پۆلێنی بۆ دەکەین. بۆ نموونە: گۆرانی دڵداری، گۆرانی ئایینی، گۆرانی غەریبی و دابڕان، گۆرانی بۆ منداڵان و مێرمنداڵان.

هەرچی حەیران و لاوك، بەیت لە تەوەرەکانی تر بە درێژی باسیان دەکەین، بەتایبەت حەیران چونکە موڵکی دەشتی هەولێرە، لە دەشتی هەولێر گواستراوەتەوە بۆ ناوچەکانی تری کوردستان.

١- گۆرانی دڵداری:-

هەر لە کۆنەوە مرۆڤ بۆ ڕەگەزی بەرانبەر گۆرانی وتوە، جا نێر بۆ مێ یان بە پێچەوانەوە مێ بۆ نێر. گۆرانی دڵداری یەکێکە لە گۆرانییە باوەکانی فۆلکلۆر، لەنێوان خۆشەویستی کچ و کوڕ ڕوودەدات. جاری واش هەیە لەنێوان هەردوولا نادیارە، هەر کامیان بڵێین ئاساییە. بۆ نموونە کاتێك کوڕێك بەسەر کچێك دادەڵێ:

هێ برا سەرێ من دێشی
بەتەنی ئەوەم دەوێ
دنیا لەمن حەرام بی
نامەوێ خواردن و خەوێ
ئەو کیژەم بە قسمەت بی
یا شێخی کای کەوێ [2]

1 - شوکریە رەسول ئیبراهیم، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٨٤، ١١٦.

هەندێ جاریش کچ بەسەر کوڕ دەڵێن، بۆ نموونە:

کوڕە لە دڵت مەگرە غەمێ

منداڵم تازە دەگەمێ

گەورە بم ماچت دەدەمێ

دەبیە خۆشبەختی عالەمێ [1]

زۆر جار هەیە گۆرانییەکە دوو لایەنە، ئاساییە هەر کامیان بیڵێن کوڕ یان کچ، بۆ نموونە:

تۆ دوور و من دوور هەردووکمان دوورین

بەخوا و بە قورعان بۆیەك مەجبورین [2]

یان دەڵێن: دەترسم بمرم نەتبینمەوە

بە جوانە مەرگی سەر بنێمەوە [3]

٢- گۆرانی ئایینی:-

ئەم جۆرە گۆرانییە زیاتر خوێندنەوەی مەولوودی پێغەمبەر (د.خ) گوتراوە. هەندێ جاریش هەندێ کەس لەلای خەڵکەکەی زۆر پیرۆز بوونە، وەك رەمزی ئاینی سەیر کراوە. بە مردنیش خەڵکی سەردانی گۆڕەکەیان دەکەن، خۆشەویستی خۆیان بۆ دووبارە کردووەتەوە، گۆڕەکانیان وەك مەزارگەیەکی پیرۆز سەیر کراوە. بۆ نموونە سوڵتان عەولای عارەبی لە زۆربەی هۆنراوەکانی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر ڕەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە:

تاقمە کیژەك ئەوا هات ڕوویان دایتە چیایە
دووربینم دا بەرچاوم یارێ من لەگەر دایە
خوایە مەیلی نەگۆڕێ لۆ سەر سولتان عەوڵلایە
بەینی سینگ و مەمکانی خەناوەکەی کارەبایە
دەچم لۆ سوڵتان عەوڵلای بە نیازی تو خودایە
دەستڕەکم تێ هەر دەدا لە قولایی دا مایە
ئەوجا خۆ من ئاشقم بەدر دەکەم دوعایە
سوڵتان عەوڵلای عارەبی هاتم یەك و هاتم دوو
سوڵتان عەوڵلا هاوارە هانای دەبەم بەبەر توو [4]

---

2 - زەینەب خان مەلا رەئوف خادم سوجادە، کۆمەڵێك هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی دەشتی هەولێر و وراتی کۆیە، فێربوون، هەولێر، ٢٠٢١، لا ٢٢٩.

1 - حاجی سعداللە شێخانی، جۆخین، خەرمانان، ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٠، لا ٨٢.

2 - مزەفەر مستەفا اسماعیل، جۆرەکانی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٢٩)، ساڵی ٢٠٠٧.

3 - مزەفەر مستەفا اسماعیل، هەمان سەرچاوەی پێشوو.

4 - زەینەب خان مەلا رەئوف خادم سوجادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٨١.

زۆرجاریش دەسەڵاتی خوای گەورە پیشاندەدات، بەهێزی و تاك و تەنیایی، بۆ نموونە:

ئەو ئاسمانی ڕەفت و ڕوون          بێ ئەستوون ڕاوەستاوە
کانی هەمووی پڕئاون          سەحرا هەمووی گیایە *

٣- گۆرانی بەستە و شایی:-

لە کاتی خۆشی و ساتە خۆشەکانی ژیان مرۆڤ هەستی خۆی دەربڕیووە، بە شێوەی بەستە و شایی، یان لە کاتی ژن گواستنەوە بێت، یان سەرکەوتنێك بێت بەرامبەر ڕکابەرەکانی ژیانیان بێت، بۆ نموونە بۆ شایی سێ پێیی دەگوترا:

ڕۆژەك لە ڕۆژان سەر لە سبیانێ

یارم ڕاوەستا زار لە هەیوانێ

بە دوو چاوی ڕەش دەیکرد گریانێ

بە سینگی سپی دەیکرد کوتانێ

لۆ چ دەگرییێی هۆ کیژە جوانێ

چ کراسم نییە پێی بکەم دیلانێ [1]

ئەمەش لە شێوەی بەستەیە، بەم شێوەیە دەگوترا:

دەی دەی دەی دەی دەی دەی دەی دەی

هێ برا سەرێ من دێشی دەردێ لە درم گرانە

دەچمە دەشتی قەراجی چەند خۆش و ئاوەدانە

دەچمە برایم باولی ئەسڵ گوندی خۆمانە

لەو گوندانەی قەراجی شارەزام لە هەموانە

ناچمە قەبری سەیدی ئەو گوندی عارەبانە

دەچم لەبۆ دووسەرەی گوندی مامەسێنیانە

هاتمەوە لاسۆری ئەو گوندی برباسانە** [2].

1 - عەباس نادر، پرۆژەی بڵاونەکراوە.
*چاوپێکەوتن. هاوژین سڵێوە،٢٠٢٢/١١/٧، هەولێر کۆلیژی زمان، کات (١٠)بەیانی.
2 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤- گۆرانی غەریبی و دوورکەوتنەوە:-

دوورکەوتنەوە و ژیانی تەنیایی و غەریبی دیاردەیەکی مرۆڤایەتیە و تایبەت نییە بە گەلێك یان نەتەوەیەك. مرۆڤی کوردیش زۆرترین جار تووشی ئەم جۆرە ژیانە بووەتەوە دوور لە خێزان و ماڵ و منداڵ و دایك و باوکی ژیان بەسەر ببات.

ئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی گەلێك تێکستی جوان و نایاب بەرهەم هاتووە، بەهۆی جەنگەکان و وێرانی گوندەکان لە ساڵانی ١٩٨٠ بەولاوە تا ساڵانی ١٩٨٨ زۆرترین گوندەکانی دەشتی هەولێر وێران بوون، خەڵکەکەی بەشێکی زۆری لە غوربەت و غەریبی ژیانیان بەڕێ دەکرد. بۆ نموونە کاتێك خەڵکی کەندێناوە ڕۆیشتون بۆکۆیستانێ گوندین چۆل کردوە، لێرەدا دوورکەوتنەوەیە لە یار. بۆنمونە:

حەیف لۆ کەندێناوەی لێی دەبوە نەهاتە

ئەوسار سەری چەند سارە ئەوڕۆ نوێژی نیوڕانێ

قاپ و قاچاخیان هینا دایان نا لە مەیدانێ

یارم ئاوڕان دەدا وەك مامزێ لە لانێ

کۆچ و کۆچباریان تێك نا بەرەو دارەشەکرانێ

حەیف لۆ کەندێناوەی چۆڵی کرد کیژە جوانێ [1]

یان کاتێك دایکێك لە دووری ڕۆڵەکەی ژیان بەڕێ دەکات، هەست بە ئازار و فشاری دەروونی دەکات، ئەمە دەبێتە هەوێنی دروست بوونی دەیان تێکستی نایاب. بۆ نموونە یەکێك لەمانە، دایکێك باس لە دووری جگەرگۆشەکەی دەکات:

کوڕی من زەرد و تەنکی دایکێ

ئەتوو لە کێندەری لە چ وراتەکی غەریبی

دەبا بچمە سەر قەراتی پیرە هەولێرێ

دەستی خۆ بدەمە داری دووربینێ

داخوا بزانم چ سوار دیار نینە لە بنە و بنێ

کوڕی من قوربانی لانك و لۆرکانت بم

بە قوربانی کۆز و کۆتانانت بم

1 - سعداللە شێخانی، سێ سەد هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی، الحوادث، بەغداد، ١٩٩٠، لا ٥٠.
* بڵباس ناوی عەشیرەتێکە، لە هەموو ناوچەکانی کوردستان بڵاوە، لە دەشتی هەولێر گوندیان زۆرە.

چاو له دەرم خۆر بەسەرم

لۆ ئەی بەژن چنارێ دیوانێ

لۆ ئەو پشت بێند و سمێر قەیتانێ

کانیێ چاوانم هیشك بوون

درێژگەم گەلەك بە نارە نارە

کەنگینێ دێتەوە ساحێبی مارێ

ساحێبی بیستان و ژنی گوێ بە گوارە [1]

٥- گۆرانی یاریکردنی منداڵان و مێرمنداڵان:-

باسی هەندێك تێکست دەکەین، باسی منداڵ و مێرمنداڵەکان دەکات، تایبەتن بە وان. ئەگەر منداڵێك سەری کەچەڵ بووایە یان بە مووسی سەری بتاشیبایە، سفری بکردبایە، جا بەهۆی نەخۆشی بێت یان بۆ خۆشی بێت، بەم شێوەیە منداڵەکانی تر گاڵتەیان پێ دەکرد. دەیان وت:

کەچەر کەچەر قاقا

پڕی سەری سماقە

دندووك لە گوی ڕاکە

کەچەر بە ئاوێ داچوو

پیستەی سەری لەگەر چوو

قونکە تەرۆزی تاربوو

کەچەر لەوێ مردار بوو [2]

یان کاتێك منداڵەکان حاجی لەقلەقیان دەبینی بەم شێوەیە گۆرانیان دەوت:

حاجی لەق لەق مار هات     ماری ژەنگ و ژار هات

فاتم بە ڕۆڕۆ هات     عەیشێ بە قیتار هات [3]

---

1 - مزەفەر مستەفا اسماعیل، جۆرەکانی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٢٩) ساڵی ٢٠٠٧، لا ١٥.

2 - عەباس نادر، پرۆژەی بڵاونەکراوە.

3 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

**ئەم تێکستەم لە دایکی خواڵێخۆشبوم بیستوە، لەکاتی منداڵی خۆم.

هەندێك جار كە منداڵێكی كچ نابینا بووایە. منداڵەكانی تر پێكەوە گۆرانیان دەوت، دەیان وت:

كۆرە بە لا چاوەكی دەتدەمە خۆشناوەكی بە فرە دۆشاوەكی**

زۆر جار منداڵەكە نابیناش نەبوو بەس نەی دەبینی، بۆیە وایان پێ دەوت.

هەمیشە منداڵ دڵخۆش دەبێ بە ئاژەڵان و یاری كردن لەگەڵی، بۆنموونە:

مام ڕێوی چۆن و مۆنی دەستت لە هیزەی ڕۆنی
چوار پەلت لە ئاسمانە كەوتووی لەو دیوە خانە.*

دایك كە لانكی منداڵەكەی كچە دەژینێ و دەڵێ :

بەناكەسانت نادەم بە پیاوی پیرت نادەم
بۆ كورەكەی دەڵێ
هۆ كورەكە كورەكە
تۆ ژێنێ بینە دەرم كە

ساڵ جارێك بانگم كە

(لەزاری د.شوكریەم بیست لەرۆژی گفتوگۆی نامەكەم7/١١/٢٠٢٢)

- ناوەڕۆكی گۆرانی فۆلكلۆری كوردی لە دەشتی هەولێر:-

ناوەڕۆكی گۆرانی فۆلكلۆری كوردی، بە شێوەیەكی گشتی ناوەڕۆكێكی بەرزی هەیە. ژیان بە مانای وشە بەرزە، ئەو گۆرانیانە گوزارشت لە ژیان دەكەن. هەستی ناسك و بە ئەزموونی لەگۆرانی فۆلكلۆری بە ئاشكرا دیارە. ناوەڕۆكی گۆرانی فۆلكلۆری كوردی دەربڕینی ژیانی كۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی و ژیانی منداڵان و شین و شایی و ئافرەت و جەستەی ئافرەت، ... تاد.

شوكریە ڕەسوڵ لە ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی بەم شێوەیە باسی ناوەڕۆكی گۆرانی فۆلكلۆری دەكات (زۆربەی زۆری گۆرانی فۆلكلۆری كوردی ناوەڕۆكێكی بەرزیان هەیە كە دەربڕین لە ڕەنگدانەوەی باری مێژوویی كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و دابونەریتی گەل ئەداتەوە، گەلیش لە ڕاستی یا خۆی خوڵقێنەری بلیمەتی بەشی زۆری گۆرانییە ). [1]

گۆرانی فۆلكلۆری لە ناوەڕۆكیدا وەكو( مرواری ناو ڕووبارێكی مەنگدا شاردراوەتەوە، بەڵام هەموو كەس ناتوانێ بگاتە ئەو دانە مروارییە)[2].

ناوەڕۆكی گۆرانی فۆلكلۆری ڕەنگدانەوەی ڕاستی ژیانی كوردەوارییە، لە ناخۆشی و خۆشیدا گۆرانیەكانی پێشكەش دەكات. وەك: (قارەمانیەتی، دڵداری، ئایینی، ئابووری، كۆمەڵایەتی، ئافرەت،....) ئێمە لێرەدا باسی ناوەڕۆكی ئەو گۆرانییە فۆلكلۆریانە دەكەین كە تایبەتن بە ئافرەت لە دەشتی هەولێر:

---

*چاوپێكەوتن هاوژین سلێوە،

1 - شوكریە ڕەسول ئیبراهیم، ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، چاپخانەی زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٨٤، لا ١١٥.

2 - مزەفەر مستەفا اسماعیل، جۆرەكانی گۆرانی فۆلكلۆری كوردی، گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆر، ژمارە (٢٩)، ساڵی ٢٠٠٧، لا٩٧.

١_ وەسف:

زۆربەی گۆرانییە فۆلكلۆرییەكان وەسفی ئافرەت دەكەن. كام شت زۆر ناسك و جوانە، سەرنج ڕاكێشە دەیچوێنن بەوە، بۆ نموونە:

دونێم چاو بە یارێ كەت          پێم گوت گەلەك منداری

گێسكەكی گەز لە دەستی          شیرین حەوشەی دەماری

ناوقەد وەكی بلوری          كەزی وەكی ڕەشماری

ماشەڵڵات لێ بێ جوانی          دەرێی ناسكە خەیاری [1]

٢_ جەستەی ئافرەت:

ئافرەت هۆكاری بزواندنی هەستی پیاوە، بەتایبەت جەستەی ئافرەت. لە زۆربەی گۆرانییە فۆلكلۆریەكاندا باس لە جەستەی ئافرەت كراوە. وەك بڵێی بە فۆتۆگرافەری وێنەگر نمایشی بكات. گۆرانیەكان بە شێوەیەكی ڕون و سەرنج ڕاكێش، هەستی خۆیان زۆر بە جوانی دەربڕیوە، بۆ نموونە:

_ ڕەشەڕەیحانە پەلكی تەنكە          ب_ڕەشەڕەیحانەی لە باخچەی ماران

مەمكی لیمۆیە لەبن پەلكە          ئەو كیژە عومری بردم بە تاران

وەخت بوو ببمە تەیری عاسمانێ          خوایە سوخمە خۆی لۆم بكاتەوە

كە یارم گوتی وەرە ماچم كە          دەستم لە مەمكی دەو لەسەر خاران[2]

٣_ ڕامووسان:

جوانترین هەستی مرۆڤە لەگەڵ خۆشەویستەكەی، پێش كرداری سێكس كردن. ناوەڕۆكی گۆرانی فۆلكلۆری كوردی زۆر بە جوانی باسی ڕامووسان دەكات. حەز و ئارەزووەكان بۆ ڕەگەزی بەرانبەر، ئاوێتەبوون بە ناخی و جەستەی ئافرەت. وای كردووە كۆمەڵێك تێكستی زۆر نایاب بەرهەم بێت لە ژوان بەستنی نێوان كوڕ و كچێك، بۆ نموونە:

ڕەو هەر ڕەوی كیژۆران دێنەوە لەبن دارێ
لە كێندەرێ دانیشین لە سێبەری عەسارێ
ڕاموسان گەلەك خۆشە لەبن لفكی هیزارێ
وەختەكی ئەمن جوت بووم لەگەر ناسك و نازدارێ [3]

یاخود جاری وا هەیە ئافرەتەكە باسی ڕاموسان دەكات. واتە كچ بە كوڕ دەڵێ:

1 - زەینەب خان مەلا رەئوف خادم سوجادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٥٤.
2 - زەینەب خان مەلا رەئوف خادم سوجادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٥٤.
3 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

خۆم داوێمە باوەشت بە ملی بابم بی ئۆبار
بۆنکە مۆری و مەرجانان وەکی گورێی نۆبەهار
خەت و خارم ڕاموسە بە عەزێ دری غەمبار [1]

لە دەشتی هەولێر خەڵکەکەی ماندووبوون بە کارکردن، بۆ بژێوی ژیان، زۆرجاریش ئاڵۆزی ژیان وای لێ کردوون لە ژیان بێزاربن. ئافرەت هۆکارێك بووە بۆ دڵخۆشی و لەیادکردنی ئەم ئاڵۆزیەی ژیان، بۆ نموونە:

دونێ چاوڕەشم دەدیت ئاوی دینا لە کانی
تی چاوەکی دەدامێ دەیگۆ وەرە سەبانی
نەینۆکی لۆ ڕاگرتم شەوقی دەدا لە جوانی
خەمی دنیایێ زۆرە لۆ نەکەم ڕاموسانی [2]

٤_ بەدووکەتن:

دیاردەیەکی نێو کۆمەڵگای کوردییە، لە دەشتی هەولێریش هەیە. لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان ڕەنگی داوەتەوە. بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی پیاوسالارییە، هەندێك جار نەیان هێشتووە ئافرەت بە دڵی خۆی شوبکات، ژیان لەگەڵ کەسێك بکات دڵ دەیەوێ، یان هاوئاستی خۆی بێت. گەر بیانزانیبا یەکتریان خۆشدەوێ نەیان دەدا بە یەکتری، وەکو شەرمێك بوو یان ئابڕووچونێك بوو بۆ ماڵی کچەکە. بۆیە زۆرجار ئافرەتەکە لەگەڵ کوڕەکە پێکەوە دەڕۆیشتن، هەندێك جار دەکوژران و جاری واش هەبوو لە ماڵی شێخ یان کەسایەتیەکی گەورە پێك دەهاتن بە ڕێگای ئاشتی بە ماڵی دونیا، یان ژن بە ژن کێشەکە چارەسەر دەکرا.

لەناو کۆمەڵگا بە چاوێکی سووك سەیری ئەم دووانە دەکرا. لە ڕاستیدا ئەمە نیشانەی بوێری ئافرەتەکەیە، لەپێناو خۆشەویستەکەی مردن هەڵدەبژێرێ، یاری لەگەڵ مەرگ دەکا، هەموو ئافرەتێك ئەو بوێرییەی نییە بڕیاری لەم شێوەیە بدات. بۆ نموونە:

ئێختیار و ڕدێن سپی خەفەتیان لە دری دایە
گوتیان بابی عەزیمەی ڕووی ڕەش ببی خودایە
داخوازی کیژی هاتیە و خەبەری مەی نەدایە
دەرێن داخوازی کەری بە گۆپاران ڕاونایە
عەزیمەش نیوەی شەوێ کەتیتە دوو کابرایە

---
1 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
2 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دەبی سولحیان لۆ بکەین لەکن شێخ و مەلایە [1]

زۆرجار کچەکە بە کوڕەکە دەڵێ وەرە داوای من بکە لە باوکم گەر نەیدا من لەگەڵ تو دێم. بۆ نموونە:

هێتیم مەکە خەیاران بەو حارەی لۆتو نابم

دوو پیاوی زەریف بینە دەمەك وەرە کن بابم

دوو قسانی لەگەر بکە خۆم لەوێ ڕاوەستابم

ئەگەر ئەمنی نەدا بە توو گەوادە لەکنی نابم [2]

یان دەڵێ:

هەتیم مەکە خەیاران درت نەکا کەسەرێ

دەمەك وەرە کن بابم داخوازی منی پێ برێ

ئەمنیش گێی خۆم ڕادەگرم لە دەلاقە و پەنجەرێ

ئەگەر ئەمنی نەدایێ هەرمگرە بە خەنجەرێ [3]

- مۆسیقای شیعری فۆلکلۆری لە دەشتی هەولێر:

١_ مۆسیقای ناوەوەی شیعری فۆلکلۆر:

زیاتر باس لە لایەنی جوانی ناوەوەی شیعر دەکات. لە ئەدەبیاتی کلاسیك کەمتر گرنگیان بە ناوەوەی شیعر داوە، زیاتر گرنگیان بە کێش و سەروا داوە، واتا مۆسیقای دەرەوەی شیعر. لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕۆمانسیزم و پشت گوێ خستنی کێش، شاعیران زیاتر گرنگیان بە مۆسیقای ناوەوەی شیعر داوە، بۆ ئەوەی هاوسەنگی دروست بێت لەناو شیعرەکە، لێرەدا شاعیر زیاتر یاری بە وشەکان دەکات، بە دووبارەی دەنگەکان و جێ گۆڕکێی دەنگەکان، یان وشەکان.

لە هۆنراوە و گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان گرنگی زۆر بە مۆسیقای ناوەوە دراوە، بۆ نموونە هەندێ جۆری مۆسیقای ناوەوە دەست نیشان دەکەین.

١_ دووبارەکردنەوەی وشە.

٢_ دووبارەکردنەوەی سێ دەنگ.

٣_ دووبارەکردنەوەی تاك دەنگ.

٤_ دووبارەکردنەوەی دوو دەنگ.

٥_ ئەوزاری کۆتایی.

1 - زەینەب خان مەلا رەئوف خادم سوجادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٥٤.
2 - زەینەب خان مەلا رەئوف خادم سوجادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٥٤.
3 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٦_ هاوبەندی لێکچیاو، پێچەوانەکەی.
٧_ هاوبەندی یەکگرتووە، پێچەوانەکەی.
هەموو ئەمانە مۆسیقای ناوەوەی شیعرە. لێرە هەندێك نموونەی شیعری دەهێنینەوە پراکتیکی دەکەین لەسەر شیعرەکە.
١_ دووبارەکردنەوەی سێ دەنگ (سێ پیت):

گوتمێ بە حەیرانت بم
دەرد و دەرمانم زاری [1]
دووبارەکردنەوەی پیتەکانی (د،ە،ر _ د،ە،ر)

٢_ دووبارەکردنەوەی ووشە:

دەك نەمینێم نەمینێم دەك نەمینێم هەروایێ
سنگت قەسری ئەفەندیان لێمکرد کەیف و سەفایێ
سنگت سێنی مەجلیسان مەمکی تووم پیارەی چایێ [2]
ووشەکانی (دەك نەمینێم _ دەك نەمینێم) دووبارە بۆتەوە

ووشەکانی (سنگت _ سنگت) دووبارە بۆتەوە.

٣_ دووبارەکردنەوەی دوو دەنگ، یان دوو پیت:

لە کێم دێ برام لە کێم دێ

تەیری بلبل لە کێم دێ

دووبارەکردنەوەی دوو دەنگی وەك (دی _ دی_دی) یان دووبارەکردنەوەی دوو پیت، نموونەکان گەلێك زۆرن لە هۆندراوەی فۆلکلۆری زۆر گرنگی بە مۆسیقای ناوەوەی شیعر دراوە.

ئەم جۆرە دووبارە کردنەوانە زۆربەرچاو دەکەوێ لە گۆرانی فۆلکلۆر، چونکە زیاتر بەگێرانەوە بووە، بۆ پشوودان و چێژبینین، لە هونەرەکانی گۆرانی ووتن.

- مۆسیقای دەرەوەی شیعری فۆلکلۆری لە دەشتی هەولێر:
**(کێش – سەروا)**
١- کێش:-
کێشی شیعر، لە ئەدەب و کەلتوری هەموو زمانێك هەیە. لە ئەدەبیاتی کلاسیك هەر شیعرێك کێشی نەبێ، یان شاعیرەکە کێشی بەکارنەهێنا، نە بە شیعر و نە بە شاعیر دانانرێت. ئەم کێشە وا دەکات مۆسیقای تایبەت بە شیعر ببەخشێ.
هەرزوو ئەفلاتوون لەسەر زاری سوقراتی مامۆستای مەرجی بۆ شاعیران دانا، بە مەرجی کێش دەڵێت : (چۆن سەماکەرانی کوریبانت، کە سەما دەکەن هۆشیان لە خۆیان نییە، شاعیرە لیریکیەکانیش هەر بەم جۆرە کە گۆرانییە جوانەکانیان دادەنێن لەباری هۆشیاریدا نین، کێش و

1 - زەینەب خان مەلا رەئوف خادم سوجادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٥٤.
2 - عەباس نادر، پرۆژەی بڵاونەکراوە.

مۆسیقا بەسەریاندا زاڵ دەبێ و ئیلهامیان پێ دەبەخشێ و ئەوانیش دەکەونە حاڵەتی مەستی و جەزبەوە[1].
لە ئەدەبیاتی کوردی کێشی خۆماڵی لە ساڵانی ١٩٢٠ بۆ ١٩٣٠ بەکارهات، لەلای گۆرانی شاعیر و ڕەشید نەجیب و پیرەمێردی شاعیر. لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی تورکی. لە ئەدەبیاتی کوردی کێشی خۆماڵی چەند جۆرێکن، لەوانە:

أ_ بڕگەیی ب_ هیجایی

ج_ سیرابی د_ پەنجەیی [2]

لە هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی و لە دەشتی هەولێر، هۆنراوە و گۆرانی فۆلکلۆریەکان بەشی زۆری لەسەر کێشی بڕگەیی پەنجەیی هۆنراوەتەوە. لەسەر حەوت بڕگەیی و هەشت بڕگەیی و دە بڕگەیی دانراون. بەڵام بەشی زۆری هۆنراوەکان لەسەر شێوەی دە بڕگەیی دانراوە. ئێمە نموونە بۆ هەر سێ کێشەکە دەهێنینەوە:

**١_حەوت بڕگەیی:**

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧

هاتم لەلای هەریرێ هَا/ تم/ لە/ لای/ هە/ ری/ رێ

بریندارم بە سێ تیرێ ١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧

برین /دا /رم /بە /سێ /تی / رێ

ئەگەر ماچم نەدەیێ ١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧

ئە /گەر / ما /چم /نە /دە /یێ

بابت بە قوڕێ گیرێ ١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧

با /بت /بە /قو /ڕێ /گی /رێ [3]

**٢_ هەشت بڕگەیی:**

لەگەر تومە ئەی خەجیلە سنگت و مەمکت بە کلیلە

وەك عارەبێن بم دەخیلە دە ماچێکم دێ بە حیلە

لەگەر تومە تەڕ و تازە گەردەن کۆتری تەقرەبازە

لەگەر تومە چاو ئەستێرە هەر ئەوشەومان ماوە لێرە [4]

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨

---

1 - عەزیز گەردی، شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، ١٩٩٩، لا ٦٩.
2 - فرمێسك مصلح محمد، مۆسیقای شیعری لە شیعرەکانی وەفایی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.
3 - ئەسعەد عەدۆ، لە کەلەپوری کوردەواری، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، لا ٢٤٥.
4 - حاجی سعداللە شێخانی، جۆخینی خەرمانان، ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٠، لا ١٥٢.

له /گەر /تو /مە /ئەی /خە /جی /لە سنگ/تو /مەم /كت /بە /ك /لی/ لە

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨

وەك/عا /رەب /ێن /بم /دە /خی /لە دە /ما /چێ /كم /دێ /بە /حی /لە

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨

لە /گەر /تو /مە /تە /ڕو /تا /زە گەر/دەن /كۆ /تری /تە /قرە /با /زە

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨

لە /گەر /تو /مە /چاو /ئەس/تێ /رە هەر /ئەو /شەو/مان /ما /وە /لێ/ رە

**٣_ دە بڕگەیی:**

دەشتی قەراجی بەر لە مەخمووری

دوو كیژی چاوكار لەبەر مافووری

لۆمن تۆی هەنارد سێوی فەخفووری [1]

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠

دەش /تی /قە /را /جی /بەر /لە /مەخ/موو /ری

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠

بۆ /من و /تۆی /هە /نارد /سێ /وی /فەخ /فوو /ری

دەشتی قەراجی شینی دوكەرێ

لە گیانم خۆش دێ قیرەی گوزەرێ

یارێ دەكێشێ سەری ڕەشمارێ

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠

دەش /تی /قە /را /جی /شی /نی / دو /كە /رێ

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠

لە /گیا /نم /خۆش /دێ /قی /ڕەی /گو /زە /رێ

١ ٢ ٣ ٤ ٥ ٦ ٧ ٨ ٩ ١٠

یا /رێ /دە /كێ /شێ /سە /رێ /ڕەش /ما /رێ [2]

1 - حاجی سعداللە شێخانی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥٢.

هەندێك لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان کێشەکەیان درێژێك لەگەڵ درێژیکی تر جیاوازی هەیە، لە بڕگەیەك، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی زۆربەی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان کێشی پەنجەی خۆماڵی دە بڕگەیی بۆ بەکارهاتووە.

۲- سەروا:

بوونی سەروا لە پاراستنی دەق، لە دەقی ئەدەبیدا ئەو بەرهەمانەی سەروادارن وەك شیعر و پەخشان یان پەندی پێشینان زووتر لەبەر دەکرێن، چونکە (وشەی یان پیت)ی دواوەیان سەروادار وەك یەکن لە دێرە شیعرێکدا لەگەڵ کۆتایی نیوە دێرەکەی تردا. کۆتایی هەردوو نیوەدێرەکە وەك یەکە، جا وشە بێت یان چەند پیتێك، ئەمەش وا دەکات زیاتر بێتەوە بیری خوێنەر زووتر لە مێشکی دەچەسپێ، ئەگەر سەیر بکەین لە دەقەکانی ئایینیش زۆر بەکاریان هێناوە، بۆ ئەوەی زووتر لەبەر بکرێ لە مێشکی مرۆڤ ڕەنگ بداتەوە. بەتایبەت لەسەرەتا نووسین نەبوو بە شێوەی زارەکی بوو، واتا تەنها بەزارگوتن دەگوترایەوە.

لە شیعردا سەروا هاوشانی کێشە واتا کێش و سەروا نەبێ نابی بە شیعر (چونکە شیعر گوتەیەکە بە سەروا بەستراوەتەوە، ئەوەی لە گوتن جوانبێ لە شیعریش جوان دەبێ) [1].

زۆرجار سەروا وا لە شاعیر دەکات بە ناچاری لە سنووری گشتی لابدات، جاری واش هەیە شاعیر هەوڵدەدات سەروا تێك بشکێنێ، تا دەربڕینی هەست و سۆزی خۆی فراوان بکات. کەواتە سەروا بریتییە:( لەو دەنگە یان کۆمەڵە دەنگەی کە هەندێ جار بە بڕگە و لای هەندێ بەیت ئاماژەی بۆ کراوە، لە کۆتایی وشەی سەروادار دووبارە دەبێتەوە، ئەمە بە تایبەتی لە کۆتایی لەت یان دێرە شیعر و هەندێ جار لە ناوەوەش دێ، هەروەکو دەشێ لە پەخشانیش دا هەبێ. بەتایبەت لە کۆتایی فاصیلەکان. بە مەرجێ وشەکان هەمان مانا لە کۆتایی دووبارە نەبێتەوە)[2].

بەڕای دکتۆر ئیدریس عەبدوڵا: سەروا سیستەمێکی دروست کردنی مۆسیقای دەرەوەی شیعرە، (پیتی سەروا (ڕەوی) دوا پیتی بنچی و دەنگداری هاوشێوەیە، لە هەر دوو ووشەی کۆتاکانی هەردوو نیوە دێرەکانی شیعر. کە بەمە مۆسیقای دەربڕینە شەپۆلی هاوسەنگ و سنوورداری، بە مۆسیقایەکی تایبەتی بۆ دروست دەبێ)[3].

- جۆرەکانی سەروا:

**١_ سەروای ڕەگەزدۆزی. ٢_ سەروای هەڵگەڕاوە. ٣_ سەروای ئاسایی. ٤_ سەروای هاوئاواز.** ئێمە ئەم جۆرانەی سەروا لەسەر گۆرانی و فۆلکلۆری کوردی بەتایبەت گۆرانی و هۆنراوەکانی دەشتی هەولێر جێ بە جێ دەکەین:

**١_ سەروای هاوئاواز:** بۆ نموونە:

شیرنێ ئاخ و ئۆف مردم لە داخان

---

2 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
1 - عەزیز گەردی، سەروا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، لا ٣٩.
2 هەمان سەرچاوەی پێشوو.
3 ئیدریس عەبدوڵلا، دەقناسی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، ٢٠١٨، لا ٢٤.

له دەستم بەربوو سۆرە گوڕێ باغان     (سوجادە، ٢٠٢١: ٧٣) 141

لێرە هەردوو ووشەی (باغان _ داخان) هاوئاوازن، ڕەگەز دۆزی دروست كردووە.

ناوقەدی زۆر شلكە

كەمەرە لەسەر كەلەكە                    (سوجادە، ٢٠٢١: ٧١) 142

هەردوو وشەی (شلكە_كەلەكە) هاوئاوازە.

**٢_ سەرواى ئاسايی:** بۆ نموونە                    ناردمیە بەر حەیوانی

خۆ چ كیژە وەزیر نی [1]

هەردوو وشەی (نی _ نی) سەرواى ئاساییە.

**٣_ سەرواى رەگەزدۆزی:** بۆ نموونە:                    فرمێسكی چاوان

وەك تاوێ باران

باران چ باران

فەسڵی نۆ بەهاران [2]

وشەی (باران _ باران) رەگەزدۆزی تەواوە

هەندێ شیعرمان هەیە لە دەشتی هەولێر چوارینەیە. دێرەكانی (١ _ ٢_ ٤) یەك سەرواى هەیە لە دێری سێیەم جیاوازە، بۆ نموونە:

هاتم لەلای ئەو گوندە

مەمكی ئەو كیژەی توندە

گۆتم بینە ماچت كەم

توڕەبوو زۆری جوندە [3]

لە هەر سێ دێری (١ _ ٢_ ٤) پیتی (ە) بزوێنە. لە دێری سێیەم پیتی (م)

بەیت لە ئەدەبیاتی كوردی

بەیت لە ئەدەبیاتی كوردیدا زۆر كۆنە، مێژویەكی دوور و درێژی هەیە، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش نووسین، لە ڕێگای زاراوە یان دەماودەم لە نەوەیەك بۆ نەوەیەكی تر دەگوازرێتەوە،

1 - زەینەب خان مەلا رەئوف خادم سوجادە، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٣.
2 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
3 - مزەفەر مستەفا ئیسماعیل، جۆرەكانی گۆرانی فۆلكلۆری كوردی، گۆڤاری ئاسۆی فۆلكلۆری، ژمارە (٢٩)، ساڵی ٢٠٠٧، لا ١٨.

بەهۆی ئەم گواستنەوانە هەندێك جاریش لێی كەم دەكرا، واتا گۆڕانی بەسەردا دەهات. ناوەڕۆكی بەیت بریتی بوو لە (قارەمانیەتی، دڵداری، كۆمەڵایەتی، ئایینی، نیشتیمانپەروەری).

(بەیت بەو جۆرە هۆنراوانە دەگۆترێ كە لەسەر كێشی عەروز نەهۆنرابنەوە و كێشێكی خۆماڵی كوردییان بەبەردا كرابێ و رووداوێكی ئەفسانەیی یان مێژوویی یان ئەویندارى تۆماربكەن و خاوەنەكەشیان نەناسراوبێ)[1].

بێگومان لەناو خەڵكی سادە زیاتر حەز بە بەیتی ئەڤینی و قارەمانیەتی دەكەن, چونكە هەمیشە كوردستان شوێنی ململانێی جەنگەكان بووە, بۆیە ئاساییە بەیتی قارەمانیەتی هەبێ و لە ڕێگای شیعر بێت، یان لاوكی ئازایەتی و پیاوەتی میللەتی كورد نیشان بدات.

هەروەها لە بەیتی دڵداری هەمان شت بووە وەك خۆشەویستی نێوان كچ و كوڕێك بەیەك نەگەیشتنیان, بۆتە زامێك یان بەشێوەیەكی تراژیدیا كۆتایی هاتووە, ئەوە وای كردووە زیاتر هەستی مرۆڤایەتی بجوڵێنێ و بەشێوەی بەیت دایبرێژێ وەك. بەیتی (كەریم و ستی – حەسەن و مریەم – قەلای دم دم – مەم و زین...) یاخود وەك لە داستانێك بێت، هەرچەندە لەگەڵ داستان جیاوازی زۆری هەیە بەیت, چونكە نووسەری داستان كەسانی شارەزاترو بیر و هۆشی فراوانترە لە كەسانی بەیت بێژ.
گەر پێناسەی بەیت بكەین دەڵێین: (هونەرێكی شیعری خۆماڵیە، بەكێشی پەنجە دەنووسرێت. زمانی دەربڕینی ساكارە و لە تێگەیشتنی زۆرینە خەڵك)[2].
"بەیت بە دوو مانا دێت"

1- بەیت بەمانای هەرە گشتی: واتە ئەو بەشە لە فۆلكلۆری كوردی كە تێكڕا ئەدەبی داستانی زارەكی دەگرێتەوە دیارە لەم بەكارهێنانەدا وشەی بەیت جگە لە لاوك و حەیران و بەند بەشێكە لە گۆرانی وچیرۆكی فۆلكلۆریش دەگرێتەوە.
2- بە مانای تایبەتی: واتا بەشێك لە ئەدەبی زارەكی كوردی گەرچی خزمایەتی و نزیكایەتی لەگەڵ لاوك و حەیران هەیە، بەڵام نە لاوكە نە حەیران، بۆ نموونە لاس و خەزال بەم مانا تایبەتیەیە بەیتێكە بەم ناوە لەنێو خەڵكی بەناوبانگە، ناكرێ لاوك و حەیرانی لەسەردابێت[3].

- بەیت لە ئەدەبیاتی ئەوروپی:
ئەوروپییەكان وشەی كۆنی یۆنانی epic بۆ بەشێك لە بەیتی كوردی بەكاردێت, ئەپێكی ئەوروپیەكان دوو جۆر بوون epic – folk واتا بەیتی رەمەكی كە ئەمەیان بەسەر زاری گەلەوە دەگەڕا دێ بە دێ ناوچە بە ناوچە لەبەر دەكرا، دانەرەكان نەناسراو بوو وەك (ئەلیادە و ئۆدیسە)ی یۆنانی، جۆری دووەمی ئەپێك پێی دەڵێن art epic واتە بەیتی هونەری ئەمەیان دانەرەكەی دیارە، وەك كۆمیدیای بەرزی دانتی[4].
لەگەڵ ئەوەشدا وردبونەوە لە بەیت وەك ژانرێكی ئەدەبی كوردی زۆر هەودا و سەروای دیكەی لێدەكەوێتەوە، بۆ وێنە (ئەحمەد بەحری) لە بەرگی یەكەمی كتێبی (گەنجی سەربەمۆر)دا دەڵێت: (كاتێك باسی بەیت دێتە گۆڕێ خێرا دیمەنی كوردێكی سەر و ڕووخۆش لەنێوچو، رەزا سوكی و

---

1 - تاریق جامباز، بەیتی بەهنەسار، ئاسۆی فۆلكلۆر، ژمارە (٣٨)، ساڵی ٢٠٠٨، لا ٥.
2 - ئیدریس عەبدوڵڵا، ئەدەبی میللی و فۆلكلۆری، بەرگی سێیەم، حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، لا ١٩.
3 - ڕەهبەر محمود زادە، پێكهاتەی بەیتی كوردی، ناوەندی بڵاوكردنەوەی ئەدەبی ورمێ، ٢٠٠٣، لا ٤.
4 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

دلتەڕی دێهاتی بەزەیندادێ، کە پرچی هێناوەتە سەر بڕۆیان و دەستەکی لە بنا گوێی ناوە و بەوەی دیکەی تەسبیحە سەد دنکیەکەی هەڵدەخێنێ، دەنگی هەڵهێناوە لە جەشی خاسەکەوی سەردوند سۆزی دەرونی لە کۆلی دەکات پشکۆی وشە بەلێزمە دێتە دەرێ)[1].

جوگرافیای بەیت:

جوگرافیای لەدایك بوونی بەیت بەشێك لە گۆرانییە کوردییەکان، بەتایبەت هەندێك ناوچەی دیارن، بۆ نموونە (سیاچەمانە و هۆرە) ناوچەی هەورامان و بەشی کەلهوری کوردستانن. واتا لە هەندێك دەڤەری کوردستان هەن لەوێ لە دایکبوون و هەر لەوێشەوە دەگوترێتەوە، سەبارەت بە حەیران ڕای جۆراو جۆر هەیە بۆ وێنە هەندێك کەس پێیان وایە تایبەتی (دەشتی هەولێرە) و بەیت لە موکریانەوە لەدایکبووە و گەشەی کردووە هەولی داوە پێی گەییوە. هومەر دزەیی، لە کتێبەکەی (هەوڵێك بۆ تێگەیشتنی حەیران) دەڵێ جەمیلی علی ئاغای دزەیی، کە یەکێکە لە وەستا لێهاتوەکانی حەیران لە چاوپێکەوتنێکیداپێی گوتم ("ڕەسەنی حەیران دزایەتی و گەردیایەتیە . لە ڕاستیدا حەیران ئەسلی دەشتی هەولێر و قەراج کەندێناوەیە. ئیتر لەوێ پەڕیوەتەوە ناوچە شاخاویەکانی شاخی سۆران روستانی موکریانیش کە ئەوێ زیاتر مەڵبەند و سەرچاوەی بەیتی کوردین نەك حەیران) [2].

پرۆفیسۆر دکتۆرە شوکریە ڕەسول لە کتێبی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا ئاوا باسی بەیت و جوگرافیای سەرهەڵدانەکەی دەکات:- (بەیت پەخشانێکی شیعر ئامێزە ریتمێکی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ وەسف کردنی بابەتی دڵداری و مێژووی ئەوینی لە ناوچەی (موکریان، هاولێر، کۆیە، رەواندز، حەریر) لە ناو کوردەکانی ڕۆژهەلات بەیتی پێ دەگوترێ) [3].

لە چاوپێکەوتنم لەگەڵ بەرێز مامۆستا اسعد عەدۆ وتی: (بەیت هی ناوچەی موکریانە لەوێ سەری هەڵداوە). بەڵام ئێمە پێمان وایە لە دەشتی هەولێر بەیت هەیە، بەڵام بەهۆی ئەوەی خەڵکەکەی زیاتر حەزیان لە حەیران کردووە، چونکە حەیران هەڵقوڵاوی نێو دەشتی هەولێرە، بەتایبەت قەراج و کەندێناوە، بۆیە کەمتر بەیت و بەیتبێژمان هەبووە. هەر جۆرە ڕوداوێك کە ڕووی دابێت قارەمانیەتی بێت یان شەڕ و سوارچاکی یان دڵداری و ئەڤینی زیاتر بە حەیران یان لاوك باس کراوە، کەمتر بەیت باسکراوە.

هەر چۆنێك بێت بەیت لەناو کوردستان سەری هەڵداوە، لە دەشتی هەولێر یش هەیە بەیت بێژمان هەیە، لەگەڵ بەیت وەك بەیتی کەریم و ستی و حەسەن مریەم....هیتر.

بۆیە پێمان وایە بەیت بریتییە لەو شیعرە خۆماڵیانەی لەسەردەمی پێش نووسین و خوێندەواربوونی کورد هۆنراوەتەوە، هۆنراوەکانیش یان بەیتەکان کەسانی نەخوێندەوار دایان ناوە، بۆ مەبەستی ئارامی دەرونی ئەم بەیتانە وتراوە. زۆرجاریش بۆ مەبەستی لاواندنەوە و لەدەستدانی ئەزیزێك، یانیش بۆ رەخنەگرتنە لەشێوەی کۆمیدیا پێشکەش دەکرێ لەسەر زمانی گیانداران وەك بەیتی (کیسەلان)ی عەلی بەردەشانی.

---

1 - احمد بحری، گەنجی سەر بەمۆر، حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣، لا ٣.
2 - هۆمەر دزەیی، هەوڵێك بۆ تێگەیشتنی حەیران، ناوەندی بڵاوکراوەی خاك، سلێمانی، ٢٠٠٦، لا ٦٩.
3 - شوکریە رەسول، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، موکریان، هەولێر، ٢٠٠٨، لا ١٠٨.

ناوەڕۆکی بەیت:
بەردەوام بوونی ژیان وای کردووە، هەمیشە ژیان لە گۆراندا بێت، فۆلکلۆری کوردی هەمیشە لە تازەکردنەوە و نویّ بوونەوەییە. لە قالبێکی تر دادەڕێژرێ، چونکە فۆلکلۆر کارکردن و پێویستی و بیرکردنەوەیە، کەواتە هەمیشە لە گۆڕاندایە. بەشێوەیەکی تازە خۆی نمایش دەکات، لەناو کۆمەڵگا هەر کارێك یان ڕوداوێکی مێژویی یاخود خۆشەویستەکی بەئاکام نەگەیشتوە، چەندین دەقی لەسەر تۆمار دەکرێ وەك" (قەڵای دم دم, مەم و زین, حەسەن و مریەم ...)[1].

بەیتەکان زیاتر لە دەوری سێ تەوەرە دەسوڕێنەوە وەك (تراژیدیا – کۆمیدیا – فەلسەفی) لەنێو کۆمەڵگای کوردی کەمتر فەلسەفی گەشەی کردووە، بەڵام زیاتر تراژیدیا و کۆمیدیا بەردەوام لە گەشەسەندنن, بەڵام فەلسەفەش تێکەڵاوی تراژیدیا و کۆمیدیا دەبێت, هەموو ئەمانە وا دەکەن دەقی تازە لەسەریان دروست بێت.

ناوەڕۆکی بەیتەکان بریتین لە (بەیتی دڵداری, بەیتی قارەمانیەتی, بەیتی ئایینی, بەیتی نیشتیمانپەروەری, بەیتی کۆمەلایەتی, بەیتی مێژویی ...)

دەکرێ ئەم بەیتانە تێکەڵاوی یەکتربن تا بەرهەمێکی جوانتر پێشکەش بکرێ, بۆ نموونە لەبەیتی نیشتمان پەروەری و قارەمانیەتی قەڵای دم دم زیاتر لە چەندین بەیتی لەسەر تۆمار کرا, زۆرجار بەیتبێژ هەست و خەیاڵی خۆی تێکەڵ دەکات کاریگەری زیاتر دەبێت.

بەیتی ئایینی و بەیتی خۆشەویستی زۆرجار لەگەڵ یەك پێکەوە دێن, لە ئەنجامدا بە تراژیدیا کۆتایی دێت. خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچێك ڕوو دەدات, دواتر یەکێك لەمانە بەهۆی جیاوازی ئایین ناگەن بە ئاکام. کەواتە هەموو ئەو جۆرە بەیتانە تێکەڵاوی یەکترین. (تەواوکەری یەکترن) بەهەموو ڕەگەزەکان بەرهەمێکی نایاب دروست دەبێ. بەیت بێژ دێت لە ڕێگای زمان و هەستی فراوانی خۆی پێشکەشی دەکات.

بەیت لە دەشتی هەولێر:
بەهۆی فراوانی سنوری دەشتی هەولێر، ئەو زار و بنزارەی بەکاردێت قسە پێکەرانی زۆرە، بەشێکی زۆری فۆلکلۆری کوردی تێدا سەری هەڵداوە. بەیت یەکێکە لە بەشەکانی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر. هەر جۆرە ڕوداوێك کە ڕوودەدات چەندین تێکستی جوانی بەرهەم هێناوە. بۆ نموونە بەیتی کەریم و ستی لە دەشتی هەولێر دوو ئاشقی بێ بەخت, هونراوەی فۆلکلۆری, گۆرانی دڵداری، بەستە بەیت، ئەمانە نیشانەی دەوڵەمەندی فۆلکلۆری دەشتی هەولێرن.

مامۆستا عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی لە کتێبی داستان و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی زۆر بە جوانی باسی بەسەرهاتی کەریم و ستی و حەسەن و مریەم دەکات.

ئەم دوو بەسەرهاتە ڕاستەقینە بۆتە ئەدەبیاتێکی نایاب لەناو فۆلکلۆری دەشتی هەولێر، بەتایبەت بەیت.

1 - عومەر شێخەڵلا دەشتەکی، داستان و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، لا ١٤.

مامۆستا عەباس نادریش باسی هەردووكیان دەكات لە پڕۆژە بڵاونەكراوەكەی خۆی, بۆ یە ئێمە باسی ڕوداوەكە و چۆنیەتی رودانی و كۆتایی ناكەین, تەنها بەیتی حەسەن و مریەم وەردەگرین. وەك نموونە:-

**"بەیتی حەسەن و مریەم"**

ئا... ئای بوار بوارە گور پشكفتیە
چەمی سارتكێم بەدار و بی نە
حەسەن و مریەم دەستیان گرتینە
لە عارەبە رێ یێ بەسەركەتیە
لە گردە سۆرێ بەدیار كەتیە
لە گەرە شێخان نانیان خواردیە
دوو فەلەی بێدەنگ بەدەر كەتیە
گاز دەكەن حەسەن ئەو تفەنگەی بینە
حەسەن سوند دەخوا تەراق بە ژنە
ئەو تفەنگەی نادەم بەبێ كوشتنە
ناوت هەر برە دەستان هەرینە
ئەوە حەسەنە خوارزای یاسینە
نیشانەی دەگرت لە سواری شێ یە
فەلەی فرێدا لەسەر پشتێ یە
فەلە دەقورێ وەك سەی دەشتێیە
مەیتی حەسەنیش كەتە ئەوێیە

مەیتێ حەسەنی لەترومبیل دایە
لە دەرگەی مەخفەر فرێ درایە
هەورییەكی سۆری بەسەردا درایە
چەندم گۆ حەسەن وەنیە وامەكە
لە زورگی رەشكین پۆستەی ڕووت مەكە
حاكمی سیاسی ئیعدامت دەكا
چەندم گۆ حەسەن وەنیە وامەكە
مندارت هوردن بێ مرادیان مەكە
پیرۆز مندارە بێ خودانی مەكە
مریەم مندارە سێوی نەخشایە
هەورێ یەكێ سۆری بەسەردا درایە
گردی قولتە پەم بە هورتكە بەردە
حەسەن و مریەم لێی جوانە مەرگە

## تفەنگی دەستی قوتەی جاندارە
## لەدوای دەگرییێن فاتم و خەزارە... [1]

ئەم بەیتە تایبەتمەندی لەوەدایە، باسی هەموو ئەو شوێنەكان دەكات، كە حەسەن و مریەم پێدا ڕۆیشتوون بەناو گوندەكان. ئازایەتی و چاونەترسی پیاوی كورد، هەمیشە بەرگری لە خۆیو هاوژینی دەكات تا لە ژیان ماوە، خۆشەویستی پاك و بێگەردی نێوان ئەم دوو هاوژینە وادەكات دوای پیاوەكەی نەژی، ئەویش بڕیاری مردن بدات.

لە دەشتی هەولێر بەیت بێژی بەتواناشمان هەبووە، مامۆستا اسعد عەدۆ لە كتێبی كەلەپوری كوردەواری، لە بەیتی ئایشە گول دەڵێت: (من ئەو دوو بەیتەم لە كاك عەزیز شێخ محمد لە گوندی بەحركەی لە نزیك هەولێر. لە دایك بووە ئێستا لە هەولێر نیشتەجێیە. (بەیتی ئایشەگوڵ و بەیتی لەشكری) گوێ بیست بووم لە ساڵی1980) [2]. كەواتە ئەمانە بەڵگەن لەسەر ئەوەی بەیت لە دەشتی هەولێر هەیە و بەیت بێژی بەتواناشمان هەیە, بەڵام لەبەر زاڵبونی حەیران, خواستی خەڵكەكەی بۆ حەیران زیاترە، بۆیە بەیت و بەیتبێژەكان كەمتر بەدیاركەوتوون.

حەیران...

فۆلكلۆری هەموو گەلانی دونیا، جۆرێك لە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، لەگۆرانی ڕەسەنی ناوچەكەیان. گەلی كوردیش فۆلكلۆرێكی دەولەمەندی هەیە، لەڕووی گۆرانی ڕەسەن. یەكێك لەوانە حەیرانە، حەیران جۆرێكە لە گۆرانی ڕەسەنی كوردی. نووسەران و شارەزایان پێناسەی جۆراو جۆریان كردووە، هەولی ناساندنی حەیرانیان داوە, شیان كردۆتەوە.

(حەیران جۆرە مەقام و ئاوازێكی تایبەتە، ئاوازی شمشالی شوانەكانی دەشت و دۆل و پال شاخەكانی كوردستانە، ئەو دەنگە زوڵالەی ڕەسەنی كوردە، ئەو پەخشانە رازاوەی سەرو بن گرێدراوە، ئەو دەنگەی مرۆڤی كوردە دەگەرێنێتەوە جیهانی بەرفراوان و ڕەسەنی نەتەوەیی كورد و بە ئاسمانی كوردستان بالە فركێ دەكا)[3].

حەیران بەرهەمی سەردەمی مەرداڕی و شوانكارییە، كاتێك شوانكارەكان لە دەشت و دۆلەكان ئاژەلەكانیان دەلەوەڕاند، بەئاوازی شمشال هەستی جوانی خۆیان بۆ كچەتیم حەیران دەردەبری، وەسفی جوانی و جەستەی كچەتیم حەیرانیان دەكرد. بەدەنگێكی خۆش لە قورگی زێڕین دەیان چڕی.

كەواتە حەیران وەك (جۆرە ئاوازێكی كۆنی وڵاتی كوردان، لە دێر زەمانەوە تا ئێستا تام و بۆنی خۆی لەدەست نەداوە، ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر بەرۆحی مرۆڤ ئاشنا دەبێت، حەیران پێ لە پێ گۆرانكاری بەسەردا هاتووە لەگەڵ سەردەم خۆی گونجاندووە، هەوڵیداوە رەنگدانەوەی واقعی (راستی) كۆمەلگا بێت.) [4].

---

1 - عومەر شێخەڵلا دەشتەكی، داستان و گۆرانی فۆلكلۆری كوردی، زانكۆی سەلاحەددین، هەولێر، ١٩٧٨، لا ٦٧.

2 - ئەسعەد عەدۆ، لە كەلەپوری كوردەواری، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٥، لا ٢٠.

3 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

4 - حاجی سعداللە شێخانی، جۆخین خەرمانان، ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٠، لا ٣.

مێژووی پەیدابونی حەیران زۆر کۆن نییە، هەرچەندە بەڵگەیەکی ڕاست لەژێر دەستمان نییە، تاوەك و مێژووی حەیران دیاری بکات، بەڵام هەندێك ڕای جیاواز هەیە پێیان وایە لە (250 تا 300) ساڵ بێت، بۆ ئەمەش ڕای بەڕێز بەدران ئەحمەدمان هەیە. دەڵێت (لە باپیرم بیستوە مام برایم ناوێك هەبوو لە گوندی ئێمە، گوندەکەمان ناوی دوشیوان بوو، لە کەندێناوە ئێستا ئەو گوندە نەماوە و کوێرکراوەتەوە من خۆشم (مام برایم)م دیبوو، ئەو کات پێش ساڵی (1970) تەمەنی گەیشتبوە سەروی سەد ساڵ, خەڵکی وایان دەگوت مام برایم پیاوێکی مێژوو زان و بیرەوەری گێرەوەیەکی باشبوو، بیرێکی یەکجار تیژی هەبوو. دەنگو باس و بیرەوەری (200 بۆ 300) ساڵ پێش خۆی دەزانی ...) لە بارەی پەیدابونی حەیران گوتبوی من لە فلان کەسم بیستوە، یەکەمین حەیرانبێژ کە حەیرانی داهێناوە یەکێك بوو بە ناوی (حەمەد حەیران) شوانی گوندی گاوەرە بوو، لە بناری قەرەچوغ. کاتێك ئێواران مێگەلەکەی دەهێناوە. لەو کاتانەدا تێی هەڵکردووەتە حەیران و دەنگێکی هێندە پڕی هەبووە، لە گوندی دووشیوان خەڵك گوێیان لێبووە[1].

بە گوێرەی ئەم ڕایە بێت مێژووی پەیدابونی حەیران بۆ (250 تا 300) ساڵ دەبێت. بەڵام دکتۆر مەولود ئیبراهیم وانەکانی ماستەری پێشکەش دەکرد بە قوتابیانی خوێندنی باڵا ماستەر, لەوانەی حەیران پێی وابوو،( مێژووی پەیدابوونی حەیران بۆ (500) ساڵ دەبێت, کەلەم شێوەی ئێستا قاڵبی گرتووە، چونکە تائێستا دەقی لەم شێوە کۆنترمان نییە.)

نووسەر جمیل سنجاری لە حەیران و چەند بۆچونێکی تر پێی وایە، (حەیران پەخشانە قافیەدارە و خاوەن فۆرم و سیستەمێکی تایبەتە و لەچوارچێوەی ئاوازێکی ڕەسەنی کوردی، کە لەسەر پەیژەی مەقامی (بەیات) دەگوترێ و بە هەست و سۆزێکی تەڕ و پاراوە، گوزارشت لە سروشت و جوانی ئافرەت و ئەڤینی نێوان کچەتیم حەیران و کوڕەتیم حەیران و دابونەریتی کوردەواری و چەندین بواری تر دەکات[2].

بەپێی ئەم ناساندە بێت حەیران پەخشانە شیعرە حەیرانبێژ بەهۆی ئاوازی دەنگی ئەو وشانەی لە مێشکدایە بەجوانترین شێوە وەسفی دولبەرەکەی دەکات.

(حەیران ئەو شا مەقامەیە کە نە پیر دەبێ نە خەڵکیش لێی بێزار دەبێ، حەیران بەزۆری بە مەقامی بەیات دەگوترێتەوە)[3]. هەمیشە خەڵك خواستی لەسەر حەیرانە بەهۆی ئەو ئاڵۆزیەی ژیان وای کردووە مرۆڤ ماندوو بێت، بۆ پشوودان و چێژ وەرگرتن لە چەند ساتێکی خۆش گوێ لە حەیران دەگرێ, بە ئاوازێکی تایبەت و غەریبی لەسەر شێوەی مەقامی بەیات پێشکەش دەکرێت، تاسە و غەریبی دەشکێنێ دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی بەسەرچوو.

بۆیە ئێمە پێمان وایە حەیران جۆرێکە لە گۆرانی ڕەسەنی کوردی، بە ئاوازێکی خۆش لەسەر مەقامی بەیات پێشکەش دەکرێ. لەشێوەی پەخشانە شیعر. زیاتر هی سەردەمی شوانکاری و مەرداریە. حەیرانبێژ باسی جوانی و هەستی خۆشەویستی و جەستەی ئافرەت دەکات, وێنەی جوان و زیندو نمایش دەکات، هەمیشە خۆی نوێ دەکاتەوە، لەگەڵ سەردەمەکان دەگونجێ, بۆ زۆربەی تەمەنەکانی مرۆڤ دەبێت واتا (هەرزەکار, گەنج , جوامێر, پیر و بەساڵاچوەکان ...)

1 - غەفور مەخموری، هەگبەری مخموری، چاپخانەی تاران، هەولێر، ٢٠٢١، ل ١٣.
2 - جمیل سنجاوی، حەیران و چەند بۆچوونێکی تر، موکریان، هەولێر، ٢٠١٠، ل ١٦.
3 - محەمەد عومەر قەراجی، کانی خەزان، موکریان، هەولێر، ٢٠١٥، ل ٢١.

شوێنی سەرهەڵدانی حەیران:-
پێمان وایە ئەم باسە سەلمێنراوە لە لایەن نووسەرانی ئەو بوارە، حەیران شوێنی سەرهەڵدانی دەشتی هەولێر و قەراج و کەندێناوەیە، هەموو ئەو بەڵگانەی لەبەر دەستن بەهێزن، سەلمێنەری ئەو بابەتەن. من تەنها ئاماژە بەناوی ئەو نووسەرانە دەکەم، کە دەڵێن حەیران لە دەشتی هەولێر, قەراج و کەندێناوە، دەشتی شەمامك و موركییە سەری هەڵداوە، نووسەران پێكهاتوون لە (ئەسعەد عەدۆ, غەفور مەخموری, جمیل , سەعدوڵڵا شێخانی, وشیار ئەحمەد, رزگار خۆشناو, بەدران ئەحمەد, ئەحمەد حەیران, عەزیز شارۆغی...).

لەدەڤەری هەولێر حەیران بێژی زۆر باشمان هەیە, لەکاتی کوێستان و گەرمینی کردندا لە قەراج و کەندێناوە دەست پێدەکات ئەو سنورە تەسكەی بڕیوە دەگاتە ناوچەی خۆشناوەتی، هەروەها بناری هەیبەت سوڵتان ئینجا سەر لوتكە بەرزەكەی قەندیل، بەڵكو خۆی گەیاندۆتە ناوچەی موكریان و لە دەوروپشتی حەوزی بۆكان خولی خواردۆتەوە، لەوێوە بەرەو حاجی ئۆمەران گەڕاوەتەوە بۆ رەواندز و ناوچەی باڵەكایەتی[1].

ئەو بەڵگانەی دەڵێن حەیران لە ناوچەی موكریان سەری هەڵداوە، بەڵگەی لاوازن ناتوانن ئەو ڕاستیە بسەلمێنن. نووسەرانی ئەم ڕایە، خالید جوتیار دكتۆر مارف خەزنەدار...)

بۆیە پێمان وایە حەیران موڵكی دەشتی هەولێرە، یەكێكە لە تایبەتمەندیەكانی فۆلكلۆری دەشتی هەولێر تا ئێستا لە گەشەسەندنە، بەردەوامە لەنێو ژیانی خەڵكی.

فۆرمەكانی حەیران:
بەگوێرەی زۆربەی لێكۆلینەوەكان حەیران لەڕووی فۆڕمەوە، هاوڕان لەسەر ئەوەی حەیران (پارچە پەخشانێكە یان پەخشانی سەرواداره) بە زمانێكی ڕوونی خۆماڵی نووسراوە, وشەكانی ناسك و پاراون, بەو بنزارەیە كە حەیرانبێژ دەیچڕێ. زمانە ڕەسەنەكەی حەیران زار و بنزاری دەشتی هەولێرە، حەیران قافیەدارە، لە ڕووی قافیەوە لەسێ قافیە پێكهاتووە:-

1- سەربەند:- سەرەتا بۆ كردنەوە و چونە ناو بابەتی دەقی حەیران، حەیرانبێژ بە چەند وشەیەك، كە سۆزدارە و هەست ڕاكێشە، ئاگاداركردنەوەیە و پەیام ناردنێكە، دەست پێدەكات.
2- ناوبەند:- لە پاش وەستانێكی كورت و هەناسەیەكی نوێ وەردەگرێ و پشویەكی كاتی زۆر كورت، دەچێتەوە ناو مەودایەكی درێژتر بۆ رونكردنەوەی مەبەست و گەیاندنی ڕوداوەكان، لە لایەن پاڵەوانی ناو دەقەكە بۆ دروستكردنی زەمینە و پانتایی روبەرێكی گەورە بۆ سیناریۆو زنجیرەی ڕوداوەكان. بەهەمان قافیەی سەربەند كۆتایی پێدەهێنێت [2].
3- دوابەند/ بەهەمان شێوەی بەند بەشێوەیەكی كورت، هەناسەیەكی نوێ دەست پێدەكات، بۆ كۆتایی هاتن بە ڕوداوەكە و ئەنجام دەدات بە دەستەوە و گەڕانەوە بۆ سەربەند بەهەمان قافیەی كە داڕێژتبوو. بۆ نموونە سەیری ئەم دەقەی حەیران بكەین:-

حەیران خۆخێ لۆ گۆتمە هەناڕێ.

1 - ئەسعەد عەدۆ، لە كەلەپوری كوردەواری، ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، لا ٥١٨.
2 - ئەحمەد قەندیل، بنیاتی حەیران لە ئەدەبی فۆلكلۆری كوردی، ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠١، لا ٤٠.

بەژنێ باریك وەرە ئەمن و توو دەستێ خۆ تێك بگرین بچینەوە کەرکی حوسێنی غازی بزانین چی کردییە فەسرێ بوارێ.

نازانم بەژنی باریك لە مانگی نیسانێ نەیکەمە داکێ لانکێ، نەیکەمە بە کابانی مارێ [1].

ئەگەر ورد بینەوە لەو دەقە حەیرانە لە سێ قافیەی تەواو پێکهاتووە لە وشەکانی هەنارێ, سەربەند / بوارێ, ناوبەند/ مارێ, دوابەند)

هەر حەیرانێك ئەم سێ قافیەی نەبێت بەحەیران دانانرێت، هەموو بەندەکانی بەیەك قافیە و یەك پیت کۆتایی دێت.

جۆرەکانی حەیران:
حەیران بە دوو شێوە دەگوترێ، حەیرانبێژ بەزۆری لەسەر ئەم دوو شێوازە حەیرانەکانیان دەچڕن، ئەوانیش:-

1_ سەرچیایی/ لەم شێوازەی گوتنەی حەیران بە ئاوازێکی بەرز دەگوترێ، زیاتر لە دەشت و لە دۆڵەکان و لەکاتی لەوەڕاندنی مەڕ و ماڵات، حەیرانبێژ بەدەنگی بەرز حەیرانەکەی دەچڕێ، بۆ ئەوەی کەسانی دەوروبەری بەئاسانی گوێیان لێبێت.

2_ مەجلیسی/ ئەم شێوازەی حەیران بەناوی ڕادیارە لەدانیشتنەکان دەوترێت, لە دیوەخانەکانی دزەیی، یان لە ژورێك حەیرانبێژ بە دەنگی نزم حەیرانەکەی دەچڕێ, بۆ چەند کەسێکە جا پیاو ماقول بێت یان پیاوانی بەتەمەن و ڕیش سپی بێت، یان چەند کەسانێکی تایبەت بێت، هەمان وشەو ناوەڕۆکی جیایە، بۆ ئەوەی بەڵگەی زانستیمان لەبەر دەست بێت بیسەلمێنین کە حەیران دوو جۆری هەیە، نووسەران وەك (خالید جوتیار – ئەسعەد عەدۆ – غەفور مەخموری...) لەسەر ئەو ڕایەن کە حەیران ئەم دوو جۆرەی سەرەوەن. بەڵام هەندێ لە نووسەرانی وەك عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی لە داستان گۆرانی فۆلکلۆری کوردیدا سەبارەت بە دابەشکردنی حەیران و بۆچونێکی تر دەخاتە ڕوو پێی وایە حەیران لەم دوو جۆرە پێکهاتووە.

1_ حەیرانی نەونەمامان, ئەم جۆرەی حەیران هی کەسانی تازە پێگەیشتوە، وشەکانی تەڕ و وناسکە. سۆز و خۆشەویستی تیایە، هەندێ جار وشەی وای تیایە نامۆیە باسی ئافرەت و وەسفی جەستەی ئافرەت دەکات هەندێ جار ئەوانەی بەتەمەن و دڵ تەڕن ئەوانیش حەز لەم جۆرەی حەیران دەکەن. دەبێت لە دەشت و چۆلەوانی بگوترێ.

2_ حەیرانی لەخۆ گەڕاوان، هن کەسانی بەئەزمون و پیاو ماقورانە، ئاوازی لەسەر خۆیە لە دیوەخانەکانی ئاغاکان دەوترێت[2].

نووسەر جمیل سنجاری دەربارەی ئەم جۆرە دابەشبونە (ڕای تایبەتی هەیە. دەڵێن جۆرێك لە جوامێر و پیاو ماقول بێت، یان کەسانی بەتەمەن و بەساڵاچوو, چونکە حەیران سەرەتا بە حەیرانی دڵداری دەستی پێکردووە.) [3].

---

1 - غەفور مخموری، حەیران چەمك و ناوەڕۆك و سەرهەڵدانی، وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، لا ٤٠.
2 - عومەر شێخەڵڵا دەشتەکی، داستان و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ١٩٩٨، لا ١٩٥.

بۆیە پێمان وایە حەیران دوو جۆرە (سەرچیایی و مەجلیسی یە).

گەورەیی و تام و چێژی حەیران لەوەدایە کورتە، بەچەند وشەیەکی ناسك و سەرنج ڕاکێش پەیامەکە دەگەیەنێ. وەسفی جوانی و ڕێکی ئافرەت دەکات، بەچەند ڕستەیەك. لەشێوەی کورتە چیرۆکێك دەبێت. بەڵام لاوك درێژترە لەشێوەی داستانێك دایە.

ئەگەر سەیربکەین لەکۆتایی ساڵانی 1990 جۆرێکیتر لە حەیران سەری هەڵدا، لەنێوان حەیران و لاوك بوو، لەشێوەی چیرۆك و بەسەرهاتێکی درێژ بە زمانی حەیران نمایش دەکرا، وەك نموونەی حەیرانەکانی حەیرانبێژ (حەسەن سیساوە) لە (ئەسمەر و مامەر-,-حەبیب ئاغای سیساوێ...) کەس نییە لە ئێمە گوێبیستی ئەم جۆرە تێکستانە نەبێت، لە راگەیاندنەکان لە تەلەفزیۆن و رادیۆکان بڵاوکراوە، نواندیشی لەگەڵ دابوو، بەسەرهاتێکی درێژ، ئەشق و ئەڤینی و خیانەتکردن ناوەڕۆکی ئەم تێکستانە بوون، بەپێی بنەماکانی حەیرانی ڕەسەن، لەوانەکانی خوێندنی باڵا ماستەر خوێندنمان, ئەمە جۆرێکی نوێیە لە حەیران، جیاوازە لەگەڵ حەیرانەکانی حەیران بێژ رەسول بێزار گەردی.

لە ڕاستیدا ئەم جۆرە نوێیەی حەیران، تام و چێژێکی کوردەواری هەیە، لەناو خەڵکی لە سەرتاسەری کوردستان ڕەنگدانەوەی هەبوو, خەڵکی پەسەندیان کردووە، هەوادارێکی زۆری هەیە, دەتوانین بڵێین ئەمە جۆرێکە لە حەیرانی نوێ، تێکەڵەیە لە نێوان لاوك و حەیران. جۆرێکیتر لە گۆرانی ڕەسەنی کوردی سەری هەڵداوە.

زمانی حەیران:-

حەیران یەکێکە لە گۆرانییە ڕەسەنەکانی فۆلکلۆری کوردی، خاوەن زمانێکی تایبەتە بە خۆی. بەهۆی ئەوەی حەیران یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر، هەمان ئەو زار و بنزارەیە کە خەڵکی ئەو ناوچەیە بەکاری دەهێنن.

حەیرانبێژەکان ئەو زمانەیان بەکارهێناوە، زمانی گشتی خەڵکی ئەم دەڤەرەیە، لەگەرمەی ژیانی ڕۆژانە بەکاری دەهێنن.

زمانی حەیران زمانێکی سادە و ڕوونە، وشەکانی ناسك و هەست بزوێنە، لە هەر شوێنێك بگوترێ دەبێ ڕەسەنایەتی زمانی حەیران بپارێزرێت. بۆ ئەوەی تام و بۆنی کوردەواری خۆی لەدەست نەدات و کاریگەری زار و بنزاری دەشتی هەولێری لەسەر بێت.

بەهۆی گەشەکردن و بڵاوبونەوەی حەیران، لەناوچەکانی تری کوردستان وای کرد حەیرانبێژانی ناوچەکانی خۆشناوەتی و پشدەر و موکریان، لەگەڵ زار و بنزاری خۆیان بیگونجێنن کەمێك جیاواز بێت لە جۆری ڕەسەنەکەی حەیران لەڕووی هەندێك وشە, بەڵام لەڕووی فۆرم و ناوەڕۆك لەهەمان جۆری ڕەسەنەکە سەرچاوە دەگرێ. (زمانی حەیران بەزۆری شێوەزاری دەشتی هەولێرە، کە یەکێکە لە شێوەزارەکانی کرمانجی خواروو، بە شێوەزارەکانی دیکەش وەك و خۆشناوەتی و مهابادی...) دەگوترێ[1].

3 - جمیل سنجاوی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩.
1 - ئیدریس عەبدوڵڵا، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری کوردی، بەرگی ٣، حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، لا ١٧٦.

لە ڕووی یاسای زمانیوە، زمانی حەیران پەیڕەوی زمانی ستاندار ناکات، بەڵکو پەیرەوی ئەو زار و بنزارەی دەشتی هەولێر و ناوچەی قەراج و کەندێناوە و مەخمور دەکات[1]. بۆ نموونە لە هەندێك لە وشەکانی (دەرێم – هەنگین – درێ من – سار – لەمارە بابان – شەوێ...) هاموو ئەو وشانە لە زار و بنزارەکانی دەشتی هەولێرن.

ئەگەر سەیر بکەین دەبینین حەیرانبێژ هێندە بەجوانی وشەکان بە ڕێك و پێکی دەڵێ سەروایەکی تەواوی دەداتێ، کە دەکاتە (سەربەند و دوابەند) وا هەست دەکەیت شیعرێکی میللیە، بەڵام لە ڕاستیدا حەیران شیعر نیە، بەڵکو پەخشانە شیعرە[2].

بۆیە زمانی حەیران زمانێکی ڕوونە، وشەکان تەڕ و ناسکن، هەستی مرۆڤ دەبزوێنن. حەیرانبێژ بە زار و بنزاری دەشتی هەولێر حەیرانەکەی دەبێژێ. لە هەر شوێنێکی کوردستان بگوترێ کاریگەری زار و بنزاری دەشتی هەولێری لەسەر دەبێت.
ئەو هۆکارانەی وایان کرد حەیران لە فەوتان ڕزگاری بێت، بەنێو گەلانی ناوچەکە بڵاوبێتەوە. لای لاوان و گەنجانمان خۆشەویست بێت:-
لەگەڵ وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان، بەتایبەت گوندەکانی دەشتی هەولێر بەشێکی زۆری فۆلکلۆرمان لەناوچوون, خەڵکانێك پێیان وابوو حەیرانیش وەك بەشێکی فۆلکلۆر لەگەڵ مردنی کەسانی بەتەمەن لەناودەچێ، بەهێواشی ئەم بەشەی فۆلکلۆر ڕوو لە کاڵبوونەوە دەکات تا نامێنێ. بەڵام پێچەوانەی ئەم بۆچوونانە، حەیران هەر بە بەرزی مایەوە گەشەی کرد لەگەڵ سەردەمەکان خۆی دەگونجاند، تام و بۆنی کوردەواری ڕەسەنایەتی حەیران وای کرد نەوە دوای نەوە زیاتر گەشە بکات. بێگومان خەڵکانێکی زۆر لە نووسەران و حەیران بێژان خزمەتی گەورەیان کردووە تا لە لەناو چوون ڕزگاری بێت. ئێمە چەند خالێك دەستنیشان, دەکەین کەوای کرد حەیران گەشە بکات:-

1_ کەسانی بەئەزموون و سەرکەوتوومان هەیە تێکستی حەیران دەنووسن, لەسەر هەمان ڕێچکەی ڕەسەنایەتی خۆی ئەمانە وای کرد دەقی حەیرانمان گەلێك زۆر بێت. چۆن شاعیر شیعر دەنووسێ، ئاواش تێکستی حەیران دەنووسرێ، چەندین نامیلکە و کتێب کەوتە بەردەستی خوێنەرانی حەیران.

2_ پێشتر ئەوانەی حەیرانبێژبوون چەند کەسێك بوون دیاربوون لەنێو بوارەکە، بەڵام ئێستا گەنجی زۆرمان هەیە دەنگ خۆشن، حەیرانی زۆرخۆش دەڵێن، بە وشە ناسك و پاراو و تەڕەکان هەستی خەڵکانێکی زۆر بۆ لای خۆیان ڕادەکێشن. بیسەر و بینەریان هێندە زۆرە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان درەوشاوەتەوە.

3_ لەساڵانی نۆهەدەکان هونەرمەند (عومەر دزەیی) هونەرمەندێکی ناسراوی شاری هەولێرە، دەنگی خۆشە (خەڵکی گوندی دووگردکانە) لە دەشتی هەولێر. لەڕادیۆی دەنگی ئەمریکا کاری دەکرد، چەندین بابەتی لەسەر حەیران بڵاودەکردەوە، بەشێك لە حەیرانەکانی لەوێ پەخش دەکرد، ئەمە وایکرد هەوادارێکی زۆر کۆبکاتەوە، بۆ فۆلکلۆر و حەیران.

1 - محەمەد عوسمان محەمەد، هونەری بەکارهێنانی زمان لە لاوك و حەیران، چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٢٢، لا ٦٩.
2 - غەفور مخموری، هەگبەی مخموری، تاران، هەولێر، ٢٠٢٠، لا ١٤.

4_ لەڕۆژنامە و گۆڤارەکان گوتار و لێکۆلینەوە لەسەر حەیران بڵاودەکراوە، لەگەڵ هەندێك دەقی حەیران، ئەمانە یارمەتی دەرێکی باشبون بۆئەوەی ڕۆشنبیری حەیراننناسی بڵاوبێتەوە.

5_ لە ناوەندە ئەکادیمییەکان نامەی ماستەر, بەشێوەیەکی زانستی لەسەر حەیران نووسران، وە چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی لە گۆڤارە ئەکادیمیەکان بڵاوکرانەوە لەسەر حەیران وەك نامەکەی ئەحمەد قەندیل لەسەر بنیاتی حەیران.

6_ ئێستا لە زانکۆی سەلاحەدین, کۆلێژی زمان بەشی کوردی, قوتابیانی بەکالۆریۆس لە وانەی فۆلکلۆر چەند وانەیەك باسی حەیران دەکرێ. بە قوتابیان دەناسرێ بەشێوەیەکی ئەکادیمی هەروەها لە خوێندنی باڵا ماستەر لە بەشی کوردی ئەدەب یەك کۆرسی وانەی حەیران دەخوێنرێت. بەشێوەیەکی زانستی لێکۆلینەوە لەسەر حەیران دەکرێ. ئەمانە هۆکاربوون بۆ ئەوەی حەیران لەو سنوورە تەنگەی قەراج و کەندێناوە و دەشتی هەولێر دەربچێ. بەهەموو کوردستان و گەلانی چوار دەورمان بڵاوبێتەوە.

ئەمانە نەك ترسی لەناوچوونی نەهێشت، بەڵکو گەشەکردنی حەیران و چەند جۆری تری لێکەوتەوە.

- ئافرەت و حەیران:
هەمیشە لە حەیران واباوە پیاو بەسەر ئافرەت دا دەڵێ, بە وشەی ناسك و سەرنج ڕاکێش وەسفی ئافرەتی کردووە, جا وەسفي جەستەی بێت یان لێك چواندن بێت لە (بەژن و باڵای و چاوی و پرچی و سیمای دەم و چاوی...) ئەمە جۆری ڕەسەنەکەی حەیرانە. ئافرەت هۆکاری سەرەکییە بۆ دروستبونی تێکستی حەیران. زۆر جاریش گلەیی لە کوڕ یان پیاو دەکات. یاخود ڕێگری کردنی کچ بە خۆشەویستەکەی بگات. حەیران هونەرێکی ئەوەندە بەرزە, زۆرجار لەسەر زمانی کچەکە قسە دەکات، داوا دەکات بیخوازێت یان دەستی لێ بەردات, یاخود بەڵێنی پێ دەدات یان بۆ تۆم یان بۆ خاك و گڵ. حەیران هەموو هەست و شوێنەکانی ئافرەتی پاوان کردووە ئێمە لێرەدا باسی هەندێکیان دەکەین.

1_ **خۆشەویستی و دڵداری:-** جوانی و ناسکی ئافرەت هەمیشە بۆتە خۆشەویستی و سەرنج ڕاکێشانی پیاوان, لەناو حەیران ئەشق و ئەڤینی هۆکاری سەرەکین. کاتێك لێك دوورن یان چەند ڕۆژێکە نەی بینیوە، تامەزرۆی بینینی کچەکەیە. بۆنموونە:-

حەیران... ئەمن بەوێ هێواری گەلە بریندارم، بریانم کەتینە بەدەنێ.

دەنگۆ لۆ من گاز کەنەوە حەکیم و لوقمانان، بەچاوانم تەماشا کەنێ بەدەستانم دەست نەدەنێ.

ناوڵڵا جوابەکی بدەنەوە دووچاوێ رەشکۆکە کابانی مارێ،

دەبا دەمانەکی دورست کاتەوە لە تۆزی شەدێ لە ژەنگی گوارێ.

لەبن پەڕی خەزێمێ..بیشێلێتەوە بە ئارەقەیێ سەر مەمکان لە قۆرتە قۆرتێ گەردەنێ.

ئەوجا لەگەر کۆمەرەکی دەستە خوشکان دانێتەوە سەر برینی کوڕەتیم حەیرانێ، زستانەکی گەلە گەلە ساردو سەرمایە، دەترسێم هەر نیتەوە زوخمە لەگەر تەشەنێ..[1]

زۆر جار ئەوەندەی خۆشدەوێ حەز ناکات خۆشەویستەکەی هیچ بکات, نەوەك تووشی شتێکی نەخوازراو ببێ. بۆ نموونە لەم حەیرانەدا:

حەیران... چەندی گاز دەکەم دەرێم لە گوندان لە گوندی شێخان

حەیرانی من گەلە مندارە لە تالع و بەختی من ئەورۆ چویتە کن کارو بەرخان.

دەمگۆ توخوا لۆم برێنە خراکا هەتا دەمرم بە هەناسە ساردی و ڕەبەنی لۆی هەرکێشم ئاخان[2].

2- وەسفی جەستەی ئافرەت و جوانکاری لەناو حەیران:-

لەناو حەیراندا بەشێکی زۆری وەسفی جەستەی ئافرەت دەکات، زۆر جار ئەو جوانکاریانە باس دەکات کە ئافرەت بەکاری دەهێنێ وەك (بازن, خرخاڵ, خەزێم- گوارە...) ئەمانە وێنەکان جوانتر دەکەن بۆنموونە:-

"حەیران سبەینە درەنگە هەستە لە خەوێ
بەژن نەمامەسێوە ،ساردە پایزانی
چاو کارمامزی،جوانی ناو ڕەوێ
حەیران دەتو وەرە ئەو سارەکە هاوینێ
دەستی خۆمان تێك بگرین، بچینە کێلەی کوێستانان
ناو هەموو رەوەندی
کلیلەی سینگ و مەمکان لۆ خۆم دەترازێنم
هەتا هەتایێ
لەرکی بەدکاری گوندی خۆمان
خۆ دەرباز بکەین شەوێ،،، [3]

یان وەسفی ئەو جوانکاریانە دەکات کە کچەتیم حەیران بەکاریان دەهێنێ. بۆ نموونە:-

حەیران... کاکە چەندی گاز دەکەم دەرێم دێدەوان برندە بەسەر ئازیانە و پۆریچەی دا دەنۆڕێ.

لە کاکی نگۆ جوان بەدەردەکەوێ بانی بۆران کەلی قەشکەی لەکان لە گەربانی باینی گردەسۆری دیسانەکە ئەمن دەرێم لە قۆر و باسکی حەیرانێم جوانە بازن و بەربازن و پاوانەی زێر...

دەتەماشا بکەنێ لەگەردەنی دایە سێ ڕێز خەناوکە و مەرجان و مۆری[4].

3- ئەو حەیرانانەی ئافرەت بەسەر پیاودا دەیڵێ:-

زۆرجار حەیرانبێژ لەسەر زاری کچەکە ڕازی دڵ و وەسفی کوڕیان پیاو دەکات، وەك کارەکتەرێکی سەرەکی لەناو حەیران خۆی دەنوێنێ. بۆنموونە:-

---

1 - ئەسعەد عەدۆ، لە کەلەپوری کوردەواری، ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٥، ٥٢٣.
2 - حاجي عوسمان رەحمان قەساب، حەیرانی سەردەم، منارە، هەولێر، ٢٠١٥، لا ٤٢.
3 - رەسول بێزار گەردی، دارەشەکران، رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٧، لا ٣٥.
4 - محەمەد عومەر قەراجی، کانی خەزەران، موکریان، هەولێر، ٢٠١٥، لا ٨٢.

حەیران... حەیران کیژ دەرێ بوارێ مە خۆشە حەیرانێ من شوانە لەکن مەڕی لە ئاقاری.

چبکەم داخوازیم هاتیە چاوی من کۆرەبی لاربم حەیرانی من دری توندە سەبری نەمایە دەستی ناگری گۆپاری.

توخودا پێی برێن با غەمان نەخوا چ بەغەمان پێك نایێ ئەمن گۆپاری دەستێ ویمە بە کەس هەر ناگیرێم نووستنی ناو قاپووتی ویم پێ خۆشترە لەقەسری سوڵتانی ئەگەر زێڕی دنیایێم لەبۆ بکڕی هەموو بە دیاری[1].

جوانترین هەست، بوێری و چاونەترسی لە کچەکە، بۆ کوڕەکە نمایش دەکات. بەس بۆ ئەوەی ئەشقەکەی سەرکەوتوو بێت، دلێ کوڕەکە ڕازی بکات ئامادەیە هەموو خۆشیەکانی ژیان ڕەت بکاتەوە، بەژیانێکی سادە ڕازی بێت.

4_ گلەیی کردنی ئافرەت لە کوڕەکە یان پیاوەکە:-
زۆرجار کچە گلەیی دەکات لە کوڕەکە. لەو کاتەی هەست دەکات کوڕەکە چاو دەگێڕێ لەکچ و کاری تری گوندی و سەیری کچانیتر دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی توڕەبوونی کچەکە, بۆنموونە:-

حەیران... چەندی گاز دەکەم دەرێم کەپران لەمن بە دار قەرەمتۆزی لەپار گوێڕی.

لە بەژن و بارای حەیرانێم جوان دێ کراس و کەوێی کوردی لەگەر خەناوکەی ملی لە بیست مسقاڵ زێڕی ...

کیژ دەرێ کوڕەتیمە لاوە ئەمن لەتوو زۆر توڕەمە چونکە دونیا بە حەسرەت جوانی منە ئەتوش دیارە هێشتانەکەینێ لەولا و لەولا لەدو جوانان چاوت دەگێڕی[2].

کاتێك پەیوەندی خۆشەویستی لەنێوان( کچ و کوڕێك )ماوەکەی درێژە دەکێشێ ئیتر کچەکە هەست بە بێزاری و بێ بەختی خۆی دەکات. لەو کاتە هەم گلەیی لە کوڕەکە دەکات بۆچی نایەت بۆ خوازبێنی، بیکاتە هاوژیان و هاوبەشی سەفەری ژیانی. هەم گلەیی لە بێبەختی خۆی دەکات. بۆیە حەیران دەڵێ:

حەیران...

بە بناری قەرەچوغ و زورگەزراوی ناوەڵا بە سە ڕێی پیرە حەمرینی.

کیژ دەرێ کوڕە حەیران هەتا کەنگی چاوەڕێبم خۆ کیژ و کارێ گوندێمە بەمراز و مەقسودی خۆیان گەیشتن، زۆربەیان لە مارێ خەزوران و وا لانکێ منداری ساوا دەژینی.

چبکەم ئەمنیش لە بەختە ڕەشەکەی خۆم مایمە لە مارێ بابان وەختە جۆتە شەمامەکەی باغی رۆستەم بەگی باغەرێم لەبن کراسەکەی مەلەس کتان و ژەنگان هەربینی[3].

---

1 - حاجی عوسمان رەحمان قەساب، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٤٢.
2 - محەمەد عومەر قەراجی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٨.
3 - عومەر حاجی عەلی شەناغەیی، کۆژانی حەیران، کوردستان، هەولێر، ٢٠٢١، لا ٧١.

5- دورکەوتنەوە و غوربەتی ئافرەت لەناو حەیران:-

زۆرجار کوڕەکە سەفەر دەکات و دووردەکەوێتەوە لەخاك و نیشتمان و نازدار حەیرانەکەی خۆی, ئەم دوورکەوتنەوەیە هەندێك جار دەبێتە تاسەی حەسرەت بە مردن و کۆچی تا هەتایە کۆتایی دێت، ئەشقی پاك و بێگەردی کچە کە وا دەکات بۆ هەمیشە چاوەڕێی کوڕە کە بکات. بۆ نموونە:-

حەیران...

کیژ دەرێ حەیرانێ بەدری خۆم هاتا کەنگی نایەوە لەوێ سەفەرێ خۆ ئەتوو دەزانی چەندی بەناو سارترىکەوی ئەمن هەندەیکە زیاتر قەدر و نازت ڕادەگرم.

ئەوە سەرێ چەند سارانە سینگی خۆم لۆ کردیە نسارێ چیایان بەفری تازەی یەك شەویت لۆ هەردەگرم.

خۆ گەلە مەترسیان دەکەم نەیەوە لەوێ سەفەرێ لێم ببیە دیدار و حەسرەت و قاتی لە کاولە خانیان بەتاقی تەنێ سەرنێمەوە بە کەسادی و بێ کەس لەناو خەم و تاریان بمرم[1].

6- وەفاداری کچ لە حەیران:-

پەیمان بەستن و بەڵێن پێدان تەنها لەنێوان کچ و کوڕێك ئەبێت ، ئەمە ناوبانگی کچی کوردە، لەناو حەیران ڕەنگی داوەتەوە. وەفاداری و ڕێز گرتنی کچەکە بۆ دولبەر و خۆشەویستەکەی وای کردووە تەنها بۆ ئەو بێت، یان تا مردن بە تەنهایی دەژی. ئەو دیمەنانە چەندین جار دووبارە بۆتەوە لەناو حەیران. ئەشقێکی پاك و بێگەرد، بەڵێن دانێك هەموو خۆشییەکانی ژیان ڕەت کەیەوە. تەنها گەیشتن بەخۆشەویستەکەی.

حەیران...

لە برندایێ ژووری دیبەگەی دەم نۆڕیە ئاقاری جانە و تیکالۆی.

ئەوە حەیرانەکەی من دابڕایە لە ڕەوێ کاران و کارمامزان گەلە بە غەریبی دەلەوەڕێ بە تاقی تەنێ لە بۆ خۆی.

کیژ جوابان دەنێرێ دەرێ کوڕە هێتیمە لاوە ئەگەر ئەمن نەدەنە توو شەرتمکردیە سەرێ سپی دەهۆنمەوە لە مارە بابان هەتا دەچمە بن خاکێ گڕی توخوا ئەتوش چ خەمان نەخۆی[2].

7- ڕاموسان و حەیران:-

لەیەك جیاکردنەوەی حاڵەتەکانی بەیەك گەیشتن لە جێژوان, لەنێوان (کوڕ و کچ )، نیشانەی ئاشق بوون و توانەوەیە بۆ یەکتری، ئەم وشانە لەناو فۆلکلۆر نیشانەی تێڕامان سەرنج دانە، جا هۆنراوەی فۆلکلۆری بێت یان حەیران بێت ژوان بەستن لەنێوان کوڕ و کچ ، باوەش پێداکردن، ماچ کردن و هەموو جۆرەکانی لێك نزیك بوونەوە لە نێوانیان، چێژ بەخشە بۆ هەردوو لا، پێش کرداری سێکسی. زۆر جاریش ژوانەکان بە ڕاموسان کۆتایی دێت، کاتی یەکتر بینینیان تەواو دەبێ، تا

---

1 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

2 - عومەر حاجی عەلی شەناغەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٧١.

ژوانێکی تر بەیەك دەگەنەوە. ئەگەر سەیری ئەو تێکستەی حەیران بکەین, حەیران بێژ وەسفەکی زۆر جوانی کچەکە دەکات، دیاری کردنی جێگای ژوان و ڕاموسان پیشان دەدات. بۆ نموونە:-

حەیران...

دە مەڕۆ بابت گەمێ هۆ هۆ بەژن برندێ,

سەر بە هیزارێ ئەوە زەندێ بە بازن و قامکێ بەهەنگوستیلە لەگەر دەستە خوشکان دێتەوە لە گۆمێ شیرناوێ بسکو شابسکانی تێکەر بوینە لەگەر شۆرابەی گوارێ.

دەمگۆ حەیران جۆتەکی ڕاموسانان قەرداری ئەوە یەکیان لە سێباری نیو شەوێ لەپەنا قەناتی بیرێ ناوماران ئەوی دیان وەکی مانگ ئاوا دەبی لەبن پانکەیێ ڕەشمارێ[1].

زۆر جار کوڕە و کچە بەیەك ناگەن. بەڵام هەندێ جار پەیوەندیان هەر دەمێنێ، لەهەر کاتێ بۆیان بڕەخسێ ژوان دەگرن ڕاموسانی یەك دەبن بۆ نموونە:-

حەیران...

دەشتێ قەراجی لەمن هۆبە بە هۆبە،

ئەنگۆ زەینێ خۆ بدەنە بەژنێ باریك کە دێتەوە لە ڕێیێ سەراوێ، کورتەکەکی لەبەردا لێێ دایە دوو ڕێز قەیتان و کۆیە.

کیژ دەڵێ: کورە حەیران چ خەمان هەڵمەگرە، ئەمن چ لەماری بابان، چ لە ماری خەزوران بم ئەتو شەو هەر لەسەر ڕاموسانی خۆبە[2].

8- سێکس و حەیران:

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە هەندێك حەیران، گوێی لێ ڕابگرین بۆمان دەردەکەوێت هەندێك حەیران لەبارەی باسکردنی جەستەی ئافرەت و ماچ و گەوزاندن و ڕاموسان تێدەپەڕێت, زیاتر لە حاڵەتی سێکسی نزیك دەبێتەوە. لێرەدا کاتی جێژوانیان زیاترە، هەستی لە ئامێزگرتن و زۆرتر تێکەڵاوی یەکتر دەبن، مەست بوون بە یەکتری ئەم دیاردەیە ڕوودەدات. حەیرانبێژ دێت بەشیوەیەکی سەرنج ڕاکێش باسی دەکات بۆ نموونە:-

حەیران... حەیران لە شۆشێ، سەر بەند

کۆشت هەردەوە، ببینم گادۆشێ، ناوبەند

ئەگەر بە دڵم بوو بە دڵمە

ئەگەرنا با مامرەت هەڵ وەشێ، دوابەند[3].

---

1 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

2 - محەمەدی مەلا کەریم، کۆمەڵێك لاوك و حەیران، ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٩، لا ١٠٢.

3 - چاوپێکەوتن، هاوژین سڵێوە، ٢٠٢٢/١١/٧دووشەم، کۆلیژی زمان، هەولێر.

لەڕاستیدا حەیران و ئافرەت دونیایەکی زۆر فراوان و تایبەتە، شاکارێکی مەزنی ئەدەبی فۆلکلۆریە، ئێمە گرنگی و گەورەیی تێکستەکانی حەیرانمان نەزانیوە. پێویست بوو چەندین توێژینەوەی لەسەر بکرێ. ئەمە جۆری ڕەسەنی حەیرانە خۆی لە ئیشق و ئەڤینداری دەبینێتەوە، بەرامبەر کچ وژنان .

- گەشەکردنی حەیران:-

بەهۆی ئەوەی خەڵك خواستی لەسەر حەیران زۆر بوو، خەڵك حەز دەكات بەکاری بهێنێ و گوێ لە حەیران بێژان بگرێ، بەهۆی دەوڵەمەندی فەرهەنگی حەیران وای کرد چەندین لق و بەشی تری لێ بێتەوە. ئەمەش نیشانەی سەرکەوتوویی و دەوڵەمەندی حەیرانە. ئێمە لێرەدا چەند بەشێکی تری دیاری دەکەین کە خواستی زۆرە لەناو کۆمەڵگا.

خەڵکی دەشتی هەولێر بە زۆری پەیرەوی ئاینی ئیسلام دەکەن ئایینەکە و پێغەمبەر (درودی خوای لێ بێت) لەگەڵ کەسانی دیار و ڕەمز و کەسایەتیەکانی ئایین لەلای خەڵك بە پیرۆز سەیر دەکرێ. بۆ نموونە ئەم حەیرانە باسی کەسایەتی دیاری دەشتی هەولێر دەکات:

حەیران سەرم دێشی درم بەباری خەمان دەنارێ،

مورید و دەروێش سەری دوو ساران چەند عەبدارن لەدوو بابێ عەبدول کریمی

* شێخەکەی کاولە شاری

بەخۆی ڕۆیشت ئەمەشی بەجێ هێشت لەخەم و تاری[1].

هەندێك جار شوێنەکانی وەك کێوی عەرەفات و موزدەلیفە و مینا بە پیرۆز سەیردەکرێن وەك:- حەیران...

خۆزگە بە خۆزی داران کوریکەك باما لە کوریکێ لەیلایێ. شین ببومایێ لەسەر کێوەکەی عەرەفاتێ بەرامبەر موزدەلیفە و مینایێ

هەموو سبەینان ڕووی خۆم بدایایەوە قیبلەیێ ڕەنگین لەباری تعالا بمکردبایە رجایە هە لەگەر دوعایێ[2].

2- حەیرانی شۆرشگێری:-

بەهۆی ئەوەی گەلی کورد هەمیشە ڕووبەڕوی داگیرکەران بۆتەوە، خاکەکەی داگیرکەران چاویان تێبریووە، دەشتی هەولێر هەمیشە خەڵکەکەی بەرگری کردووە لە خاك و نیشتیمانەکەی پاراستوویەتی لە دەستی دوژمنان. بۆیە لەناو حەیران دەنگی داوەتەوە. نموونەی ئەم جۆرە حەیرانەمان زۆرە، بەشێکی زۆری حەیرانەکانی( حەسەن حەیرانی ) دەچنە خانەی حەیرانەکانی شۆرشگێری نموونەیەك لە حەیرانی شۆرشگێری:-

---

* بابێ عەبدولکەریمی: مەبەستی شێخ (یوسف سلێمان باقرانێ)یە ناسراو بوو بەکاك مەلا پیاوێکی ئاینی بەناوبانگی دەشتی قەراج و مخمور و دەشتی هەولێرە.

1 - غەفور مخموری، هەگبەی مخموری، تاران، هەولێر، ٢٠٢٠، لا ١٨٠.

2 - عومەر حاجی عەلی شەناغەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٨.

حەیران...

دیسان غەمێ دنیایێ هات و لە درێمن دەیانکرد قۆنگرە و گێژەنە.

کوڕ دەرێ خەبەرەکیان دامێ دەرێن شەڕە لە سەرێ شەنگار و بنارێ مەقلوب و دەشتی قەراج و کاولە حەمرینی لۆیێ خۆم پێڕا نەگیرا و درم هەر قەنا.

دایەگیان ئەوە دێمەوە لە هەندەران و وراتێ غەریبیان و غوربەتان دەبمە پێشمەرگەی کوردستانێ با لەسەر خاکی خۆم شەهید بم شانازیە لۆ من چونکە هەر ئەو کاولە مەفتەنە[1].

3- حەیرانی نەتەوەیی:-
بەهۆی گەشەکردنی حەیران بەشی زۆری ڕەمز و شتە پیرۆزەکانی نەتەوەیی کورد دەگرێتەوە. وەك ئالای کوردستان و پێشمەرگە و خاك و ئازادی ...

لە لای هەموو تاکێکی کورد ئەمانە پیرۆزە و تایبەتە بەنەتەوەی کورد. لە حەیرانیشدا ڕەنگیان داوەتەوە بۆنموونە:-

حەیران...

بەسەر و سەران بەسەرێ زورگەزراو و قەرەچوغی ناوەڵا بەبناری چیایەکەی پیرە حەمرینی، دەنگۆ بەچاوی من زەیندەنە پێشمەرگەی کوردستانێ چەندە جوان ئەوان شێرە کوڕان دەستی خۆیان دایتە دارەکەی دوربینی.
خۆزی بە خۆزی دارێ دنیایێ کاکێنگۆ هەنگینێ بمردبا وەکی بە چاوی خۆم دەدیت کوڕە کوڕێ کوردان ئاڵای کوردستانی بە دەستی خۆ دەلەقینی[2].

4- حەیرانی چینایەتی:-
دەشتی هەولێر دەشتێکی پان و فراوانە، پێکهاتوە لە زۆر عەشیرەت و هۆزی جیاواز. زۆرجار خۆشەویستی نێوان کوڕ و کچێك ڕوودەدات، هەر یەکەیان سەر بە عەشیرەتێکی جیاوازن، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی لێك جیا ببنەوە، چونکە هەندێك جار رازی نابن کچی عەشیرەتەکەیان بدرێتە عەشیرەتێکی جیاواز. یان بەهۆی دەوڵەمەندی و هەژاری. جیاوازی دروست دەبێت، دەبێتە هۆی بەیەك نەگەیشتن و لێك جیابونەوەیان. دروستبوونی خۆشەویستی لە نێوان دوو کەس کوڕ و کچێك هیچ پەیوەندی بەو جیاوازیانە نییە، چونکە دڵ بڕیار دەدات، ئەقل کار ناکات. زۆرجار کوڕە شوانێك لەگەڵ کچی ئاغا یان ماڵێك دەوڵەمەند خۆشەویستی ڕوودەدات، بە لێك جیابوونەوە، یان کوشتن کۆتایی دێت. ئەم چینایەتییە لەناو حەیران زۆر بە جوانی ڕەنگی داوەتەوە. چونکە حەیران هەڵقولاوی ناو جەرگەی دەشتی هەولێرە، لەناو منداڵدانی ئەو زار و بنزارەی دەشتی هەولێر سەری هەڵداوە. بۆیە ئەم ڕوداوانە بابەتی سەرەکی دروست بوونی حەیرانن. زۆرجاریش بەهۆی جیاوازی ئایین لێك جیادەبنەوە. بۆنموونە لەم حەیرانە چینایەتی زۆر بەجوانی دەردەکەوێ.
حەیران...
کاکە دەرێم لە دۆری سارەیی ئەوی نارێم لە شانە شین و گورزەیین.

1 - عومەر حاجی عەلی شەناغەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو.
2 - هەمان سەرچاوە پێشوو.

له بەژنی باریك زۆر جوان دێ بسکی فوتو هەوری سرکەی، ئەمە ئەو سارەکە سەرێ سێ سارانە گراوی و خۆشەویستی یەکین.

لەگەر چاوکارەکەی خۆم ئەلعان دایکی لێمان عیناد بووە دەرێ کیژی خۆمی نادەمێ چونکە ئەمە سارەین ئەویش کورە دزەین[1].

5- حەیران و تەکنەلۆژیا:

- لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم و سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیا، خەڵکانێك باوەڕیان وابوو ئیتر حەیران لەناو دەچێ ناتوانێ خۆی بگونجێنێ. بەڵام پێچەوانەی پێشهاتەکان، حەیران لە هەموو کات و سەردەمێك بوونی هەبووە گەشەی کردووە. خۆی لەگەڵ سەردەمەکان دەگونجێنێ. پێشتر کوڕ و کچێك بەهۆی پلکە پێناو و لەسەر کانی و پشت جۆخین یەکتریان دەبینی، ڕازو و نیازی دڵی خۆیان بۆ یەك دەکرد، لە سەردەمی ئێستا کچ دەخوێنێ لە زانکۆ و پەیمانگاکان یەکتر دەبینن، بەهۆی تەکنەلۆژیا و مۆبایلەوە لە جیاتی( پلکە پێناو)، زیاتر دەتوانن ڕازو و نیازی خۆیان بۆ یەك باسبکەن، لە هەر کاتێك بیانەوێ. بۆ نموونە لەم حەیرانە:-

1 - محەمەد عومەر قەراجی، کانی خەزەران، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٥، لا ٨٩.

حەیران...

دەرێم حەیرانی من ئەوا شەوێ چەند جاران رامدەجفرێنێ لە خەوێ بەنوکێ مۆبایلی. بە کورتە نامە دەرێ لاوە سەبرم نەماوە بەتاقی تەنێ لەبەر چاوی  توو بەندم لە مارە بابان خودا لێت هەرناگری ئۆباری منت دەکەوێتە ملی.

دە توو وەرە داخوازیم ئەگەر لەخۆشت ڕانابینی ئەوا ئەمن لۆ خاترێ چاوی توو بۆخۆم دێم بە دیاریێ شەمامان بەتایێ جانتایێ ملی[1].

- دەوری (پلکە پێناو) لەناو حەیران:

پلکە پێناو ئافرەتێکی قسەزان و زیرەکە، ڕۆلی هەیە لەیەك نزیك کردنەوەی کوڕە و کچە. هەواڵی هەردوکیان دەگەیێنێتە یەك، وەك کەناڵێکی پەیوەندیە، کاتی یەکتر بینین و جێژوانەکان بە هەردووکیان دەڵێ. (پلکە پێناو )زیاتر ئافرەتێکی بەتەمەنە، جاری واش هەیە دایکی کچە ئەو ڕۆلە دەگێرێ. لەناو حەیراندا هەمیشە ڕۆل دەبینێ بۆ نموونە:-

حەیران...ئەوڕۆ سبیانێ دەچوومەوە جێراوگەی ژوانێ.

ئەرێ براینە هەردوو چاوم تاریك دەبوو وەکی دەمدیت پلکە پێناو بەتاقی تەنێ دێتە جێژوانێ,

بە زمانی شکای بەچاوێ کۆرەی دەیگۆ دونێ هێوارێ حەیرانێ تویان بەزەبری خەنجەرێ مارەکردیە هەی لەخۆت مار وێرانێ[2].

- پیری و حەیران:-

شاکاری گەورەی حەیران لەوەدایە بۆ هەموو تەمەنێك دەبێت و بۆ منداڵ و هەرزەکار و گەنج و جوامێر و پیاو ماقولان و پیاوانی بەتەمەن و پیر. بۆ تەمەنی پیری حەسرەت کێشانە بۆ سەردەمی گەنجی و ڕۆژانی ڕابردوو. بۆیە لە تەمەنی پیریش هەر حەز دەکات ئەشقی بۆ کچەکان هەبێ بۆ نموونە:-

حەیران... کاکە دەرێم براینە برادەرینە دەرمانی هەموو دەردان دەکرێ خۆ ئەمن بەدەستم ناکەوی دەرمانی دەردی پیری.

ئەمن کەتیمە ناو تۆڕی مەکری ئەو بابان وێرانەی دەست و پێی منی بەستایە بە بسك و شابسکان وەکی کەمەر و زنجیری.

دەوەرن تەماشا بکەن کو زەمان گۆڕایە کیژ بویتە ڕاوچی، ڕاوی کوڕان دەکەن ئەمنیش بەو ئاخر و ئۆخرەی تەمەنم کەتیمە داوی و بویمە نێچیری[3].

هەندێ جار ئافرەتەکە پیر بووە لەسەرزاری خۆی دەڵێ پیر بویمە. داوا لە کوڕە دەکات بیخوازیت. بۆ نموونە:-

---

1 - حاجی عوسمان ڕەحمان قەساب، حەیرانی سەردەم، منارە، هەولێر، ٢٠١٥، لا ١٦.

2 - عومەر حاجی عەلی شەناغەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٧.

3 - محەمەد عومەر قەراجی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٥.

حەیران... دەچمەوە ناو ڕەز و باغی دۆری ڕۆستێ لەمن بەبنە گیز و دار هەنجیرە.

کیژ دەرێ کوڕە حەیران ئەمن سەرەی چەند سارانە لەبەرتو مایمەوە لەمارە بابان بوینە کەوەکانی ئەسیرە.

دەوەرە بمخوازە هەتا نەیان گۆتیە قەیرە کیژە و مایتەوە لە مارە بابان بەناو سار کەتیە و گەلەکیش پیرە[1].

- کات لە حەیراندا:

کات لەناو حەیران ڕەگەزێکی سەرەکییە، هەمیشە دەقەکانی حەیران و حەیرانبێژەکان زۆر گرنگی بە کات دەدەن و کاتی ڕوودانی کارەکە دیاری دەکەن، جا بۆ یەکتر بینین بێت لەنێوان کور و کچێك. یان بۆ لە دەست دانی کەسانی ئازیز، بەسەرچوونی تەمەنی کوڕەکە بێت. کاتەکانیش ئەمانەن: (ئەوڕۆ, ئێستا,- ئەوڕۆ سبیانێ, وەختێ کێشتانێ,- نیوڕانێ,- کاتی ڕۆژئاوا,- ئێوارێ,- سەرلە ئێوارێ,- نیوە شەوێ,- سێ باری شەوێ,- شەو تا بەیانی,- دوێنێ سبیانێ,- دوێنێ نیوڕانێ, دوێنێ شەو, ......). هەموو ئەمانە بە نموونەی حەیران هەیە. ئێمە لێرەدا نموونەی هەندێك لەو کاتانە دیاری دەکەین سێ حەیران دەهێنینەوە، کاتەکان دیاری دەکەین. هەموو ئەو کاتانەی دیاری کراون وشەی ڕەسەنی ناو حەیرانن، زار و بنزاری دەشتی هەولێرن. ئەمانەش وەك بەڵگەیەکن کە حەیران لە ناوجەرگەی دەشتی هەولێر سەری هەڵداوە. بۆ نموونە:-

حەیران ...

حەیران ئەوڕۆ هێوارێ

پیربوویمە لەگەر ئاخ و کەسەرێ،

گەلی خزمینە

ئەمن دەرێمە نۆبەرە جوانی ناوماران

وەرە ئەو سارەکە با بڕۆین

لەکاولە مەفتەنێ

ئاوابین لە دار و بێداری

ڕووی خۆمان بدەینەوە مەرگە و پشدەری

هەردووکمان ئەگەر مردین لە وراتی غەریبیان

لەکن یەکدیمان بنێژن

بالەسەر سینگمان شین ببی

---

1 - عومەر حاجی عەلی شەناغەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٧.

ئەوەل بارانی پەرێ [1].

وشەکانی (ئەورۆ، هێوارێ، ئەوسارەکە)

حەیران...ئەوە شاییەك دەگەڕێ لە گوندێمە زەرد و سۆر تێکەر بووینە لەسەرجۆخینێ

بەرمارێ.

حەیرانەکەی من لەگەر هەر هەرپەڕینێ هەوری و هیزاری لەملان دەئارێ.

هەرچی بووە باعیزی من و حەیرانێ خودایە دەنا شەو تا سبیانێ ئەو کەلەك ئەو کەلەك بکات خەو لە چاوانی بتارێ[2].

وشەکان (شەو, سبیانێ).

حەیران.... دونی دەگەیەمە حەیرانێ لەوەختی کێشتانێ.

بە درەکی بەغەم و لێوەکی بەبار دەیگۆت توخوا لاوە شنگو تاقەتم لێبڕا هەرچەندی خەمان هەرگرم ئەو مارە بابەم لێبویتە هۆدەی حەپس و زیندانێ.

دەبا بەسبی وەرە سەرێ خۆمان هەرگرین پێکەوە رویێ خۆمان بدەینەوە کێلێ کویستانێ.

وشەی کێشتانێ... هەندێك جار کێشت تەنگاویشی پێ دەڵێن. کێشتان دوای ڕۆژهەڵات و سبەینەیە بە پێش نیوڕان پێی دەڵێن کێشتان.

- حەیران و چوار وەرزەکەی ساڵ:

بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگای کوردی بەتایبەت دەشتی هەولێر ئاوو هەواکەی لە بارە هەر چوار وەرزەکە هەیە، ئەم کۆمەڵگا ماندووە، هەر چوار وەرزەکەی ساڵ جۆر و کارکردنی تایبەتی خۆیان هەیە. حەیرانیش ڕەنگدانەوەی ژیان و گوزەرانی ئەم کۆمەڵگایەی لەسەرە. وەرزەکانی لەناو حەیران پێگەی تایبەتی خۆیان هەیە. هەر وەرزێك جۆرێك لە کار و تایبەت مەندی خۆی هەیە، سەرەتا لەوەرزی بەهار دەگۆڕێ جەو خۆش دەبێت دەشت و دەر سەوز دەبن ئەم وەرزە زۆر باسکراوە لەناو حەیران هەمیشە حەیران بێژ دەڵێ (فەسڵی بواران) سەرچاوەی ئیلهام بەخشن و نوێبونەوەیە سەری ساڵی نوێی کوردییە، بۆیە حەیران بێژەکان زۆرجار بەم وەرزە دەست پێدەکەن. بەڵام لە وەرزی هاوین کاریان زۆر بووە، سەرقاڵ بوونە کەمتر ناوی هاتووە. وەرزی پاییز سەرەتای وەرز کاریان زۆربووە، دواتر وردە وردە کاریان نەدەما، حەیرانبێژ ناوی وەرزی پایز زۆر دەهێنێ. لە وەرزی زستان ئاوو هەوا سارد دەبوو، کاریان کەم دەبوو لەناو حەیران ناوی وەرزی زستان زۆر هاتووە، شەوانی زستان لە دیوەخانەکان و کۆبونەوەکانی نێو خۆیان دانیشتنەکانیان بە وتنی حەیران دەڕازاندەوە، بە سوود وەرگرتن لەم بێکاریە، لەگەڵ کچەکە بە درێژی شەوی زستان ڕاز و نیازی خۆیان بکەن. هەمیشە حەیرانبێژ بەشێوەیەکی ڕۆمانسی باسی زستان و شەوی زستان دەکات لەناو حەیرانەکانی. جاری واش هەیە حەیرانبێژ ناوی هەرچوار

---

1 - رەسول بێزار گەردی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٦.
2 - عومەر حاجی عەلی شەناغەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥٥.

وەرزەکەی ساڵ دەهێنێ لەناو یەك حەیران، ئێمە لێرەدا هەندێك نموونەی حەیران دەهێنینەوە باسی وەرزەکان بکات:-

حەیران. دەگەیمە حەیرانێ دەیگۆ دەستان نەبزێوی لاوە دەستم بە دەست نوێژە.

دەیگۆ خۆ مردم ئەوەندەی خەمان هەرگرم بەتاقی تەنێ بەوێ زستانێ شەوگە دورو درێژە.

دەوەرە پێش داخوازیم بکە بە حەراری لە پیرە بابم ئەوجا خەمێ چەند سارانم لەتاو لە گوندی خۆتان پێ هەر بڕێژە[1]. وشەی زستان.

حەیران... حاویێ شەناغەیێ خۆشە هەموو وەرزێ بواران.

وەکی کیژ و کار دەستە بە دەستە تێکەر دەبن لەبن سێبەرێ داران.

ئەمن نەمدیتیە نازانم لەجێی ژوانان ماچ کردن خۆشترە نە باوەش و هەمێزی یاران. (شەناغەیی, 2021:170). 193وشەی بواران مەبەستی وەرزی بەهارە.

حەیران... پێش دەرکەی مارێ بابێ حەیرانێ بەکەر بەشەو دۆبەسەرە.

ئەوە کەونە گراویەکەی من نەکیژە بەگزادەیە نەکیژە ئاغا و بەگلەرە.

حەیرانەکەی زستان و بوار و پایزان لەسەر دارەکەی تەوتی شان و پیلی شلبوینە هەموو سۆرە هاویناش بە قرچەی گەرمایێ لە دوو سەپانان تێلە کێش و گیشەکەرە[2].

هەر چوار وەرزەکەی ساڵ (زستان – پایز – هاوین – بەهار) خەریکی کارکردنی کچەتیم حەیران.

- لاوك لە دەشتی هەولێر:

هەر فۆڕمێکی ئەدەبی کاتێك سەرکەوتن بەدەست دەهێنێ گەشە دەکات، پەل دەهاوێ بۆ ناوچەکانی تر. لاوك لە زێی بادینان دەپەڕێتەوە، دەگاتە سنوری دەشتی هەولێر. لە دیوەخانی ئاغاکانی دزەیی لاوك گوتراوە، لاوکبێژ هەبووە.

جا ئەم هاتنە بەهۆی گەرمیان و کوێستانی هۆبە و ڕەشماڵەکانی خێڵەکانی کورد بێت، یان بەهۆی بازرگانی کردن بێت. کاتێك کەلوپەلیان هێناوە لەدەشتی هەولێر ئاڵوگۆڕیان کردووە، یان خەڵکی ئێمە چوبێتە ناوچەی بادینان. ئەمانە هەموو هۆکاربوون لاوك بێتە دەشتی هەولێر، بەڵام ناتوانین کات دیاری بکەین، لەچ کاتێك هاتۆتە دەشتی هەولێر.

لاوك لە دەشتی هەولێر غەریبە، بەهۆی ئەوەی حەیران فۆڕمێکی سەرەکی بوو خواستی خەڵکی لەسەر حەیران زۆرترە، لاوك هەرچەندە لەناوچەی سۆرانی نزیك بێتەوە، دوور دەکەوێتەوە لە زمانە ڕەسەنەکەی خۆی.

زمانی لاوك (زمانێکی سادە و ئاسانە زمانی فۆلکلۆری کوردییە، خەڵکی دەقەرەکە بە ئاسانی تێی دەگەن و هیچ لادان و قورسیەکی تێدا نییە، تاکو دەقەکە گران بکات و لای گوێگر یان خوێنەر ئاڵۆز بێت) [3].

---

1 - عومەر حاجی عەلی شەناغەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٥٥.
2 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لاوکی ڕەسەن تایبەتە بە کرمانجی ژووروو. لاوکبێژ خێرایە لە وتنی وشەکانی. ئەگەر کەسێك شارەزای لە زاری کرمانجی ژووروو نەبێت ئەستەمە بە تەواوی تێبگەی.

بەڵام کە دێتە دەشتی هەولێر هێواش هێواش لە زاری سەرەکی خۆی دوور دەکەوێتەوە. لەچاوپێکەوتنم لەگەڵ مامۆستا، (چەتۆ حەسەن) کوڕی لاوکبێژی ناسراوی دەشتی هەولێر(حەسەن لاوکبێژ)، بەڕێزیان وتی( لەساڵی ١٩٥٠لە دیوەخانی ئاغای دزەیی، لە گوندی عەوێنە باوکم لاوکی دەوت، من منداڵبووم لەگەڵ باوکم دەڕۆیشتم بۆ دیوەخان، زۆرجار خەوم لێدەکەوت بە ئاگادەهاتمەوە باوکم هەر لاوکی دەوت، ئامادەبووانی نێو دیوەخانەکە بە تاسەوە بوون بۆ کۆتایی لاوکەکە، بزانن پاڵەوان چی بەسەردێ، ئەجا لاوکەك سوارچاکی و ئازایەتی بێت، یان دڵداری، بەزۆری لاوکەکانی باوکم باسی ئازایەتی و سوارچاکی، ڕودانی شەڕەکان بوو، کەمتر لاوکی دڵداری دەوت. هەموو لاوکەکانی بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو (بادینی) بوو، نزیکی(٤٠٠)لاوکی هەبووە.)

کاتێك لاوکبێژێك لە دەشتی هەولێر لاوك دەبێژێ کەمێك جیاوازە لەگەڵ لاوکبێژی سنوری بادینان. لێرەدا گونجاندن ڕوودەدات، بەهۆی ڕاهاتنی دەنگە ژێکانی. کەمێك تێکەڵەیە لەنێوان زارەکانی دەشتی هەولێر و کرمانجی ژووروو دروست دەبێ (کرمانجی – سۆرانی) دەتوانین بڵێین کەمێك زمانەکە (سۆرمانجی) دەبێت. بەهەر شێوازێك بێت لاوك لە دەشتی هەولێر هەبووە، لاوك بێژی بەتواناشمان هەیە، تا ئێستاش بەر دەوامە.

- لاوك بێژانی دەشتی هەولێر:-

لاوك هونەرێکە لە هونەرەکانی فۆلکلۆری کوردی، لە شێوەی پەخشانە شیعر لاوکبێژ بەهۆی هونەرەکانی گوتن، بەجوانترین شێوە دەیچڕێ. وتنی لاوك هونەرە، هەموو کەس ناتوانێ بیڵێ. هەمیشە لاوکبێژەکان جێگای تایبەتیان هەبووە لەناو خەڵك و ڕێز لێگیراوبوون.

لە دەشتی هەولێر کۆمەلێك لاوکبێژی بەتوانامان هەیە زۆر بە سەرکەوتوویی لاوك دەچڕن، هەندێك لەوانە لاوکەکان وەك خۆی دەڵێن بەزاری کرمانجی ژووروو، واهەست دەکەی لاوکبێژ یەکێکە لە دەڤەری بادینان، زۆر شارەزابووە، وا بە قووڵی چۆتە نێو بوارەکە وەك:

لاوکبێژ **(حسن لاوك)** مامۆستا اسعد عەدۆ دەڵێ (ئەمە مامۆستای لاوکبێژی بووە، لاوکەکانی هەمە چەشنبوون، ئەڤینی و شەڕو شۆڕ و سوارچاکی لەخۆ دەگرێت. (چاوپێکەوتن ,19/-4-/2022,- کات 10بەیانی) هەولێر. ئێمە هەندێك لاوك باس دەکەین لە دیوەخانی ئاغاکان و دەشتی هەولێر خۆی وتویەتی، (لاوکی چەتۆ، عمیم سێ، قەراتی دزێ، نەدۆ و بەدۆ، وەلە جانۆ، بێ لە چووك، مەلیکی عیراق، ئەم لاوکانە رودانی شەڕو ئازایەتی، سوارچاکییە، پاڵەوانەکانیان بە زۆری کوردن. گەنج خەلیل، ساڵع و کەژێ، حەسەن و مریەم، لاوکی خۆشەویستین. شینۆ و یۆنان ئەمەیان پاڵەوانەکەی ئەرمەنی یان جو بوون، باسی ئیشق و خۆشەویستییە. کالۆ لەسەر تەمەنە حەسرەت کێشانە بۆ لە دەست چونی تەمەنی گەنچی)

**حەسن حەیران:** یەکێکە لە لاوکبێژەکانی دەشتی هەولێر. زمانی لاوکەکانی جۆرێك لە تێکەڵەیە لە نێوان (زاری سۆرانی – کرمانجی). خۆشترین و بەهێزترین لاوکی شەڕی دەشتی هەولێرە، لە

3 - محەمەد عوسمان محەمەد، هونەری بەکارهێنانی زمان لە لاوك و حەیران، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٢٢، لا36.

نێوان (حکومەتی ئەوسای عێراق و جاشەکان ولەگەڵ پێشمەرگەی کوردان) لاوکەکانی زیاتر لاوکی شەڕو شۆڕە.

لاوکبێژان (**نایف کەور – وسوی کەور گۆسك**) ئەمانە لاوکبێژی زۆر بەتوانا بوون زمانی لاوکەکانیان زیاتر لە شێوەزاری هەولێر نزیکە – لاوکی ئەشق و ئەڤینی و لاوکی سوارچاکی و شەڕ و شۆڕیان وتووە.

(**عوسمان هەمەوەندی ,- محمد عومەر حسن , محمود عیسمە,** عەزیز قەوان) ئەمانەش لاوکبێژی دەشتی هەولێر بوونە، لاوکەکانیان هەمەجۆر بووە، لە دیوەخانی ئاغای دزەیی، کۆرو دانیشتنەکان لاوکیان دەچری. زمانی لاوکیان زیاتر نزیکە لە شێوەزاری دەشتی هەولێر جۆرێکە لە تێکەڵە لە زمانەکە. هەندێك لە لاوکبێژەکان ئێستاش لە ژیان ماون لە دەشتی هەولێر لاوك دەبێژن، وەك (عەرەب هەرکی، فاخیر هەرکی.)[1]

**حەمۆ و حسن/** ئەمانە دوو لاوکبێژی خەڵکی بەردەڕەشن، بە ڕای مامۆستا (اسعد عدۆ) ڕۆلی بەرچاویان گێڕاوە لە گواستنەوەی لاوك بۆ دەشتی هەولێر، بەهۆی زمانەکەیان و شێوەی وتنی لاوکەکانیان. (چاوپێکەوتن، 19-/4/-2022،هەولێر).

**محمد گۆران/** ئەم لاوکبێژەش خەڵکی بەردەڕەشە، گۆرانە، بە لاوکی (شەڕی شاخۆران) ناسراوە زمانی لاوکەکەی زیاتر شێوەزاری دەشتی هەولێرە، ئەمانە هۆکار بوون زیاتر لاوك لە دەشتی هەولێر پەرەبستێنێ.

بۆیە لە دەشتی هەولێر هەم لاوك وتراوە، هەم لاوکبێژی بەتواناشمان هەبووە، لە دیوەخانی ئاغاکان و کۆڕ و دانیشتنەکانیان پێ ڕازاندۆتەوە، ناوەڕۆکی لاوکەکانیان هەمەجۆر و سەرنج ڕاکێشبووە.

ئێمە لێرەدا نموونەیەکی لاوك وەردەگرین لە دەشتی هەولێر ناوچەی (دزەی)یاتی دیوەخانی ئاغاکان وتراوە، بە دەنگی لاوکبێژ (حەمەد ئاغا مەندۆ) زۆر بەتوانا بووە لە وتنی لاوك. لاوکەکانی تۆمارکراوە لە بەغداد. لە لایەن کۆمپانیای (بێزافۆن –ئۆدیۆن) چوار لاوکی تۆمارکراوە، ئەمانە بوون:-

1- دەروێشێ عەبدی. کۆمپانیای (بێزافۆن).
2- دەلیل . کۆمپانیای (بێزافۆن).
3- هەرچی کوڕێ یوسف پاشا کۆمپانیای (بێزافۆن)
4- وەرە خانم کۆمپانیای (بێزافون)[2]

ئێمە نموونەی لاوکی (سلێمان هەرکی )وەردەگرین کاریگەری شێوە زاری سۆرانی وهەولێری لەسەرە،تێکەڵەیێکە لەنێوان سۆانی بادینی.بۆنمونە

لاوکی ئەزدێ بارکەم...

کوڕ دەلێ:

---

1- رزگار خۆشناو، مەقامە تایبەتیەکانی کوردی، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (٨١)، بەغداد، ١٩٩٠، لا21.

کچك دەلال دێ بارکەم ،شیرینا منێ ئەزدێ بارکەم

ناسك و ناسك بەدەن ئەزدێ بارکەم

ناسك و نازداری ئەزدێ بارکەم

وەلا جانا منێ شەڤ و رۆژا وەز دەنالم وەکی سیامەندێ دل برین

هەندێ دکەم و ناکەم بەبرینێ دلێ خۆ تام ناکەم

وەزێ رابم شەڤێ حەق هێڤارا نیڤ شەڤێ تەلە خەو راکەم

وەزێ رابم دەستێ تۆرینا خۆبگرم ،خۆلەکولان و دەردومەرەڤان دێ خەلاس کەم،دێ بارکەم
شیرینێ منێ دێ بارکەم ناسك ونازدارێ

منێ دێ بارکەم ،شیرینێ بەدلێ منێ دێ بارکەم،هەردوك چاوێ منێ دێ بارکەم لە خەم و مەرەڤێ
تۆرینا دەلال وەزێ بارکەم،

کیژ دەلێ:

کورکۆ لاوۆ جاڤا دێ تو بارکەی

سەرێ مانگاوێ بۆهاری عەزیزێ دلێ منۆ

وەختێ بزاڤا کوریکا نیسانێ و ئادارێ

دبا خرابن مالا دوژمن و نەیارا رۆژێ سێ جارا،

چاڤێ منێ دێنە خارێ،

وەزێ رابم چمە سەرێ چیایێ زۆزانا دەمەکێ دێ رۆنمە خارێ،

پرسیارەکی بکەم لە کۆچان و کۆچ بارا ل رێڤین بار و رێبوارا،

داخۆ مالا دۆستا من مایە ل سەرێ چیایێ زۆزانا یا نەمایە ل گوند و شارا،

کچك دەلال دێ بارکەم،

شیرینا منێ دێ بارکەم ناسك و نازدارا منێ دێ بارکەم،

لە تاوێ یارێ چاو رەش و بەلەك دێ بارکەم،

خەم و کۆڤانا من گەلەك زۆرن تاخ لە زۆزانا بنی نایە.

کور دەلێ :هەی لاجانا منێ ،دلێ منێ لەوێ کۆلی لەوێ دەردێ

لەوێ مەرەڤێ شەڤ رۆژا وە بەرناداتایێ،

وەز نزانم چ بکەمێ وەزێ رابم

دوعایەکا بکەم بەمیرێ مرازا وێ کەرەمێ

کوهەرچی ببیتە سەبەبێ چار چاو و دوودلا

یاڕەبی بسووتێ بە ئاگر و عەزابێ وێ سەردەمێ

...لۆ...لۆ....لۆ.......

کچك دەلال دێ بارکەم، شیرینا منێ دێ بارکەم،

ناسك و نازدارێ منێ دێ بارکەم.

وەلا جانا منێ شەڤ و رۆژا وەز دەنالم

وەکێ سیامەندێ دل برینێ[1].

لاوکی ئەز دی بارکەم , بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەی کوردیە, ناوەڕۆکەکەی ئەشق و ئەڤینی لە خۆدەگرێ. بەڵام زەمانە و دابونەریت ناهێڵێ بە نسیبی یەکتر بن ، بە مردن کۆتایی دێت.

## 8_مەتەڵ چییە ... ؟

یەکێکی تر لە جۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی مەتەڵە، ئەویش هەڵدانیەتی بۆ کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك بە چەند وشەیەکی کورت یان ڕستەیەك یان هەندێك جار لە شێوەی شیعرێکی کورت کێش و سەروادار. (مەتەڵ لە ناوەڕۆکدا واتاکەی شاراوەیە یاخود ئاڵۆزە هەڵیدەدەی بۆ گوێگران ئەوانیش بیری لێدەکەنەوە و واتاکەی دەڵێن، هەندێك جار واتاکەی کاتێکی زۆر دەبات و بیرکردنەوەی باشی دەوێت)[2].

لە جارانی زووەوە کە خەڵکی لە ماڵان و دیوەخانان دادەنیشتن. بە بەزمی خۆشەوە شەوانی درێژی وەرزی زستانیان بەڕێ دەکرد.

لە مەجلیسی دیوەخان و پیاوماقوڵان خەڵکی زۆر دەهاتن، زۆر جار دەبووە گەڕەلاوژە، هەر کەسە و بەپێی توانای خۆی بەشداری لەم گەڕەلاوژەیە دەکرد، تاخمێك گۆرانیان دەگوت و هەندێکیش یاری فۆلکلۆری و بەعزێکیش پەند و مەتەڵیان دەگوت .... ئەوەی کە لێرەدا مەبەستمانە ئاماژەی بۆ بکەین مەتەڵی کوردەوارییە، (گۆتنی مەتەڵ بۆ ئەوەیە بزانی کەسی بەرانبەر تاکو چەند خەیاڵ و مێشکی بڕەدەکات، چونکە زۆربەی مەتەڵ و (مەیلەکان) لە ژینگە و دەوروبەری مرۆڤ هەڵدەهێنجران)[3].

1 - بایز ئەحمەد خۆشناو، لاوکی ئەزدبارکەم، ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٣٨)، ٢٠٠٨، لا ٧١.
2 - حسێن غازی کاکەئەمین، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆرانی و مەتەڵی ناوچەی باڵەکایەتی، ژمارە (٤٤)، ساڵی ٢٠٢٠، لا ١٠٤.
3 - بێوار قادر، مەیل مەیلانێی کوردەواری، ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٣٥)، ساڵی ٢٠٠٨، لا ١٨٩.

لە ڕۆژگارە سەختە پڕ هەوراز و نشێوەکانی باو باپیرانمان کە زۆر بایەخیان بەم لایەنەی ئەدەبیات داوە، دیار و ئاشکرایە مەتەڵ تاکو بەر لە پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا(پەیدابونی ڕادیۆ،تەلەفزیۆن، تۆرەکۆمەڵایەتیەکان) لەنێو کۆڕ و کۆمەڵ و دیوەخانەکان بە شێوەی پرسیار دەخرایە ڕوو بۆ ئەوەی ئامادەبوان و گوێگران مێشکی خۆیان پێ زاخاو بدەن و وەڵامی شیاوی مەتەڵەکان بدەنەوە و سوودمەند بن، سەرەڕای ئەوەی خەندەیەکی زۆری دەخستە سەر لێوان ئەویش بەهۆی ئاشکرابوونی وەڵامە سەیر و جۆربەجۆرەکان[1].

زۆرێك لە گەورە نووسەران پێناسەی جیاوازیان بۆ مەتەڵ کردووە. لە چاوپێکەوتنم لەگەڵ (هۆشیار لەك) بەم شێوەیە پێناسەی کرد (مەتەڵ لقێکە لە لقو پۆپەکانی فۆلکلۆری کوردی کە باوك و باپیرانمان هەر لە کۆنەوە دایانناوە، بۆ زاخاوی مێشك و جیاکردنەوەی کەسانی هۆشیار و ژیر) [2].

(عەلائەدین سەجادی) لە دەقەکانی ئەدەبی کوردی دەڵێت (مەتەڵ پێك دێت لە چەند وشە و ڕستەیەکی کەم. یەکێك دایناوە بۆ زاخاوی مێشك، واتە بیر لە شتێك دەکاتەوە، ئەو شتەی خستۆتە قالبی چەند وشەیەکەوە ئەیپرسێتەوە لە کەسانی تر بۆ ئەوەی ئەوان بیری خۆیان بخەنە کار بۆ هەڵهێنانی)[3].

کەمال نەجم محەمەد پێی وایە مەتەڵ بریتیە( لە ڕستەیەك یان زیاتر بە شێوەی پرسیارکردن ئەخرێتە ڕوو، واتا مانا و مەبەستەکەی نادیار و تەمووماوییە، لە هەمان کاتیشدا خۆشی و بەزموو گاڵتە و پێکەنینی تێدایە)[4].

کەواتە مەتەڵ لە ڕستەیەك یان چەند ڕستەیەك بە شێوەی شیعر یان پەخشان کێش و سەروای هەیە دەردەبڕێت بۆ زاخاوی مێشك، وا دەکات کەسی بەرانبەر بیر بکاتەوە بە دەوروبەری خۆی زۆر جار ئەو کەسەی مەتەڵەکە دەڵێ بۆ کەسانی بەرانبەر ئەگەر وەڵامەکەی نەزانن ، کەس هەڵی نەهێنێ ئەوکات خاوەن مەتەڵ دەڵێ هەڵت دەم، پەڵت دەم بە گوی مام حاجیت دادەم. بۆ نەت وت فران شت.

لە زمانی کوردی گەلێك زاراوە بۆ مەتەڵ بەکارهاتووە وەك(، مەتەڵ، مەیل، هەڵێنە، چەوچە، مامك، تێدەرخستوك، تشتانۆك،هەتەڵە،چمام ...)[5].

لە زمانی عەرەبیدا ئەم زاراوانەی بۆ بەکاردێت: لغز، معما، حزورة الاحجية، الحويص، .... [6].

ئەگەر سەیر بکەین نموونەیەك لە مەتەڵی کوردی بهێنینەوە لە شێوەی شیعرە، دەربڕینێکی جوان و سەرنج ڕاکێش، واتا و مەبەست دەدات بە دەستەوە، وەك:

چەرمم دەرهێنا، ڕەقی لەگەڵ هات

---

1 - کەمال نەجم محەمەد، مەتەڵ لە ئەدەبی نووسراودا، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٤٣)، ساڵی ٢٠٠٩، لا ٤٩.

2 - چاوپێکەوتن، هۆشیار نوری لەك، ڕێککەوتی ٢٠٢١/١٢/١٣، هەولێر.

3 - عەلائەدین سەجادی، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٨٧، لا ١٦٢.

4- کەمال نەجم محەمەد، مەتەڵ لە ئەدەبی نووسراودا، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٤٣)، ساڵی ٢٠٠٩، لا ٥٠.

5 - هەردەوێڵ کاکەیی، مەتەڵی کوردەواری، ئینستیۆتی کوردی، سلێمانی، ٢٠١٧، لا٩٧.

6 - سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر، مەتەڵی کوردەواری چییە؟، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٤٦)، ساڵی ٢٠٠٤، لا ٤٥.

لە ناوم دانا، دووجاری پیا هات
لەگەڵ دەرهێنان ئاوی لەگەڵ هات.[1]
.. وەڵام (کلدان، کل لە چاوکردن، فرمێسك هاتن)

زۆرجار هەیە هەر هەمان مەتەڵ بە شێوەی پەخشانە شیعر دادەڕێژرێت بۆ نموونە ئەگەر هەمان مەتەڵ وەرگرینەوە (کانی چەرمە، ئاوی بەردە، کندر دەرزی، دو لك شاخە). لێرە مەبەستی کل و کلدان و فرمێسك لەچاوهاتنە بەڵام بەشێوەی پەخشان دەربڕاوە.

مێژووی مەتەڵ:

لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ لەسەر زەوی، هەر ئەو کاتەی بڕیاری داوە بە کۆمەڵ بژی لە ئەشکەوتەکان مەتەڵ سەری هەڵداوە. چونکە مەتەڵ پێویستی بە دوو کەس یان زیاتر هەیە چونکە لە شێوەی پرسیار و وەڵامە. ئەگەر سەیربکەین مێژووی مرۆڤایەتی زۆر کۆنە بۆ نموونە: (هۆمیرۆس ٨٥٠ ساڵ پێش زاین لە داستانی ئەلیادە و ئۆدیسا مەتەڵی بەکارهێناوە سۆفۆکلیس لە شانۆگەری ئۆدیب پاشادا، مەتەڵی لە سەر زاری وەحشەکەدا بەکار هێناوە کاتێ لەگەڵ ئۆدیب دا گفتوگۆ دەکا و دەڵێ ئەو شتە چیە؟!)(بەیانیان لەسەر چوار پەل دەڕوا نیوەڕۆیان لەسەر دوو پەل، ئێوارنیش لەسەر سێ پەل )

مانای مەتەڵەکەی ئۆدیب (مرۆڤە) کە لە ژیانا بە سێ قۆناغ ڕەت دەبێ کە کۆرپەیە گاگۆڵە بە چوار پەل دەکات کە گەورە دەبێت لەسەر دوو پەل دەڕوا، کە پیر دەبێ دەست دەکاتە گۆچان واتا بە سێ پەل دەڕوا [2].

لە فۆلکلۆری زۆربەی گەلانی جیهان مەتەڵ هەیە، بەڵام گەشەکردنی لە میللەتێك یان نەتەوەیەك لەگەڵ میللەتێکی تر یان نەتەوەیەکیتر جیاوازە، هەر یەکەو بە جۆرێك گەشەی سەندووە.

لەناو کۆمەڵگای کوردیمان ئەگەر وردبینەوە مەتەڵەکان چۆنیەتی ژیانی میللەتەکەمان و نەمریی زمانەکەی پاراستووە، ژیانی کوردەواریمان لەبارەی ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە، کە مەبەست لە ئابووری کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی لەخۆ دەگرێت ، هەروەها ئەگەر بە قووڵی و بە شێوەیەکی ڕێك و پێك و جوان لەو مەتەڵانە وردبینەوە سەیر دەکەین لە( ناوەڕۆك و شێوەدا زۆربەیان بە جۆرێکی هونەری داڕێژراوە ئەم داڕشتنە میللی یە هاوبەشە، ڕەوانبێژێکی زیرەکانە بەکاریان هێناوە و جۆرەها تاقیکردنەوەی ژیانی گرتوتە ئەستۆی خۆی و جۆرەها زانستی و سایکلۆلۆژی و پزیشکی و ئامۆژگاری و تەشبیهو ڕابەری تێدایە)[3].

سوودەکانی مەتەڵ:

١_ ڕۆڵی گرینگ لە زاخاودانی مێشك دەبینێ و هانی بیرکردنەوەیان دەدات.

---

1 - هۆشیار نوری لەك، مەتەڵی کوردەواری بە وەڵام، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ٢٠١٩، لا ٢٤.
2 - ڕۆستەم باجەلان، فۆلکلۆر، کۆمەڵە بەرهەمێکی فۆلکلۆریە، الحوادث، بەغداد، ١٩٨٥، لا ٢٩-٣٠.
3 - ڕۆستەم باجەلان، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا لا ٣٠.

٢_ ئەو کەسەی مەتەڵەکە هەڵدێنێ، هەست بە خۆشی و سەرکەوتنێك دەکات و لەلایەنی دەروونیەوە باوەڕی بەخۆی پتەوتر دەبێت[1].

٣_ مەتەڵ زار و زمانی ناوچەیی پێوەدیارە، بۆ زمانێك ئاسان دەبێت کە شێوەزاری چ ناوچەیەك لەناو مەتەڵەکە بەدیار دەکەوێ، هەروەها شوێن و جوگرافیا و مێژووی مەتەڵەکە لە زمانی هەڵدانیدا دیار دەبێت.

٤_ ڕەوانبێژی و دەمڕاستی بیسەرەکان دەنوێنێت، بە تایبەت لە کۆڕی بابەتی تەتەڵەیی زماندا[2].

٥_ تێکەڵاوبوون و شەرم شکاندنێك بەتایبەت لەنێو مێردمنداڵدا دەرەخسێ.

٦_ زیرەکایەتی و بیرقووڵی و بیرتیژی و چۆنیەتی بیرکردنەوەکانی کۆنمان بۆ دەگێڕێتەوە.

٧_ لەجێی تەلەفزیۆن و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانی ئێستا، شانبەشانی چیرۆك و داستان ئامرازی کات بەسەربردن بوون، مەتەڵیش لە هەموویان زیاتر خەمی بەباداوە[3].

پۆلێنکردنی مەتەڵ:

زۆربەی نووسەرانمان باسی مەتەڵیان کردوە، لێکۆڵینەوەیان لەسەرکردوە، ئینجا بۆ مەبەستی کۆکردنەوە بێت، یان پۆلێن کردن بێت، (محەمەد تۆفیق وردی ) لەم بارەیەوە دەڵێ (مەتەڵ جۆرێکە لە خۆ خەریك کردن و ڕابواردن بیرۆکەی لە زمانی ئێمەش دا هەروەك هەموزمانەکانیتر بەشێکە لە ویژەی فۆلکلۆر .هەموو میللەتێك مەتەڵی تایبەت بەخۆی هەیە،ئەم مەتەڵانەش لە زمانە جیاوازەکان لێك جونیان لەنێوان دا هەیە. چونکە هەموویان بەهەمان قۆناغەکان مێژوودا تێپەریون)[4].

نووسەران وەك(دکتۆر عزالدین مستەفا رەسول، دکتۆرە شوکریە رەسول، محەمەد کریم شەریف..........زۆر نووسەریتر). ئێمە لە پۆلێنکردن مەتەڵ، تەنها ئەو مەتەڵانە باس دەکەین کە تایبەتن بە دەشتی هەولێر و زار و بنزاری ئەو ناوچەیە لەخۆدەگرێ.کارەکانی نووسەرانی وەك (سەدرەدین نورەدین،فەرهاد گۆمەشینی.هۆشیار نوری لەك...........)لەم بوارەدا کاری نایابیان ئەنجام داوە، بەرهەمی بەپێز و باشیان پێشکەش بەکتێبخانەی کوردی کروە. پێش ئێمە مەتەڵیان پۆلێن کردووە، ئێمەش بەم شێوەیە پۆلینی دەکەین.

١_ مەزراندنی ئایین لەسەر مەتەڵی کوردیدا:

وەك دەزانین میللەتی کورد بە تایبەت دەشتی هەولێر زۆربەی خەڵکەکەی پەیڕەوی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن، بەڵام ئاینی تریش هەبووە، وەك(جولەکە، ئێزیدی، کاکەیی) ئەمەش لە کاروباری ڕۆژانەیان ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەت لە بابەتە فۆلکلۆریەکان. مەتەڵیش لقێکی فۆلکلۆرە،

1 - سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر، بەرکوتێکی مەتەڵی کوردەواری بە وەڵام، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ٢٠١٩، لا ٢٤.
2 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
3 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
4 - سەردار فەتاح ئەمین، خەرمانێك لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، ڕاپەڕین، سلێمانی، ١٩٧٧، لا ٥.

بۆیە كاتێك مەتەڵەكان دەبینین و دەزانین ڕەنگدانەوەی ئایین بە ئاشكرا بەدی دەكرێ. بۆ نموونە سەیری ئەو مەتەڵانە بكەین بۆمان ڕوون دەبێتەوە:

_ ببینی لەبەری ناكەی
لەبەری كەی نایبینی ......... وەڵام كفن[1].
_ دانیشتووانی شارێك هەیە
نە ئەمرن و نە باراشیش ئەهاڕن .... وەڵام گۆڕستان
_ لە پێشی چوارە ..... لە پشتی هەزارە (وەڵام جەنازە)
شاپەڕسپی مل بە كەوانە
_ ئەگەر گرتت بردن ئیمان
ئەگەر نەتگرت نیتت ئیمان (وەڵام ڕەمەزان)
_ ئەو لای سندوق، ئەولای سندوق،تێیدایە گەورەو بچوك، (گۆڕ)[2].

٢_ مەزراندنی گیانەوەران لە مەتەڵدا:

لە مەتەڵی كوردەواری گیانداران بەشێكی دیاری نێو ئەو بوارەن، حەز و خولیای منداڵان و مێردمنداڵان بۆ گیانداران زۆرە، بەشێكیان ماڵی دەكرێن سوودیان هەیە بۆ كاروباری ڕۆژانە و بەشێكی بەسوودە گۆشتی دەخورێ، بۆیە بەشێكی زۆری مەتەڵەكان لەسەر گیاندارانن... بۆ نموونە:

_ ئەوە چییە بخەوی چاوی دەكاتەوە (وەڵام كەروێشكە)
_ بە دەوری ئەسحابان .. كوڕ گەورەترە لە بابان (وەڵام هێستر).(لەبەرئەوەی باوكی هێستر كەرە)[3].
_ پاسەوانی بەكارە
لەپشت دەرگا و دیوارە
بە سەرمایێ زۆر هارە (سەگ)[4].
_ دووبەزەقی،دووبەرەقی ،
چوار دەچەقی، ، دوودەلەقی. (ئاژەڵ _ بزن)[5].
_ تا نەی دۆشی ناوەڕێ؟ (گوانی ئاژەڵ)[6].

٣_ مەزراندنی كەلوپەلی كاركردن لە مەتەڵدا:

هەموو ئەو كەل و پەلانەی لە ژیانی ڕۆژانە بەكارهاتووە لە دەشتی هەولێر، بە مەتەڵ ئاماژەی بۆ كراوە لێك چواندنێكی جوان لە نێوانیان دروست كراوە ، بۆ نموونە:

_ ئاسنی سەر زەق، لەسەر تەختی ڕەق
بە دارەكی ڕەق، دەكاتن لەق لەق (تەشی)[7].
_ بنی قورە قیامەتە، سەری سۆرە عەلامەت، سەلی عەلا موحەمەد . (تەندور)[8].

1 - فەرهاد گۆمەشینی، مەیل مەیلانێی كوردەواری، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨، لا ٢٠.
2 - هۆشیار نوری لەك، مەتەڵی كوردەواری بە وەڵام، چوارچرا، هەولێر، ٢٠١٩، لا٧.
3 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
4 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
5 - فەرهاد گۆمەشینی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٤.
6 - هۆشیار نوری لەك، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٠.
7 - فەرهاد گۆمەشینی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا١٢.

_ کەری مردوو باری زیندوو؟ (لانکە و منداڵە)[1].
_ کلکی دارە ملی خوارە، دەوی هارە؟ (داس)[2].
_ چاری گۆیە، هەشت شەقاوە، دار لەناوە؟ (جۆت کردنە)[3].
_ بیورەکم دا لە دارەکی
هەمووی هەژان بە جارەکی؟ (تەون)
_ ئەولای دارە، ئەولای دارە
ناوەکەی ئاسنی غەدارە؟ (خەنجەر)[4].
_ نەپێی هەیە و نە پانی
بە هەموو ماران دەزانی؟ (دەستاڕ)
٤- مەزراندنی مەتەڵ لەسەر مرۆڤ:
ئەندامەکانی لەشی مرۆڤ لە مەتەڵی کوردەواریدا رەنگی داوەتەوە، بۆ نموونە:_
_ ئەولای پەرژین، ئەولای پەرژین
تێیدایە کۆترێکی نەخشین؟ (چاو)[5].
_ ئەوە چییە، دۆستی خۆتە
دوژمنی خۆتە، هەر لە خۆتە؟ (زمان)[6].
_ بە دوو ئەشکەوت دیوارێکیان هەیە؟ (لوت، کەپو)[7].
_ بە تۆ بەرناکەوی، بە من بەردەکەوی؟ (لێو)[8].

_ بارانی بێ بایە .... چیە (فرمێسکی چاو).

_ بە چاران دەخشێ

بە دووان دەڕوا

بە سێیان دەلەنگی؟ (مرۆڤ)[9].

_ نانەخۆرەی پێنج ئەنگوستە (مرۆڤ)

_ کاسەشکاوە، بە حەواوە

بە ئەمری خوای ڕاوەستاوە؟ (گوێ)[10].

---

8 - هۆشیار نوری لەك، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٩.
1 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
2 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
3 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
4 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
5 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
6 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
7 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
8 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
9 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
10 - فەرهاد گۆمەشینی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٥.

_ تاڵە شیرین نییە      پڕ بە چەنگە هەنار نییە

حەز ئەکا قازی نییە     حوکم ئەکات حاکم نییە؟      (دڵ)

_ حاکمە نییە و حوکمی هەیە.

ئەسپەکەی ژێری رۆحی نییە؟      (منداڵی شیرەخۆرە.لانك)[1].

٥- مەزراندنی مەتەڵ لەسەر میوەکان:

میوەکان لەسەر مەتەڵی کوردەواری بە جوانترین شێوە لێکچواندنی بۆ کراوە بۆ نموونە: سەیری ئەو مەتەڵانە بکە:

_ بە منداڵی سپییە، بە گەنجی سوورە، بە پیری ڕەشە؟   (ترێ)[2].

_ بەلکی لەوێ کەوتووە      تەرکی لەوێ کەوتووە؟    (شفتی)

_ تاقەسوار، دام لە دیوار، بوو بە هەزار ؟          (هەنار)[3].

_ سندوقی دار، دام لە دیوار، بوو بە هەزار؟          (هەنار)[4].

_ گا بە کلك ناچێتە ژوورەوە؟                   (مێوژ)

_ هەندی پشکە، پڕی ڕشکە؟                (هەنجیر)[5].

٦_ ژمارە و ژماردن لە مەتەڵی کوردی:

دەقی هەندێك مەتەڵ تایبەتن بە ژمارە و ژماردن، پەیوەستن بە ڕادەی زیرەکی مێشکی مرۆڤ، زۆر جار ئەنجامەکە، لەناو مەتەڵەکەیە، بەس پێویستی بە بیرکردنەوە هەیە، لەگەڵ تێگەیشتن لە مەتەڵەکە، بۆ نموونە:

_ سێ پێنج پازدە          دوو حەڤدە سێ بیست ؟     وەڵام هەر بیست

_ دە لە دەیان دەربینێ دە دەمێنێتەوە ؟ (دەست و دەستەوانە)[6].

_ لە پێنجان دوو بڕوا دەمێنێتەوە پازدە؟   (ژمارەی ڕکاحەتەکانی نوێژکردن،

کاتێك (٢)ی بەیانی بڕوا (١٥) دەمێنێتەوە).

---

1 - هەردەوێڵ کاکەیی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٥.
2 - هۆشیار نوری لەك، مەتەڵی کوردەواری بە وەڵام، چوارچرا، هەولێر، ٢٠١٩، لا٨٥.
3 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
4 - سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٠٠.
5 - فەرهاد گۆمەشینی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٧٥.
6 - سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٧٣.

_ سێ کەس دوو سێویان خوارد، یەکە و سێوێکی بەرکە؟ (ژن و مێردن، ژنەکە دووگیانە)[1].

هەندێك مەتەڵ هەیە زیاتر لە شێوەی یاریکردنی(خێرای دەربڕین)ی وشەکانە و زمان پاراوی پێویستە:

هەر نووسەرێك بە جۆرێك باسی دەکات، هۆشیار نوری لەك، لە چاوپێکەوتنم لەگەڵی پێی وایە ئەمە تەتەڵەی زمانییە، زۆرێك لە نووسەرانی وەك مامۆستا عەباس نادر و غەفور مەخموری هەمان ڕای کاك وشیاریان هەبوو، ئەمە تەتەڵەی زمانە.

بەڵام هەندێك لە نووسەرانی تر پێیان وایە ئەمە پەیوەندی بە زیرەکی و مێشکی مرۆڤ و زمان پاراوی هەیە، بەڕێز دکتۆر (مەولود ئیبراهیم حەسەن)* پێی وایە ئەم جۆرەی مەتەڵ پەیوەندی بە بیرتیژی و زمان ڕەوانی هەیە.

پێمان وایە ئەم جۆرەی مەتەڵ زیاتر پەیوەستە بە زیرەکی و مێشك و زمان پاراوی. کاتێك کەسی یەکەم مەتەڵێك دەڵێ، داوا لە کەسی بەرانبەر دەکات بۆ چەند جارێك دووبارە بکاتەوە، وەك:

_ بلە خڕە، زۆر جل شڕ و دڕە (٥ جار دووبارە بکرێتەوە)

_ئاشی سوسێ سوتا بە شەوی سێ شەم. (٣جار دووبارە بکریێتەوە)

_ جەنجەڕی حەمەخەنجەری جیڕەجیڕیەتی (٣ جار دووبارە بکرێتەوە)[2].

_ڕێوی لەڕە، جلی تەڕە، لەگەوڕا، تەڕ لەوەڕا (٣ جار دووبارە بکرێتەوە).(گۆمەشینی.2008. 85)75

_ شلەساوار، سێ شلەساوار (٥جار دووبارە بکرێتەوە)[3].

_ شەش مریشکم هەیە

سێ سپی پۆپیتە ڕەش

سێ ڕەش پۆپیتە سپی (٣ جار دووبارە بکرێتەوە). (چاوپێکەوتن.هۆشیار نوری لەك.ڕێکەوتی٢٠٢١/١٢/٢١)

ئەم جۆرە مەتەڵانە لە دەشتی هەولێر وەك یارییەکی زمانی، پاراوی زمان و زیرەکی مێشکە زیاتر بۆ مێرمنداڵان یان گەنجان دەوترا، بۆ کات بەسەربردن و خۆشی و گاڵتەوگەپکردن.

---

1 - هەمان سەرچاوەی پێشوو.
*پەروەردەی زمانڕەوانی و بیرتیژی منداڵ لە فۆلکلۆری کوردیدا، سمینارێك بۆ دکتۆر مەولودئیبراهیم حەسەن، بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، ڕێکەوتی٢٠٢٠/١١/٢٠
2 - چاوپێکەوتن، غەفور مەخموری، ٢٠٢١/١٠/٢١.
3 - فەرهاد گۆمەشینی، مەیل مەیلانێی کوردەواری، شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨، لا ٨٥.

ئەگەر پۆلێنی مەتەڵەکان بکەین زۆر بواری تر دەگرێتەوە وەك سروشت و جل و بەرگ و رووەك و ....... هتد، بەڵام ئێمە هەر ئەوەندە وەردەگرین و باسی دەکەین، لەبەر زۆری بەشەکانی تری فۆلکلۆر.

- جۆرەکانی مەتەڵ:

هەموو مەتەڵێك مەبەستی خۆی هەیە، چ بۆ بیر تیژی .چ بۆ زمانرەوانی. لە ڕووی ناوەڕۆکەوە دوو جۆرە:

**١ _ جۆری مەبەستدار.**

**٢ _ جۆرێك تەنیا بۆ زاخاوی مێشك..** [1].

لە ڕووی رووخسارەوە:

مەتەڵ لە ڕووی ڕووخسارەوە بە شێوەیەکی هونەری گەلێ وێنە دەکێشێ و وشە لەجێی خۆیدا بەکاردەهێنرێ، بۆ نموونە: ئەملای پەرژین، ئەولای پەرژین تێیدایە کۆترێکی نەخشین ، (مەبەست چاوە). یان دەڵێن: دووپەرژین و کەلایەك (چاو)، زۆرجار بە شێوەی شیعر هەندێك جار لە شێوەی پەخشان دەردەبڕێ. لە دەشتی هەولێر بەم شێوەیە، زۆربەی مەتەڵەکان باس کراون.

1 - سەردار فەتاح ئەمین، هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٥.

ئەنجام:

لەوتوێژینەوەکەماندا لەدوای بەدواچوونی سەرچاوە و لێکدانەوەو شیکردنەوەی ژانرە جیاوازەکانی پەیوەند بەو بابەتە گەیشتینە ئەو ئەنجامانەی خوارەوە :

1_دەشتی هەولێر خاوەن زار و بنزاری تایبەت بەخۆیەتی ، لەکاتی گفتوگۆکردن، ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکەکەی، لەدەقە فۆلکلۆرییەکان و هۆنراوەکان و هەقایەتەکان و سەربوردەکان......... دەرەوشاوەتەوە.بەرهەمی ئەدەبی جوان پێشکەش دەکات. ئەدەبیاتێکی ناوازەی داهێناوە.

2_دەقی ژانرەکانی فۆلکلۆری دەشتی هەولێر بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە پەخشان و شعر.

3_هەرئەو ئەدەبیاتە بۆتە هۆی ئەوەی شێوە زاری دەشتی هەولێر لە فەرهەنگێکی زمانی ناوازە، قۆناغەکانی پێشکەوتنی خەڵکی پارێزیەتی ببڕێ و بەسەلامەتی خۆی بگەێنێتە ئەمڕۆ. ئەمەش هۆیەکی گرنگی پێشکەوتن و مانەوەی ئەم بنزارەیە.

4_هەموو پیشەیەکی ئەم دەڤەرە، بەتایبەت پیشەی مەڕداری و جۆتیاری ،کە دوو پیشەی سەرەکی دەڤەرەکەیە، دەقی جۆرا و جۆری فۆلکلۆری تایبەت بە خۆیان هەیە.

5_حەیران وەك ژاندرێکی ئەدەبی و فۆلکلۆری، بەپێی زۆر بەی توێژینەوەکان دەرکەوتوە، هەر لەو ناوجەیە سەری هەڵداوە،لەدەشتی هەولێر بەتایبەت (قەراچ و کەندێناوە)یەکێکە لە تایبەت مەندیەکانی دەشتی هەولێر.وەك ملوانکەیەکی زێرین بە گەردەنی دەشتی هەولێر درەوشاوەتەوە.

6_یەکێك لە تایبەت مەندییەکانیترلەم شێوە زارە، لەکاتی گفتوگۆی گشتی ئاخاوتنی رۆژانەدا. هەندێك دەنگ گۆرانی بەسەردادێ، بۆنموونە دەنگی (ڵ) دەگۆرێ بۆ(ر) وەك(گوڵ،،دڵ..ماڵ،،خاڵ..........)بۆتە (گور،در ،مار، خار...). هەندێك جار دەنگی (ب) دەگۆڕێ بۆ(ل) وەك (بۆ) ،( لۆ) . گۆڕانی دەنگی (م) بۆ (و)وەك (دەم ..دەو). لەزۆربەی دەقەفۆلکلۆرییەکان ئەم گۆڕانە دەکەوێتە پێش چاو.

7_لەبەر فراوانی سنوری دەشتی هەولێر ،گشت جۆرە ئەدەبیەکان هەیە، وەك(ئیدیۆم، مەتەڵ، پەند و قسەی نەستەق، شیعری فۆلکلۆری، حەیران ، لاوك، بەیت، ئەفسانە ، سەربوردە ...)، بەتێکست و دەقی نایاب بۆ هەمووبەشەکان هەیە. هەموو ئەو جۆرە ئەدەبیانە لەناو جەرگەی ژیانی ڕۆژانەی ناوجەکە درەوشاوەتەوە.

٨_بەهۆی بەپیتی و دەوڵەمەندی خاکەکەی بەتایبەت کانزاکانی ژێرزەوی وەك(نەوت) . هەمیشە بۆتەچاوتێ برینی دوژمنەکانی ، چەندین جار تووشی شاڵاوی داگیرکاری و وێران کاری بووە، و خەڵکەکەی کۆجیان کردووە بۆ شار، ئەمەش هۆیەکە لەپیشەی خۆیان دووربکەونەوە و مەڵبەندی بەرهەم هێنانی فۆلکلۆری ناوچەکە بچوك ببێتەوە ، زۆر بوون و گەشە کردنی فۆلکلۆرەکە سستی تێ بکەوێ.

لیستی سەرچاوەکان:

لیستی سەرچاوەی کوردی:


- ئاواز دزەیی، شەوانی دوگرتکان، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر، (٢٠٢٥).
- ئاوڕەحمانی حاجی مارف، کارێکی گەورە لە باسی ئیدیۆم لە زمان و فەرهەنگی نووسین، گۆڤاری بەیان، ژمارە(٦٣)،بەغداد (١٩٨٠) .
- ئاوڕەحمانی حاجی مارف، لە بارەی کوردناسیەوە لە ڕوسیا و یەکێتی سۆفیەت،چاپخانەی الحوادث ، بەغداد، ١٩٨٥ .
- ئۆسکارمان، توحفەی مزەفەرییە، چاپی سێیەم، وەرگێرانی هێمن موکریانی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،(٢٠١١).
- ئیدریس عەبدوڵڵا، دەقناسی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،(٢٠١٨).
- ئیدریس عەبدوڵڵا، ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری، بەرگی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، (201٤).
- ئیدریس عەبدوڵڵا، ئەدەبی میللی وفۆلکلۆری، بەرگی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، (٢٠١٤).
- ئیدریس عەبدوڵڵا، هەقایەت و قسەی خۆشی کوردەواری، چاپخانەی رۆژهەڵات، سنە، (٢٠٢١).
- ئیدریس عەبدوڵڵا، شێواز و شێوازگەری ، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، (20١٠).
- ئەحمەد بحری، گەنجی سەربەمۆر، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، (٢٠١٣).
- ئەحمەد قەندیل، بنیاتی حەیران لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر(٢٠١٢).
- بایز ئەحمەد خۆشناو، لاوکی ئەزدێ بارکەم، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە(٣٨)، هەولێر، (٢٠٠٨).
- بڕیار مەخموری، پەندی پێشینان، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە(٣١)، هەولێر،(٢٠٠٧).
- بێوار قادر، مەیل مەیلانێی کوردەواری، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە(٤٣). هەولێر(20٠٩).
- پیاداود مەخموری، گەڕان بەدوای فسانەدا ، چاپخانەی شەهاب، هەولێر (٢٠١٣).
- پەخشان سابیر، هەڵبژاردەی ژن ئامێز لە گۆڤاری ئەکادیمی کوردی، ژمارە(٢٠)هەولێر، (٢٠١٠).
- تاریق جامباز، بەهەنسا، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە(٣٨)، هەولێر،(٢٠٠٨).
- تۆفیق کەریم، کاریگەری ئیسلام لەسەر فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم، چاپخانەی تاران، هەولێر،(٢٠٠٨).
- جەلال مەولود ئەحمەد سنجاوی، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی جوگرافیا، چاپخانەی گرین گالۆر،لوبنان، (20٠٩).
- جمیل سنجاوی، حەیران و چەند بۆنێکیتر، چاپخانەی منارە، هەولێر، (٢٠١٠).
- جەلال مەحمود عەلی، ئیدیۆم لەزمانی کوردیدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، (٢٠١٠).

- جەلال، مەحمود عەلی، ئیدیۆم لەزمانی کوردی، دەزگای، ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد،(198٢).
- جەمال گردەسۆری، نمەك، ناوی چاپخانە نەنوسراوە، هەولێر،(٢٠٢١).
- حاجی سەعدوڵڵا شێخانی، جۆخین خەرمانان، چاپخانەی رۆژهەڵات،هەولێر، (٢٠١٠).
- حاجی عوسمان رەحمان قەساب، حەیرانی سەردەم، چاپخانەی منارە، هەولێر، (٢٠١٠).
- حسێن غازی عەلی، نێرگزەکانی قەڵات چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری،هەولێر، (٢٠١٠).
- حسێن غازی کاك ئەمین، گۆرانی و مەتەڵی ناوجەی باڵەکایەتی،گۆڤاری ئەکادیمی کوردی، ژمارە(٤٤) هەولێر، (٢٠٢٠).
- حەمید رەشاش، پەندی کوردی، چاپخانەی سپیرێز، دهۆك, (٢٠١٠).
- حەمید عەزیز ، هونەری شیعری ئەرستۆ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر، (2007).
- حەمەنوری عومەر کاکی ، سێواز لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، (٢٠٠٨).
- خالید جوتیار، بەرەوفۆلکلۆر، بەشی یەکەم، چاپخانەی الحواث. بەغداد، (١٩٨٤).
- خالید عەلیزادە،سایتی googie (دەربارەی فۆلکلۆر)
- خورشید خدر، هەندێ ئیدیۆمی دەڤەری هەولێر، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر ، ژمارە(٥٠)هەولێر، (٢٠١١).
- دارا حامید، بەڕێوبەرایەتی کاروچالاکیەکانی زانکۆی سلێمانی، (٢٠١٩).
- دەشتی هەولێر، ماڵپەری پارێزگای هەولێر، حکومەتی هەرێمی کوردستان،
- رزگار ئیسماعیل، تەڵعەت مەحمەد عزیز، پراگماتیکی ئیدیەم لە زاری کوردی ناوەراست، گۆڤاری ئەکادیمی کوردی، ژمارە(٤٦) (٢٠٢٠).
- رزگار خۆشناو، مەقامەتایبەتیەکانی کورد، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ ژمارە(٨١)بەغداد ،
- ڕۆستم باجەلان، فۆلکلۆر(کۆمەڵ بەرهەمێکی فۆلکلۆری) ، چاپخانەی تەفسیر، هەولێر،(2022).
- رەسول بێزار گەردی، دارەشەکران، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، (٢٠٠٧).
- رەهبەر مەحمود زادە، پێکهاتەی بەیتی کوردی، ناوەندی بڵاوبونەوەی ئەدەبی ورمێ، (٢٠٠٣).
- زەینەب خان مەلارەئوف خادم سەجادە، کۆمەڵێك هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی دەشتی هەولێر و وراتی کۆیە،چاپخانەی فێربوون،هەولێر، (٢٠٢١).
- سایتی یونسکۆ، googie unesco (جیهانی فۆلکلۆر)
- سەعدوڵڵا شێخانی، سێ سەد هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی الحوادث،بەغداد، (١٩٩٠).
- سەعاد سەعدی شێمت، لایەنی کۆمەڵایەتی لە پەندو قسەی نەستەقی کوردی، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە(٤٣)هەولێر، (٢٠٠٩).
- سۆزان برایم حەمید، بنیات و پێکهاتەی هەقایەتی کوردی، لەبەر ڕۆشناییn.l.pنامەی ماستەر زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (٢٠١٦).
- سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر، بەرکوتێکی مەتەڵی کوردەواری چییە؟ گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە(٦)هەولێر،(٢٠٠٤).

- سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر، بەرکوتێکی مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر،(٢٠٠٥).
- سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر، قسەی نەستەق و پەندی پێشینان لە نێوان دوێنێ و ئەمرۆدا، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە(٤٢)هەولێر،(٢٠٠٩).
- سەرباز مەجید خۆشناو، زێنەبەزەردە، لێکۆڵینەوە و حیکایەت، چاپخانەی تەفسیر،هەولێر،(٢٠٢٢).
- سەردار فەتاح ئەمین، خەرمانێك لە مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ڕاپەرین، سلێمانی،(١٩٧٧).
- سەلیم ڕەشید سالح، شێواز لە کورتە چیرۆکی کوردی(١٩٩٠_٢٠٠٠)چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر،(٢٠٠٢).
- سەنگەر قادر حاجی شێخ مەحمەد، بنیاتی گێڕانەوە لە داستانی مەم و زین، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،(٢٠٠٧).
- سەید مەولود بێخاڵی، ئەفسانە و داستانی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر،(٢٠١٣).
- شوکریە ڕەسوڵ ئیبراهیم، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی دووەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،(1984).
- شوکریە ڕەسوڵ، حیکایەتی گیانداران، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،(2005).
- شوکریە ڕەسوڵ، ڕێ و ڕەسمی شین و لاوانەوە، ئۆفیستی کریستاڵ، هەولێر،(1997).
- شوکریە ڕەسوڵ، ڕێگاکانی کاری مەیدانی فۆلکلۆری کوردی، ناوی چاپخانەنەنوسراوە، هەولێر،(1997).
- شوکریە ڕەسوڵ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی موکریان، هەولێر،(2008).
- شوکریە ڕەسوڵ، بایەخ دان بە فۆلکلۆر و ڕەسەنایەتی فۆلکلۆر، گۆڤاری کاروان،ژمارە(١)(١٩٨٢).
- شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،(2009).
- شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، چاپخانەی ئاراس،هەولێر، (٢٠٠٥).
- شەهلە کریم حوسێن، نامەی ماستەر(کاریگەری فۆلکلۆر لەشیعرەکانی مەحەد بێخەو) زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،(2015).
- عباس سلێمان سمایل، مێژووی دەشتی هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،(٢٠٠٤).
- عزالدین مستەفا ڕەسول، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،(٢٠٠٩).
- عزالدین مستەفا ڕەسول، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، دارلجاحظ، بەغداد،(1970).
- عومەر شێخەڵلا دەشتەکی، داستان و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،(2013).
- عومەرحاجی شەناغەیی، کۆژانی حەیران، چاپخانەی کوردستان، هەولێر،(2021).

- عومەرشێخەڵلا دەشتەکی، پەندی کوردی و چیرۆکەکەی، چاپخانەی ئینستیۆتی کەلەپوری کوردی، هەولێر،(2006).
- عومەرشێخەڵلادەشتەکی، پەندی کوردی، چاپخانەی کوردستان، هەولێر،(1972).
- عومەرشێخەڵلادەشتەکی، پەندی کوردی، دەزگای رۆشنبیرو بڵاوکردنەوەی کوردی، بەغداد، (1985).
- عومەرشێخەڵلادەشتەکی، داستان و گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ،هەولێر،(1998).
- عەباس نادر قادر، ڕاپەرینی جوتیارانی دەشتی هەولێر، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، (2019).
- عەباس نادر قادر، کەندووێك لە زانیاری دەشتەکییەکانی هەولێر، چاپخانەی چاپخانە، تاران،(٢٠٢٢) .
- عەبدولواحید موشیر دزەیی، شێوازو پراگماتیك، چاپخانەی الروصە، ئەستەمبۆل،(2012).
- عەزیز گەردی، سەروا، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،(2008).
- عەزیز گەردی، شیعری کلاسیکی کوردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، (1999).
- عەزیزی مەلای رەش، خورجەیەك، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر،(٢٠١٢).
- عەلائەدین سەججادی ، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی کوردستان، سنە1391هەتاوی.
- عەلائەدین سەججادی، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغداد ،(1987).
- عەلی ئەشرەف دەروێشیان، ئەفسانەو رازی کوردی، وەرگێرانی عەزیز گەردی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی،(2002).
- غەفور مەخموری، هەگبەی مەخموری، چاپخانەی تاران، هەولێر،(2020).
- غەفور مەخموری، حەیران چەمك و ناوەرۆك و سەرهەڵدانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر،(2001).
- فرمێسك مسلیح مەحمەد، مۆسیقای شیعری لەشیعرەکانی وەفایی، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر،(2015).
- فەتاح مامە، ئیدیۆم لە زمانی کوردی، تێزی دکتورا، زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر،(1998).
- فەرهاد پیربال، ڕێبازە ئەدەبیەکان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، (2004).
- فەرهاد گۆمەشینی، مەیل مەیلانێی کوردەواری، چاپخانەی شەهاب، هەولێر،(2008).
- کامەران موکری، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەشی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین،هەولێر،(1984).
- کۆمەڵێك نووسەر، سەرجەم پەندەکانی پیرەمێرد، چاپخانەی شڤان، سلێمانی،(2007).
- کۆمەڵێك نووسەر، سەرنجێك لە دەروازەی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،(2009).
- کەمال نەجم محەمەد، مەتەڵ لە ئەدەبی نوسراودا، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر،ژمارە(43)، هەولێر، (٢٠٠٩).

- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەشی یەکەم، ئاراس،هەولێر، (٢٠٠١).
- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردییەرگی(1،2)چاپخانەی ئاراس، هەولێر،(2002).
- محەمەد روشدی دزەیی، ژیانی دێهاتی، چاپخانەی سمیرامس، بەغداد،(1983).
- محەمەد معروف فەتاح، دیسان ئیدیۆم، گۆڤاری کۆری زانیاری عیراق، دەستەی کوردی، بەرگی11، چاپخانەی کۆری زانیاری عیراق، بەغداد، (1986).
- محەمەد عوسمان محەمەد، هونەری بەکارهێنانی زمان لە لاوك و حەیران، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی،(2022).
- محەمەد عومەر قەراجی، کانی خەزەران، چاپخانەی موکریان، هەولێر،(2015).
- محەمەدی مەلاکەریم، کۆمەڵێك لاوك و حەیران، چاپخانەی ئاراس، هەولێر،(2009).
- مزەفەر مستەفا اسماعیل، جۆرەکانی گۆرانی فۆلکلۆری کوردی، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر،ژمارە(29)هەولێر،( 2007).
- مەدحەت بێخە، دیوانی بێ خەو، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، (2013).
- مەلامحمودی بایەزیدی، داب و نەریتی کوردەواری، وەرگێرانی ،شوکریە رەسول، چاپخانەی ئۆفیست الموالده، بەغداد،(1984).
- مەولود ئیبراهیم حەسەن، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەشی فۆلکلۆر، چاپخانەی گرین گاگۆری، لبنان،(2009).
- مەولود ئیبراهیم حەسەن، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی، چاپخانەی تاران، سلێمانی، (2020).
- مەولودئیبراهیم حەسەن، زیاتر لە ئەشقێك، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، (2008).
- نەجم ئەڵوەنی، پەند و قسەی نەستەقی شاری خانەقین، چاپخانەی موکریان، هەولێر، (2008).
- نەسرین قادر زرار، پێگەی کۆمەڵایەتی ئافرەت لەبەر ڕۆشنایی پەندی کوردی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە(32)،( 2014).
- نەوشێروان مستەفا ئەمین، بەدەم ڕێگاوە گوڵچنین، چاپی دووەم، کتێبی دووەم، چاپخانەی دارالعربیەاللعلوم ناشرون، بیروت،(2012).
- هۆشمەند سەمەد سەعید، رەنگدانەوەی کاری چاکەو خراپە لەپەندی پێشینانی کوردیدا، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر،ژمارە(44)هەولێر، (2009).
- هەڵمەت بایز، ڕێبوار عەبدوڵڵا، هێمن رەقیب، ئیدیۆم لە رەواندزو دەوروبەری، سەنتەری هەندرێن، زانکۆی سۆران، (٢٠٢٠).
- هۆشیار عەبدوڵڵا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ناوی گردەکانی دەشتی هەولێر، بەشی جوگرافیا، چاپخاتەی گرین گالۆری، لوبنان، (2009).
- هۆشیار نوری لەك، گوڵبژێرێك لەپەندی کوردی، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر،(2006).
- هۆشیار نوری لەك، مەتەڵی کوردەواری بە وەڵام، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر،( ٢٠١٩).
- هۆمەر دزەیی، هەوڵێك بۆ تێگەیشتنی حەیران، ناوندی بڵاوکردنەوەی خاك، سلێمانی، (2006).
- هیمداد حوسێن، ڕێبازە ئەدەبیەکان، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر، (2007).
- هیمداد ئەنور ئیبراهیم، ڕەنگدانەوەی کاری چاکە وخراپە لەپەندێ کوردی، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر،ژمارە(44)هەولێری،( ٢٠٠٩).

- هێمن عەبدولحەمید شەمس، شێواز و دەربڕین لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکان، نامەی ماستەر،زانکۆی کۆیە،(٢٠٠٦).
- هەردەوێڵ کاکەیی، مەتەڵی کوردەواری، چاپخانەی ئینستیۆتی کورد، سلێمانی،(2017).
- هەژار موکریانی، (فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە و کوردی -فارسی) چاپخانەی سروشت، تەهران١٣٤٩هەتاوی.
- هەنگاو انور شێخانی، جۆرەکانی گۆرانی لەدەشتی هەولێر، چاپخانەی ئینستیۆتی کەلەپوری کورد، هەولێر،(2003).

لیستی سەرچاوەکانی فارسی و عەرەبیەکان:

- بیری یسپگ، ادبیاتی فۆلکلۆری ایران، وەرگێرانی (محەمەد اخگر)تەهران(مرکزتحقیقات ساز، (2021).
- جان استورا، مطالعات فرهنگی دریارة,صدارسیما, فرهنگ عامه،اگر، تەهران 1386هەتاوی
- الدکتور محمدحسن عبداللة، فنون الادب (اصول-نصوص-قراءات)الطبعة الثانیة دار الکتب الثقافیة کویت،(1978).
- الدکتور محمدمندور، الادب و فنون, دار نهضة,مصر للطبع والنشر, مطبعةنهضة مصر,القاهرة,(1974).
- صادق هیدایت، فرهنگ عامیانه ، مردم، چشمی تهران، (٢٠٢١).
- عبدالرحمن یحیی الحداد، الاخلاقیات الاجتماعیة بالسلوك, دار الشروق للنشر والتوزیع عمان ,الاردن،(1995).
- عدد من الباحثین السوفیت ، نظریة الادب ترجمة جمیل التکریتي, دار النشرالرشید, الجمهوربة العراقیة،(1980).
- محمد جحفر محجوب، ادبیات عامیانة, ایران بەشی یەکەم، چشمی، تهران1382هەتاوی.
- محمدسعید القشاط، الادب الشعبي فی لیبیا, دار لبنان, بیروت،(1968).
- معبدی کامیل المهندس وهبة, معجم المصطلحات العربیة فی اللغة و الادب, الطبعة الثانیة, لبنان،(1984).
- نوری یاسین هرزانی، مقدمة فی الفلکلور الکردی, دراسة و بیولیوجیة اجتماعیة, مطبعة الشیهد ازاد هورامی,کرکوك،(2006).

لیستی چاوپێکەوتنەکان:

- ئیبراهیم ئەحمەد شوانی، ڕێکەوتی٢٨-١١-٢٠٢١کات ١١ بەیانی کۆلیژی زمان هەولێر.ئێستا خانەنشینە ،شارەزایە لە داب و نەریتی دەشتی هەولێر.تەمەنی(٧٥)ساڵە.
- ئەسعەد عەدۆ، دووجار ڕێکەوتەکانی،٣١/-١٠-/٢٠٢١لە ١٥/-٤-٢٠٢٢/،کات دەی بەیانی هەولێر. کەسایەتیەکی دیاری نێوئەدەب و فۆلکلۆری کوردییە،چەندین توێژینەوەی لەم بوارە هەیە،لەساڵانی هەشتاکان بەرنامەی تایبەتی هەبوو لەسەر فۆلکلۆر. تەمەنی(٦٨)ساڵە.
- جەمال گردەسۆری، ڕێکەوتی٣-/٦/-٢٠٢٢کات (٥)عەسر،هەولێر،گەڕەکی منتکاوە. خوێندەوارە، تەمەنی(٥٥)ساڵە.

- چەتۆ حەسەن، ڕێکەوتی٥/2022/9 شوێن هەولێر باغی شار کات 10/15بەیانی،خوێندەوارە، تەمەنی نزیکی(٧٠)ساڵە.
- حاجی عومەر ئەحمەد، ڕێکەوتی٥/-١١/-٢٠٢١کات (٣)عەسر،کەسێکی بەساڵاچوە خۆی کاری دروێنەو جۆتیاری کردوە، نەخوێندەوارە، تەمەنی (٨٠)ساڵە
- خەجیجە حەمەڕەشید، ڕێکەوتی٢٠-/١١-/٢٠٢١کات (٩) شەو،هەولێر، خوێندەواری نییە،ژنی ماڵەوەیە ، خۆی کاری دروێنەی کردوە لەدەشتی هەولێر،تەمەنی(٨٠)ساڵە.
- ڕەسول قادر، ڕێکەوتی٥-١١-٢٠٢١کات١١بەیانی،گەڕەکی ڕۆشنبیری هەولێر. نەخوێندەوارە، کاسبە. تەمەنی(٤٧)ساڵە.
- عومەرعەلی ئیبراهیم ،ڕێکەوتی٣٠/-٨-/٢٠٢١کات نۆی شەو،گوندی قەرەچناغە،هەولێر.ئاستی خوێندەواری نییە،کەسێکی بەئەزموونە لەدەشتی هەولێر،تەمەنی(٦٨)ساڵە.
- عەباس نادر قادر، دووجار ڕێکەوتەکانی١١-/١٠-/٢٠٢١لە١٧-/١١-/٢٠٢١گەڕەکی نەورۆز.هەولێر،مامۆستایە لەئامادەیی کشتوکاڵی هەولێر، تەمەنی(٦١)ساڵە.
- غەفورمخموری، ڕێکەوتی.٢٠-/١٠-/٢٠٢١کات (١٠) بەیانی.چەند توێژینەوەی هەیە لەسەر فۆلکلۆر و حەیران،دەرچوی کۆلیژی زمان ،بەشی کوردی،زانکۆی سەلاحەددین، تەمەنی(٥٠)ساڵە.
- کانەبی زاهیر، ڕێکەوتی١٤/-١١-/٢٠٢١کات ١١بەیانی کۆلیژی زمان هەولێر.خۆی دروێنەی کردوە بەداس،خوێندەوارنییە.تەمەنی(٦٠)ساڵە.
- لەیلاعەلی، ڕێکەوتی١٦/-١١/-٢٠٢١کات چواری عەسر، کتێبخانەی ئاشتی.هەولێر،ئافرەتێکی ڕۆشنبیرە،خاوەن بەرنامەی تایبەتە لەکەناڵەناوخۆییەکان.تەمەنی(٦٥)ساڵە.
- مام ئەزوەر کەریم لەك، لەڕێکەوتی،٨-/١١/-٢٠٢١،کات شەش شەو، شارۆچکەی دارەتوو،هەولێر،جۆتیارە ،ئێستاش خەریکی چاندنی گەنم و جۆیە.تەمەنی(٦٥)ساڵە.
- هاوژین سلێوە عیسا، ڕۆژی دووشەم ٢٠٢٢/١١/٧کۆلیژی زمان، هەولێر. مامۆستایە لە زانکۆی کۆیە، ئاینی مەسیحییە، لە گوندی هەرمۆتەی شاری کۆیە، تەمەنی(٤٥)ساڵە
- هۆشیار نوری لەك، ڕێکەوتی 13-/12-/2021کات چواری پاش عەسر.هەولێرگەڕەکی ڕۆشنبیری، خوێندەوارە. تەمەن(٥٠)ساڵە.

**Summary**

Folklore is alive literature that exists among all the nations of the world, created in society in the heart of human life, it has been received us from forefathers.

This study deals with (Folklore features of the Erbil plain). In general, we have talked about Folklore and the development of Folklore, especially Folklore in the Erbil plain.

The Erbil plain has its own dialect and bases, a set of traditions and characteristics.

It is the center of (lyric = Hayran) which brings the heart and soul to the excitement with the delicate word, displaying beautiful vivid images, and often bringing the imagination to the top of human emotion.

The open-handed, gentlemen, respect guests are the aspects that special for Erbil plain people. And also Erbil plain was a Kurdish revolutionary in the past. Rich in texts such as: (proverbs, folklore, poems, verses, stories and pleasant happens).

The research is made up of summary, preface, and two parts as follow:

The first part generally talks about Kurdish folklore and its development, the boarders and styles of the Erbil plain, along with the places where the folklore of Erbil plain has developed, determining the occasion of Erbil plain as an annual occasion, community occasion and ceremony……….

The second part is focused on the folklore section in the Erbil plain as: (idiom, proverb, folklore songs, lyric = Hayran, legend, epic, episodes and truth stories…………)

We have presented the results of the research with a few points. By listing the sources and range them according to the Kurdish alphabet had finished the research.

زانكۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

# Folklore characteristics of Erbil plain

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Language
Salahaddin University - Erbil in Fulfillment of the
Requiremnts For the Degree of Master of Arts in
Kurdish literature

By
**Massoud Abdullah Mustafa**
Bachelor's degree in language and Kurdish literature-
Salahaddin University-2009

Supervised by
**Professor Dr. Mawlud Ibrahim Hassan**

Erbil, Kurdistan

November 2022

RB